پڕفرۆشترین کتێبی ساڵ لە بواری سەرکەوتنی کار دا

کیم ــــ وو ــــ چونگ

دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری شەریکەی دایۆ

هەموو شەقامەکان لە زێڕن

ڕێگایەک بەرەو سەرکەوتی ڕاستەقینە

لە بازرگانیدا نابێت هیچ کاتێک ١و ١کۆبکەیتەوە و ٢بەدەستبهێنیت
دەبێت ١و١ بگۆڕیت بە ١٠

وەرگێڕانی: حەسەن عینایەتی

Scanned with CamScanner

238 posts | 19.2k followers | 7 following

Promote | Edit Profile

📚 PDF کتێبی 📚 پەڕەی فەرمی

Public Figure

لێرە

باشترین و بەسودترین و پڕ خوێندەوەترین کتێبەکان

بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە

.

📩Ganjyna

.

لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان

drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVsIbo_

Ktebi_PDF

Scanned with CamScanner

له بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

زنجیرە ٧٠٩

شناسنامەی کتێب

هەموو شەقامەکان لە زێڕن

❖ **نووسینی:** کیم ـ وو ـ چونگ

❖ **وەرگێڕانی:** حەسەن عنایەتی

❖ **نەخشەسازی ناوەوە:** فواد کەوڵۆسی

❖ **دیزاینی بەرگ:** ئیبراهیم ساڵح

❖ **نۆبەتی چاپ:** چاپی دووەم

❖ **ساڵی چاپ:** ٢٠١٩

❖ **شوێنی چاپ:** چاپخانەی گەنج

❖ **تیراژ:** ١٠٠٠

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردن: (١٨٠٨)ی ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە.

ناونیشان

سلێمانی ـ سابوونکەران ـ نێوان گەڕاجی عوسمانی تەمین و شوقەکانی تەکیە رووتە.

ژمارەی مۆبایل: (٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٣) (٠٧٥٠١١٩١٨٤٧)

Scanned with CamScanner

پێڕست

پێشەکی ٥

بەشی یەکەم: ٩ تا ٥ ـ ٥ تا ٩ ..... ٩

[١] مێژوو بۆ ئەو کەسانەیە کە ئامانج و ئاواتیان هەیە ٩

[٢] ئێوە پێویستتان بە فەلسەفەی ژیانە ١٥

[٤] هەنگاوێک واوەتر لە ئەنجامدانی کار لە ئاستی ڕاپەڕاندنی وەزیفەدا ٣٣

[٥] جادووگەران ٤٢

[٩] من تەنها ژنێکم ٧١

[١٠] قەفەزی باڵندە ٨٠

[١٢] نهێنیی تەندروستی ٩٥

بەشی دووەم: وانەیەک لە دنیای داوداوەکان ١٠٨

[١] وانەیەک لە دنیای داوداوەکان ١٠٨

[٤] جیهان هی ئێوەیە ١٢٥

[٦] پارە هیچکارەیە ١٣٥

[٨] پێگەی ڕێبەڕایەتی ١٤٥

[١٠] گەورەترین مامۆستای ئێوە ١٥٧

[١١] هاریکاری یەکتر بین ١٦٣

[١٣] بەرامبەرکێ ١٧٥

Scanned with CamScanner

هەموو شەقامەکان لە زێڕن

کیم - وو - چونگ

وەرگێڕان: حەسەن عنایەتی

چاپی دووەم

٢٠١٩

Scanned with CamScanner

بەشی سێهەم: جیهانێکی بەربڵاو لە بەرامبەرماندایە ١٨٢

[١] جیهانێکی بەربڵاو لە بەرامبەرماندایە ١٨٢

[٣] ناوبانگ و ئابڕوو ١٩١

[٥] هەر شتێک لە جێی خۆیدا باشە ١٩٨

[٧] کەمینەی داهێنەر ٢٠٨

[٨] خەساری لەشگرانی ٢١٢

[١٠] کێ داهێنەرێتیی خەوتوو، وەخەبەر دێنێت..... ٢٢٢

[١١] تازەپێگەیشتووان ژانەسەرن..... ٢٢٧

Scanned with CamScanner

پێشەکی

هەمیشە گفتوگۆکردن لەگەڵ گەنجان بۆ من دڵخۆشکەر بووە، چونکە بایەخ دەدەم بە سۆز و خۆشەویستی و بۆچوونە دڵپاکانەکانی ئەوان و پێم باشە هەر دەرفەتێکم دەست بکەوێت کەڵکی لێ وەرگرم و ئەزموونەکانم بگوازمەوە بۆ ئەوان.

ئێستە بە ڕوونی ئەو سەردەمەم وەبیر دێنمەوە کە گەنج بووم. دەورانێک کە بایەخی زۆرم دەدا بە ڕاوێژکردن لەگەڵ کەسانی بەساڵاچوو و بەختی ئەوەم هەبوو کە لە پەند و ئامۆژگارییە بەنرخەکانی ئەوان سوودمەند بم و لەسەر لەوحی سینگم دەمنووسین، بەم شێوەیە لە کارەکانمدا لە تاقیکاری و هەڵەی لەڕادەبەدەرەکان دووردەکەوتمەوە.

ئەوەی ئەمڕۆ بەدی دەکرێ، ئەمەیە کە گەنجان زیاتر ڕاکێشراون بەلای ئاراستە و ئایینگەلی باودا، بەهرە و تواناکانیان بە باشی پەروەردە ناکرێن. وا دەردەکەوێت بیرکردنەوەی مادی، خەساری لە مەعریفەی کۆمەڵایەتی و ئەخلاق لە ژینگەی ناوماڵ داوە و لەوەش خراپتر پەروەردەکردنی بەهرە و داهێنانی تاکەکەسی بەدی ناکرێت. ئەمانە واقعییەتێکن کە ئەمڕۆکە لە کۆریادا هەستیان پێدەکرێت، بەڵام وەها پرسگەلێکی هاوشێوە لە کۆمەڵگاکانی دیکەشدا بەدی دەکرێن.

Scanned with CamScanner

من ئەمڕۆکە نیگەرانی ئەم بابەتەم کە بۆچی گەنجان لایان وایە دەبێ کەسانی بەتەمەن و بەئەزموون نەبینن و لەوەش ناخۆشتر ئەوەیە، ئەو کەسانەش کە خاوەنی ئەزموونی زۆر بەنرخ و فراوانن حەز بە گواستنەوەی ئەزموونەکانیان بۆ نەوەی نوێ ناکەن.

ئەگەرچی دنیا پڕ بووە لە کتێبگەلی ئایدۆلۆژیک کە بەگشتی شارستانیەتی مرۆیی پێک دەهێنن، بەڵام بەداخەوە ئەزموونە کەسییەکانی تاکەکان کە لە ڕاستیدا بەردی بناغەی ئەم ئایدۆلۆژیا و باوەڕانە پێک دەهێنن نەکەوتوونەتە بەردەست گەنجانی ئێمە.

دەمێ ساڵ بوو کە بەردەوام ئاواتەخواز بووم ئەوەی لە کەنارەی دەریای ژیان بەدەستم گەیشتووە لەگەڵ ئەزموونە کەسییەکانم بەشێوەیەک ڕێکوپێکیان بکەم و بیانخەمە بەردەست گەنجەکان کە هیواکانی داهاتووی وڵاتەکەمانن. بەڵام هەمیشە دەرفەت لەدەستم ڕایدەکرد تاکوو سەرەنجام بەهاری ١٩٨٩ توانیم لە دەرفەتێکی زێڕیندا کۆی ئەم وتارانە بخەمە سەر کاغەز. ئەویش ڕێک ئەو کاتە بوو کە کێشە و گرفتی وەڕەزکەر ڕوویان تێکردبووم. کرێکارانی کەشتیسازیی «دایوۆ» لە حاڵەتی مانگرتن و نائارامیدا بوون، هەرچەند ڕۆژەکان وەک تەیر دەڕۆشتن، بەڵام کاتێک شەوان دەگەڕامەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونم، دەرفەتێک بوو بۆ نووسینی ئەو شتەی لە زەینمدا بوو.

هەرچەند وەکوو دەیان جاری دیکەی ناو ژیانم لە تەنگەتاویدا بووم، بەڵام ئەم دۆخە دەرفەتێکی زێڕینی پێم بەخشی کە ڕەنگە هیچ کاتێکی تر نەمتوانیبێت وەها دەرفەتێکم هەبێت. لە ساتەکانی نێوان کۆتایی شەو و دەمەوبەیاندا کە ناوچەی «ئێکپۆ[1]» زۆر سارد و سەهۆڵبەندان بوو کاتی

[1] بەندەرێک لە کۆریای باشوور کە کارگەی کەشتیسازیی داوۆ لەوێیە.

Scanned with CamScanner

ئەوەم دەست کەوت کە ئایدیا و بۆچوونەکانم بۆ کەسانێک کە میراتبەرانی زەوی دەبن، بخەمە سەر کاغەز.

ئەوەی دینووسم دەستکەوتگەلێکن لە ئەزموونە کەسی و بازرگانییەکانم و وانەگەلێک کە لە قوتابخانەی ژیاندا فێریان بووم. ئەگەرچی لەم کتێبەدا ڕووی قسەم لە گەنجانی کۆریایی بووە، بەڵام بابەتگەلی فراوانی تێدایە کە کەمتازۆر بۆ گەنجانی نەتەوەکانی دیکەش بەگشتی پێداویستیی هاوبەش، ئاواتی هاوبەش و کاردانەوەی هاوبەشیان دەبێت. لەم بارەوە جیاوازیی کولتوورەکان، پێشکەوتنە نەتەوەیی و بارودۆخی جوگرافیایی دەورێکی وا لەسەر ئەسڵی بابەتەکە ناگێڕن. ئەمانە پێویستیان بە ڕێنوێنییە، پێویستیان بە وزە و هاندان و دڵخۆشییە، تاکوو بتوانن بەرەوڕووی ڕووداوە نەناسراوەکان ببنەوە و هەوڵ بۆ دنیایەکی باشتر بدەن. هەروەها پێویستیان بە هیوا و وێنایەکی ڕوونی داهاتووە و گرنگتر لە هەمووی پێویستیان بە گەشەکردنی تێڕوانینی کۆمەڵایەتی و تێگەیشتن لە چاکییەکانە، تاکوو بەم شێوەیە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لەواندا بەدی بێت. هەستێک بۆ خولقاندنی جیهانێکی باشتر و داهاتوویەکی درەوشاوە.

هەموو هیوای من ئەوەیە کە بتوانم هەرچی زیاتر، ئەم شتانە بگوازمەوە بۆ خوێنەرەکان. لەسەر گەنجان فەرزە کە ئامادەی دواڕۆژ بن و دواڕۆژی جیهان گرێدراوی ئەوەیە کە گەنجانی ئەمڕۆ چۆن بیر دەکەنەوە.

زۆربەی وشەکان کە لە ژیاندا بۆ ڕێنوێنی بەکار دەبرێن ڕووالەتێکی کەمنرخ و ڕووکەشیان هەیە، و ئێمە هیچ بایەخێک نادەین بە وشەگەلێکی ئاوا عەوامانە، کە بۆ نووسینی چارەی کەسەکان و نەوەکان بەکار دەبرێن. ئەڵبەت تەنها کاتێک بایەخی ئەم وشانەمان بۆ دەردەکەوێ کە لە ڕێگای ئەزموونی ڕاستەوخۆوە گرنگیی ئەوانەمان بۆ ئاشکرا ببێت.

Scanned with CamScanner

وشـەکانی منـیش ڕەنـگە لە دیـدی گەنجـانەوە زۆر سـادە و ڕووکەشـیانە و تەنانەت کۆن و نزم دیار بن. بەڵام هیـوادارم ئەو کـاتە بگـات ئەوەی کە من هەوڵم داوە، هاوکات لە داهـاتوویەکی نزیکـدا بیگـوازمەوە بـۆ گەنجـان لەگەڵ بەدەستهێنانی ئەزموونگەلی نوێ، بەکەڵکبوونی قسەکانم وەبیر بهێننەوە.

ئەمە مـایەی سـەربەرزی و شـانازیی مـنە کە یەکەم بەرهەمـم پێشـکەش بەو گەنجـانە دەکەم کە میراتبەرانـــی دواڕۆژی جیهـــانن و هیـــوادارم کە ئەوان لەوپەڕی پـاکی و باوەڕبەخۆبووندا درێـژە بـدەن بە گەشـەکردن و پشـکوتنی خۆیان. کە ئەگەر وا بکەن هەمیشە جێگایان لە دڵی مندا دەبێت.

کیم - وو - چونگ

Scanned with CamScanner

بەشی یەکەم: ٩ تا ٥ ـ ٥ تا ٩

[١] مێژوو بۆ ئەو کەسانەیە کە ئامانج و ئاواتیان هەیە.

کاتێک لە کۆریا دەچوومە قوتابخانە زۆر هەژارانە دەژیام، بەڵام تەنها من وا نەبووم، لەو کاتانەدا نزیکەی هەمووان هەژار بوون. سی ساڵ پێش ئێستە داهاتی سەرانەی خەڵکی کۆریا نزیکەی ٥٠ دۆلار لە ساڵێکدا بوو. بەڵام ئێستە گەیشتۆتە سنووری پێنج هەزار دۆلار. کەواتە ئێوە دەتوانن پەی بە بارودۆخی ژیانی ئێمە لەو ساڵانەدا ببەن. ئەڵبەت ئەمڕۆکەش کەسانی هەژار هەر بەدی دەکرێن.

ئێمە لە گەڕەکی «چنگ چانگ دونگ» لە شاری سیول دەژیاین، و ناچار بووم ٢ کاتژمێر و نزیکەی ١٠ ک.م ڕێگا لە ماڵەکەمانەوە تاکوو زانکۆی «یان سی» بپێوم، تەنانەت یەک دینار چییە لە گیرفانمدا نەبوو، بەڵام بڕێک هیوا و ئاواتم لە سەرمدا پەروەردە دەکرد، هێشتا ناتوانم ئەو بیر و ئاواتانەی شەو درەنگان کە لە کتێبخانە دەهاتمە دەر یان کاتی پێوانی ڕێگای دوور و درێژ چاوم دەبڕییە ئاسمان و ئەم ئاواتانە قورساییان دەکرد بەسەرمەوە، فەرامۆش بکەم. لەو کاتەدا وامدەزانی دنیا هی منە، و دەتوانم

Scanned with CamScanner

هەموو عالەم لەناو باسک و بازۆڵەکانمدا جێ بکەمەوە، هیچ شتێک لە زەینمدا مەحاڵ نەبوو.

ئێمە هەژار بووین، بەڵام هەستم منی دەخستە جووڵە. وزەی لاوێتی بۆ من زۆر گرنگ بوو و دڵمی پڕ دەکرد لە ئاوات، هیچ شتێکم بە ڕێگری خۆم نەدەزانی.

لە نێوان هەموو ئەو شتانەی کە لاوێتی پێیەتی، گرنگترینیان ئاواتە. خەڵکانێک کە ئاوات و ئامانجیان هەیە هەژاری ناناسن، چونکە مرۆڤ بە ڕادەی ئامانجەکانی دەوڵەمەندە، لاوێتی دەورانێکە لە ژیان کە تەنانەت ئەگەر مرۆڤ هیچ شتێکیشی نەبیت، بەڵام ئامانجی هەبێت پێویستی بە ئیرەیی و بەغێڵی نییە. مێژوو بۆ ئەو کەسانەیە کە لە ژیاندا ئامانجیان هەیە، ئامانج و ئاوات و هیواکان، ئەو هێزە گەورانەن کە لەڕێگای ئەوانەوە دەکرێ جیهان وەرچەرخێنرێت، خەڵکانێک کە ئامانجیان هەیە، کۆمەڵگاگەلێک کە ئاواتیان هەیە، نەتەوەگەلێک کە پلان و پرۆگرامیان هەیە، سەرەنجام ئاوات و ئامانجەکانیان ڕەنگی واقعیەت بە خۆیەوە دەبینێت. وڵاتێک کە بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی هەموو خەلک بەشدار بکات، دەبێتە پاڵەوانی مێژووی جیهان. دڵنیام کە هەموو ئەو کەسانەی ئەمڕۆ چارەنووسی جیهان پێک دەهێنن کەسانێکن کە دوێنێ لە دەورانی گەنجێتیدا ئامانجیان هەبووە بۆ ژیانیان.

ئەگەر نەتەوەیەک ئەمڕۆ ئومێد و ئاوات لە زەینی گەنجانی خۆیدا چێ نەکات ئایا سبەی دەتوانێ ڕێبەرایەتیی جیهان بکات؟ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە مێژوویەکی نزیکەی دووسەد ساڵەوە ئێستە شکڵ بە جیهان

Scanned with CamScanner

دەدات، و هەروا کە دەزانین، ئەمانە هەموو قەرزداری ئامانجە مەزنەکانی پێشەنگە سەرەتاییەکان و بوێری و بەرزەفڕیی ئەوان بووە کە بوونەتە هۆی ئاوا گەشەکردنێک.

ئەمڕۆکە زۆربەی کات دەبینم و یان دەبیستم کە گەنجان بۆ دروستکردنی ئایندە، چیتر ئەو ئاوات و ئامانجانەی پێشینیانیان نییە. ئەگەریش بیانبێت زیاتر لەسەر ئەو شتەی کە بەڕاستی هەیە، بونیاد نراوە. ئەگەر ئەم قسانە دروست بێت هیچ شتێک ناخۆشتر لەمە نابێت، هەم بۆ تاک بە تاکی کەسەکان و هەم بۆ گشت کۆمەڵگا.

ئاوات کەسەکان دروست دەکات و کەسایەتی ئەو کەسە کۆنترۆڵ دەکات. ئاوات وەکوو فەرمانی کەشتییەک وایە کە ڕەوگەی ڕۆیشتن دەستنیشان دەکات. فەرمانی کەشتی پێدەچێ بە نیسبەت خودی کەشتییەکە زۆر بچووک دیار بێت یان هەر دیار نەبێت، بەڵام ڕێگای کەشتییەک بەو عەزەمەتەوە کۆنترۆڵ دەکات، کەواتە ژیانێکی بێ ئامانج و ئاوات و هیوا ڕێک وەکوو کەشتییەک وایە کە فەرمانی نەبێت، هەروەها مرۆڤێکی بێ ئامانج و ئاوات ڕەوگەی خۆی ون دەکات و ئەوندە لە شەپۆلانی پڕخرۆشی ژیاندا سەرگەردان دەبێت تاکوو سەرەنجام نوقم دەبێت.

ئەڵبەت کەسێک بە ئامانج و ئاواتی هەڵەوە هەر ئەوندە مەترسیدارە کە کەسی بێ ئامانج. کەسێک ئاوات و ئامانجەکانی لە سنووری ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانیی کەسیی خۆی تێناپەڕێت زۆر ناحەزتر و جێی بەزەییترە لە کەسێک کە ئەسڵەن ئاوات و ئامانجێکی نییە. کەسێکی وا لە بایەخ و

Scanned with CamScanner

گرنگیی گەنجێتی ئاگادار نییە. ئەگەر ئێوە ئامانجتان هەیە کە هیوادارم بتانبێت، بە هەموو هێزتانەوە پەروەردەی بکەن چونکە هیوا و ئاواتی ئێوە دەستنیشانکەری ڕەوگەی ژیانی ئێوەیە.

ئاواتەکانی من بەرەبەرە وەڕاست گەڕان و نزیکەی دە ساڵ دواتر من بوومە خاوەنی گەورەترین باڵاخانەی کۆریا کە ئەمڕۆ بە «باڵاخانەی ناوەندیی دایۆ» ناسراوە. گەرچی لەو کاتەدا من وەکوو خۆم لە بارەی بینای ئەم باڵاخانەوە هەستێکی باشم نەبوو، و وێنام وابوو کە باشتر بوو کە ئەم پارەیەم بۆ مەکینە و ئیمکاناتی بەرهەمهێنان تەرخان کردایە تاکوو بتوانم گەشەیەکی خێراتری ئابووریم هەبێت. جگە لەوە من نیگەرانی ڕەخنەی خەڵک بووم کە سەرکۆنەم بکەن کە لە ڕێگای موڵکوماڵەوە سروەتم کۆ کردۆتەوە.

بەهەرحاڵ بیرکردنەوەکانم گۆڕی، و ئامانجێکی نوێم هەڵبژارد، ئاواتی ئەوەی کە «کۆمپانیای دایۆ» ئەوندە لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا بەربڵاو بکەمەوە کە ئەم باڵاخانە مەزنە بەتەواوی لەلایەن کارمەندانی ئەم کۆمپانیاوە پڕ ببێتەوە. هەرچەند لەو کاتەدا وەها ئاواتێک بەڕاستی جێی باوەڕ نەبوو، بەڵام لە ماوەی پێنج ساڵدا ئەم ئاواتە وەڕاست گەڕا. ئەمڕۆکە ژمارەی پێرسنێل و کارمەندانی کۆمپانیای دایۆ پتر لە سەدهەزار کەسە و ئەم ژمارەیە بۆ پڕکردنی سێ باڵاخانەی وەک ئەوە، بەس دەبێت.

ئێستە من ئامانجێکی ترم هەیە، و ئەوەش ئەوەی کە باشترین و کوالێتیبەرزترین کاڵاکان لە ئاستی دنیادا و لە دەورانی باقیی ژیانمدا بەرهەم

Scanned with CamScanner

بهێنم و بیخەمە بازاڕ. تاکوو ئێرە من کۆمەڵێ پلەی پێوانەیی و باشترینە جیهانییەکانم بۆ خۆم تۆمار کردووە، لەوانە، گەورەترین کارگەی کەشتیسازیی «دایۆڤ» لە شاری ئێکپۆ، گەورەترین کارگەی بەرهەمهێنانی جلوبەرگ لە جیهاندا لە شاری پوسان، و گەورەترین ڕێژەی فرۆشتنی جلوبەرگ لە جیهاندا. بەڵام هیشتا شتێکی تریش هەیە کە ئێمە بەدەستمان نەهێناوە و ئەویش دروستکردنی باشترین و بەکوالێتیترین بەرهەمەکانی جیهانە.

من هێشتا ئەم ئاواتەم وەکوو گەنجینەیەک لە دڵی خۆمدا بە ڕێزەوە ڕاگرتووە، گرنگ نییە کە ئەم بەرهەمهێنانە لە چ جۆرێک بێت. هەر شتێک بێت، هەر ئەوندەی کە باشترین و بەکوالێتیترین بەرهەم لە جۆری خۆی لە دنیادا بیت - وەکوو پێنووسی «پارکێر» یان کامێرای «نیکۆن»ی یابانی، هەر ئەوندەی کە بڵێن لەلایەن «کیم - وو - چونگ»ەوە بەرهەم هاتووە و باشترین جۆرە لە جیهاندا بۆ من بەسە. ئەمە ئاواتی منە. بەڵام وا دەرەکەوێ کە ئەمە ئاواتێکە کە بە ئاسانی و لە داهاتوویێکی نزیکدا وەڕاست نەگەڕێت. پێدەچێ ئەم ئاواتە کاتێک کە من مەجمووعەی مەزنی «دایۆڤ» بدەمە دەست جێگرێکی بەرجەستەوە، وەڕاست بگەڕێت.

من هەروەها ئامانجێکی دیکەم هەیە و ئەویش ئەوەی کە لە زەین و بیرەوەرییەکاندا وەکوو بونیاددانەرێکی شایانی ڕێز بمێنمەوە. من نامەوێ وەکوو کەسێکی دەوڵەمەند کە لە دەورانی ژیانیدا پارەیەکی زۆری دەست خستووە بناسرێم.

Scanned with CamScanner

لە وڵاتـی کۆریـای باشـووردا بەشـیوەی نەریتـی، بازرگانەکـان جێگـای ڕێـز نەبـوونە، بەڵکـوو ئەوان وەکـوو خەڵکانێـک هـاتوونەتە ئەژمـار کە لەبەردەم خەڵکدا شەرمەزار بوونە و بەگشتی ئەوانی تر دووریيان لێ کردوون و یـاخود بە سووکی سەیریان کردوون. بۆ ئەم بـابەتە ڕەنـگە هۆکـارگەلی جۆربەجـۆر بـوونی هەبێـت و پێـدەچێ گرنگتـرین هۆکـار بەهـۆی بیرکـردنەوەی کۆنفسیوسیيەوە بێت کە بە قووڵی لە زەین و ڕۆحی خەڵکدا ڕەگی کوتـاوە. نەریتی چینایەتیی کۆنفسیوسی، کۆمەڵگای بەسەر چوار چینی ڕۆحانییەکان، جووتیـاران، سـوپاییەکان، و پیشـەوەران دابەش کـردووە کە پیشـەوارن و بازرگانەکان لە خـوارترین پـلەی ئەم پەیـژەدا جێـی گرتـووە. هۆکـاری دیـکە دەتـوانێ بەداخەوە ڕەوەنـدی حەرەکەتـی هەنـدێک لە بازرگانەکـان بێـت کە چاوەڕوانیی دواجارەکیی ئەوان هەمان چەمک و مانای دەوڵەمەنـدبوون پەیـدا دەکـات. بەڵام نـاتوانم تێـبگەم کە بـۆچی بازرگانێـک نەتـوانێ ڕێزێـک کە مامۆسـتایەکی زانکـۆ و یـاخود کەسـێکی هونەرمەنـدێک هەیەتـی بەدەسـت بهێنێت.

من دەمەوێ لە سنوور و چوارچێوەی کاری خۆمدا وەکوو پسپۆڕێکی مەزن و بەرجەسـتە لە بیرەوەرییەکانـدا بمێـنمەوە، و دوایـین ئـاواتەکەم ئەوەیە کە کۆمەڵگـا بە ئاراسـتەیەکدا ببەم کە تێیـدا دامەزرێنەرانـی پیشەسـازییەکان و ئابووری جێی ڕێزی کۆمەڵگا بن.

گەنجی بێ ئامانج گەنج نییە. ئـاوات بـۆ گەنجـان زۆر زۆر گـرنگە و زەروورە. مێژوو بۆ ئەو کەسانەیە کە لە ژیاندا هیوای گەورەیان هەیە.

Scanned with CamScanner

[٢] ئێوە پێویستتان بە فەلسەفەی ژیانە.

خۆشبینی یان ڕەشبینی؟

بەڕاستی مەترسییەک گەورەتر لەوە لە جیهاندا بوونی نییە کە ئێمە لەجیات سفەتی دڵخوازی خۆشبینی، دژەکەی واتە ڕەشبینی هەڵبژێرین. ئەگەر پێویست بێت، بە شێوەی ڕێژەیی قسە بکەم، دەبێ دڵێم کە من کەسێکی خۆشبینم. و لە هەموو دەورانی ژیانمدا، سەرەڕای ئەو شتانەی بۆم پێش هاتوون هەرگیز دەستبەرداری خۆشبینی نەبوومە.

جارێک لە یەکێک لە سەفەرەکانم بۆ دەوری دنیا، لە ناو فڕۆکەیەک دانیشتبووم، فڕۆکە ناچار بە نیشتنەوەی ناچارەکی بوو، و جارێکی تر لە سەفەرێکی تردا لەکاتی هەستانی فڕۆکە لە باندی فڕۆکەخانە، بەشی ناوەوەی فڕۆکەکە ئاگری گرت. لە هیچکام لەم حاڵەتانەدا پرسی مەرگ نەهاتە زەینمەوە. من لام وایە ئەمە نیشاندەری پێوەری خۆشبینیی منە. کاتێک کە سەیری واقعیەتەکان دەکەم بەردەوا، لام وایە، بارودۆخی قەیرانبار و چرکەساتە مەترسیدارەکان، زۆر زووتێپەڕن، ئەوانە منیان گەیاندۆتە ئەو ئەنجامەی کە من کەسێکم کە بەشێوی زگماک خۆشبینم.

لام وایە بتوانین تا ڕادەیەک بازرگانی و توجارەت بە جەنگێکی خوێناوی بزانین. بە هەر ڕادەیەک بابەتێکی توجاری گەورەتر بێت، داوێنی جەنگ بەربڵاوترە و دەبێ نرخێکی زیاتر لە پێناویدا بدرێت. لەم پرۆسەدا ئەگەر

Scanned with CamScanner

تـاجر و بازرگـان نائومێـد و دوچـاری ڕەشـبینی بیـت چرکەسـاتی کۆتـایی گەشەکردن و پێشکەوتنی ئەو گەیشتووە.

خاڵێک کە مـن لە دیتـر تـاجر و بازرگانەکـان جیـا دەکـاتەوە ئەمەیە کە مـن ئەزمـوونێکی زۆرم لەم بـوارەدا هەیە کە ئەگەر کۆمپانیـا یـان کـارگەیەک سەرکەوتوو نەبووە و کەوتۆتە حاڵەتی مایەپووچی، فەرمانەکەیم بەدەستەوە گرتووە و ڕەوگەکەیم گۆڕیوە، بەم شێوە من بوومەتە پسپۆڕی گۆڕینی ئاسۆ و ڕەوگە. ئەم جۆرە شەریکە و کۆمپایـاگەلە، ئەوانە بـوون کە زۆربەی کـات لەلایەن خاوەنەکانیان و بانکەکانەوە و یاخود دەوڵەتەکانەوە بە گشتی بەڕەڵا کـراون، و مـن لە بەرامـبەردا، دەیـان جـار. کۆمپانیـاگەلی ناسـەرکەوتوو و مایەپووچم لە کورتترین ماوەتە گۆڕیـوە بە ئۆرگـانێکی ئـابووریی قازانجدەر. ئەم بابەتە هەمیشە سەرنجی میدیا نێودەوڵەتییەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشـاوە و کاتێک لەلایەن ئەوانەوە پرسیارم لێدەکرێت، هەمیشـە ئەم وەڵامە دووپـات دەکەمەوە کە کاتێک خەڵکانی تر ژماردنی پێچەوانەی ناومکینەکـان دەسـت پێدەکەن من دەکەومە ژماردنی مومکینەکان.

لە کۆمپانیای «دایوۆ» هەرکات بڕیـار دەدەیـن چـالاکییەکی تـازەی ئـابووری دەست پێبکەین، و یان پێوەندییەکی بازرگانی لەگەڵ وڵاتێکی نوێـدا بگـرین، هەنـدێک لە بەرپرسـان بە تونـدی نـیگەران دەبـن. لە ڕابـردوودا کاتێـک مـن دامەزراندنی پڕۆژەیەکی کـارگەی سەلاجەسـازی لە وڵاتـی سـینی کۆمۆنیسـتم قبـووڵ کـرد، زۆربەی کەسـانی نزیـک لە مـن لە دژی ئەم بڕیـارەم بـوون.

Scanned with CamScanner

دژایەتی و ناڕەزایەتیی هاوڕێیانم لە دەرەوەی کۆمپانیا تەنانەت زیاتر بوو، بانکەکان و دەوڵەتی کۆریاش زۆر نیگەران بوو.

خوێندنەوەی کۆمپانیا ڕکابەرەکان ئەوە بوو کە ئەم پرۆژەیە سەر ناگرێت، تەنانەت یابانییەکان، هەوڵیان دا کە لە ڕێگای کۆمپانیا ڕکابەرە کۆریاییەکانەوە پێش بەم سەرمایەگوزارییە بگرن. هەموو جۆرە دەنگۆسازکردنێک دەستی پێکرد و بڵاویان کردەوە کە لە سین منیان قۆڵبەست کردووە. بەوەیشەوە کە دەوڵەتی کۆریا دژی ئەم بڕیارە بوو و ئەم هەموو دەنگۆیە بڵاو کرابۆوە، بەڵام من هەرگیز کۆڵم نەدا، لەبەر ئەوەی کە لێکدانەوەکانی من لەگەڵ هەموو ئەوان جیاواز بوو. من بەدوای مومکینەکاندا دەگەڕام، و بە خێرایی لە ئاراستەی بەکاربردن و وەڕاستگەڕاندنی مومکینەکاندا حەرەکەتم کرد. بە واتایەکی تر بۆ هەڵسەنگاندنی ژیانی خەڵکی سین، پرس و گرفتەکانی پیشەسازیی سەلاجەسازیی سین، دابینکردنی سەرمایە، مەکینەکان و دیتر پێداویستییەکان هەوڵم دا ڕێگا چارە بدۆزمەوە.

بەهرە و زانستی بەڕێوەبردن پێویستیی هەموو چالاکییەکی نوێی ئابوورییە. کەسانێک کە تووشی دڵەڕاوکێ ببن کە «پێدەچێ بە ئەنجام نەگەین» یان «ئەگەر سەرنەکەوتین قوڕی کوێ بکەین بەسەرماندا؟» شایستەی ئەوە نین کە ببنە بازرگان یاخود پیشەساز. ئەگەر تەنها لەسەدا یەک، شانسی سەرکەوتن بوونی هەبێت، بازرگانێکی ڕاستەقینە هەر ئەوە بە شێوەی پیشەیی دەبینێت کە دەتوانێ ئاگرێک داگیرسێنێت. دنیای توجارەت بەو

Scanned with CamScanner

شێوە نییە کە ئەگەر یەک لەگەڵ یەک کۆ بکەینەوە دوو بەدەست بهێنین، پێدەچێ لە شوێنێکدا یەک ببێت بە دە یاخود دە ببێت بە پەنجا.

نزیکەی دە ساڵ پێش ئێستە ئێمە کارگەیەکی تایەسازیمان لە وڵاتی سودان دامەزراند. ئەمە یەکەم کارگە بوو کە لەلایەن کۆمپانیایەکی کۆریاییەوە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دادەمەزرا. زۆرێک لە کەسەکان بە هۆکارگەلێک نەیار و نیگەرانی ئەم بابەتە بوون، چونکە «کۆمپانیای دایوۆ» تا ئەو کاتە هیچ ئەزموونێکی لە پیشەسازیی تایەسازیی ئۆتۆمۆبیلدا نەبوو کە ئەڵبەت ئەم پرۆژە بەپێی ژماردنی مومکینەکان دەستی پێکرد.

وێڕای پێویستیی خەڵکی سودان بە تایەی ئۆتۆمبێل، تەنانەت یەک کارگەی تایەسازی لەم وڵاتەدا بوونی نەبوو. داخڵکردنی تایە لە دەرەوە، تێچووی زۆری هەبوو. کەواتە من گەیشتمە ئەم ئەنجامە سادە کە ئەوان بە ئامێزی ئاوەڵاوە دێنە پێشوازی ئەم پرۆژە. هەروەها ٨٠٪ی وڵاتی سودان بیابان و شۆرەکاتە و شارەکان ئێجگار زۆر لێک مەودایان هەیە و ئەم بابەتە پێویستیی بە ئۆتۆمبێل زیاد دەکات. وە هەروەها لە ڕێگای سەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە ئاگادار بوومەوە کە مەیدانێکی بەربڵاو و گەورەی نەوتی لە باشووری وڵاتی سودان دۆزراوەتەوە.

وەها مەیدانێکی نەوتی بێگومان دەبێتە هۆی گەشەسەندنی ئابووری و هەر بەم ڕێژە بەهۆی گەشەی ڕوولەزیادبوونی ئابوورییەوە پێویستی بە ئۆتۆمبێل و گوازتنەوە دیسان زیاتر دەبێت. بەهۆی زیادبوونی هەر ئۆتۆمبێلێکەوە

Scanned with CamScanner

لانـیکەم پێـنج تـایە پێویسـت دەبێـت. لە لایەکیشـەوە لە بیابـانە گەرمە شۆرەکاتەکاندا ئیستهلاکی تایەی ئۆتۆمبێل ئێجگار زیاترە لە شوێنەکانی تر. من بەم شێوە بازاڕی مەسرەفم هەڵسـەنگاند و حسـێبم بـۆ کـرد، لەدواجـاردا ئەنجامی کارەکە بە هەمان شێوەی کە لێکم دابۆوە کۆتایی هات. لە ئێستەدا برەوی ئەم ئەم کارگە لە هەمـوو شـوێنێکی تـر زیـاترە. تـا ئەو شـوێنەی کە چەندین جار ناچـار بە بەرفراوانکـردنەوە و زیـادکردنی ئاسـتی بەرهەمهێنـانی خۆی بووە. داواکـاری بـۆ تایەکـانی ئـێمە بە ڕادەیەک زیـاد بـووە کە خەڵـک بەرهەمەکانمان بەشێوەی پێشەکی دەکڕن.

من لە ئاستێکی ئێجگار زۆردا دەربـارەی داهـاتووی وڵاتـی کۆریـا خۆشـبینم. وڵاتەکەمان بە هەنگاوی بڵیند و خێراوە درێژە بە گەشەکردنی خۆی دەدات و نەوەی نوێ زۆر باشتر لە نەوەکانی ڕابردوو دیارە.

لە باری جەستەییەوە نەوەی سـەردەمی مـن زۆر کورتەبـاڵاترن چـونکە ئـێمە خواردنی پێویستمان نەبوو بیخـۆین و کاتێـک لە مـاڵەوە دەمانخوێنـد لەسـەر زەوی دادەنیشتین، ئەمانە هۆکارگەلێکن کە پێش بە گەشەی مـرۆڤ دەگـرن. لە کاتێکدا کە مامناوەندی باڵای پیاوان نزیکەی سـەد و شەسـت سـەنتیمەتر بوو لە نێوان ئەواند کەسێک بە بـاڵای سـەد و هەشـتا سـەنتیمەترەوە دێـو و درنـج دەهـاتە ئەژمـار. ئەمـڕۆ قوتابیـان و خوێنـدکارانی کۆریـایی بەشـێوەی مامناوەنـد دە سـەنتیمەتر لە کەسـانی بەتەمەنتـر بـاڵابەرزتر بـوونە و ئێسکەبەندی گەنجانی نەوەی نوێ بەهێزترە. چەند ساڵ پێش ئێستە کاتێـک یۆنیفۆرمی قوتابخانەکان ئیتر نەما و ڕێگە بە قوتابیان درا کە بە هەڵبژاردنی

Scanned with CamScanner

خۆیان جل لەبەر بکەن، لە دوورەوە ئیتر بە گران دەتتوانی جیاوازیی باڵای قوتابییەکی ناوەندی لە پیاوێک جیا بکەیتەوە.

لە ئەمڕۆدا گەنجان بەباشی خواردن دەخۆن، جلوبەرگی جوان و ڕازاوە و گونجاو لەبەر دەکەن و بەتەواوی تەندروستن. هەربۆیە ئەم نەتەوە لەپێناو چێکردن و بونیادنانی داهاتوودا چاوەڕوانییەکی زۆری لە گەنجان هەیە. کەواتە من گەلێک «مومکین»ی جۆربەجۆر دەبینم، و ئەمانەیە کە وزەم پێدەبەخشن.

پێویستیی سەرەکی بۆ گۆڕینی «مومکینەکان» بە واقعیەتەکان شتێکە کە دەبێ هاوکات لەگەڵ ئەوە بخولقێت و ئەویش فیداکاری و لەخۆبوردوویيە. زاهیر و باتنی ئێوە دەبێ لەگەڵ یەکتر هەماهەنگ بن، ئامانجەکانتان دەبێ بە بارتەقای باڵاتان سەبر و کاوەخۆییتان دەبێ بە بەربڵاویی هەموو ڕۆح و جەستە و گیانتان بێت. بۆ ئەوەی کە ناوەوە و دەرەوەی وجوودتان بەشێوەی یەکسان پڕشکۆ و مەزن بێت دەبێ بۆ خۆتان فەلسەفەی ژیانتان هەبێت. زۆربەی خەڵک کاتێک وشەی «فەلسەفە» دەگاتە گوێیان وادەزانن فەلسەفە شتێکی دوورەدەست و زۆر دژوار و ئاڵۆزە. ئەمە گرنگ نییە کە ئێوە چکارەن، تەنها پێویستە خۆتان بخەنە ڕەوگەی دروستی ژیانەوە، و لەپێناو بەرژەوەندییەکانی کۆماڵگا، تێیدا بکەونە شەپۆلان، تەنها ئەمە بەسە.

بۆ نموونە، ئێوە دەبێ هەستێکی ڕاستەقینە و ڕوونتان لە بەها و بایەخەکان هەبێت، ستانداردێکی دەستنیشانکراو بۆ بەدەستهێنان و خەرجکردنی پارە

Scanned with CamScanner

لەپێش چاو بگرن و عاشقی ولاتەکەتان بن. ئەگەر ئەم ڕێنماییانە پەیڕەو بکەن بێگومان ژیانێکی بەختەوەر چاوەڕێتان دەکات.

گەنجێتی ڕێک هەمان ئاوات و ئامانجەکانە. گەنجێتی قۆناغی وەڕاستگەڕانی مومکینەکانە، بەڵام پێش ئەوەی کە لەلایەن مومکینەکانەوە ڕابکێشرێن هەبوونی تێڕوانینێکی فەلسەفی بۆ پرۆسەی حەرەکەتی ژیانتان ئێجگار زەروور و پڕبایەخە.

من خۆشبینم، بەڵام دەبێ دان بەوەدا بنێم کە بەردەوام بەنیسبەت بەشێک لە پرسە پەروەردەیی و ڕاهێنانەکانی ئەمڕۆی کۆریا بڕێک شک و گومانم هەیە. گەرچی سیستمی پەروەردەی کۆریا بێگومان توانای گوازتنەوەی زانست و مەعریفەی بۆ قوتابیان هەیە، بەڵام هەست دەکەم کۆمەڵێ گرێ و خاڵی تاریک لە گەشەکردنی دڵخوازی کەسایەتیی گەنجاندا بوونی هەیە. هەرچەند هۆکارگەلی جۆربەجۆر لەسەر ئەم بابەتە دەوریان هەیە بەڵام باوەڕی قاییمم هەیە کە گرنگترین کێشەی سیستمی «خۆی بکوژە و بەشداری بکە»ی تاقیکردنەوەی داخڵبوونی زانکۆکانە. سەرنجی ڕادەبەدەری دایک و باوکەکان بۆ منداڵەکان و نەبوونی زانستی کۆمەڵایەتی و گشتی لە نەوەی بەتەمەنتردا بۆ گوازتنەوە بۆ نەوەی گەنج لە دیتر پرسەکانە.

من ڕاهێنەر یاخود مامۆستا نیم. تەنها بەڕێوەبەرێکی جێبەجێکارم کە دەرچووانی زانکۆکان بۆ کار لە کۆمپانیادا دادەمەزرێنم، لە مانا بازرگانییەکەیدا، من کەسێکم کە ئەو کەسانەی کە لەلایەن خانەوادە و

Scanned with CamScanner

قوتابخانەکانەوە ئاراستەی کۆمەڵگا کراون بەکار دەگرم. وەکوو خاوەنکارێک گەلێک نیگەرانیی زۆر و جۆربەجۆرم هەیە.

یەکەم شتێک کە ئازارم دەدات، ئەوەیە کە ئەمڕۆکە ڕەوەندێکی فیکریی شڵەژاو لە تاکەکاندا بەدی هاتووە کە تەنها خوازیاری قازانج و داهاتی سەهل و ئاسانن. ڕەنگە هەر بەهۆی ئەمەوەیە کە خەڵک بە دەستکەوتە کەمەکان قانع و دڵخۆش دەبن. بەردەوام بەدوای ئاسوودەیی کورتماوە و زووتێپەڕەوەن. لەبری ئەوەی کە بوێریی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ کێشەکان لە خۆیاندا پەروەردە بکەن تاکوو لە درێژماوەدا و لە ئاستەکانی باڵاتردا سەرکەوتن بەدەست بهێنن و ڕێگایەک هەڵبژێرن کە هەڵگری فەلسەفەی ژیان بێت، بە کارگەلێک قانع دەبن کە تەنها بەرژەوەندیی کورتخایەن دابین دەکات.

پێچەوانەی ئەم بۆچوون ئەمڕۆکە هاندەری سەرەکیی کارمەندان بۆ کارکردن لە کۆمپانیای دایۆڕ ئاسایشی پیشەیی ئەم کۆمپانیایە.

ڕاکێشانی پیشەیی کە هەندێک لە کۆمپانیاکان لە کەسەکاندا بەدیی دەهێنن لە سوود و پوان و مووچەگەلێک کە ئەوانی دیکە دەیدەن گرنگییەکەی زیاترە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا فرۆشتنی پشک لەناو کارمەندانی کۆریاییدا بە خێرایی گەشەی سەندووە. بەڵام کۆمپانیاکانی جۆری دووەم بۆ دامەزراندنی کەسانی نوێ لەنێوان خۆیاندا کێبڕکێیان ڕێ خستووە و هەر کامیان مووچە و سوودی زیاتر پێشنیار دەکەن. بەڵام ئەم شێوازە زۆر کاتی دەبێت.

Scanned with CamScanner

چەندین ساڵ پێش ئێستە کە گەشەیەکی بەرچاو لە بواری بیناسازیی ڕۆژهەڵاتی ناویندا پێک هاتبوو، هەموو کۆمپانیاکان و کارمەندان بوونە هۆگری کاری بیناسازی. هەر ئەم پڕۆسە لە پێوەندی بە پیشەسازیی ئۆتۆمبێلیش ڕووی دا، بەڵام هەروا کە دەزانین بارودۆخی ئابووری بەردەوام لە گۆڕیندایە. زۆرێک لە پیشەسازییەکان کە سەردەمێک لە لووتکەدا بوون ئێستە دابەزیون و پیشەسازییە سەرکەوتوو و گەورەکانی ئەمڕۆکە پێذەچێ لە داهاتوودا ئەسڵەن هیچ ڕاکێشانێکیان نەبێت. لەم دواییەدا دیسانەوە کاری بیناسازی لە وڵاتە بیانییەکاندا برەوێکی تازەی پەیدا کردووە. بەڵام زۆرێک لە کەسانێک کە لە ڕابردوودا پەلەیان کرد ئێستە بە نائومێدییەوە سەیری ئەم برەوە دەکەن.

کەواتە دەبینن کە پاداشتە کورتماوەکان بەڕاستی هۆکاری باش و پێویست بۆ قبووڵکردنی پیشەیەک نییە. ڕاست وەکوو ئەوەی کە بۆ هەموو داهاتووی خۆتان ئەمڕۆ گرەو بکەن. کەسێکی زیرەک سەرەتا بڕیار دەدات کە بەڕاستی لە ژیانیدا چیی دەوێ. پاشان بەپێی ئەم بڕیار و لێکدانەوەیە پیشەی داهاتووی خۆی هەڵدەبژێرێت.

بابەتێکی تر کە ئازارم دەدات ئەوەیە کە لە زۆربەی کەسەکاندا بەشێوەی بەرچاو غروور و خودپەسەندی دیار کەوتووە. ئەگەر هەموو خوویست و خودپەسەند بن لەو حاڵەدا کۆمەڵگا هەمیشە گیرۆدەی گرفت و کێشە دەبێت. بەربەرەکانێ و جەنگ لەڕووی تەماح و چاوچنۆکییەوە بە مانای کۆتایی ژیانی ئارام و ئاشتی و سەفا دەبێت. ئەم جۆرە هەستە لە تاکدا

Scanned with CamScanner

دەبێـتە هـۆی سەرلێشـێواویی کـۆمەڵایەتی و لە نەتەوەیەکـدا بە جەنـگ و خوێنڕژتن کۆتایی دێت. ئەمە وانەیەکە لە مێژوودا سەلماوە.

چەنـدین سـال پـێش ئێسـتە، ژمـارەیەک لە ڕاهێنەرانـی پەروەردە ویسـتیان جارێکی تر وتارێکیان پێشکەش بکەم، بەڵام ڕاست هەمان بابەتەکانی وتـاری یەکەمیانم بۆ وتنەوە. و ئەمڕۆ دیسان پێم خۆشە هەر ئەو وتـارە بـۆ هەموو مامۆستایانی کۆریا دووپات بکەمەوە. لە سەردەمێکی نەک زۆر دووردا، ئـێمە زۆر بە سەختی کارمان دەکرد واتە لە شەشی بەیانییەوە تا نیوەشـەو، ئـێمە شێتانە کارمان دەکرد و ئاسوودەیی ژیـانی ئەمڕۆمـان ئەنجـامی ڕاسـتەوخۆی هەر ئەو هەوڵانەیە. ئەڵـبەت ئاشـکرایە کە ئـێمە بـۆ بەرژەوەنـدیی کەسـیی خۆمان کارمان نەدەکرد. بەڵام بـۆ بەدەسـتهێنانی شـانازی و جێبەجێکردنـی ئامانجێکی بنەڕەتی سەختی و دژوارییەکانمان تەحەمول دەکـرد. هەوڵـی بـۆ وەســتانی ئــێمە هەســتێکی نیشــتمانپەروەرانە لەپێنــاو گەشــەکردن و بەختەوەریــی وڵاتەکەمانــدا بــوو. ئەگەر بەهــۆی ئاســوودەیی کەســی و خۆویستییەوە کارمـان دەکـرد بێگومـان بەم تێـڕوانینەوە بەرەبەرە سوسـت و تەمەڵ دەبـووینەوە، وڵاتــی ئـێمە چیتــر ئەوەی کە ئەمــڕۆ هەیە نەدەبـوو. بەدڵنیاییەوە ئێمەش گەلێـک سـنوور و کەموکوڕیمـان هەیە بەڵام فەلسـەفەی ژیان فێر بووینە. بێگومـان ئـێمەش خۆمـان ئەم فەلسـەفەیە لە پێشـینیان و مامۆستایانمانەوە فێر بووینە.

Scanned with CamScanner

[٣] بڕیاردان

وێڕای زیادبوونی جەماوەر لە وڵاتی بچووکی بەلجیکدا، یەکێک لە سێ ئەندامی وڵاتانی «بنولوکس»، ئەم وڵاتە سەرچەشنی وڵاتێکی ئەورووپی بە سیستەمێکی ئابووریی پێشکەوتووە. ناوەندی ڕێکخراوی «ناتۆ» هەروەها دایەرەکانی ناوەندیی کۆمەڵگای ئابووریی ئەورووپا لە بڕوکسێلی پایتەختی ئەم وڵاتەدان. بەندەری گەورەی ئانتورپ لە بەشی باکووری ڕۆژاوای کەنارەکانی بەلژیکدایە، کە دووەمین شاری گەورەی بەلژیک و یەکێک لە شارە گرنگەکانی ئەورووپا و ناوەندێکی توجارپی زۆر گرنگ دێتە ئەژمار.

لە شاری ئانتورپ شوێنی گەشتیاریی زۆر فراوان و سەرنجڕاکێش بوونی هەیە لەوانە باغچەی ئاژەڵانی نەتەوەیی، مۆزەخانەی دەریایی کە لە یەکێک لە کۆشکە دێرین و مێژووییەکاندا دروست کراوە، و مۆزەخانەی هۆنەرە جوانەکان. «پیتێر پۆلڕوبن»[1] هونەرمەندی بەناوبانگی بەلجیکی لە ئانتورپ لەدایک بووە و لەم شارە بەندەرییەدا مەجموعەیەک لە جوانییەکانی لە هونەر و سروشت لە خۆیدا کۆ کردۆتەوە. جگە لەوە ئەم شارە لە چالاکییەکانی سەرمایەگوزاری و سیستەمی بانکداریی نێودەوڵەتیدا دەورێکی زۆر باڵا دەگێڕێت. هۆکاری ئەوەی کە شتانە لەبارەی شاری ئانتورپ - وە بۆ

---

[1] شێوەکاری بەناوبانگی بەلجیکی (١٦٤٠_ ١٥٧٧)

Scanned with CamScanner

ئێوە باس دەکەم ئەوەیە کە لێرەدا ئەزموونێک فێر بووم کە بۆ من وانەیەکی زۆر مزنە.

دەستپێکی پێوەندیی من لەگەڵ شاری ئانتورپ ١٩٨٤، کاتێک بوو کە لەم شارەدا پێشنیارم پێکرا پالاوگەیەکی نەوتی خاو بکرم و بەڕێوەی ببەم. پێشنیارێکی چاوەڕواننەکراو، بۆیە لە پێشدا داوام کرد لە بەڕێوەبەری لقی لەندەنی کۆمپانیای دایۆڤ کە توێژینەوە سەرەتاییەکان لەبارەی ئەم پالاوگەوە لە بازاڕی ماڵیی لەندەن ئەنجام بدات. هاوتەریب لەگەڵ ئەوە یەکێک لە بەڕێوەبەرانی کۆمپانیام کە لە بواری بازاڕی نێودەوڵەتیی نەوتدا پسپۆڕ بوو نارد بۆ ئانتورپ تاکوو لەم بوارەدا هەڵسەنگاندنی پێویست بکات.

پاش ماوەیەکی کورت لە هەردووکیانەوە ڕاپۆرگەلێکم وەرگرت کە لەم پالاوگەدا ناکۆکیگەلێکی کرێکاریی زۆر بوونی هەبووە و بەهۆی نالەباریی فرۆشەوە، پالاوگە کەوتۆتە حاڵەتی زەرەردان. بەڕێوەبەری ئەم پالاوگە پێشتر پێشنیاری فرۆشتنی پالاوگەکەی دابوو بە کۆمپانیاگەلی یابانی، ئەڵمانی و ئەمریکی. ڕاپۆرتە ماڵییەکان کە لە ئۆفۆسی لەندەنەوە بۆم هات ئەوەیان دەردەخست کە ئەم کۆمپانیا لە دۆخێکی ماڵیی گونجاودا نییە.

پاشان من ڕای بەڕێوەبەرێکم پرسی کە سەردانی پالاوگەکەی کردبوو، ئەو گوتی گەرچی کەرەستەکانی پالاوگەکە تا ڕادەیەک سواو و کۆن دیارن بەڵام بە نۆژەنکردنەوە و دەستکارییەکی کورت، ئامێر و مەکینەکان توانای کارکردنی باشیان دەبێت. ئەنجامی دیدارەکانی ئەو لەگەڵ کارمەندانی ئەوە بوو کە بەڕای ئەوان خاوەنی پالاوگە لەباری داهاتەوە زۆر حەزی لەوێ نییە

Scanned with CamScanner

و دیتـر بەڕێوەبەرەکـانیش پێیانخۆشـە لەبـری سـوودوەرگرتن، ئەم پـالاوگە هەرچی خێراتر دابخرێت.

بەم شـێوە، بڕیـاری مـن بـۆ سـەرمایەگوزاری شـکڵی گـرت. وێـڕای سـوانی ڕووالەتیی بینا و مەکینەکـان بـۆ مـن ڕوون بـۆوە کە ئەم پـالاوگەیە، هێشـتا دەتـوانێ ڕۆژانە ٦٥٠٠٠ بەرمیـل نەوت بپاڵێوێـت، و نرخـی پێشـنیاریی ١/٥ ملوێن دۆلاری بۆ ئەم پالاوگەیە ئێجگـار زۆر هەرزانتـر بـوو لە بونیادنـانەوەی پالاوگەیەکی تازە.

بـابەتێکی جێـی سـەرنجی دیـکە، پرسـی کارمەنـدان و کرێکـاران بـوو، لەم بارەوە وای بۆ دەچـووم کە خەمساردی و بێحەزیـی خـاوەن و بەڕێـوەبەرانی پـالاوگە بـۆ پاراسـتن و ڕاگرتنـی بینـا و مەکینەکـان، بـووەتە هـۆی دڵساردبوونەوە و گوێنەدانی کرێکاران و تەنانەت ئەم پرسـە دەوری نەرێنیـی لەسـەر ئەخـلاق و ڕەفتـاری ئەوان دانـاوە. بەڵام ئەگەر بتـوانین ژمـارەیەک بەڕێوەبەری بەئەزمـوون و شایسـتە بنێـرینە ئەو شـوێنە تـاکوو سیسـتەمێکی ئیداریی ڕێکوپێک دابەزێنن و لە ئەنجامـدا دید و ڕوانـگەی کرێکـاران بگـۆڕن ئەم پرۆژەیە دەست دەکاتەوە بە قازانجدان.

مـن هەسـتم کـرد کرێکـاران و کارمەنـدان و بەگشـتی پێرسـێنێل لە شـێوازە ئیداریيە کۆنەکان ماندوو و دڵمردوو بوونە چونکە سـالانێک پێیـەوە ئازاریـان کێشـاوە و بێگومـان گـۆڕینی بەڕێـوەبەرایەتی هاوکـات لەگەڵ دامەزرانـدنی سیستمێکی ئیداریی نوێ دەبێتە هۆی گۆڕینی حـاڵ و هەوا و بەرزبـوونەوەی ورە و دڵخۆشیی ئەوان.

Scanned with CamScanner

کێشەی سێهەم پرسی دابینکردنی نەوتی خاو و فرۆشتنی بەرهەمەکانی پالاوگە بوو کە لەم بارەوە من خۆم باوەڕێکی زۆرم بە چارەسەرکردنی گرفتەان هەبوو. پێشتر ئەرێی دەوڵەتی لیبیام بۆ هەناردەکردنی ڕادەیەکی بەرچاو نەوتی خاو وەرگرتبوو. کاتێک کە لیبیا بەرەوڕووی کێشەی دراوی دەرەکی ببۆوە ئێمە گرێبەستێکی کاڵابەکاڵامان لەگەڵ لیبیا واژۆ کرد، واتە چێکردنی ڕێژەیەکی زۆر شووقە لەبەرامبەر نەوتدا. کەواتە کڕینی پالاوگەیەکی نەوت بۆ کۆمپانیای دایۆڕ سەرمایەگوزارییەکی گونجاو دەهاتە ئەژمار، چونکە قازانجی فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکان زۆر زیاترە لە کڕین و فرۆشتنی نەوتی خاو. ئەڵبەت هەمیشە ئەم ئەگەرە لە ئارادا بوو کە بازاڕی مەسرەفی گاز، نەوتی سپی و دیتر بەرهەمە نەوتییەکان زۆر گونجاو نەبێت، کە ئەگەر بارودۆخ وای لێدەهات دیسان هەر کێشە نەبوو چونکە ئێمە دەمانتوانی تا ماوەیەکی زۆر نەوتی خاو بە شێوەی ڕاستەوخۆ بفرۆشین و کاتێک بازاڕی بەرهەمە نەوتییەکان باشتر دەبوو، نەوتی خاومان دەپالاوت و پاشان بەرهەمەکانیمان دەفرۆشت.

بەپێی ئەم جۆرە بووچوون و ئەگەرانە، فەرمانی جێبەجێکردنی زۆر خێرای کڕینی پالاوگەم دەرکرد، ساڵی دواتر کاتێک ئێمە پالاوگەمان وەرگرت تیمێکی لێهاتوو لە بەڕێوەبەرانی هەڵبژێردراومان نارد بۆ ئانتورپ. ناوی پالاوگەکەمان گۆڕی بە «جیهانی» تاکوو ئەم ناوە لەگەڵ «دایۆڕ» کە بە مانای «جیهانی گەورە»یە هاودەنگی و هاویەکی هەبێت. هەموو شتێک

Scanned with CamScanner

جۆرێک ڕێک خرا تاکوو کەش و جەوێکی گونجاوی نوێ بەسەر ئەم پاڵاوگەدا زاڵ ببێت.

لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا، ئەنجامی هەوڵەکانی ئێمە نەک هەر بە جوانی هەستی پێدەکرا بەڵکوو زۆر زۆر وزەبەخش و پۆزەتیڤ و قازانجدەر بوو. پێرسێنێل بە گشتی گیانێکی تازەیان گرتوو تاکوو لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی نوێ هاوکاری بکەن. من لام وایە ئەوان دوو سێ بابەتیان وەکوو سەرچەشن لە کارمەندانی «دایۆز»وە فێر بوبوون. لە ماوەی یەک ساڵدا پاڵاوگە کەوتە قازانجدانەوە، و لەدوای ئەوە فرۆش بە ڕادەیەک سەرکەوت کە ئێمە پێشنیارێکمان لە خاوەنی پێشووی پاڵاوگەوە وەرگرت کە ئامادەیە بە پێنج بەرامبەری نرخێک کە پێمانی فرشتبوو بیکڕێتەوە. لە ئەنجامی ئەم سەرکەوتنەدا من ئیعتبار و ئابڕوویەکی نێودەوڵەتیم بەدەست هێنا و بە «پسپۆڕی زیندووکەرەوە»ی کۆمپانیا و شەریکە زەرەردەرەکان ناوبانگم دەرکرد.

هۆکاری ئەوەی کە تا ئەم ڕادە پرۆژەی ئانتورپ زەق دەکەمەوە نەک بەهۆی ناوبانگێکەوە کە بەهۆی ئەو پرۆژەوە بەدەستم هێنا و نەک بۆ سوود و قازانجی بەدەستهاتوو لێی بەڵکوو لەو ڕووەوە جەختی لەسەر دەکەمەوە کە فێرمان دەکات لە بایەخ و گرنگیی بڕیاردانی دروست تێبگەین.

بەهەرحاڵ خاوەنی پێشوو و ئەوانی تر بەپێچەوانەی ئێمە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنیان کرد و لە ئەنجامدا دەرفەتی بەدەستهێنانی داهاتێکی بەرچاویان لەدەست دا.

Scanned with CamScanner

مـن ئەزمـوونێکی هاوشـێوەم لە وڵاتـی کۆریـا سـەبارەت بە «کۆمپانیـای مەکینەسازیی کۆریا» هەبـوو. ئەم کۆمپانیـایە سـەرەتا لە کـاتی داگیربـوونی کۆریـا لەلایەن یابانییەکـانەوە دامەزرابـوو تـاکوو لەوێـدا ژێردەریـایی بەرهەم بهێنن. کاتێک ئێمە بووینە خاوەنی کۆمپانیاکە، سـەیرمان کـرد ئەم شـەریکە لە مـاوەی ٤٠ سـاڵی ڕابـردوودا هەرگیـز قازانجـدەر نەبـووە و بەگشـتی لە دۆخێکی زۆر خراپدا بووە.

پێش ئەوەی کە بێـنە لای ئـێمە دەوڵەتـی کۆریـا بە دوو کۆمپانیـای گەورەی دیـکەش (سامسـۆنگ و هۆنـدا) پێشـنیاری دابـوو کە ئەم دوو کۆمپانیـا تـوێژینەوە و هەڵسـەنگاندنی زۆر بەربڵاویـان ئەنجـام دابـوو و بەپێـی ئەم توێژینەوانە دواجار هەردووکیان وەڵامیان نا بوو. پاشان پێشنیار درا بە مـن، و من نزیکەی هەمان توێژینەوەکانی ئەوانم ئەنجام دایەوە، بەڵام بەپێـی ئەم هەڵسـەنگاندنە بڕیـارم دا ئەم کۆمپانیـایە بکـڕم. ئـێمە ناویمـان گـۆڕی بـۆ «پیشەسازییە قورسەکانی دایوۆ».

کاتێـک کـارێکی بازرگـانی دەیەوێ جێبەجـێ ببێـت ئێـوە بەرەوڕووی بڕیـاری جۆربەجـۆر دەبـنەوە. هەنـدێک کـات ئەم بڕیـارانە زۆر سـادەن، و هەنـدێک کاتیش یەک بڕیار دەتوانێ کار بکاتە سەر هەموو داهاتووی کۆمپانیاکە.

گرنگ نییە کە بابەتەکە چـی بێـت، ئەمە وەزیـفەی بەڕێـوەبەرانی پـلە بـاڵای جێبەجێکارە کە بڕیاری کۆتایی بـدەن. لە مـاوەی سـاڵانی دووروودرێـژدا، مـن لەگەڵ کەسانی زۆر هاوکاریم کردووە، بەڵام تەنیـاترین سـاتەکانی ژیـانم، ئەو کاتـانەیە کە دەمەوێ بڕیـار بـدەم، ئەڵـبەت دۆسـتان و هاوکـاران و تەنـانەت

Scanned with CamScanner

کارمەندانی ئاسایی هەمیشە یارمەتی و هەموو جۆرە زانیارییەکی پێویستیان خستۆتە بەردەستم. بەڵام بەو هۆیەوە بەرپرسیارێتیی سەرەکیم لە ئەستۆ بووە، ئەوان ناتوانن بڕیاری کۆتاییم بۆ بدەن. هەروا کە من ناتوانم بەرپرسیارێتیی بڕیارەکانی خۆم بخەمە ئەستۆی ئەوان.

بڕیاردان تەنها لە پرسە بازرگانییەکاندا گرنگ نییە، بەڵکوو لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا خاوەنی گرنگییەکی تایبەتە. ژیانیش بریتییە لە کۆمەڵێ بڕیار. بڕیارێکی هەڵي دەتوانێ ژیانی مرۆڤەکان لەناو ببات. هەندێک کات من بیر دەکەمەوە ئێمە بۆ ئەوە زیندووین کە بتوانین لە دەرفەتی گونجاودا هەنێک بڕیاری دروست بدەین کە دواجار ببێتە هۆی سەرکەوتنمان. بۆ سەرکەوتن، ئێوە تا ئەو شوێنەی دەکرێ، دەبێ بژاردەی جۆربەجۆر و دەستپێڕاگەیشتووتان هەبێت. هەرچی بژاردەکان سنووردارتر و کەمتر بن هەر بەو ڕادە دەرفەتی بڕیاردانیش سنووردارتر دەبێت.

هەنگاوی دواتر ئەوەیە کە وزەی ناوەکییی خۆتان بەهێزز و ئیرادەی خۆتان چڕ بکەنەوە تاکوو بتوانن بڕیارێکی دروست بدەن. لە ڕێگای خوێندنەوەوە دەبێ توانای بڕیاردانی خۆتان بەهێز بکەنەوە. و ئەمە هۆکاری سەرەکیی خوێندن و بەدەستهێنانی زانستە. بڕیاردان لەنێوان هەڵە و دروستدا، حەق و باتڵ، باش و خراپ، بەسوود و مزێڕ، و تواناگەلێک کە بکرێ وەها بڕیارگەلێک بەباشترین شێوە بدرێت تەنها لەڕێگای بەدەستهێنانی زانستەوە مومکین دەبێت. ئێوە پێدەچێ دەرفەتگەلێکی جۆربەجۆر بەدەست بهێنن، بەڵام بڕیارێکی هەڵە دەتوانێ هەموو ئەم دەرفەتانە لەناو ببات. هیچ کەس

Scanned with CamScanner

ناتوانێ بڕیار بۆ ئێوە بدات. ئەوە خودی ئێوەن کە دەبێ بڕیار بۆ خۆتان بدەن.

من هیوادارم ئێوە هەمیشە ژمارەیەکی زۆر ڕێنما و ڕاوێژکارتان هەبێت تاکوو بتوانن لە بڕیارەکانتاندا یارمەتیتان بدەن. ئێوە بۆ دۆزینەوەی ڕاوێژکارەکانی خۆتان پێویستتان بەوە نییە کە ڕێگایەکی زۆر بپێون. ڕێنما و ڕاوێژکارەکانی ئێوە دەبێ هەر ئەو کەسانە بن کە شەریکی ژیانی ئێوەن. ئەوانەی کە عاشق ئێوەن و نیگەرانی چارەنووستانن. دایک و باوکتان، مامۆستاکانتان، خزمەکانتان، هاوڕێکانتان، هاوپۆلەکانتان، ئەمانە هەموو دەتوانن ڕاوێژکاری ئێوە بن. ئەگەر ئێوە دڵتان بۆ ئەو کەسانەی کە لە هەمووان پێتان نزیکترن بکەنەوە و قسەیان لەگەڵ بکەن ئێوە دواجار دەتوانن بەو شتە بگەن کە بۆ بڕیاردانێکی دروست پێویستتان پێیەتی.

Scanned with CamScanner

[٤] هەنگاوێک واوەتر لە ئەنجامدانی کار لە ئاستی ڕاپەڕاندنی وەزیفەدا

هەر جارێک کە سەفەر دەکەم بۆ ئەورووپا ئەم پرسیارە دێتە مێشکمەوە کە بـۆچی نەتەوەگەلێـک کە لە بـاکووری ئەورووپـا دەژیـن، لە بـارودۆخی ئـابوورییەکی بەهێـز و پێشـکەوتوودان لەحاڵێکدا کە لە باشـووری ئەورووپـا خەڵـک لە دۆخێکـی ئـابووریی لاوازتـردان ئەڵـبەت پێـدەچێ هـیچ جـۆرە پاسـاوێکی زانسـتیی نەبێـت کە ئەم جیـاوازییە بـاس بکـات، بەڵام بـاوەڕی کەسـیی مـن ئەمەیە کە هۆکـاری جیـاوازییەکی ئـاوا بگەڕێـتەوە بـۆ عـادەتی پشوو و خەوی نیوەڕۆوانە.

نەتەوەکانی کەنارەی دەریای مەدیتەرانە چ شـاری و چ گوندنشـین بەشـێوەی نەریتی ڕاهاتوون لە دوای خواردنی نیوەڕۆ یەک دوو ساعەت بخەون. ئەڵبەت ئەمە بۆ خەڵکی پڕجموجۆڵی کۆریا ڕەنگە زۆر سەیر بێـت، هەرچەنـد هەمـوو کەس لەدوای خـواردنێکی تەواو بڕێـک قـورس و خەواڵـوو دەبـێ و ڕەنـگە کەشوهەوای گەرمی ئەم ناوچانەش بڕیک کۆمەک بەم خەواڵوویيە بکات.

مـن هێشـتا نـاتوانم تێـبگەم کە چـۆن کەسـێک دەتـوانێ لە کـاتە گرنـگ و پڕبایەخەکـانی ڕۆژدا بخەوێـت! سەرسـووڕێنتر ئەوەی کە هەرچەنـد هەمـوو کارمەنـدان لە دەرفەتـی خەوی نیـوەڕۆوان کەڵـک وەردەگـرن بەڵام کـاتی دەسـتپێک و کۆتـایی کارەکانیـان ڕێـک وەکـوو کـاتی دەسـتپێک و کۆتـایی

Scanned with CamScanner

کارکردن لە باکووری ئەورووپایە و زۆربەی دووکانەکان و فرۆشگەکان پێش ساعەت ٨ی ئێوارە دادەخرێن.

کاتێک هەموو خەڵکی کۆمەڵگایەک ئاوا کار بکات، بێگومان هێزێکی مەزنی کارکردن لەدەست دەچێت. هەربۆیە ئەم خەوی نیوەڕۆوانە بابەتێکە کە دەبێ سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت.

دیارە جۆرێک تەمەڵی و لەشگرانی لە جووڵە و ڕۆحی ئەم نەتەوانەدا بەدی هاتووە و تا ڕادەیەکیش بەشێوەی ڕەوشی کەسی و تەنانەت نەتەوەیی دیار کەوتووە. هەروەها ئەم بابەتە دەتوانێ ڕەنگدانەوەی باوەڕەکانی خەڵک بێت لە ژیان و چارەنووس.

بەهەرحاڵ بە باوەڕی من خەمساردی نەتەوەکانی باشووری ئەورووپا نەک لە ئەنجامی ڕۆحی ڕۆمانتیکی ئەوان و نەک بەهۆی پرسی ئاسوودەیی‌خوازی و لەشگرانی ئەوان لە ژیاندایە. لەڕاستیدا من ئەوە بەجۆرێک لە جۆرەکان بەهۆی کارکردن لە ئاستی ڕاپەڕاندنی وەزیفەدا دەزانم، واتە ئەنجامدانی بڕێکی دیاریکراو لە کارکردن لە بەرامبەر کەڵکوەرگرتن لە ڕادەیەکی باش و گونجاوی ئیسراحەت و خۆشبژێوی. من ئەم بابەتە بە هۆکاری بنەڕەتیی جیاوازیی دۆخی ئابووریی نەتەوەکانی باکوور و باشووری ئەورووپا دەزانم.

خەڵکانێک کە هەموو هەوڵ و تێکۆشینیان بۆ ئەوەیە کە کاتەکەیان بەفیڕۆ نەچێت و بۆ کارکردن سنوور ناناسن بێگومان سەرکەوتووتر لەو کەسانەن کە تەنیا لە ئاستی ڕاپەڕاندنی وەزیفەدا کار دەکەن.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

من هێشتا خەوێکی دووپاتە دەبینمەوە. ئەمە خەوێکە کە من تێیدا لە زانکۆ دەرناچم. لەڕاستیدا زۆریشی نەمابوو دەرنەچم. ڕەنگە بەم هۆیەوە بێت کە بەردەوام ئەم خەوە دەبینم.

لە دواین خولی خوێندنمدا لە زانکۆ لەبری چوونەوە بۆ زانکۆ بەشێوەی پارتتایم لە ئاژانسێکی دەوڵەتیدا کارم دەکرد، لەو ڕۆژانەدا یەکێک لە ئیمتازەکانی قوتابیانی ساڵی کۆتایی، کە زۆریش کەڵکیان لێ وەردەگرت ئەوە بوو کە دەیانتوانی نەچنەوە سەر پۆلی وانەکان.

ئەڵبەت خوێندکارانی ساڵی کۆتایی، زۆربەی کات بیریان لای دۆزینەوەی پیشەیەک بوو بۆ داهاتوویان. ئەم جۆرە ڕەفتارە لە نزیکەی هەموو خوێندکارانی ساڵی کۆتایی چاوەڕوان دەکرا.

یەکێک لە وانەکانی ساڵی کۆتایی من لەگەل مامۆستایەک بوو بە ناوی «پرۆفیسۆر وانگ ـ ایل ـ چانگ» کە لە ئێستەدا لە زانکۆی «هانیانگ» لە شاری سێئول وانە دەڵێتەوە. ئەوکات بەڕێزیان تازە لە پرۆژەیەکی توێژینەوە و خوێندنەوەی نوێ لە ئەمریکا هاتبۆوە و بە زۆری کەوتبووە ژێر کاریگەریی نەزم و دیسیپلینی پەروەردەی سیستماتیکی ئەوێ.

من ئاگادار نەبووم کە مامۆستا «وانگ» هەموو ڕۆژێک لە پۆلدا ئامار دەگرێت و بەو کەسانەی کە ڕێژەیەکی دیاریکراو لە تایمەکان لە پۆلدا ئامادە نابن، نمرە نادات. زۆر درەنگ پەیم بەم بابەتە برد و دۆخێکی دژوارم بۆ پێش هات چونکە ئەگەر لە وانەکانی ئەو نمرەم نەدەگرت نەمدەتوانی لە زانکۆ دەرچم.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

هەربۆیە بڕیارم دا «پرۆفیسۆر وانگ» ببینم و داوای لێبوردنی لێبکەم و تکای لێبکەم کە ڕێگە بدات دربچم. بەڵام ئەو ڕای خۆی نەدەگۆڕی. من لام وایە کە ئەو لە ڕەوشی من تێنەگەیشتبوو و بە هەڵە وای دەزانی کە من خوێندکارێکی تەمەڵ و لەشگرانم. لەو کاتەدا من «سەرۆکی ئەنجومەنی هۆگرانی خوێندکارانی بەشی بازرگانی» بووم. من تەنانەت ئەندامانی ئەنجومەنم هان دا کە لەبەر ئەم بابەتە داوای یارمەتی لە مامۆستا بکەن.

سەرەنجام «پرۆفیسۆر وانگ» لە دۆخێکی تایبەتدا منی قبووڵ کرد و داوای لێم کرد ڕاپۆرتێکی تایبەت ئامادە بکەم. بە سەرکەوتوویی ئەم کارەم ئەنجام دا، و سەرەنجام دەرچووم. بەڵام ئەم کارە وانەیەکی گەورەی تێدا بوو بۆ من و ئەویش ئەوەی کە بیرکردنەوەی کارکردن لە ئاستی ڕاپەڕاندنی وەزیفە لە مێشکم فڕێ بدەمە دەرەوە. خوێندکارێکی ساڵی کۆتایی دەبێ هەر ئەوندە هەوڵ بدات کە خوێندکارێکی ساڵی یەکەم، لەوانەیە زیاتریش، من لام وابوو ئەوەی کە تاکوو ئەوکات لە زانکۆ فێری بوومە بەسە بەڵام وانەیەک کە من لەم ئەزموونە وەرمگرت وەها کاریگەرییەکی لەسەر من دانا کە هەتا ئێستاش هەر خەوی پێوە دەبینم کە لە زانکۆ دەرنەچوومە.

لەسەر ئەم ئەزموونە، لە لە کاتی دەستپێکی چالاکییە بازرگانییەکانی کۆمپانیای «دایوۆ»وە من نەمتوانیوە ئەو کارمەندانەی کە تەنها بۆ ڕاپەڕاندنی وەزیفە کار دەکەن تەحەمووڵ بکەم. ئەم جۆرە بیرکردنەوە نە سوودی بۆ خودی کەسەکە هەیە و نە بۆ کۆمەڵگاش.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

لە درێژەی ساڵانێکدا، من لە ئاستی نێودەوڵەتی بەرهەمی پیشەسازیی زۆر بێشومارم پێشکەش کردووە و بەردەوام بەرەوڕووی پرسێکی ئازاردەر بوومەتەوە کە ئەویش پێداچوونەوەی دواجارەکیی بەرهەمەکانە. کاڵاکانی دروستکراوی کۆریا لەباری دیزاین، کوالێتی و نرخەوە دەکەوێتە بەر سەرنج بەڵام کوالێتیی دواجارەکیی ئەو بەرهەمانە هەمیە وەکوو دڕووێک بووە لە چاودا و بیانوویێک بۆ کڕیاران کە نرخەکان تا ئەو شوێنەی بکرێ بکێشنە خوارەوە کە مانای ئەمە تەنها دابەزینی نرخ بەرهەم لە بازاڕدا نییە، بەڵکوو وەکوو کەسێکی کۆریایی تا ڕادەیەکیش مایەی ئابڕووچوون و شەرمەزاری بووە.

ئەم بابەتە هەمیشە منی پەرێشان و دڕدۆنگ کردووە، چونکە پێداچوونەوەی دواجارەکیی بەرهەم وەکوو ڕاپەڕاندنی وەزیفە هەموو ڕەنج و زەحمەتەکان کە بۆ دروستکردنی کاڵایەک تەرخان کراوە لەناو دەبات و ئەم بابەتە دەبێتە هۆی زیانێکی گەورە بۆ وڵاتەکەمان.

کاتێک کە من سەرەتا ڕۆشتمە سەر بازاڕی مەسرەفی ئەمریکا، یەکێک لە یەکەم موشتەرییەکانم فرۆشگە زنجیرەییەکانی «سی یێرز» بوو. سەرۆکی کاروبار و ئامادەکارییەکانی «سی یێرز» زۆر نیگەرانی کوالێتیی بەرهەمە کۆریاییەکان بوو، و وەزیفەی من ئەوە بوو کە لە بڕی ترسەکەی ئەو کەم بکەمەوە. هەربۆیە من بەشێکی ناوەکیی کۆنترۆڵی کوالێتیم کردەوە تاکوو هەموو بەرهەمەکان بە وردی بپشکێنرێن و لە پڕۆگرامی کۆنترۆڵی کوالێتیدا، ستاندارديکی باڵاتر لە ڕادەی چاوەڕوانیی فرۆشگەی «سی یێرز» بەدی

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

هێنرا. سەرەنجام توانیم باوەڕ و متمانەی بڕپرسانی فرۆشگەی «سی یێرز» بەدەست بهێنم.

ئێمە بە ئاسانی دەتوانین نموونەگەلێک لە «کارکردن لە ئاستی ڕاپەڕاندنی وەزیفە» پەیدا بکەین. ساڵی ١٩٦٧ کاتێک کۆمپانیای دایوۆمان دامەزراند، هەموو بەرهەمە هەناردەییەکانمان هێشتا لەڕێگای ئاو و کەشتییەوە دەگوازرانەوە. پیشەسازیی گوازتنەوەی دەریایی هێشتا گەشەیەکی بەرچاوی نەکردبوو، و لە ئەنجامدا کێبڕکێیەکی چڕوپڕ لەناو هەناردەکاراندا بۆ دابینکردنی جێگا لە کەشتی و بارکردندا بوونی هەبوو. هەربۆیە زۆربەی کۆمپانیا هەناردەکارەکان بریکاریان لە بەندەری پوسان هەبوو. کاتێک وادەی ڕادەستکردنی کاڵا بە کڕیارانی دەرەکی دەگەیشت هەمووان تووڕە بوون و زۆر خێرا تێک دەچوون. بەشەکانی بەرهەمهێنانی کارگە بیست و چوار کاتژمێری شەووڕۆژ لە حاڵی بەرهەمهێناندا بوون. لەدوای ئەوەی کە کاڵا هەناردەییەکان دەگەیشتنە عەمارەکانی گومروک بریکارانی کۆمپانیاکان دەبووا چاوەڕێ بمایەتنەوە تاکوو سەرەی بارکردنی کاڵاکانیان بهاتایە. ئەگەر ئێمە نەمانتوانیبا لە کاتی دیاریکراودا خۆمان کەشتییەک بۆ گوازتنەوە ئامادە بکەین، لانیکەم دەبووا تا هاتنی کەشتیی دواتر حەفتەیەک چاوەڕێمان بکردایە و هەموو هەوڵەکانمان بۆ بەرهەمهێنانی کاڵاکانمان لە کاتی دیاریکراودا، بەفیڕۆ دەچوو. لەو کاتەدا بەختی سەرکەوتنی کۆمپانیایەکی بچووک بەگشتی لەوەدا بوو کە لە کەشتییەکدا جێگا و سەرە بگرێت. کەواتە

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

زەخت و بەرپرسیارێتیی سەر بریکارانی کۆمپانیاکان لە بەندەردا ئێجگار زۆر بوو.

دیارە لەنێوان ئەم بریکارانەدا کێبڕکێ و کێشمەکێشێکی پڕ لە توندوتیژی لە گەڕدا بوو. ئەگەر بریکار وشیار نەبووایە زۆر سانا لە ڕکابەرەکانی شکستی دەخوارد. هەندێک جار پێش دەهات کاڵای کۆمپانیایەک سواری کەشتی کرابوو و کاتێک بریکارەکەیان بە خەیاڵی ئاسوودە بەندەری جێدەهێشت کاڵاکانی ئەوانیان دادەگرت و کاڵای کۆمپانیایەکی دیکەیان سەردەخست.

ئەوەش بزانن کە لە بەندەری پوسان سێ گرووپ لە بریکارانی جۆربەجۆری کۆمپانیاکانی هەناردەکار بوونیان هەبوو. گرووپی یەکەم ئەوانە بوون کە دڵنیا دەبوون کاڵاکانی کۆمپانیاکەیان داخڵی عەماری گومروک بووە بەندەریان جێ دەهێشت. گرووپی دووەم کەسانێک بوون کە چاوەڕێیان دەکرد کاڵاکانیان لە سواری کەشتی بکەن، پاشام لە بەندەر دەردەچوون. بەڵام گرووپی سێیەم ئەوانە بوون کە لەدوای هەموو ئەم قۆناغانە هەر لە بەندەر دەمانەوە تاکوو کەشتی بە کاڵاکانی ئەوانیشەوە لە بەندەرەوە ڕێدەکەوت و لە چاویان ون دەبوو.

بریکارانی جۆری یەکەم زۆربەی کات دۆڕاو بوون و کێشەیان بۆ ساز دەبوو. بریکارانی جۆری دووەم بەگشتی لە هەر دە سەفەر یەک دوو جار کاڵاکانیان بەجێ دەمان بەڵام بریکارانی جۆری سێیەم چونکە تا کۆتایی کارەکە لە بەندەردا دەمانەوە کێشەیەکیان نەبوو و هەمیشە سەرکەوتوو بوون. بریکارانی جۆری یەکەم و دووەم بە ڕادەیەک کاریان کردبوو کە بە باوەڕی

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

خۆیان لەوکاتەدا باش و بەپێی پێویست بووە، بەڵام زۆر کات بەهۆی ئەوانەوە کێشەی گەورە بۆ کۆمپانیاکەیان ساز دەبوو.

من فەرمان دا کە بریکارانی کۆمپانیای دایۆڤ ئەوندە لە بەندەردا بمێننەوە تاکوو کەشتیی هەڵگری کاڵاکانمان لە ئاسۆدا ون بێت. ئەمە خۆی جۆرێک دڵنیابوونی دواجارەکیی لە کارەکە بوو. هەر ئەم کارە سادە بووە هۆی ئەوە کە ئێمە لە پێوەندی لەگەڵ گوازتنەوەی کاڵاکانماندا هیچ کات کێشەمان نەبێت و هەمیشە لە کاتی دیاریکراودا کاڵاکانمان بگەنە دەست کڕیاران. ئەم بابەتە زۆر گرنگ و زەروور بوو کە ئێمە لە لای موشتەرییە نێودەوڵەتییەکانمان متمانە و باوەڕ بەدەست بهێنین. جیهان ئەوەی قبووڵ کردبوو کە کۆمپانیای دایۆڤ توانای ڕادەستکردنی کاڵاکانی لە کاتی دیاریکراودا هەیە.

گرنگ نییە من چ کارێک دەکەم، هەرچی بێت پێم خۆشە ئەو کارە بە باشترین شێوە و تا کۆتایی ئەنجام بدەم. ئەمە کلیل و نهێنیی سەرکەوتنە. من هەوڵم داوە ئەم پڕەنسیپە بگوازمەوە ناو فکری پێرسێنێلی خۆمان و تێیانگەیەنم کە نەک تەنها بۆ بەرهەمهێنانی کاڵا بەڵکوو تا کۆتایی کارەکە وردبین و هەوڵدەر و سەرسەخت بن. ئەم شێوازە لە کۆمپانیای دایۆڤ بەشێوەی نەریت و کولتوورێکی پڕبایەخ دیار کەوتووە.

کەواتە من لە گەنجانی ئەمڕۆ چاوەڕێ دەکەم کە هەمیشە داهێنان بنوێنن، نەک ئەوەی کە ڕێبواری ڕێگای جەماوەر بن و خوێندنەوەکانیان لە ئاستی «ڕاپەڕاندنی وەزیفە و پێویستی»دا بوەستنن!

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ڕێگایەکی درۆست بۆ خۆیان هەڵبژێرن، تواناکانی خۆیان بدۆزنەوە، بەهرە شاراوەکانیان بدۆزنەوە و هەموو ئەوانە پێشکەش بە ئاوەدانکردنی کۆمەڵگایان بکەن. تەنها لە سایەی سەختی و ڕەنج و زەحمەتەکانی ئەمڕۆی ئێمەدایە کە داواڕۆژێکی درەوشاوەمان دەبێت. ئەگەر ئێوە دەخوێنن یان بەهەر شێوە دەژین، هەوڵ تێکۆشانی خۆتان لە ئاستی ڕاپەڕاندنی وەزیفەدا مەوەستێنن.

Scanned with CamScanner

[٥] جادووگەران

دەڵێن جادووگەرێک هەیە کە هەرکات ئیرادە بکات دەتوانێ بە بڕێک هەڵبەز دابەز، باز بداتە سەر شاخێکی بەرز و بەم کارەی خۆی هەم بووەتە هۆی سەرسووڕمانی خەڵک و هەم بووەتە هۆ ئیرەیی ئەوان، دەمانحەپەسێنێت کە ئایا ئێمەش دەتوانین ڕۆژێک بگەینە وەها هێز و توانایەک؟ بە سەرسووڕمانەوە بیر دەکەینەوە کە ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕۆژەکان کە نوقمی موکاشفە و موراقبەی خۆی بووە لەناکاو ئەم هێزە لە ئاسمانی نیلیەوە ڕووی تێکردووە و یاخود سروشێک لە کاردا بووە و لەم جۆرە خەیاڵاتە. ئەوەی کە ڕوونە لامان ئەم جادووگەرە لە سەرەتادا زیاتر لە خەڵکی ئاسایی نەیتوانیوە باز بدات، و ئەگەر توانیبێتی ڕەنگە مەترێک زیاتر. بەڵام ئەو مەبەستێکی بۆ خۆی دەستنیشان کردووە و ئەویش ئەوەی کە سەرەنجام بتوانێ بە بازێک خۆی بگەیەنێتە سەر شاخێک و هەموو ڕۆژێک پڕۆژەی کردووە و بەرەبەرە ڕادەی بازدانەکەی زیادی کردووە. ئەو هەموو کاتی خۆی بۆ ئەم کارە تەرخان کردووە و ڕەنگە ئەوندە تاقەت و حەوسەڵەی هەبووە تاکوو بۆ نموونە گەنم لە کێڵگەیەکدا بەرەبەرە بەرز دەبنەوە و بەسەریاندا بازی داوە و بەم شێوە ڕاهێنانی کردووە. لەوانەشە بەهۆی کۆمەڵێک ڕاهێنانی دیکەوە بووە بە جادووگەر و لە بواری کاری خۆیدا بووە بە پسپۆڕێکی لێهاتوو.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

زۆر سانایە کە بە هەڵە وای پاساو بدەینەوە کە جادووگەران لە سەرەتاوە بەم شێوە لەدایک بوونە ئەگەر ئەم بۆچوونە دروست بێت، کەواتە هەر بەم شێوە دەبێ بڵێین کە پسپۆڕێک لە سەرەتاوە لەدایک بووە و سەرۆکی لێژنەی بەڕێوەبەرایەتی لە کاتی لەدایکبوونیەوە هەر ئەو پۆستەی هەبووە. بەڵام ئایا بەڕاستی ئەمانە هەر بەو شێوە لەدایک بوونە، نەخێر ئەوان هەوڵ و زەحمەتیان کێشاوە و بە سەختی کاریان کردووە تاکوو لە بواری کاری خۆیاندا بوونەتە پسپۆڕ ڕێک وەکوو جادووگەرەکە.

هەر مرۆڤێک خاوەنی تواناگەلێکی بێسنوورە. تەنها جیاوازییەک کە لەنێوان کەسێکی ئاسایی و جادووگەرێکدا بوونی هەیە، ئەوەیە کە جادووگەر لەڕێگایئ هەوڵ و ڕاهێنانەوە هێزە شاراوەکانی خۆی بەکار دەبات و لەو کارە سەرسووڕێنانەدا توانا و لێهاتوویی بەدەست دەهێنێت. بۆ هەر بەرهۆیەک هۆ یان هۆکارێک بوونی هەیە، و هەر هەوڵێک ئەنجامێکی دەبێت. شایستەیی و هونەرەکان بەڕێکەوت بەدەست نایەن، ئەوانە کاملبوونی بەرەبەرەیی کردەیەکی دەستنیشانکراون.

پێچەوانەی تەوازوع و خاکەڕاییە ئەگەر بڵێم نازناوی «جادووگەر»یان داوە بە من. ڕەنگە بەم هۆیەوە پێم دەڵێن جادووگەر کە زۆر جاری باسی ئەو جادووگەرە دەکەم کە توانیویەتی باز بداتە سەر شاخێک، ڕەنگە بۆ ئەوە بێت کە من سەرسەختانە و بێئامان بەردەوام ویستوومە دەست بۆ هەر کارێک دەبەم تێیدا ببمە پسپۆڕ و شارەزا. دەبێ دان بەم بابەتەدا بنێم ڕقم

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

نییە لەم نازناوە، چونکە لە هەموو دەورانی ژیانمدا ویستوومە کە پسپۆڕ و کارناس بم.

من دەرچووی بەشی ئابووریم، بەڵام بەپێچەوانەی بواری خوێندنەکەم، یەکەم کارەکەم لە پیشەسازیی قوماشڕستندا دەست پێکرد و لەدوای دە ساڵ کار لەم بوارەدا وەکوو جادووگەرێکی قوماش و ڕستن ناسرام، ئێستە ئەگەرچی ساڵانێکی دوورودرێژە کە لە بەشی قوماشڕستن دوور کەوتوومەتەوە بەڵام هێشتا بە دیتنی هەر جۆرە قوماشێک دەتوانم بە وردی باسی هەموو وردەکارییەکان و کوالێتیی ئەو قوماشە بکەم.

بەڵام جادووگەریی من تەنها لە پیشەسازیی قوماش و ڕستندا کورت نابێتەوە، بەو ڕادەی کە کۆمپانیای ئێمە لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا پەرەی ستاند، منیش لە بوارە جۆرەبەجۆرەکاندا زەحمەتی زۆرم کێشا تاکوو لەو بوارانەدا ببمە پسپۆڕ و خاوەن ڕا، بۆ نموونە لە بەشی مەکینەسازیدا، هەموو جۆرە مەکینەیەکی گەڕۆک، کەشتیسازی، تەنانەت هوتێلداری و ... هتد. لە هەر کامیاندا خۆم گەیاندۆتە ئاستێک کە تێیدا کارناس و پسپۆڕ بم. لە ئەنجامی ئەم پسپۆڕییانەدا ئێمە توانیمان لە ئاستە جۆربەجۆرەکاندا کارەکانی خۆمان بەرفراوان بکەینەوە.

لە ئەنجامی هەوڵەکانم لە بەشە جۆربەجۆرەکاندا بەرەبەرە لە هەڵسەنگاندنی کەسەکانیشدا هەر بوومەتە خاوەن ڕا و پسپۆڕێکی لێهاتوو. کاتێک لەگەڵ بەڕێوەبەر یاخود بەرپرسێکی ژێردەستی خۆم گفتوگۆ دەکەم، لە جووڵەکان، ڕستەبەندی و شێوەی دەربڕین، گۆڕینی ڕوخساری ئەودا خێرا دەتوانم بزانم

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

کە ئەو لە کاروباری خۆیدا گەیشتۆتە چ ئاستێک لە زانست و ئەزموون. تەنها بە یەک دوو پرسیار دەتوانم پەی ببەم بە ئاستی لێهاتوویی و زاڵبوونی ئەو کەسە بەسەر کارەکەیدا.

ئێمە لە سەردەمی دابەشبوونی زانستە پسپۆڕییەکاندا دەژین، لە سەردەمێکداین کە کاروباری ڕۆژانە لە گۆڕین و وەرچەرخانی بەردەوامدان، ژیان ئاڵۆزتر و فرەچەشنتر بووە، و لە ئاستی جیاوازدا پێویستیی زیاتر بە کەسانی کارناس و پسپۆڕ هەست پێدەکرێت. چیتر ئەو کاتە بەسەر چووە کە یەک کەس بە تەنیایی چەندین کاری جۆربەجۆری ئەنجام دەدا، تەنانت ئەگەریش کەسێک بتوانێ گشتیەت و وردەکارییەکانی کاریک ئەنجام بدات، کەمبوونی کات ڕێگەی ئەو کارە بەو کەسە نادات.

کارەکان بە تەواوی بەپێی دابەشکاریی تایبەت پەرەیان ستاندووە و سپێردراونەتە دەست کارمەندان و پسپۆڕانی بەشە پێوەندیدارەکان. بەم شێوە ڕاندمانی کارەکان زۆر زیادی کردووە، پێویستمان بە کارناسانی جۆربەجۆر پەیدا کردووە و کەواتە لە جیهانی ئەمڕۆدا، ئێوە لەو بەشەیدا کە هەڵتانبژاردووە دەبێ پسپۆڕێکی لێهاتوو بن.

ئەڵبەت، ئەبێ ئەمەش بڵێم کە ئەم دابەشکارییانە، گرنگی و بایەخی کارە فرەچەشنەکان لەناو نابات، و بەو مانا نابێت کە تەنها و تەنها ئەو بەشەی کە هەڵتانبژاردووە ببینن و باقیی کار و بەشەکان فەرامۆش بکەن. دنیا شوێنێکی بەربڵاو و ژیان پڕ لە فرەچەشنی و جۆربەجۆرییە. ئەەر خۆتان لە

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

دنیای بچووکی بیرکردنەوەکانتاندا سنووردار بکەن لە دنیای دەوروبەرتان بێئاگا دەمێننەوە. وەکوو بۆقێک دەبن کە خۆی لە چاڵێکدا بەند کردبێت.

شتێک کە ئەمڕۆ فکری منی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە ئەوەیە کە ئێمە بە خێرایی خەریکی هەڵکەندنی چاڵێکی گەورەین، بەڵام فەرامۆشمان کردووە کە پێشتر ئەم چاڵە هەڵسەنگێنین. چونکە پێش دەستپێکردن بە هەڵکەندنی چاڵێکی قووڵ ئێوە پێویستتان بە زەوییەکە کە بەپێی پێویست گەورە بێت. ئەگەر قوڵایی و پانیی چاڵەکە پێکەوە نەخوێننەوە و بتانەوێ لە پانی و درێژاییەکی کەمدا چاڵێکی قووڵ هەڵکەنن، دڵنیا بن کە تووشی کێشە دەبن. کارەکان هەمیشە بەم شێوە ناچنە پێشەوە، بەردەوام کۆمەڵێ پڕەنسیپ و ئەسڵی سەرەتایی بەسەریاندا زاڵن. ئەگەر ئێوە بەڕاستی پێویستتان بە چاڵێکی قووڵە، سەرەتا دەبێ لە ئەندازەیەکی گەورەدا دەست بکەن بە هەڵکەندن. ئەگەر تەنها بیر لە قوڵاییەکەی بکەنەوە وا دەردەکەوێ کە لە هەڵگرتنی یەکەم پێمەڕەی پڕ لە خۆڵدا دەتوانن بگەنە هەر قووڵاییەک کە دەتانەوێ. بەڵام هەرکە بڕێک قووڵتر ببنەوە، دەبینن کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی پانداییەکی زیاتر ناتوانن لەوە زیاتر قووڵ ببنەوە. کەواتە پێش هەلکەندنی چاڵ پانی و درێژاییەکی گونجاو لەپێش چاو بگرن. لەو حاڵەتەدا بە ئاسانی دەتوانن چاڵێکی قووڵ هەڵکەنن.

هەوڵ بدەن ببنە کارناس و پسپۆڕ، ئەڵبەت نەک لە ئاستێکدا کە شتەکانی تر لە پێش چاوتاندا ون بن. وێڕای پسپۆڕییەک کە هەتانە، پێویستە لە کارگەلی فرەچەشن و پڕشومار‌دا شارەزاییەکتان هەبێت. مەبەست لەوەی کە

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

دەڵێن ئێمە خوێندەوار و تێگەیشتووین ئەوەیە کە ئێمە درک و هەست و لێکدانەوەیەکی باڵامان هەیە، کەسێک کە لە بواری میکرۆبناسیدا خوێندنی تەواو کردووە زەروور نییە کە کارناسی شێوازەکانی مۆنتاژکردنی باڵی فرۆکەش بێت، بەڵام ئەگەر بەشی خوێندنی ئێوە میکرۆبناسی، دەرمانسازی یاخود ئەدەبیات بێت، ئێوە پێویستتان بە زانستێکی بەربڵاوە لە بواری زانیارییە گشتییەکاندا. زانستی بەربڵاو کە من باسی دەکەم ئەوەیە کە بەشێوەی ڕێک و پێک لە هەناوی ئێوەدا پەروەردە ببێت و ڕوانگە و قووڵایی پسپۆڕیی ئێوە زیاد بکات.

ئێوە پێویستتان بە تێگەیشتنێکی بەربڵاوە لە زانستگەلێکی وەکوو فەلسەفە، ئەخلاق و چۆنیەتی هەڵسوکەوت و ڕەفتارکردن هەیە. کەواتە کاتێک دەڵێم تاک دەبێ پسپۆڕ بێت، لەخۆیدا ئەم بابەتەش دەگرێتەوە کە تێڕوانینی دروست، فام و شعووریش بەشی جیانەکراوەی ئەم پسپۆڕییەیە.

ئەمڕۆکە، دەسەڵات و کەسایەتیی مرۆڤ دابڕاو لە یەکتر نین، چیتر ئەو دەورانە گوزەرا کە ئەمانە لێک جیا بوون. دەسەڵات کاتێک بەدەست دێت کە ئێوە تەنها کەسێک بن کە بتوانن کارێکی دیاریکراو جێبەجێ بکەن. ستاندارد و پێوەری هەڵسەنگاندنی ئەمڕۆ پسپۆڕایەتییە.

بۆچی پزیشکان جێگای ڕێزن؟ من بۆم دەرکەوتووە کە ئەوان بەم هۆیەوە جێگای ڕێزن کە پسپۆڕییەکی پڕبایەخیان هەیە. ئەوان ئەتوانن نەخۆشیگەلێک چارەسەر بکەن کە خەڵکی ئاسایی ناتوانن. بۆچی نووسەرانی وەکوو «داستایۆفسکی»، «کامۆ» و «کافکا» هێشتا دەخوێنرێنەوە؟

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

چونکە ئەوان لە ئەدەبیاتدا پسپۆڕ بوون. و هەروەها ئەوان گەیشتنە ئاستێک لە ئەدەبیات کە ئەوانی تر نەگەیشتنە ئەو لووتکە، ئەمانە هەموو کارگەلێکیان ئەنجام داوە کە ئەوانی تر لەو کاتەدا نەیانتوانیوە یان نەیانویستووە ئەنجامی بدەن.

کەواتە هەوڵ بدەن ببنە پسپۆڕ، کارناس، و جادووگەرێک، و داخڵی هەر بوارێک دەبن، هەوڵ بدەن باشترین بن، سەرەڕای ئەوەی چ بوارێکتان هەڵبژاردووە. ئەگەر سەرتان سووڕ دەمێنێت کە چۆن ئەم کارە دەکرێت، ئامۆژگارییەکتان دەکەم کە هەر کارێکتان گرتە دەست بەتەواوی خۆتانی تێدا نوقم بکەن. ئایدیاکان، هۆش، زیرەکی، وشیاری و تێگەیشتن بە کەسانێک دراوە کە بە هەموو بوونیانەوە لە پیشە یان هەر کارێکی ئاوەدانکەردا خۆیان نوقم دەکەن. ئەگەر بتانەوێ بۆ بەدەستهێنانی ئایدیاگەلی نوێ ماوەیەک دەست لە هەوڵ و تێکۆشان هەڵگرن و ئیسراحەت بکەن ڕێگایەکی زۆر بێهوودەتان هەڵبژاردووە.

نووسراوەکان لە کۆتایی و نووکی قەڵەمەوە لەدایک دەبن، و ئێوە دەبێ بەردەوام ڕاهێنان بۆ نووسین بکەن تاکوو ئایدیایەک بەدەست بهێنن. هەر بەم شێوە زەینی داهێنەر و بیرۆکە باڵاکان لە بوارەکانی دیکەشدا لە نوقمبوونی تەواوەوە بەرهەم دێن. بوون بە نوخبە و جادووگەر ٩٩% گرێدراوی هەوڵ و تێکۆشانە. بۆ ئەوەی کە لە پیشەی خۆتاندا ببنە نوخبە دەبێ خۆتانی تێدا نوقم بکەن، کورتەی کەلام ئەوەی کە، تێگەیشتن و وشیاریی دروست بەدەست بهێنن و قووڵ و قووڵتریان بکەنەوە.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

[٦] گرنگیی داهێنان و نوێگەری

نزیکەی دە ساڵ پێش ئێستە ڕۆژنامەی «دونک - ویلی»ی شاری سیول بانگێشتی کردم کە لە سیمینارێکی فێرکاریی کارمەندانی باڵای ئەو ڕۆژنامەیەدا وتار پێشکەش بکەم. داوام لێکرا کە نزیکەی کاتژمێرێک دەربارەی «بەڕێوەبەردنی کۆمپانیاکان و بیر و بۆچوونی خۆم سەبارەت بە بەڕێوەبردن» وتار پێشکەش بکەم. دوور لە چاوەڕوانی بوو کە تاجر و پیشەسازێک بۆ وتاربێژی بۆ گروپێک بەرپرسی ڕۆژنامە بانگێشت بکرێت، باشتر وایە بڵێم لەبەر هەندێک تێبینی پێم باش نەبوو ئەم بانگێشتە ڕەد بکەمەوە.

نزیکەی کاتژمێرێک دەربارەی بەڕێوەبردنی کۆمپانیاکان قسەم کرد، و ئەوەی کە باسم کرد هاوتەریب بوو لەگەڵ ڕەوەندی گۆڕانکارییەکانی بەڕێوەبردن لەو کاتەدا. لە کۆتایی وتارەکەمدا، یەکێک لە بەڕێوەبەرانی ئەم ڕۆژنامەیە بەشێوەی لەناکاو پرسیاری کرد کە «ئەگەر من بەڕێوەبەری ڕۆژنامەیەک بووایەتم هەوڵم دەدا چ جۆرە نوێگەری و داهێنانێک بکەم؟»

من کە هەمیشە لە دەرەوەی چالاکیی ڕۆژنامەوانییەوە بووم و بەپێی پێویست بۆم دژوار بوو کە لەم سیمینارەدا وتار پێشکەش بکەم. ئێستە بەرەوڕووی ئاوا پرسیارێکی چاوەڕواننەکراویش بوبوومەوە، هەربۆیە بەڕاستی بڕێک تێک چووم و کەوتمە پەلەپڕووزێ.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

سەرەنجام شتێک هاتە مێشکم، و ئەوەش «کوباوۆ» بوو، «کوباوۆ» لە زمانی کۆریاییدا بە چیرۆکی پێکەنینیی کورت دەڵێن کە بەشێوەی شێوەکاریی کارتۆنی لە ڕۆژنامەکاندا چاپ دەبن و ئەمڕۆکە زۆریش هۆگری هەیە. خودی منیش هەمیشە لەم بەشەی ڕۆژنامەکان زۆر چێژم وەردەگرت. بەزۆری دیبووم کە زۆربەی خەڵک سەرەتای مانشێت و وتارەکانی لاپەڕەی یەکەم دەخوێننەوە و ئەگەر بابەتێکی تر سەرنجیان ڕانەکێشێت، لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکان تێدەپەڕێنن تاکوو دەگەن بە لاپەڕە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکان کە بە گشتی لە کۆتایی ڕۆژنامەکاندا بوون.

لەم بەشەدا یەکەم شتێک کە سەرنجی ڕادەکێشا هەر ئەم چیرۆکە کۆمێدی و کارتۆنییانە بوو کە لە سووچی سەرەوەی لاپەڕەیەک بەرلە کۆتاییدا چاپ دەکران.

کەسانێک کە ڕێکلام دەدەن بە ڕۆژنامە دەیانەوێ ڕێکلامەکەیان لەم لاپەڕەدا بڵاو بکرێتەوە چونکە ئەم بەشە زیاتر لە هەموو بەشەکان سەرنجی دەدرێت و دەبینرێت هەر بۆیە نرخی ڕیکلام لەم لاپەڕەدا زۆر گرانتریشە. هەرکات من ئەم بەشە کۆمێدییە دەخوێنمەوە بیرۆکەیەکی نوێ دێتە زەینم. بەوەدا کە خەڵک بە خوێندنەوەی ئەم بەشە ڕاهاتوون کەواتە دانانی ڕیکلام لەم لاپەڕەدا بێگومان سەرنجی خوێنەری زیاتر ڕادەکێشێت بەتایبەت ئەگەر لەدوای پێنج ڕۆژی پەیدەرپەی لەبری ئەم شێوەکاریی کۆمیکانە چاپ بکرێن، واتە ئێوە لە ڕۆژی شەشەمدا هەر لەم لاپەڕەدا ڕێکلام بڵاو بکەنەوە. ئەگەر بەم شێوە ناکەن بڕیک مەودای شێوەکارییەکان دوورتر بکەنەوە و

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

لەنێوانیاندا ڕیکلام چاپ بکەن. بێگومان ڕیکلامێکی پۆزەتیڤتر دەبێت. وەها بەشێکی بەنرخ «کوباوۆ»، بێگومان بۆ تاجر و بازرگانەکان و کۆمپانیاکان زۆر ڕاکێشەرە. بۆیە لە وەڵامی بەڕێوەبەرێکدا کە ئەم پرسیارەی کردبوو، ئەم بابەتەم بەم شێوەی کە بۆ ئێوە باس کرد، بۆ ئەوانیش باس کرد.

لەدوای وتارەکەی من زۆری نەخایاند کە بۆم دەرکەوت ڕیکلامە جۆربەجۆرەکان هەر بەو شێوەی کە من لە وتارەکەمدا باسم کردبوو لەو لاپەڕەدا چاپ کراوە.

نوێگەری بابەتێکی پێویست و بنەمایی ژیانی مرۆڤە. بەو شێوەی کە هەندێک لایان وایە دژوار نییە. ئەمە بابەتێکە کە بەردەوام بۆ هەرکوێ دەچم جەختی لەسەر دەکەمەوە، کێشە لە خودی زاتی نوێگەریدا نییە بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە ئایا ئێوە دەتانەوێ نوێگەر بن یاخود نا؟

ئەگەر ئێوە بە وردی سەرنج بدەنە داهێنان و نوێگەرییە بەنرخەکان بنەمای زۆربەیان بەڕاستی بیرۆکەیەکی زۆر سادە پێکی دەهێنێت. زۆربەی کاتیش ئەنجامێکی زۆر بەنرخی دەبێت، نوێگەری و داهێنان هەروەها لە بەڕێوەبردنی کۆمپانیاکاندا دەورێکی زۆر گرنگ دەگێڕن.

نوێگەری و داهێنان ڕۆڵێکی گەورەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا گێڕاوە. نوێگەری و داهێنان بە ئیرادە و بڕیاری کەسێکی داهێنەرەوە دەست پێدەکات کە هەوڵ دەدات بە تێکشاکندنی ئایدیا ئاسایی و باوەکان لەم سەردەمەدا شتێکی نوێ پێشکەش بکات.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

کەواتە مـن بەردەوام جەخـتم کـردۆتەوە کە داهێنەربـوون بـۆ کەسـەکان زۆر گرنگە چونکە کەسانی داهێنەر و نوێگەر فۆرم دەدەن بە مێژوو و دەیگۆڕن. گەشـەکردنی داهێنـان بە لێکـدانەوە و تـوێژینەوە لە دۆخـی بـاو دەسـت پێدەکات: «ئایا من هەموو هەوڵی خۆمم داوە؟» «ئایا دۆخی باو ئایـدیاڵ و دڵخوازە؟» «ئایا دەکرێ شێوازێکی باشتر بدۆزمەوە؟» وەهـا پرسـیارگەلێک داهێنـانی شـاراوەی ئێـوە بەخەبەر دەهێـنن و دەیـوروژێنن و هەرچـی زیـاتر کونجکۆڵی بکەن ئەنجامی باشتر بەدەست دێت.

ئەمە باوەڕی قووڵی مـنە کە گەنجـان وەزیفەیـان ئەوەیە کە بـۆ باشـترکردنی دۆخی باو هەوڵ بدەن و بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە داهێنـان پێویسـتە. کاتێـک ئیوە شتێک لە ڕوانگەیەکی نوێوە دەبینن بەرامبەر بە پرس و بابەتەکانی ئەو شتە وشیار و ئاگادار دەبنەوە، ئەم پرس و بابەتانە دەبێ ئێوە لە ئاراستەی پێشکەوتن و ئاوەدانکردنەوەدا ببەنە پێشەوە چونکە گەنجان کەمتر گرێدراوی قەیدوبەنـدەکانن، بێگومـان بەراورد بە کەسـانی بەتەمەن بـۆ داهێنـان و نوێگەری هەستیارتر و ئامادەترن.

کاتێک کە لەدوای دەرچـوون لە زانکـۆ بـۆ یەکەم جـار دەسـتم کـرد بە کـار، بەرپرسی پێوەندییەکانی کارگەلی بانکیی کۆمپانیایەکی تازەدامەزراو بووم بە ناوی کۆمپانیای پیشەسازیی «هێنانـگ». کـارەکە تـا ڕادەیەکـی زۆر ئاسـان بوو، چونکە تەنیـا کارێـک کە دەبـووا ئەنجـامی بـدەم ئەوە بـوو کە کـۆمەڵێ کـاغەز و بەڵـگە لە بـانکی پێوەندیـدار بـدەمە دەسـت یەکێـک لە بەشـەکانی تاکوو لەم بەشەدا تاووتوێ بکرێن کە ئایا ئەم بەڵگانە بۆ ئەوە دەبن بینێـرن

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

بۆ بەرپرسە باڵاترەکانی بانک یان نا؟ ئەگەر لەو قۆناغەدا بەڵگەکان ئەرێ نەدەکران، کۆمپانیای ئێمە چاکسازییە پێویستەکانی ئەنجام دەدا و من دیسان هەر ئەو کارەم دەکردەوە.

پێش ئەوەی کە من ئەم پیشە بەدەست بهێنم کەسی پێشوو کە هەر ئەم کارە سادەیەی ئەنجام دەدا کێشە و گرفتی زۆری بەرەوڕوو بوو. ئەو لە سەرانسەر ڕۆژەکەدا خەریکی هاتووچۆ لەنێوان کۆمپانیا و بانکدا بوو. بردنی بەڵگەکان لە هەر جارێکدا کاتی ئەوی دەگرت و ئەگەر بەڵگەکان کامڵ نەبووایەتن دەگەڕێندرانەوە کە دیسان کاتێکی زیاتری دەخایاند. بەڵام لەدوای ماوەیەکی کەم کە من خەریکی ئەم کارە بووم بە وردی قۆناغەکانی ئەم پرۆسەیەم لێک دایەوە تاکوو کێشەکانی بدۆزمەوە و هەوڵم دا لەم پێوەندییەدا گرێکان بکەمەوە.

بۆیە بڕیارم دا لە یەکەم هەنگاودا پێوەندییەکی هاوڕێیانە و نزیک لەگەل کارمەندانی ئەو بەشەی بانک کە بەڵگەکانیان وەردەگرت، دروست بکەم. نزیکەی هەموو کارمەندانی ئەم بەشە ژن بوون و ئەمانە بوون کە بڕیاریان دەدا کە ئایا بەڵگەکان بۆ ناردنە بەردەست بەرپرسە باڵاکان تەواون یان نا؟ ئەگەر پێش بهاتایە هەڵەگەلێکی بچووک لە بەڵگەکاندا بەدی بکرایە هەر ئەم خانمانە دەیانتوانی ڕاستی بکەنەوە و بینێرنە بەشی دواتر. ئەڵبەت لێرەشدا پرسی کێبڕکێ لەئارادا بوو. کۆمپانیاگەلی زۆر بەڵگەی هاوشێوەیان دەدایە ئەو بەشە، و بە هەڕ ڕادەیەک کە بەڵگەکانی ئێوە بکەوتایەتە ژێر دیتر

Scanned with CamScanner

بەڵگەکانەوە، هەر بەو ڕادەیەش کۆمپانیاکەی ئێوە دەبووا بۆ وەرگرتنی ئەرێی دواجارەکی چاوەڕێی بکردایە.

لەو کاتەدا عەماری کۆمپانیای ئێمە پڕ بوو لە قوماشی ژنانەی هاوردەکراو لە وڵاتی ئیتاڵیاوە کە گیرمان خواردبوو بە دەستیانەوە و بەرپرسی ئەوانە لەدوای دەرفەتێک دەگەڕا کە کارێکیان پێ بکات. کەواتە من ئەم دوو بابەتەم خستە تەنیشت یەک. قوماشەکان لە عەمار تۆزیان دەخوارد و خانمە کارمەندەکانی بانک پێدەچوو حەز بکەن بەو قوماشانە، بۆیە من ئاوا بەراوردم کرد کە ئەگەر من ئەم قوماشانە بە نرخێکی هەرزان بفرۆشم بە خانمە کارمەندەکانی بانک، لەڕاستیدا هەم قازانجێکم بۆ کۆمپانیا بەدەست هێناوە و هەم لەوە زیاتر ئەو قوماشانە لە عەماردا نەدەمانەوە.

ئەنجام ئەوەی کە قوماشەکان ڕێک منیان گەیاند بە ئامانجەکەم و بە ڕادەیەک کەوتنە بەر سەرنج کە تەنانەت کارمەندانی بانک هاوڕێیانی خۆیان بۆ کڕینی قوماش بانگێشت دەکرد بۆ بانک، ئەوان هەم قوماشی نوێی هاوردەکراویان پێ خۆش بوو و هەم نرخەکانیش بۆیان گونجاو بوو، کار گەیشتە شوێنێک کە لەدوای ماوەیەک هیچ قوماشێک لە عەماری کۆمپانیادا نەمایەوە و لەوەدواش هەموو ئەو بەڵگانەی کە من دەمبرد بۆ بانک لە ئەولەویەتدا بوون و دەیانخستە سەروو هەموو بەڵگەکانی دیکەوە.

کێشەی دووەم ئەوە بوو کە من هێشتا بەرەوڕووی بڕێکی ئێجگار زۆر کاغەزبازیی ئیداری و بیرۆکراسی بووم. بیرم کردەوە ڕەنگە بکرێ ئەم بڕە تا نیوەی کەم بکرێتەوە، ئەم کارەش خۆشبەختانە ئاسانتر لەوە بوو کە بیرم

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

دەکردەوە . فرەچەشنیی ئەو بەڵگانەی کە دەمدایە دەست بانک زۆر نەبوو، و تەنها ژمارە و ڕەقەمگەلی تایبەت و کەم لە بەڵگەکاندا دەگۆڕدرا. نزیکەی هەموو بەشەکانی تری بەڵگەکان هاوشێوە بوون، ناوی کۆمپانیا، مۆری پێویست، ئەدرەس و ... هتد. کەواتە هەر وەخت من کاتی زیادەم پەیدا دەکرد، هەوڵم دەدا تا بۆم دەکرێ پێشەکی شوێنە دووپاتەیی و سادەکان پڕ بکەمەوە . پاشان تەنها کارێک کە باقیی کارمەندانی کۆمپانیا لە بواری بەرپرسیارێتیی خۆیاندا دەبووا ئەنجامی بدەن، پڕکردنەوەی ئامار و ژمارەکان بوو.

کاروبار باشتر بوبوو، بەڵام کێشەیەکی دیکەش مابۆوە، من هێشتا ڕۆژانە چەندین جار لەنێوان بانک و کۆمپانیادا هاتووچۆم دەکرد، بە لێکدانەوەی زیاتر، گەیشتمە ئەو ئەنجامە کە لەڕاستیدا پێویست ناکات زیاتر لە دوو جار هاتووچۆ بکەم، جارێک بەیانی و جارێکیش دوانیوەڕۆ. کەسێک کە پێش من بەرپرسی ئەم کارە بووە، هەرگیز بڕێک کاتی بۆ ئەم کێشانە و چارەسەرکردنیان تەرخان نەکردبوو، و بەم واقعیەتەی نەزانیبوو کە ئەو بەڵگانەی کە بەیانیان ڕادەستی بانکی دەکردن، تەنها دوانیوەڕۆوان تاووتوێ و پشتڕاست دەکرانەوە و ئەوانەی کە دوانیوەڕۆوان ڕادەست دەکران ڕۆژی دواتر تاووتوێ دەکران. بەبێ ئاگاداری لەم بابەتە ئەو هەموو ڕۆژەکە کاتی خۆی تەرخان دەکرد بۆ هاتووچۆ لەنێوان کۆمپانیا و بانکدا و هەر جارێک ژمارەیەک بەڵگەی ڕادەست دەکرد یان وەری دەگرت. و ئەو ڕێک هەمان شێوازی ئەنجام دەدا کە بەرپرسی پێشوو یاخود باڵادەستەکەی فێری کردبوو

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

و هەرگیز بیری نەکردبۆوە کە شێوازێکی نوێ دابهێنێت کە کاتی کەمتر بخوازێت، پارەیەکی کەمتر خەرج ببێت و تەنانەت پێلاوەکانی درەنگتر بدرێن. بۆیە من بڕیارم دا ئەم شێوازە بە جۆرێک بگۆڕم کە بەتەواوی لەگەڵ پلانی بانکدا تەبا بێت و کێشەکانیش لەناو بچن.

تەنها مانگێک لەو کارەدا مامەوە و بە پیشەیەکی باڵاتر هەڵبژێردرام، و پاداشت کرام و هەمووان منیان بە نوخبەیەک دەزانی. لەو ڕۆژانەدا، پلەیەک بەرزبوونەوە بۆ کارمەندێکی تازەدامەزراو هەنگاوێکی بەرز دەهاتە ئەژمار. بەڵام سەرکەوتنەکانی من تەنها بەهۆی توانا و تێگەیشتن و دۆزینەوەی کێشەکان و ئینجا باشترکردنی دۆخی باوەوە بوو.

ساڵانێک گوزەرا. من کێشەگەلێکی زیاترم چارەسەر کرد تاکوو هێز و بەهرەی نوێگەری لە خۆمدا گەورە بکەمەوە. بەدڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم ئەو توانا و لێهاتوویی‌یەی کە بووە هۆی گەشەکردنی کۆمپانیا، قەرزداری دامێنانە بچووک و گەورەکان بوو کە لە شوێن و کارە جۆربەجۆرەکاندا ئەنجام درا. نوێگەری شتێک نییە کە تەنها لە پیشەسازی و توجارەت و بازرگانیدا ئەگەری ئەنجامدانی هەبێت. دەکرێ تەنانەت لە خوێندن و لە هەموو قۆناغێکی ژیاندا سوودی لێ وەرگیرێت. ئەگەر لە قوتابخانە ئێوە وانەیەکتان هەڵبژاردووە کە حەزی پێناکەن، بە ئەگەری زۆر کێشە خودی ئەو وانەیە نییە بەڵکوو کێشە لە شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی ئێوەدایە لەگەڵ ئەو وانەیە، کێشە هەرچی کە بێت گرنگ نییە، دەبێ قبووڵی بکەن هەمیشە ڕێگە چارەیەکیش هەیە.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ئێوە ناتوانن بەپێی پڕەنسیپ و لۆژیک و بە خوێندنەوە و تێگەیشتنی وشە بە وشە و ڕستە بە ڕستەی کتێب بە تەواوی بەسەر بابەتی وانەکەدا زاڵ بن. هەروەها ئێوە بە لەبەرکردن و دووپاتکردنەوە بەسەر ئەو وانەدا زاڵ نابن. تێگەیشتن و فامکردنی بابەتێک بە پێداگری و چاوقاییمییەوە دەست پێدەکات واتە نوقمبوون لە بابەتەکەدا و ئاگاداری لە وردەکاری و پەراوێزەکانی ئەو وانەیە. خوێندنەوە و ڕەچاوکردنی ڕووکەشیانە و زووتێپەڕ بەتەواوی بێکەڵکە. ئەم شێوازە هەرگیز ئێوە بەرەو نوێگەری نابات. کورتەی کەلام، هیچ کات لە گرنگیی نوێگەری و داهێنان غافڵ مەبن.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

[٧] ئەو کەسانەی کە کاریگەرییان لەسەر من داناوە.

جارێکیان «مارتین بوبەر» قسەیەکی کاریگەر و سەرنجڕاکێشی کرد، ئەو گوتی ژیانی ڕاستەقینەی مرۆڤ بە دیدارەکانیەوە دەست پێدەکات. من بەباشی تێدەگەم کە مەبەستی ئەو لەم قسەیە چییە. من باوەڕی قووڵم هەیە کە ژیانی ئێوە لەژێر کاریگەریی کەسانێکدایە کە دیداریان لەگەڵ دەکەن. کەواتە بۆ ئێوەی گەنجان کە بەدوای مانای ڕاستەقینەی ژیاندا دەگەڕێن هاوڕێیان و دەوروبەرییەکانتان ئێجگار گرنگن.

لە دەورانی گەنجێتیدا کەسانێک کە لەگەڵ ئێوە هەلسوکەوت و ئامۆشۆ و هاتووچۆیان هەیە دەتوانن کار بکەنە سەر هەموو داهاتووتان. کەواتە بۆ ئێوە زۆر گرنگە کە کەسانێکی باش بۆ هاوڕێیەتی هەڵبژێرن، دەبێ کەسانێک کە جێگای ڕێزن و لە ژیانیاندا ڕێگایەکی دروستیان گرتۆتە بەر بکەن بە سەرچەشنی خۆتان. ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەی کە ئێمە وێنەی وەها کەسانێک لە ئەلبۆمەکەماندا یاخود لەسەر دیواری ژوورەکەمان یان شوێنی کارەکەمان و یاخود لەسەر مێزی کارەکەمان دادەنین هەر ئەم بابەتە بێت. ئێوە خۆتان تەنها بۆ ساتێک بڕوانە جیاوازیی ژیانی داهاتووی کەسێک کە لایەنگری فەیلەسووفێکی ڕەشبینی وەکوو «شوپەنهاوەر»ە لەگەڵ کەسێکی دیکەدا کە لایەنگری کەسانێکە وەکوو غاندی، لینکۆڵن و بودا کە هەناویان تەژییە لە عەشق و خۆشەویستی بۆ ئازادی، نیشتمانپەروەری و

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

بەهاکانی تر، و خۆتان داوەری بکەن. هەربۆیە زۆر گرنگە لەگەڵ کەسانی شایستە هەڵسوکەوت و هاتووچۆ بکەن، ڕێز بگرن لە خەڵکانی ساڵح و سالم و ڕێگای ئەوان پەیشوێن بگرن.

لە درێژەی ژیانمدا کەسانێکی ئێجگار زۆرم بینیوە، ئەڵبەت ئەمە کەسانی بەرجەستە و جێی ڕێز دەگرێتەوە و هەروەها کەسانێکیش کە هەرگیز حەزیان نەدەکرد کە تەنانەت ڕەنگیان ببینم، هەندێک لەو ڕوخسارانە هێشتا وێنایان بە ڕوونی لە زەینمدا ماوەتەوە، ئەگەرچی روخساری زۆرێکیان بە ئاسانی فەرامۆش و بزر بوونە. ئەڵبەت بابەتێک زۆر ڕوونە، ئەویش ئەوەی کە من هەرچی هەم و هەرچێکم هەیە ئەنجامی ئامۆشۆ و دیدارە بەسوود و بەنرخەکانمە کە لەگەڵ هەندێک لە کەسەکان بوومە، و ئەوانە کەسانێکن کە زیاتر لەوانی تر لە زەینمدا ماونەتەوە. ڕێگەم بدەن با ناوی چەند کەسێکیان بهێنم.

دایکم کەسایەتییەکی بەرجەستە و شەرافەتمەند بوو. ئەگەرچی هەمووان ڕێز لە دایکیان دەگرن، بەڵام من لە ئاستێکی باڵادا شانازی بە دایکمەوە دەکەم. باوکم مامۆستایەکی جێی ڕیز و پارێزگاری یەکێک لە ویلایەتەکانی کۆریا بوو، بەڵام لە کاتی جەنگی نێوان دوو کۆریادا، دەستگیر کرا و برا بۆ کۆریای باکوور. بۆیە کێشە و گرفتەکانی دایکم بۆ گەورەکردنی پێنج منداڵەکەی ڕادەبەدەر بوو و ئەم وەزیفەیەی بە سەختی و ڕەنج و ئازار و فیداکارییەوە ئەنجام دا. سەرەڕای هەموو نەهامەتی و سەختییەکان ئەو هەموو ئێمەی بۆ خوێندن تاکوو ئاستی زانکۆ هاوڕێی کرد. دەتوانم بڵێم، کە

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ژیانی ئەو بوو بە قوربانی ژیانی منداڵەکانی. دروشم و فەلسەفەی من بۆ گەشەکردنی کۆمپانیا هەر ئەم فیداکاری و لەخۆبوردوویيە بووە. دەبێ دان بەوەدا بنێم کە بەگشتی ئەم جۆرە ڕەفتارە قەرزداری کاریگەریی دایم بووە لەسەر من.

من هێشتا بیرەوەرییەکانی ئەو بە ڕوونی وەبیر دەهێنمەوە. مەسیحییەکی خواناس، کە ڕۆژانە چوار جار دۆعا و نزای دەکرد و بێوەستان بە دەنگێکی ئاوێتەی گریانی ژنانە حەمد و سەنای خودای دەکرد و هەر لێرەدا بڵێم کە دۆعاکانی ئەو زۆر دڵقایمی دەدا بە من. جیهانبینیی مەسیحیەت بریتییە لە خزمەتکردن و لەخۆبردویی. ئەو ڕێنماییانەی کە دایکم فێری کردم لەلایەک و هەروەها خوێندن لە زانکۆی «یانسی» زانکۆیەکی وابەستە بە کڵێسە لە لایەکی دیکەوە دوو چەمکی خزمەت و لەخۆبردوویيان بە مانای ڕاستەقینە لە قووڵایی ویژدانمدا نەخش کرد.

لە ژیاندا چی دەتوانێ گرنگتر لەو بابەتە بێت کە بەردەوام هاودەم و هاوڕێی باش و شایستە و ڕاستەقینە و دڵسۆزتان هەبێت؟ کەسەکان لەڕێگای هاوڕێ و نزیکەکانیانەوە هەڵدەسەنگێنرێن و داوەرییان لەسەر دەکرێت. ئەم بابەتە دەرخەری گرنگیی هەڵبژاردنی هاوڕێ و هاودەمی باشە، هاوڕێی باش نیعمەتێکە و هاوڕێی خراپ نەگبەت. هاوڕێیانی دێرین بەردەوام باشترین هاوڕێیانی ئێوە دەبن، هاوڕێیەکی باش ئەو کەسەیە کە ئێوە بتوانن گرنگترین نهێنییەکانی ژیانی خۆتانی لا باس بکەن و بەڕاستی جێی داخ دەبێت ئەگەر ئێوە لە وەها هاوڕێیەک بێبەش بن، لە شانۆی ژیاندائ ئێوە

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

کـارگەلێکی زۆرتـان لەپێشـدایە کە دەبـێ هەوڵیـان بـۆ بـدەن، دۆزیـنەوەی هاوڕێیانی شایستە یەکێک لەو کارانەیە، مـن گەلێـک هـاوڕێی خۆشەویسـت و نزیکم هەیە، ئێمە بەردەوام یار و یاوەری یەکتر بووینە، من لە کۆلێژی «کی یونگی» دەرچووم، و کاتێـک بـۆ یەکەم جـار لەدوای گرتنـی دیپلـۆم ویسـتم دەست بە کارکردن بکەم، ژمارەیەکی زۆر لە هاوپۆلەکانم، هەروەها هاوڕێیانی قوتابخانەشـم لە پۆلەکـانی بـاڵاتر یـان خـوارتری خـۆم کە لە کـۆلێژی «کـی یونگی» یارمەتی زۆر باشیان دام و من لەم بارەوە زۆر سپاسیان دەکەم.

سەرۆکی لیژنەی بەڕێوەبردنی کۆمپانیای دایۆ واتە بەڕێز «لی - وو - بوک» یەکێک لە هاوپۆلەکـانم بـوو. لە سـاڵانی سـەرەتایی کـۆلێژ ئـێمە لە پۆلێکدا بووین، ئەو بەپێچەوانەی من خوێندکارێکی نموونەیی بوو، لە دۆخی ناڵەباری پاش جەنگی کۆریا قوتابخانەی من بواری سەختییەکانی ژیان بوو و نـزیکەی ساڵێک وازم لە خوێندن هێنا، بەلام کاتێک دیسان گەڕامەوە بۆ کۆلێژ لەباری وانەکـانمەوە بەرەوڕووی کێشـە و گرفتـی زۆر بـوومەوە. نمرەکـانم زۆر بـاش نەبوون و ئەنجامی کـارەکەم شـتێک نەبـوو کە بتـوانم شـانازیی پێـوە بـکەم بەڵام هەرچـی لە کۆتـایی سـاڵەکانی خوێنـدن نزیـک دەبـوومەوە، نمرەکـانم دەچوون کە لە ڕیزی نمرەکانی باشترین قوتابیاندا جێ بگرن و ئەم ئەنجامە باشانە قەرزداری هاوڕێی تاهەتایی خۆمم واتە بەڕێز «لی - وو - بوک».

من بۆ خوێندن بە یارمەتیی ئەو دەچوومە پانسیۆنێک کە ئەو تێیـدا دەژیـا، من خوێندکارێکی کێشەساز و پڕگرفت بووم، بەڵام ئەو نموونە و سەرچەشنی خوێندکارێکی شایستە بوو، من مایەی ژانەسەر و ئازاری ئەو بووم، بەلام ئەو

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

نەک هەر هاوڕێیەتی منی بە دڵ قبووڵ دەکرد، بەڵکوو تەنانەت لە سەردەمی خوێندندا یارمەتیگەلی شایستەی منی دا و ئەمە بووە هۆی پتەوبوونی هاوڕێیەتی ئێمە.

بەڵام هۆگری و خۆشەویستیی من بۆ ئەو تەنها لەمانەدا کورت نابێتەوە، کاتێک من کۆمپانیای دایوۆم دامەزراند، دۆزینەوەی کەسێکی شایستە و جێمتمانە زۆر سەخت بوو کە وەکوو هاوکار هەڵیبژێرم بەڵام ئەو خێرا ئامادەیی خۆی ڕاگەیاند و ئەم بەرپرسیارێتییەی قبووڵ کرد، بەڕاستی لە توانامدا نییە کە چۆن و بە چ زمانێک بتوانم سپاسی بکەم، لە کەسێک کە بەڕاستی لەو کاتەدا من پێویستم بە کەسێکی شایستەی وەکوو ئەو بوو و لەو کاتەوە تا ئێستە بەردەوام لە تەنیشتمدا بووە.

لێرەدا دەمەوێ ڕووی کەلامم بکەم لە دایک و باوکەکان و مامۆستایانی کۆریایی کە نیگەرانی چارەنووسی منداڵان و قوتابیانی خۆیانن و بابەتگەلێکیان لەگەڵ باس بکەم.

هەموو خوێندکارانی قوتابخانە، خوێندکاری باش نین، و هەندێکیان کێشەساز و مایەی ژانەسەرن. ڕێک هەر ئەمانەن کە پێویستیان بە سەرنج و چاودێری و یارمەتیی زیاترە. بێگومان سەرکۆنەکردنی ئەوان چارەی کار نییە. ئێوە دەبێ توانا نایابەکانی ئەوان بدۆزنەوە و وەها ئاراستەیەکیان پێبدەن کە سەرەنجام شایستەییە شاراوەکانیان چالاک ببێتەوە و دیار بکەون. ئەنیشتاین سەرەتا لە قوتابخانەدا دەرنەچوو و ئیدیسۆن لە قوتابخانە دەرکرا. ئەگەر بەڕێز «ری - سوک - هی» مامۆستای من نەبووایە، من

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

نەمدەتوانی وێنای بکەم کە ئەمڕۆ چکارە بم و لە چ دۆخێکدا بووم. ئەمڕۆکە جاروبار دەگوترێت لە وڵاتی ئێمەدا مامۆستاگەلێکی زۆر هەن کە مامۆستای ڕاستەقینە نین. بەڵام من زۆر شانازی دەکەم بەوەی کە مامۆستایەکی ڕاستەقینەم لەگەڵ بوو و دەتواننم ئەمڕۆ وەڵامدەری زەحمەتەکانی ئەو بم و ئەمجارەیان من لە خزمەت ئەودا بم. کەسانێک کە دێنە سەر ڕێگای ژیانی ئێوە دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ لە چارەنووس و داهاتووی ئێوەدا بگێڕن، کەسێک کە ئێوە لە سەرەتای لاوێتیدا وەکوو هاوڕێ هەڵیدەبژێرن دەتوانێ ڕێگای ژیانی ئێوە بگۆڕێت. کەواتە من ئەمڕۆ زۆر نیگەرانی ئەوەم کە گەنجانی کۆریایی و جیهان، چ کەسانێک دەکەن بە سەرچەسنی خۆیان و چ کەسانێک بە دڵ و گیان قبووڵ دەکەن.

لە ژیاندا، کەسانێکی زۆر هەن کە ئێوە دەبێ بیانبینن و ڕێگاگەلێکی بێشومار کە ئێوە دەبێ هەنگاویان تێ بنێن. من هیوادارم ئێوە ئەوندە بەختەوەر بن کە لە ژیانتاندا کەسانێک ببینن کە بەنرخ و شایستە بن بۆ ئەوی هەم بتوانن متمانە بە مەعریفە و بۆچوونەکانیان بکەن و هەم کەڵک لە ئەزموونەکانیان وەرگرن. شێوازێکی باش و گونجاو هەیە بۆ داوەری و لێکدانەوەی سەرچەشنەکانی ژیان و ئەویش ئەوەی کە سەیر بکەن بزانن وێنەی چ کەسانێک لەسەر مێژ یان دیواری ژوورەکەتاندا هەڵواسراوە؟ و بیر بکەنەوە کە ئایا ڕێگا و عەقڵی ئەم کەسانە بایی ئەوە دەبن کە ببنە سەرچەشنی ئێوە یان نا؟

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

[٨] ٩ تا ٥ ـ ٥ تا ٩

ئەمڕۆکە جیهان لێوڕێژ و تەژییە لە شتی گرانبایی و بەنرخ. خانوو، زەوی، موڵکومال و هتد. بەڵام بەنرخترینی ئەوانە کاتە. کات وەکوو تیرێک وایە کە گەر لە کەوان دەرچێت هەرگیز ناگەڕێتەوە. گەزەری کات دەبێتە هۆی گۆڕان و وەرچەرخانی هەموو شتێک. کات ناکرێ بۆ هەمیشە ڕابگیرێت و دووبارە بەدەست بهێنرێتەوە. هیچ جەنگاوەرێک باڵاتر لە کات نییە و تەنها ئەوە کە سەرکەوتووی کۆتاییە.

«ئێستە» تەنها چرکەساتێکە و بە تێپەڕینی ئەم ساتە، ئێستە دەبێت بە ڕابردوو و دەگوزەرێ. ڕاکردن و گوزەری سروشت خولقێنەری کاتە و ڕێک هەر ئەم جووڵەیە کە کات ئاوا گرانبایی دەکاتەوە. ئێوە هەمیشە دەتوانن کارێکی نوێ دەست پێبکەن یاخود سروەتێکی تازە بەدەست بهێنن. بەڵام هەرگیز ناتوانن کات داگیر بکەن. یەکێک لە خەسڵەتەکانی گەنجان ئەوەیە کە بە ئاسانی بایەخی کات لەیاد دەکەن. گەنجێتی ئەو ماوەیە کە ئێوە کاتی زۆرتان لەبەردەمدایە. کەواتە ڕەنگە بیر بکەنەوە کە خەسارکردنی بڕێک لەو کاتە هەڵەیەکی زۆر گەورە نەبێت. بەڵام بەهیچ شێوە وانییە من کاتم لەگەڵ تیر و کەوان بەراورد کرد تاکوو جەختم کردبێتەوە لەسەر ئەوەی کە

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

کات هەرگیز ناگەڕێتەوە و هاوکات ئەم بەراوردم بۆ ئەوە کرد تاکوو جەخت بکەمەوە کە کات وەکوو تیری دەرچوو لە کەوان بەوپەڕی خێراییەوە دەڕوات.

چەند ساڵ پێش ئێستە، کۆمپانیای دایۆڤ، دروشمێکی نوێ هێنا ئاراوە کە نیشاندەری ڕۆحی ڕاستەقینەی زاڵ بەسەری کۆمپانیاکەدا بوو. ناوەڕۆکەکەی بەم شێوە بوو: «ئێمە لەم کۆمپانیادا لە سێ شت درێغی ناکەین، کات، زەحمەت و هەوڵدان» چونکە بەتەواوی لە مانای کات تێگەیشتووین.

سەرکەوتن و شکستی هەر کەسێک بەتەواوی گرێدراوی ئەوەیە کە چۆن لە کات کەڵک وەردەگرێت. دیارە هەموو کەس لەوانەیە بتوانێ لە کارێکدا بەشێوەی ڕێژەیی کۆمەڵێ سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، بەڵام کەسێک کە بە وشیارییەوە، کەڵک لە کاتی خۆی وەردەگرێت، لە چەندوچۆنی کارەکەدا زۆر زیاتر سەرکەوتوو دەبێت.

خەسارکردنی کات تەنانەت لە بەفیڕۆدانی پارەش خراپترە چونکە ئێوە هەمیشە دەتوانن پارە بەدەست بهێنن بەڵام کات هیچ کات ناگەڕێتەوە. هەندێک جار دەبیستن کەسێک بەدەست کاتی زۆرەوە دەناڵێنێت و نازانێ چی بکات لە کاتەکەی. تێگەیشتن لەم جۆرە بابەتانە بەتایبەت ئەگەر لەلایەن گەنجانەوە بێت، بەڕاستی دژوارە.

هەرگیز ڕۆژێکی کامڵ بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی من بەس نییە. هەندێک کات ئاوات دەخوازم کە کاتژمێرەکانی ڕۆژ لەبری ٢٤ کاتژمێر بگۆڕدرایە بۆ ٣٠ یان ٤٠ کاتژمێر. بەو هۆیەوە کە کات لای من ئێجگار بەنرخ و گرانبایە. هەندێک

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

جار لەناو ئۆتۆمبێل و لە ڕێگای نێوان دایرەدا دەست و دەموچاوم بە پەڕۆیەک خاوێن دەکەمەوە، و هەندێک جار نانی بەیانیم لەناو ئۆتۆمبێلدا دەخۆم. جگەلەوانە، زۆرێک لە کاتەکانی من لە سەفەری دەرەکیدا بەسەر دەچێت. سەفەرەکانم بە ڕادەیەک زۆر و دوورودرێژن کە ئەگەر لە کتێبی گینسدا بەشێکیان دادەنا بۆ ڕێژەی سەفەرەکان، بەدڵنیایەوە من دەبووم بە یەکەم.

من بەتایبەت زۆر لەسەر گۆڕینی فڕۆکەکان هەستیارم چونکە لە بەفیڕۆچوونی کات بێزارم. سەرکەوتن بۆ فڕۆکەی هەڵە بەگشتی دەبێتە هۆی بەفیڕۆچوونی یەک یان دوو ڕۆژی تەواو. هەرکات بگونجێت لە شەودا سەفەری هەوایی دەکەم تاکوو پێش بە خەسارچوونی کات بگرم. من لەناو فڕۆکەدا بەپێی پێویست دەخەوم و ئیسراحەت دەکەم و لەکاتی دابەزین لە فڕۆکەدا زۆر وریا و لەسەر واز ئامادەی دیدارە کارییەکانی خۆمم. هەندێک کات لەناو فڕۆکەدا دەخوێنمەوە و یاخود ڕاپۆرتە گەیشتووەکان لە بەشە جۆربەجۆرەکانی کۆمپانیاوە تاووتوێ دەکەم.

یابان وڵاتێکی نزیکە بۆیە هەرکات پێویست بێت سەفەر دەکەم بۆ ئەوێ. هەروا کە دەبینن هەموو سەفەرەکانی من بەپێی پلان و بەرنامەی ڕێکوپێک ئەنجام دەدرێت. کەسانێک کە بێ ئامانج سەفەر دەکەن بۆ دەرەوەی وڵات زۆر بەلامەوە سەیرن. بەڵام لەوە خراپتر ئەو کاتە بەنرخانەیە کە ئەم جۆرە کەسانە لەپێناو هیچدا بەفیڕۆی دەدەن. ئێمە لە کۆمپانیای دایۆ ڕێوشوێنێکی تایبەت پەیڕەو دەکەین و دانیشتنەکانی خۆمان لە کاتی

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

فەرمیی کارکردندا بەڕێوە نابەین بەڵکوو پێش یان پاش کاتی ئیداری پێک دێن. بەم شێوە من بە ئاسانی دەتوانم لەگەل سەرۆکی بەشەکان کاتژمێر ٧ی بەیانی دیدار بکەم. پێم ڕاگەیەندراوە کە کارمەندانی دایۆڤ بە تەوس و سوعبەتەوە بەم دانیشتنانە دەڵێن ڕێوڕەسمی نزای بەرەبەیانان.

ئەم بابەتە تا ڕادەیەک باس لەوە دەکات کە لە «دایۆڤ» ئێمە بە چاوی کاڵایەکی ئێجگار گرانبایی سەیری کات دەکەین و ڕێزی زۆر تایبەتی دەگرین. یەکێک لە هۆکارە گرنگەکان کە «دایۆڤ»ی گەیاندە ئەم شوێنەی ئەمڕۆ، ڕێزگرتنی بێ ڕادە و سنووری ئێمە بوو لە کات و شێوازی دروستی کەڵکوەرگرتن لە کات بووە. بەوەیشەوە کە چالاکییەکانی کۆمپانیای دایۆڤ بەنیسبەت دیتر کۆمپانیا چەند ڕەهەندییەکان تا ڕادەیەک درەنگ دەستی پێکرد، بەڵام سەرەڕای ئەمە، دوو هۆکاری گەنجێتی و کات دەورێکی زۆر گرنگیان گێڕا لە پێشکەوتنی چاوەڕواننەکراوی ئەم کۆمپانیادا. بەنیسبەت گەنجێتیمانەوە خولقێنەر و پێداگر بووین و تێڕوانینێکی موتڵەقمان هەبوو بۆ پەرەدان بە پانتای چالاکیەکانمان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا و سەرەنجام پێشکەوتنی بەرچاوی ئەم کۆمپانیایە ڕووی دا چونکە ئێمە هەموومان بایەخی کاتمان بە جوانی دەزانی و لەهەمان کاتدا ئامادەی هەموو جۆرە فیداکاری لە ڕێگای گەشەسەندن و بەربڵاوبوونەوەی کۆمپانیاکەماندا بووین. زۆرێک لە خەڵک پێشکەوتنی بێوێنەی کۆمپانیای دایۆڤ لە ماوەی ٢٢ساڵدا بە موعجیزە دەزانن، زۆرێک لە خەڵکیش بەنیستبەت ئەم پێشکەوتنەی ئێمە گومانیان لە دڵدایە. بەڵام بابەتێک کە دەبێ بیڵێم بەو کەسانە ئەوەیە کە

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

پێشکەوتنی ئێمە تەنها لە چوارچێوەی چالاکیی ٢٢ ساڵەی ڕۆژمێریدا حسێب نەکەن. چونکە لە ڕاستیدا ئێمە لەم ماوەدا دووئەوندەی ئەوانی تر چالاکیمان کردووە. ئەم کۆمپانیایە لەبری کاتی باوی کارکردن واتە لە ٩ی بەیانییەوە تا ٥ی ئێوارە، لە کاتژمێر ٥ی بەیانییەوە تا ٩ی شەو کاری کردووە.

من هێشتا ڕۆژەکانی دەستپێکی چالاکیی دایوۆم بە جوانی وەبیر دێت کە هاوکات بوو لەگەڵ کاتی غەدەغەبوونی هاتووچۆ لەنێوان کاتژمێر ١٢ی شەو تا ٤ی بەیانی. لەو سەروبەندەدا ئێمە بەردەوام لەدوای کاتی فەرمیی کارکردن کۆڕ و دانیشتنمان پێک دەهێنا کە زۆبەی کات هەتا دوای نیوەشەو درێژەی پەیدا دەکرد. هەمووان دواجار ناچار دەبووین لە یەکێک لە ئۆتێل یان مۆتێلەکانی نزیکی ئەوێدا شەو ڕاپەڕێنن. ئێمە بەسەختی هەوڵمان دەدا و دوو ئەوندەی دیتر کۆمپانیاکان کارمان دەکرد کەواتە سەرکەوتنەکانی ئێمە کە لە ماوەی ٢٢ ساڵ چالاکیدا بەدەست هات لەڕاستیدا بەرامبەرە لەگەڵ ئەنجامێکدا کە پێدەچێ کۆمپانیایەکی بەهێز لە ماوەی ٤٤ ساڵ کار و چالاکیدا بەدەستی بهێنێت. من دڵنیام ئەگەر هەر کۆمپانیەکی تریش هەر بەم ڕادە لە جدیەتی و هەوڵدانەوە چالاکی بکردایە، وەکوو دایوۆ سەرکەوتنی زۆر گەورەی بەدەست دەهێنا مەگەر ئەوەی کە بەڕاستی شێوازی کار و چالاکییەکانی هەڵە بووبێت. شەووڕۆژێک بەشێوەی یەکسان بۆ هەمووان ٢٤ کاتژمێرە. بەڵام جیاوازی لەوەدایە کە چۆن لەم ٢٤ کاتژمێرە کەڵک وەردەگرن. ئەگەر کەسێک لە ماوەی ڕۆژێکدا سێ ئەوندەی ئەوانی تر کار و خوێندنەوەی هەبێت. ئەو کەسە سێ ڕۆژ لە پێش ئەوانی ترەوە دەبێت.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ئاساییە کە باتەتی گرنگ، جۆری چالاکی، کەڵکوەرگرتنی دروست لە کات و کاریگەریی ئەرێنیی ئەمانە لەسەر ژیانە.

عاقڵانە لە کاتی خۆتان کەڵک وەرگرن. هەر ساتێک تەنها یەک جار دەگات و هەر بەم هۆیەوە زۆر گرنگە. لە هەمووی گرنگتر، لە دەورانی گەنجێتیدا، کات زۆر گرانباییە تەنانەت دەکرێ ڕاشکاوانە بڵێین سێ چوار ئەوندەی کات لە سەردەمی پیریدا گرانباییترە. لە ڕاستیدا کەلکوەرگرتن لە کاتەکەتان لە سەردەمی گەنجێتیدا، دەستنیشانکەری چۆنیەتی و ستانداردی ژیانی داهاتووی ئێوەیە.

«سێنێکا[1]» جارێکیان، شێوازی کەڵکوەرگرتن لە کاتی بەم شێوە هەڵسەنگاند. ئەو لای وابوو ژیانی مرۆڤ بە ڕادەی پێویست دوورودرێژە. مرۆڤ ئەگەر بەشێوەی گونجاو و دروست کەڵک لە کاتەکانی وەرگرێت، تەمەنی ئەوندە دەبێت کە بتوانێ سەرکەوتنی زۆر گەورە و مەزن بەدەست بهێنێت. بەڵام ئەگەر تەمەنی مرۆڤ بە بەتاڵی و شتی قۆڕەوە بەفیڕۆ بچێت و هیچ ئامانجێکی لە ژیاندا نەبێت لەدوای تێپەڕینی چەند ساڵێک دەبینێ کە چیتر هیچ دەرفەتێکی نییە بۆ گۆڕینی ژیان، «سێنێکا» لای وابوو کە تەمەنی مرۆڤ کورت نییە، بەڵکوو ئێمە بە بەفیڕۆدانی، تەمەنی خۆمان کورت دەکەینەوە. کەسێک دەتوانێ بە هەوڵ و کۆشش سروەت و سامانێکی زۆر کۆ بکاتەوە بەڵام ئەگەر بۆ پاراستنی ئەوە وشیار نەبێت، پێدەچێ لە ساتێکدا هەموو سامانەکەی لەدەست بداتەوە. بەڵام کەسێکی تر پێدەچێ

---

[1] فیلمسووفی ڕۆمی (٤ پێش زایین - ٦٥ پاش زایین)

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

سروەتێکی کەمی هەبێت بەڵام بە وردبینییەوە بیپارێزێت و بەرەبەرە پێی زیاد بکات. ئەم ئەسڵە لەبارەی کاتیشەوە ڕاستە.

بەهەرحاڵ تەمەنی مرۆڤ زۆر بەنرختر لەوەیە کە بێهوودە بەفیڕۆ بچێت. ئێوە نە دەسەڵاتی ئەوەتانە هەیە کە ساتە لەدەستچووەکان بگەڕێننەوە و نە دەشتوانن سەرلەنوێ بژێنەوە.

لە گەنجێتیدا ئەبێ ئێوە بزانن چۆن لە کات و دەرفەتەکانتان کەڵک وەرگرن. کاتژمێرێک کەڵکوەرگرتنی دروست و گونجاو لە کاتەکەتان لە گەنجێتیدا، دەتوانێ کاتێک گەیشتنە تەمەنی من کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ژیانتان هەبێت. ئەگەر ئێوە بەپێی ئەم شیعرە کۆنەی کۆریا کە دەڵێ: «خۆش بن... خۆش بن... تا گەنجن خۆش بن...» چونکە لە پیریدا ناتوانن.» تەمەنی خۆتان بەفیڕۆ بدەن، کاتێک کە بگەنە تەمەنی من، ئێجگار زۆر حەسرەت دەخۆن.

کەواتە هەر وەک ئێمە لە دایۆ، لە گەنجێتیدا بە هەوڵ و تێکۆشان بۆ داهاتووی خۆتان سەرمایەگوزاری بکەن و لە کاتەکانی خۆتان بە وردبینی و وشیارییەوە کەڵکوەرگرن. هەروا کە پێشتریش ئاماژەم پێدا ژیان لێورێژ لە شتە بەنرخ و گرانباییەکانە بەڵام بەنرختر لە هەموویان کاتە.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

[٩] من تەنها ژنێکم

بەهۆی قەیران و دابەزینی داواکاری بۆ دامەزراندنی دەرچووانی زانکۆ، بێکاری لەنێوان دەرچووانـدا زۆر زیادی کردووە لە ئەنجامدا هەندێک لە دەرچووان جارێکی تر چوونەتەوە زانکۆ تاکوو لە بەشێکی جیاوازدا بخوێنن. ئەم بابەتە لەناو خوێندکارانی ژندا زیاتر باوە. ماوەیەک پێش ئێستە هەواڵی خۆکوژیی دەرچوویەکی بەشی یاسا کە ساڵانێک دوای خوێندن هێشتا نەیتوانیبوو کارێکی گونجاو دەست بخات، هەمووانی نیگەران کرد.

زۆرێک لە کەسەکان لایان وایە کە دنیا لە زۆر بوارەوە گۆڕاوە و وەرچەرخانێکی خێرای بەسەردا هاتووە. بەڵام چەقبەستوویی و هەڵاواردن بەنیسبەت ژنانەوە هێشتا لە کۆمەڵگای کۆریادا لە جێی خۆیدا ماوەتەوە. لە کۆمەڵگای ئەمڕۆدا تەنانەت ژنانێک کە خاوەنی خوێندنی هاوشێوەی پیاوانن، لەدوای دەرچوون ناتوانن بەشێوەی دروست و گونجاو لە توانا و بەهرە پیشەییەکانیان کەڵک وەرگرن. ئەم بابەتە نەک هەر لەباری تاکایەتییەوە بەڵکوو لە باری کۆمەڵایەتیشەوە زۆر زیانبەخشە.

هەر بەم هۆیەوە «دایۆ» جارێکی تر سەرنجی تایبەتی خستە سەر دامەزراندنی ژنان. ئەڵبەت ئێمە لە ڕابردوودا یەکەم ناوەندێک بووین کە دەستمان دایە دامەزراندنی ژنانی مێرددار و خوێندەوار. ژمارەیەک لەوان تەنانەت تا پلەی سەرۆکایەتیی یەکەکان هەڵکشان و ١٢ کەس لە کارمەندانی

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ژنی ئەم کۆمپانیایەش بۆ کار لە پرۆژەکانی بیناسازیدا نێردران بۆ لیبیا. کەواتە لە هەندێک نموونەدا دەکرێ تا ڕادەیەک خۆشبین بین کە پێگەی ڕێژەیی ژنان لە کۆریادا باشتر بووە.

من کاتێک گەنجان دەکەم بە بەردەنگی خۆم، بەگشتی جیاوازییەک لەنێوان ژن و پیاودا قایل نابم. بەڵام ئێستە دەمەوێ ژنانی گەنجی کۆریا بکەم بە بەردەنگی خۆم. ژنان و پیاوان هەردووکیان خاوەنی تایبەتمەندیی هاوبەشن. لە درێژەی مێژوودا ژنان هاوڕێ لەگەڵ پیاوان بەرپرسیارێتیی بەرزی و نزمییەکانی ژیانی مرۆڤیان لەسەر شان بووە و وەکوو پیاوان (لانیکەم لە ئاستی تیوریدا) لە کۆمەڵگادا لە شتی هاوشێوە سوودمەند بوونە. ئەڵبەت لانیکەم لە کۆمەڵگای کۆریادا واقعیەت بەم شێوە نییە. ئەمڕۆکە بە چەند هۆکار دەوری ژنان لە کۆمەڵگای کۆریادا سنووردار ماوەتەوە و ئەوان نەیانتوانیوە سوود لە هێز و داهێنان و تواناییە ڕاستەقینەکانی خۆیان ببەن. یەکەم هۆکارێک کە دێتە زەینمەوە، بیر و بۆچوونە کۆن و نەریتییەکانی ناو کۆمەڵگایە کە پیاو بە ئەندامێکی دەرەوەی خانەوەدا دەناسێنێت واتە کەسێک کە لە دەرەوەی ماڵ چالاکی دەکات و ژن وەکوو ئەندامێکی ناوەوەی خانەوادە و یان کەسێک کە لە ماڵدا چالاکی دەکات کەواتە لە کۆریادا بەشێوەی نەریتی ژن بۆتە خاوەنی شوناسێک کە ئەم شوناسە پابەندی دەکات بە ناوماڵەوە. جگەلەوە لە کۆمەڵگای کۆریادا هەمیشە پیاوسالاری و باوکسالاری زاڵ بووە. بەم شێوە هیچ کات ژنانی ئەم وڵاتە لەڕاستیدا کەشێکی لەباریان لەبەردەستدا نەبووە بۆ داخڵبوون و بەشداریردن لە

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

بەرپرسیارێتییە کۆمەڵەیاتییەکاندا. و ئەم بابەتە بووەتە هۆ دابەزینی بازاڕی کاریش.

بەڵام بە باوڕی من باوکسالاری کە ئاوێتەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆریایە، لەخۆیدا و بەتەنهایی ڕێگری سەرەکیی بەشداریکردنی ژنان لە بەرپرسیارێتییەکانی کۆمەڵگادا نییە، بەڵکوو هۆگارگەلی زۆر لەوە گرنگتر لە ئارادایە کە هیوادارم ژنانی کۆریایی خۆیان پەییان پێببەن.

ئەڵبەت کێشەکانی ژنانی کۆریایی پێوەندی بە تایبەتمەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگای ئێمەوە هەیە. بەڵام بەباوەڕی من یەکێک لە پرسە سەرەکییەکان ئەمەیە کە ژنانی کۆریایی ئامادەی قبووڵکردنی بەرپرسیارێتییە کۆمەڵایەتییەکانی هاوئاستی پیاوان نین. زۆرێک لە ژنانی ناوشیار وا دەزانن کە لەدوای دەرچوون لە زانکۆ دوو سێ ساڵ کار دەکەن و دواجار شوو دەکەن. ئەوان بەردەوام کار و پیشەی خۆیان وەکوو وێستگەیەکی پاسی نێو ڕێگە کە کۆتایی ڕێگەکە هاوسەرگیرییە سەیر دەکەن. هەربۆیە هەوڵێکی زۆر لە ئاراستەی پێشکەوتن لە کار و پیشەی خۆیاندا نادەن.

من پێم خۆشە دەربارەی درێژەی ئەم باسە بەجوانی بیر بکەنەوە. لە سەرەتای دامەزراندندا لانیکەم شەش مانگ دەخایەنێت تاکوو هەر کەسێک بە کارەکەی خۆی ڕابێت و لەڕاستیدا دەکرێ شەش مانگی یەکەمی هەر کارێک وەکوو خولی فێرکاری سەیر بکرێت، بەگشتی کەسێکی تازەکار هەتاکوو بتوانێ بەرپرسیارێتیی تەواوی کارەکەی خۆی لە ئەستۆ بگرێت، لانیکەم دوو ساڵ دەخایەنێت و ئەمەش بەگشتی هاوکاتە لەگەڵ ئەوەی کە زۆرێک لە

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ژنان ئامادەی ڕاکردن لە کارەکەیان و پێکهێنانی ژیانی هاوبەش دەبن. لەم حاڵەدا بەڕاستی ناکرێ چاوەڕێ بکەین کە ناوەند و کۆمپانیایەک مەیلی هەبێت بۆ دامەزراندنی کەسانێک بە وەها بیرکردنەوەیەکەوە.

ساڵی ١٩٨٤ کتێک کە کۆمپانیاکەمان دەستی کرد بە دامەزراندنی ژنانی دەرچووی زانکۆ، من خۆم لەگەڵ کارخوازەکاندا دیمانەم دەکرد. لە دیمانەکەدا پرسیاریان لێکرا ئایا لەدوای هاوسەرگیری حەز بە درێژەدان بە کارکردن دەکەن؟

٩٩%ی ئەوان وەڵامی ئەرێنییان دایەوە بەڵام پاش پێنج ساڵ، تەنها نیوەی ئەو ٣٠٠ ژنە دەرچووە لە کارەکەیاندا مانەوە.

ئەڵبەت بە باوەڕی من تەنانەت ئەم ژمارەیە باس لەوە دەکات کە دۆخەکە بەرەو باشتربوون دەڕوات. ئێمە جارێکی تر لە ساڵانی ١٩٧٢ و ١٩٧٧دا کۆمەڵێ ئەزموونمان کرد لە بواری دامەزراندنی ژیانی دەرچووی زانکۆدا. لەو کاتەدا بیرکردنەوەی هەموو ژنان ئەوە بوو کە تا کاتی هاوسەرگیرییان کار بکەن و پاشان واز لە کار و پیشەی خۆیان بهێنن. بەم هۆیەوە ئێمە بەگشتی وازم هێنا لە دامەزراندنی ژنان. بەڵام بەپێی گۆڕانکارییە خێراکانی ئەم دواییە من وەکوو دامەزرێنەرێکی پیشەسازی پێم خۆشە چەند خاڵێک بە ئێوەی ژنانی گەنجی ئەمڕۆ کۆریا بڵێم. چونکە لام وایە ئێوە وەکوو پیاوان بەرپرسن لە پێشکەوتن و گەشەکردنی ئەم کۆمەڵگا و نەتەوەدا.

پێش هەر شتێک لەیادتان بێت کە ئێوە دەستنیشانکەری چارەنووس و ئایندەی خۆتانن. لە ساڵانی ڕابردوودا هاواری نارەزایەتیی ژنانی کۆریایی

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

بەنیسبەت هاڵاواردنی باو لە کۆمەڵگای پیاوسالاری کۆریادا بە ڕاشکاوی دەبیسترا بەڵام من لام وایە ژنانیش خۆیان هاوکات خوازیاری ئەم هەڵاواردنانەن چونکە ئەوان بە قسەگەلێکی وەکوو «من تەنها ژنێکم» و «چۆن چاوەڕێ دەکەن ژنێک وەها کارێک ئەنجام بدات» ئەم باوەڕە لەوانی تردا بەدی دێنن کە ژنان خۆیان حەزێکی زۆریان لە بەرابەری و یەکسانیی مافەکانیان لەگەل پیاواندا نییە.

کێشەیەکی تر بەکاربردنی ئەرباب بۆ وەسفکردنی مێردەکانتانە. ئەرباب؟ هاوژینەکەتان چۆن دەتوانێ ئەربابی ئێوە بێت! هاوسەرگیری چ مانایەکی بۆ ئێوە هەیە؟ ئایا بەو مانایە کە ئێوە هاوسەری گونجاو بدۆزنەوە تاکوو پاڵی پێوە بدەن و بەندایەتیی بکەن واتە تەنها حەز دەکەن ئاتاج و بەردە بن. ژنومێردایەتی بە مانای یەکگرتنی دوو کەسایەتی بە بەرپرسیارێتی و بەهای یەکسانە کەواتە پێوەندی هاوسەرگیری چۆن دەبێ بشوبهێندرێت بە ئەرباب و کۆیلە. وا دیارە لە کۆمەلگای کۆریادا، هێشتا هەر ژمارەیەکی زۆر لە ژنان لە دووی کەسێک دەگەڕن کە حوکمڕانی بکات بەسەریاندا. بە باوەڕی ئێوە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە دەتوانێ لەنێوان مافەکانی ژن و پیاودا یەکسانی دروست بکات؟

لەیادتان بێت، ئێوە خۆتان ئەربابی خۆتانن. هەریەک لە ئێمە بە ژن و پیاوەوە بە تایبەتمەندیی جیاوازەوە هاتووینەتە ژیان. ئەسڵ و ئەساسی ئەم تایبەتمەندییانە ئەمەیە کە ئێمە هەموومان ئەربابی ژیان و چارەنووسی خۆمانین. ئێوە بە تەنها فەرمانڕەوا و ئەربابی خۆتانن. مێرد، دایک و باوک و

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

منداڵانی ئێوە ناتوانن فەرمانڕەوای ئێوە بن. ئەڵبەت گوتنی ئەم بابەتە زۆر ئاسانترە لە جێبەجێکردنیان. کرێکارێک هەر کارێکی پێ بسپێردرێت ئەنجامی دەدات. و ژیانێکی ئاسوودە و بێ کێشەی هەیە بەڵام ئەربابێک خۆی دەبێ بەدووی کاری خۆیەوە بێت و بەرپرسیارێتیی ئەرباب بەگشتی لە ئەستۆی خۆیەتی.

داواکاریی من لە ژنانی گەنجی کۆریایی ئەوەیە لەپێناو گەشەکردن و پێشکەوتنی خۆیاندا حەتمەن درێژە بە کار و پیشەکەتان بدەن. و بەردەوام بیر بکەنەوە ئەربابن چونکە ئەم شێوە بیرکردنەوە عەقڵانی و سروشتییە. درێژەی ئەم باسە ئێوە هەمووتان ناگرێتەوە بەڵام بڕێک لە ژنان هەرکە لە زانکۆ دەردەچن و ئەوەی کە فێری بوونە فەرامۆشی دەکەن. چونکە ئەوان بەتەواوی خۆیان تەرخان کردووە بۆ فەرمانڕەوا تازەکەیان و گەشەی کەسایەتی و هەموو ئەو شتانەی کە تا ئەوکات فێری بوونە لەیاد دەکەن. ئێوە چۆن دەتوانن خۆتان ئاوا بێکەڵک و بێبایەخ بکەن.

گەشە و پێشکەوتنی هەر کەسێک گرێدراوی هەوڵ و تێکۆشانی خۆیەتی. بەڵام بابەتی گرنگ ئەوەیە کە ئێوە بە چ شێوە دەتوانن بە ئامانجی باڵاتر و داهاتووی درەوشاوەتر بگەن. کەسێک کە ژیان و کۆمەڵگا بە جدیەت و بەقووڵی دەخوێنێتەوە، گەشەکردنەکەی سنوور ناناسێت.

کەواتە لە ژنانی گەنجی کۆریایی تکا دەکەم کە هەتا بۆیان دەکرێ گەشە بکەن. ئەگەر سەیری دەوروبەری خۆتان بکەن بە ڕاشکاوی دەبینن کە بە تێپەڕینی کات ژمارەیەک لە خەڵک لە ژیاندا پێشکەوتنی بەرچاو بەخۆیانەوە

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

دەبینن و سەرکەوتوو دەبن و هەندێکیان بەرەبەرە لە شانۆی ژیان بزر دەبن. ئەم دوو بابەتە وەڵامێکی سادەی هەیە. کەسێک کە تا دوێنێ تەنها کەسێکی نەناسراو بووە، ئەگەر ئەمڕۆ بە جدییەتەوە هەوڵ بۆ گەشەکردن بدات دواجار بە سبەی و دواڕۆژی درەوشاوە دەگات، بەڵام کەسێکی بەرجەستەی ئەمڕۆ ئەگەر پشتبەستوو بە شانازییەکانی ئێستەی خۆی، دەست لەسەر دەست واز لە هەموو هەوڵێک بۆ گەشەکردن بهێنێت، بەرەبەرە لە داهاتوویەکی نەک زۆر دووردا دەبێت بە هیچ.

بابەتی گرنگ، گەشە و پێشکەوتنی کەسایەتیی ئێوەی ژیانە، بە مانایەکی تر لەدوای دەرچوون لە زانکۆ و هاوسەرگیری، گەشەکردن و پێشکەوتنی خۆتان ڕامەوەستێنن. کەسێک بن کە گرنگی دەدات بە پێشکەوتنی کەسیی خۆی و خوێندنەوەکانی و بەردەوام هەوڵ بۆ دۆزینەوەی دیاردەیەکی نوێ و ئیمکاناتی نوێ دەدات. ئەمانە خەسڵەتی ژنێکی جوانن. ژنانی جوان و بەڕاستی ڕاکێشەر ئەو کەسانەن کە لە گەشەکردن و پێشکەوتنی خۆیاندا بەردەوامن و ناوەستن. جوانیی ڕاستەقینە هی ئەو ژن و پیاوانەیە کە پڕخرۆش و پڕوزەن، بەردەوام هەوڵ دەدەن تا ئەو شوێنەی بکرێ گەشە بکەن.

من دەمەوێ بابەتێکی تر بەو ژنانە بڵێم کە حەز دەکەن توانا شاراوەکانی خۆیان بەشێوەی کاریگەر بخەنە گەڕ. ئێوە تێڕوانینێکی پیشەییتان هەبێت بۆ کارەکەتان و بەشێوەی پاسیف بەرپرسیارێتییەکانی خۆتان قبووڵ مەکەن و وا نەبێت کە تەنیا ئەو کارەی لێتان چاوەڕێ دەکرێ، ئەنجام بدەن. تا

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ئێستە ژنانی کۆریا بەم شێوە سەیری کار و پیشەی خۆیان کردووە و هەر بەم هۆکارە سادەیە زۆرێک لە ناوەندە بازرگانییەکان زۆر حەزیان بە دامەزراندنی ئەوان نییە. ئەگەر چاوەڕێ دەکەن وەکوو پیاوان مامەڵەتان لەگەڵ بکرێت دەبێ چالاکانە لە کارەکەتاندا پێش بکەون و بەرپرسیارێتییەکانی کارەکەتان بە تەواوی قبووڵ بکەن. لانیکەم دەبێ بە باشیی پیاوێک کار بکەن. ئەگەر بەم شێوە سەیری کار و پیشەکەتان بکەن ئەوا ناوەندە بازرگانییەکانیش هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ دامەزراندنی ئێوە نابێت و بەم شێوە دەتوانن بە ئاسانی هەموو نەریتەکانی ناو کۆمەڵگا تێک بشکێنن.

لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و تەنانەت دیتر نەتەوە ئاسیاییەکاندا، زۆرێک لە ژنان تا ئاستی سەرۆکایەتی بەشەکان، بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان و تەنانەت سەرۆکی لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی پێشکەوتوون. ئەم جۆرە کەسانە پشتبەستوو بە ئەزموونە پیشەیی و توانا بەربڵاوەکانی خۆیان دەتوانن، لە کۆمەڵگای خۆیاندا بڕشت و کاریگەریی زۆریان هەبێت. من هیچ هۆکارێک نابینم کە ژنانی کۆریایی بەراورد بە ژنانی دیتر نەتەوەکان و بە گشتی جیهان توانا و بەهرەی کەمتریان هەبێت. بابەتی گرنگ، شێوازی تێڕوانینی ژنانی ئەم وڵاتەیە بۆ کار و پیشەکەیان. چونکە ژنانی وڵاتی ئێمە کارەکەتان تەنها وەکوو شوێنپێیەکی پێش هاوسەرگیری دەبینن. ئێوە ئەگەر وا بیر دەکەنەوە و بەشێوەی ناچالاک و پاسیف درێژە بە کارەکەتان دەدەن، لەم

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

حاڵەدا ئێوە خۆتان بەرپرسیاری چڕبوونەوەی نەریتەکان و هەڵاواردنی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادان.

فەرمانڕەوای خۆتان بن و هەوڵ بدەن تا ئەو شوێنەی دەکرێ هێز و تواناکانی خۆتان بگەشێننەوە و چالاکانە بەدوای زانیاریی پیشەییەوە بن، ئەمە تەنها ڕێگایەکە کە ئێوە دەتوانن نەریت و ئەخلاق و بیرکردنەوەی کۆمەڵگای پیاوسالار وەرچەرخێنن. ئەگەر وا ڕەفتار بکەن، ئێوە بە پیاوانی چەقبەستوو و هەروەها نەوەی پێشوو دەسەلمێنن کە هەموویان لە ناسینی ژنانی کۆریادا هەڵەیان کردووە.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

[١٠] قەفەزی باڵندە

بەردەوام گوتوومە: کە من ئەمڕۆ هەرچێکم هەیە و هەرچێک هەم لە ئەنجامی جەنگی کۆریادایە.

من لە تەمەنی منداڵیدا بەهۆی بەدبەختی و نەهامەتییەکانی جەنگی کۆریاوە زۆر زوو سەختییەکانی ژیانم ناسی و بەو هۆیەوە کە لە مێرمنداڵیدا بەجارێک بوومە بەرپرسی مەعاش و کاسپکاری خانەوادە زۆر زوو تێگەیشتم کە چۆن دەبێ بوێریی و وەی خۆم بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ نەبەکامی، دڵەڕاوکێ و بەڵاکانی ژیان کۆ بکەمەوە و بەهێز بم.

بۆ ئەوەی کە بەجوانی بزانن کە ژیان ئەوندەش ئاسان نییە، ڕێگە بدەن یەکێک لە ڕێنماییە سەرەتاییەکانی فیرقەی بوداتان بۆ بە نموونە بهێنمەوە. بەپێی ئەم ڕێنماییانە، بناغەی ژیانی دنیایی ڕەنج و ئازارە و دنیا دەریایەکە پڕ لە ڕەنج و بەدبەختی. ژیان نەک ڕێگایەکی ڕەوان و تەختایی و ساف و نەک گوڵستانێک پڕ لە گوڵی سوور. تەنانەت ئەگەر ژیان گوڵستانێک بووایە پڕ لە گوڵی سوور، فەرامۆشی مەکەن، گوڵە سوورەکانیش دنیایەک دڕکی تیژیان پێوەیە.

ئەگەر لە دڕکی گوڵ دەترسن کەواتە هەرگیز سەرکەوتوو نابن. سەرکەوتن بۆ ئەو کەسانەیە کە لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ دڕکە تیژ و وەحشییەکان ناترسن. سەرکەوتنی ئەمڕۆی هەموو کەسەکان ئەنجام سەختی و

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

زەحمەتەکانی دوێنێی ئەوانە و نەک بەهۆی هەنگاو نانە گوڵستانی پڕگوڵ، هەربۆیە بەبێ کەمترین دوودڵییەک، دەڵێم، جەنگی کۆریا منی بەو جۆرەی کە ئەمڕۆ هەم، دروست کرد. خاڵێک کە دەمەوێ سەرنجتانی بۆ ڕاکێشم ئەوەیە کە سەختییەکان خۆیان خولقێنەری هەلومەرجە پۆزەتیڤەکانی ژیانن ئەڵبەت من بەباشی لە هۆکاری ئەمە تێناگەم. بەڵام حەقیقەت ئەوەیە کە هەلومەرجە پۆزەتیڤەکانی ژیان بەردەوام لە دڵی ڕەنج و زەحمەت و نەهامەتییەکانەوە دێنە دەرەوە.

کاتێک کە ژیان بەباشی دەچێتە پێشەوە، تاکەکانی ناو کۆمەڵگا بەشیوەی دڵخواز درێژە بە کار و پێشکەوتن دەدەن. ئەگەر ئێوە لە وەها دۆخێکدا وەکوو ئەوانی تر گەشە نەکەن، دەبێ لە خۆتاندا بۆ هۆکارەکەی بگەڕێن. بۆ نموونە خوێندکارێکی زیرەک لەپێش چاو بگرن کە چونکە متمانەی بە هۆشی خۆی هەیە لە ماوەی کۆلێژ و ساڵانی زانکۆدا هەوڵێکی زۆر بۆ بەدەستهێنانی نمرەی باڵا نادات و هەموو ساڵێک بە نمرەی مامناوەندەوە کۆتایی دێنێت. ئەڵبەت ئەو هەمیشە بڕیاری ئەوەیە کە لە ساڵی کۆتاییدا ئەوپەڕی هەوڵی خۆی بۆ تاقیکردنەوەکانی کۆتایی بدات. ئەو لای وایە کە ساڵی کۆتایی ئەگەر بڕێک زەحمەت بداتە بەر خۆی حەتمەن بە پلەیەکی باشەوە دەردەچێت. ئایا بەکردە ئەم بابەتە بەو جۆرە دەبێت کە ئەو پێشبینی دەکات؟

خاڵێک کە نابێ فەرامۆشی بکەین، ئەوەیە کە خوێندکارانێک کە لە ساڵانی یەکەمدا بە جدیەتەوە سەعی دەکەن، لە ساڵی کۆتاییشدا هەر بەو ڕادە و

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

جدیەتەوە درێژە بەو هەوڵدانی خۆیان دەدەن. بەڵام ئەم خوێندکارە تەنانەت ئەگەر لە ساڵی کۆتاییدا سێ ئەوندەی ساڵانی پێشوو هەوڵ بدات دیسان نمرەکانی جیاوازییەکی وایان نابێت لەگەڵ ساڵانی پێشووی ئەودا. ئەگەر بە سەختی هەوڵ بدات ڕەنگە بتوانێ هەمان نمرە مامناوەندەکانی پێشووی بەدەست بهێنێت و نەک شتێکی باڵاتر. کاتی گونجاو بۆ هەوڵدانی ئێوە ئە کاتەیە کە هەمووان وازیان لە هەوڵدان هێناوە و نائومێد بوونە. لەم دۆخەدا، سەرکەوتن بۆ ئەو کەسانەیە کە بە جدیەتەوە هەوڵ بدەن و لە هەمان کاتدا لە سەرکەوتنەکانی شاراوە لە سەختییەکاندا ئاگادار بن.

دەبێ بزانن چۆن قەیرانەکانی ژیانتان بگۆڕن بە سەرکەوتنی پۆزەتیف و سوودیان لێ ببەن. ئێوە سەیری ئەو وشانە بدەن کە ئێمە بۆ دەربڕینی دۆخی قەیران بەکاریان دەبەین. یەکەمیان تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوەی وشەی «ڕیسک»، دووەمیان بە مانای دەرفەت و شانسە. کەواتە وشەگەلی «ڕیسک و شانس» دووانەن، چونکە هەڵگری باری نێگەتیف و پۆزەتیڤن. ئەم وشە گوزارش لەوە دەکات کە قەیران پێدەچێ لە ئاراستەی پۆزەتیف یان نێگەتیڤدا بچێتە پێشەوە.

مرۆڤێکی ڕەشبین دۆخی «ڕیسک - شانس» بە نێگەتیف دەزانێ لە ئەنجامدا دوچاری نائومێدی دەبێت بەڵام کەسێکی خۆشبین و پڕخرۆش دۆخەکە بە ئومێد و بڕوابەخۆبوون و بە ڕۆحی مەترسیخوازانەوە هەڵدەسەنگێنێت و ئەمە ئەو کەسەیە کە دواجار شانس و دەرفەتە شاراوەکانی ناو قەیران دەدۆزێتەوە. ئەڵبەت ئەگەری سەرکەوتن و شکست بۆ ئەم کەسە بەشێوەی

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

یەکسان لە ئارادایە، بەڵام بەباوەڕی من بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ دۆخەکە زۆر بەنرختره لە تەسلیمبوون و ترس و نائومێدی.

ئێوە گەنجن لەواتە ئەگەر ئەوپەڕی هەوڵی خۆتان بدەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانتان، بێگومان مافی ئەوەشتان هەیە هەندێک جار شکست بخۆن. بەڵام ئەگەر بەردەوام تەنها ئەو کارەی کە لێتان چاوەڕێ دەکرێت ئەنجام بدەن، هیچ داڵغە و دڵەڕاوکێیەکیشتان نابێت بەڵام هاوکات هەرگیز پلە و پایە و سەرکەوتنی باڵاش بەدەست ناهێنن.

حاڵەتێک کە لە گەنجانی ئەمڕۆدا زۆر نیگەرانم دەکات، لاوازی، ئاسوودەیی‌خوازی و تا ڕادەیەکی زۆر ناسەربەخۆیی و نەبوونی هەستی مەترسی‌خوازییە لەواندا. وا دیارە کە شێوازی باو لەناو گەنجانی ئەمڕۆدا، حەز و مەیلی نەبڕاوەیە بۆ ئاسوودەیی و لەشگرانی.

ئەڵبەت زۆرێک لەم گرفتانە دەگەڕێنەوە بۆ پشتگیریی ڕادەبەدەری دایکوباوک لە ئێوە. هیچ دایکوباوکێک نییە کە بە هەموو بوونیەوە عاشقی منداڵەکەی نەبێت. هەموو دایک وباوکەکان ئاواتیان ئەوەیە منداڵەکەیان جلی باش لەبەر بکەن، خواردنی باش بخۆن و لە ژیاندا سەرکەوتوو بن. بەڵام دایک و باوکی عاقڵ کەسێکە کە سەرنج و گرنگیی تایبەت بدات بە داهاتووی منداڵەکەی. ئەو هەر لەم پێناوەدا ناچارە چەند خاڵی پەروەردەیی لەبارەی منداڵەکەیەوە ڕەچاو بکات. یەکێک لەم خاڵانە ئەوەیە کە دەبێ بزانێ پێویستە بە چ شێوە و بە چ ڕادەیەک سەرنج بدات بە منداڵەکەی. چونکە منداڵ بە موحیبەت و خۆشەویستیی ڕادەبەدەر تووشی پڕووکانی ڕۆحی و دەروونی دەبێت و دایک

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

و باوکێـــک که به خۆشەویســـتیی زۆر دەبـــنه هـــۆی پڕووکـــانی ڕۆحیـــی منـداڵەکەیان نەک هەر ئەو منـداڵە لەبـاری دەروونـی و کەسـایەتییەوە لاواز دەکەن بەڵکوو ڕیگە لە منداڵەکەیان دەگرن کە بەرەوڕووی کێشە و گرفتەکان ببێتەوە.

هیچ دایک و باوکێکی حەزی لە تەمێی منداڵەکەی خۆی نییە و لە خـانەوادە ئەمڕۆییەکانـدا بەگشـتی زیـاتر لە دوو یـان سـێ منـداڵ بـوونی نیـیە. کەواتە ژیانی خانەوادەکان دەوڵەمەندتر و ئاسوودەتر لە ڕابردووە، لەئەنجامـدا دایـک و باوکەکـانی ئەم دەورانە شـێوازگەلی فرەچەشـنتریان بـۆ مـوحیبەتکردن بە منداڵەکانیان لەبەردەستدایە. ئەگەر دایک و بـاوک نـین نـاتوانن تەنـانەت بـۆ ساتێکیش ناتوانن لە حاڵ و ڕۆژی دایک و باوکێک تێبگەن کە ناچـار دەبێـت منداڵەکەی تەمێ بکات.

بەڵام دەربڕینـی خۆشەویسـتی و مـوحیبەتکردن دەبـێ بە جۆرێـک بێـت کە دایکوباوک، ئایندەی منداڵەکەیان باڵاتر لە ئازاری تەمێی منـداڵەکەی خۆیـان فەرز بکەن. بەهەرحـاڵ لە ژیـانی هەر کەسـێکدا، کاتێـک دەگـات کە ناچـارە لەسەر پێی خۆی بوەسـتێت، چـونکە دایکوبـاوک نـاتوانن تاهەتـا لەبەرامـبەر ئەوانی تر و کۆمەڵگادا پاڵپشتییان بکەن.

لە کۆمەڵگـــای ئەمـــڕۆ کۆریـــادا، نـــزیکەی ١٠% تـــا ٢٠%ی کارمەنـــدانی تـازەدامەزراو لە ناوەنـد و کۆمپانیاکانـدا لە مـاوەی شـەش مانگـدا دەسـت لە کـارەکەی خۆیـان دەکێشـنەوە. بـۆچی؟ بەو هـۆیەوە کە کـار لە ناوەنـدە بازرگانییەکاندا بە سەخت و دژوار دەزانن. کەواتە بۆ ڕاکردن لە دۆخە بەپەلە

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

بە قۆناغی دۆکتۆرا دەچنە زانکۆکان و یاخود بۆ خوێندن دەچنە دەرەوەی وڵات. ئەمە شێوازێکە کە من وەکوو خۆم پێم وایە دەبێ هەرچی زووتر لە کۆمەڵگادا کۆتایی بێت. من زۆر جار بیر لە ستانداردی ئەم جۆرە ناوەندە زانستییانە دەکەمەوە کە ئامادەی قبووڵکردنی وەها کەسانێکن. کەسانێک کە بەهۆی نەبوونی توانای تەحەمووڵکردنی شوێنی کاری کۆمپانیاکان ڕوو دەکەنە زانکۆکان. لە ڕاستیدا سووکایەتییان بە گشتیەتی سیستەمی پەروەردە کردووە.

ماوەیەک پێش ئێستە لە دۆخێکی چاوەڕواننەکراودا کەوتمە قسەکردن لەگڵ یەکێک لە خوێندکارانی ساڵی کۆتایی لقی بازرگانیی یەکێک لە قوتابخانە زۆر باشەکانی کۆریا. ئەو کەسێک بوو بە ڕواڵەتێکی زۆر جوان و ڕازاوە و ڕێکوپێکەوە کە زۆر وشیار و زیرەک دیار بوو. تێمای سەرەکیی قسەکانمان پێوەندی هەبوو بە پلانی ئەم خوێندکارە لەدوای دەرچوون و تەواوکردنی خوێندن.

پرسیارم لێکرد ئایا پاش تەواوکردنی خوێندن حەز دەکات کار بکات و چونکە وەڵامەکەی ئەرێ بوو پێشنیارم پێدا کە لەگەڵ کۆمپانیای دایۆڤ هاوکاری بکات، کاتێک گوتی حەز بە دایۆڤ ناکات، هۆکارەکەیم پرسی و لە وەڵامدا گوتی دایۆڤ زۆر لە مرۆڤەکان کار دەکێشێتەوە. پاشان پرسیارم لێکرد دەیەوێ لە کوێ کار بکات.، گوتی پێم باشە لە ناوەندێکی بیانیدا کار بکات. چونکە ئەم ناوەندانە کەمتر کار دەکەن و زیاتر پارە دەدەن.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

زۆر زوو قسەکانمان گەیشتە بنبەست و قسەیەکمان نەبوو بۆ گوتن. ئەڵبەت نەک بەوهۆیەوە کە گوتبووی حەز بە دایوۆ ناکات، چونکە من نەمدەتوانی ئەو بۆ ئەوە سەرکۆنە بکەم کە دەیەوێ کارێکی ئاسوودە بە مووچەیەکی باڵاوە دەست بخات. بەڵام قسەکانی دواتری منی زۆر ئازار دا چونکە دواتر گوتی ئەگەر لە ماوەی چوار پێنج ساڵدا بتوانێ پارەیەکی باش پاشەکەوت بخات، دەیەوێ لەگەڵ دەستگیرانەکەی کافتریایەک بکەنەوە تاکوو باقیی ژیانیان لە ئاسوودەییدا تێپەڕ بکەن. ئەڵبەت کردنەوەی کافتریا لە خۆیدا کێشە نییە، بەڵام کێشە ئەوەیە کە خوێندکاری دەرچووی یەکێک لە باشترین ناوەندە زانستییەکانی وڵاتەکەمانە و تەنها لە هەوڵی پیشەیەکدایە کە بتوانێ ژیانێکی ئاسوودە دەستەبەر بکات. ئەم بابەتە منی خستە بیری ئەوەی کە بەڕاستی دیتر خوێندکارەکانیش هەر بەم شێوەیە دەربارەی داهاتوویان بیر دەکەنەوە؟

ژیان بۆ باڵندەی ڕاهاتوو بە قەفەز زۆر سەهل و دڵخوازە، ئەو نیگەرانی خواردن و سەرما و مەترسیی جۆربەجۆر نییە. بەڵام بە باوەڕی من ژیانی باڵندەیە جێی بەغێڵی و ئیرەیی نییە. بێگومان باڵندەی ئازاد ناچارە خواردنی خۆی دابین بکات. هێلانەکەی دروست بکات و لەبەرامبەر مەترسییە جۆربەجۆرەکاندا بەرگری لە خۆی بکات بەلام وێڕای ئەمانە باڵندە ئازادە کە لە سەرانسەر جیهاندا بە سەربەستییەوە سەفەر بکات و باڵندەی ئازاد و سەربەست زۆر خۆشحاڵتر لە باڵندەی قەفەزییە کە جگە لە ئاسوودەیی هیچ شتێکی دیکەی نییە.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

لە دەرەوەی ئێـــرە جیهـــانێکی بەربـــڵاو هەیە بـــۆ ناســـین و گەڕان، کەواتە هیوادارم ئێوە ئەو بیرۆکە و ئایدیاگەلەی کە بۆ بەندکردن و سنووردارکردنی خۆتان لە میشکتاندایە فڕێ بدەن. لە نەناسراوێتییەکان مەترسن، لە شکست مەترسن. چونکە ئەمە وەزیفە و مافی گەنجانە کە دۆخە قەیرانبارەکانی ژیان بگۆڕن بە دەرفەتی پۆزەتیڤ و بە ڕۆحی بەرەنگارییەوە لەبەرامبەر نەهامەتی و کێشەکاندا بوەستنەوە.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

[١١] سەکۆی شانۆ بەرەو ڕۆژهەڵات دەگەڕێتەوە

مێژووی جیهان لێوڕێژە لە دیارکەوتن و کەوتنی نەتەوە و شارستانییەتەکان. مێژوو بەردەوام نیشاندەری ئەوەیە کە هیچ نەتەوەیەک سەرەڕای شکۆ و دەسەڵاتی خۆی تاهەتا پایەدار نامێنێت. ئەمڕۆکە شکۆ و مەزنایەتیی شارستانییەتی بەینولنەهرەین، میسر و ڕۆم تەنها لە ناو کتێبەکان و چەند کەلاوەیەکدا بەدی دەکرێت.

لە میانەی ئەم بەرزی و نزمییە مێژووییانەدا، هەرکات کە نەتەوەیەک داری کێبڕکێ بداتە دەست ئەوی دی، دنیا تووشی گۆڕانکاریی و و وەرچەرخانی نوی دەبێت. ئێمە خۆمان لە ماوەی چەند سەدەی ڕابردوودا ئاگاداری زۆرێک لەم گۆڕانکارییانە بووین. لەم ماوەدا پێگەی ڕێبەرایەتیی جیهان لە سپانیاوە بۆ بەریتانیا و دواجار بەریتانیا ڕادەستی ئەمریکای کرد. ئێستە ئەم داری کێبڕکێ دراوەتە دەست یابان و دیتر وڵاتەکانی ئوقیانووسی ئارام. ئێمە ڕاشکاوانە دەیبینین کە شانۆی شارستانیەتی جیهانی بەرەو ڕۆژهەڵات لەگەڕدایە و کۆریا بەشێکی گرنگ لەم شانۆی داگیر کردووە. لە سەردەمێکدا کە گەنجانی کۆریاش پێشڕەوانی دنیای داهاتوو دەبن.

من لەوپەڕی خۆشبینیدا لە وتارەکانی پێشوودا ئاماژەم داوە کە هاوتەمەنەکانی من دوایین نەوەی کۆماری کۆریای لەحاڵی گەشەسەندندا دەبن و ئێوە گەنجان یەکەم بەرەی کۆماری کۆریای پیشکەوتوو دەبن.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

کەواتە ڕێگە بدەن چەند خاڵێک بە گوتەکانی پێشووم زیاد بکەم. لەیادتان بێت کە وەکوو یەکەم بەرەی کۆماری کۆریای پێشکەوتوو، بەرپرسیارێتیی گەورەی ڕێبەرایەتیی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە ئەستۆی ئێوەیە. کەواتە ئەگەر کەسێک لەنێوان ئێوەدا لەوەی کە لە وڵاتێکی بچووک و لەحاڵی گەشەسەندندا وەکوو کۆریا لەدایک بووە ناڕازییە و لای وایە ئەگەر لە وڵاتێکی وەکوو فەڕانسە، ئەمریکا یاخود یەکێک لە نەتەوە پیشکەوتووەکانی دیکەدا لەدایک دەبوو زۆر خۆشبەختتر دەبوو، پێک باشە بەم بۆچوونەیدا بچێتەوە. چونکە وڵاتی ئێمە لە ئێستەدا هەنگاوێکی ماوە بگاتەوە بە وڵاتە پێشکەوتووەکان. کاتێک کە ئەستێرەی ڕۆژاوا دابچێت، ئەم ئەستێرەیە جارێکی تر لە ڕۆژهەڵات هەڵدێتەوە. کەواتە ئێوە بۆ ئەوەی کە لە کۆریا هاتنەتە دنیا دەبێ سپاسگوزار بن. چونکە ئێستە مێژوو و هەوڵەکانی ئەم نەتەوە، ئێمەی گەیاندۆتە ناوەندی دنیای پیشکەوتووی ئەمڕۆیی. کەواتە چۆن دەتوانن لەوەی کە کۆریایی ناڕازی بن.

بیست ساڵ پێش ئێستە خەڵکی کۆریا خەڵکێکی هەژار و داماو بوون و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بچووکترین پێگە و بڕشتیان هەبوو. وەکوو بۆقی ناو چاڵ بووین. بەڵام بەرەی ئێمە توانی ئەم دۆخە نالەبارە ڕاپەڕێنێت و ئابوورییەکی بەهێز بونیاد بنێت و لە بازاڕە نێودەوڵەتییەکانیشدا پێشڕەو بێت.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

لەدوای سێ دەورە پاشایەتی لە کۆریادا، ئەمە یەکەم جارە کە کۆریا وەکوو نەتەوەیەکی یەکگرتوو و یەک پارچە لە ئاستی جیهاندا دیار دەکەوێ و ئەمە کۆتایی بە مێژینەی ئێمە وەکوو پاشایەتییەکی گۆشەگیر، دەهێنێت.

وڵاتی ئێمە بۆ مانەوەی خۆی بەردەوام سەرنجێکی تایبەتی بۆ جیهانی دەرەوە هەبووە. چونکە کۆریا لەباری حەشیمەتەوە، لەدوای بەنگلادش و تایوان بەپێی خاکەکەی پڕحەشیمەتترین وڵاتی جیهانە و هیچ جۆرە سەرچاوەیەکی سروشتیی نییە. کەواتە ئێمە بۆ مانەوە، هەرگیز چارەیەکمان نییە جگە لەوەی کە چاومان لە دەرەوەی سنوورەکانەوە بێت.

ئەمڕۆکە ئیتر ئەم بابەتە تەنها هۆکاری پێوەندیی ئێمە لەگەڵ کۆمەڵگا نێودەوڵەتییەکان نییە. چونک ئێمە هەروا کە لە ناوەندی دنیای پێشکەوتوو نزیک دەبینەوە، دنیاش ئێمە بەرەو خۆی ڕادەکێشێت. لەم شانۆیەدا کۆریاییە گەنجەکان وەکوو پیشڕەوانی دنیای نوێ جێ دەگرن. ئێوەی گەنجان دەبێ خاوەنی بەهای مەحکەم و پایەدار بن. باهاگەلێکی تەبا لەگەڵ دنیای پێشکەوتوو واتە وێنا و ئامانجگەلێکی باڵا و هاوکات قبووڵکەری وەرچەرخان و گۆڕانکارییە مەزن و تازەکان کە لەحاڵی ڕوودانداان.

بەوەدا کە ڕکابەرە جیهانییەکانتان، هاوڕێکانتان نین، ئێوە دەبێ توانا و پۆتەنشێڵەکانی خۆتان بەتەواوی بەهێز بکەنەوە و چاوەکانتان بەڕووی واقعیەتەکانی دەوروبەردا بکەنەوە. فەرامۆش مەکەن، گەنجانی ئەمریکی و سینی ڕکابەری بەهێز و سەرسەختی ئێوە دەبن و بەنیازن وەکوو ئێوە قارەمان و ڕێبەری دنیای داهاتوو بن. هەربەم هۆیەوە بە جدیەتەوە تا

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

نیوەشەو خەریکی خوێندنەوەن و یاخود بەردەوام کرتە لە کۆمپیۆتەرەکانیان دەکەن. ڕکابەرە نەناسراوەکان ڕکابەرە ڕاستەقینەکانی ئێوەن.

کەواتە بۆ ئەوەی کە بزانن چۆن لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا پێشڕەو بن، پێم خۆشە چەند خاڵێکتان وەبیر بهێنمەوە. ئێوە دەبێ زمانە بیانییەکان فێر بن تاکوو بتوانن لەگەڵ دیتر نەتەوەکان پێوەندی دروست بکەن. لانیکەم دەبێ زمانی ئینگلیزی وەکوو زمانی کۆریایی قسە بکەن و بەسەر یەکێک لە زمانە گرنگەکانی دیکەی دنیادا وەکوو سینی، فەڕەنسی، ڕووسی، یابانی، ئەڵمانی و یاخود سپانیۆلی بەجوانی زاڵ بن. ئەگەر ئەم کارە نەکەن هەرکە لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سیول دەردەچن دەبن کە مرۆڤێکی کەڕولاڵ.

ئەڵبەت زۆر باشترە ئەگەر نەتەوەکانی تر زمانی کۆریایی فێر بن. بەڵام، من دڵنیام هەروا کە هێزی ئێمە لە ئاستی جیهاندا بەربڵاو دەبێتەوە، ڕۆژێک دەگات کە ڕێژەیەکی زۆر لە خەلکی دنیا زمانی کۆریایی فێر بن. بەڵام چونکە ئەم بابەتە ڕەنگە لە داهاتوویەکی دووردا ڕوو بدات من لام وایە خەڵکی کۆریا دەبێ بۆ فێربوونی زمانەکانی تر هەوڵێکی زۆر بدەن تاکوو بتوانن لە ئاستی نێودەڵەتیدا ئامادەیی چالاکانەیان هەبێت.

لە قۆناغی دواتردا توانای کەڵکوەرگرتن لە هەموو جۆرە ئۆتۆمبێل و کۆمپیۆتەر بابەتێکی بنەڕەتییە. چونکە ئێوە دەبێ بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ هەموو بارودۆخێک بەتەواوی تەیار و ئامادە بن چونکە چاوەڕواننەکراو هەرکات ئەگەری ڕوودانیان هەیە و بەدڵنیاییەوە لە ساڵانی داهاتوودا توانای کەڵکوەرگرتن لە جۆرەکانی ئۆتۆمبێل و کۆمپیۆتەر زۆر زۆر گرنگ و زەروور

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

دەبێت. هەروا کە خۆتان دەزانن لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ئێمە ئاگاداری بڕەوی بەرچاو و خێرای بازاڕی ئۆتۆمبێل لە کۆریا بووین و چاوەڕێ دەکرێ ئەم ڕەوەندە هەروا درێژەی هەبێت. لە داهاتوویەکی نەک زۆر دووردا ئێمە هەر بەم ڕێژەیە بڕەو و زەروورەتی کۆمپیۆتەر بە چاوی خۆمان دەبینن و بەرەبەرە کۆمپیۆتەر دەبێتە ئامێرێکی زەروور لە ماڵ، قوتابخانەکان و هەموو شوێنکارەکاندا. کەواتە جارێکی تر پێم خۆشە جەخت بکەمەوە لەسەر زەروورەتی بەدەستهێنانی ئەم تواناییانە. ئێوە دەبێ خۆتان لە زەروورەتی بێدەربازی ئەم تواناییانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگای مۆدێرن تێبگەن. و لێهاتوویی دیکە کە ئێوە بۆ بینینی ڕۆڵی یەکەم لە شانۆی جیهاندا ئامادە دەکات بەهرە، بڕوابەخۆبوون و هیزی ئێوەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەموو کەس و دۆخێکدا.

توانا و تەکنەلۆژیای کۆریاییەکان قابیلی بەراوردە لەگەڵ هەموو نەتەوەیەکی پێشکەوتووی دیکەدا. من زۆر کاریگەر و موعجیبم بە کارمەندانی دایۆ کە لە سودان، لیبیا و دیتر وڵاتە ئەفریقاییەکان پڕۆژەکانی خۆیان ئاراستە کردووە. ئەم کەسانە لە پڕۆژەگەلی هاوبەش لەگەڵ ئەمریکاییەکان، یابانییەکان و بازرگانی دیتر وڵاتەکاندا باوەڕبەخۆبوونێکی بێوێنەیان نواندووە. بە باوەڕی من کەسێک کە بتوانێ هەموو تواناییەکانی خۆی لە ئەفریقا بەکار ببات، بە موتڵەقی، لە هەموو شوێنێکی دیکەشدا هەر بەم هێز و وزەوە کار دەکات. من هەمیشە بەهرەدارترین و بەرزەفڕترین بەرپرسانی فرۆشتنی بەرهەمەکانی کۆمپانیاکەمان لە پلەی یەکەمدا دەنێرم بۆ وڵاتانی ئەفریقایی و ڕۆژەڵاتی

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

نـاوین. چـونکه به بـاوەڕی مـن ئەم وڵاتـانە لە دژوارتـرین و سـەختترین شوێنەکانی دنیان. لەدوای چەندین ساڵ ئەزموون لەم شوێنانەدا ئەم کەسانە دەنێرمە ئەمریکا و بەریتانیا و دیتر وڵاتانەی پێشکەوتووی بەپیشەسازیبوو. چونکە لام وایە ئەگەر کەسێک تـاقەت و تەحەمـول و تەوانـای خۆتەبـاکردن لەگەڵ ئەم ڕاسپاردەییە دژوارەدا هەبووبێت، بە یەقین بچێتە هەر شوێنێکی دیکەش سەرکەوتوو دەبێت.

لەم دوایـیەدا زۆرێـک لە خەڵـک، بڕێـک لە دیاردەکـانی دنیـا بە شـوێنهاتی شکستهێنانی شارستانیەت و کولتوورە مەزنەکان دەزانن. بە شایەدیی مێژوو، ئەم بابەتە هەموو شارستانیەت و کولتوورەکانی دنیا دەگرێتەوە. لە ئەنجامی ئەم پاشهاتانەدا، داهێنانی کۆمەڵگا لاواز دەبێت، ئەخلاقیـات ڕوو لە دابەزیـن دەکات و فەلسەفەی «خۆش بین» لە گشتیەتی کۆمەڵگادا باو دەبێت. ئێمە زۆربەی ئەم دیاردانە تایبەت بە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان دەزانین. زۆریک لە خەڵکی دنیا ڕاشکاوانە نیگەرانیی خۆیان بەرامبەر بەم دیاردانە لە کۆمەڵگای هاوچەرخی ئەمریکا دەربڕیوە.

بێگومان ئێمە لەسەرمانە تا ئەو شوێنەی دەکرێ لە نەتەوە پێشـکەوتووەکان زانست و پیشەسازی فێر بین بەڵام من هیچ زەروورەتێک نابینم کە لە بەشـە مزێـڕ و نەرێنییەکانیـان پەیـڕەوی بکەیـن. بەداخەوە ڕەوەنـدی بـاوی نێـوان گەنجانی ئەمـڕۆی کۆریـا ئەرێکـردن و پشتڕاسـتکردنی بێچەنـدوچونی هەمـوو سـتایل و شـێوازێکی ڕۆژاوایـیە. بەڵام بە بـاوەڕی مـن ئێـوەی گەنـج هـیچ پێویستتان بە چالێکەری شـێوازە نەخـوازراو و نادروسـتەکان نیـیە. ئەڵـبەت

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

بەتەواوی دروستە کە تا ئێستە ئەم نەتەوانە ڕۆڵی ڕێبەرایەتیی شانۆی دنیایان گێڕاوە بەڵام لەیادتان بێت کە لەمە بەدوا ئەم نەتەوانە بەرەبەرە لە شانۆی سەرەکی دوور دەکەونەوە.

لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا، ئێمە لەژێر ناوی مۆدێرنە، بەپیشەسازیکردنی کۆمەلگا و ڕۆژاواگەرایی هەوڵی زۆرمان دا بۆ پەیڕەوی و چاولێکەری لە نەتەوە پێشکەوتووەکان بەلام ئێستە ڕۆژێک کە لە ڕۆژهەڵاتەوە لە حاڵی هەڵاتندایە هیچ پێویستی بە پەیڕەوکردنی ئەستێرەی ڕوولەداچوونی ڕۆژاوا نییە. ئەو وڵاتانە چیتر پیر و بەساڵاچوون. لەبەرامبەردا ئێمە گەنج و بەهێزین. کەواتە ئەگەر ئێمە گەنجانی چاولێکەری بەساڵاچووان بین، لەجیات خۆئامادەکردن بۆ گێڕانی ڕۆڵی یەکەم، هاوڕێ لەگەل ئەم بەساڵاچووانەدا شانۆکە جێدەهێڵین. ئێستە جیهان سەرنجی خستۆتە سەر ئێمە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئێوەی بەرەی نوێ کە بە جۆشوخرۆش و وزەوە، توانا و بەهرەکانی ئەم وڵاتە بۆ جیهانیان ئاشکرا بکەن. یەکێک لە ئاوات و چاوەڕوانییە قووڵەکانی من بەردەوام ئەمە بووە کە ئێوە، پیشڕەوانی سەردەمی نوێ و قارەمانانی دنیای تازە بتوانن بەباشترین شێوە بەرپرسیارێتییەکانی خۆتان بەجێ بهێنن و لە هەمان کاتدا تەنانەت بۆ ساتێکیش فەرامۆشی نەکەن کە ئێوە یەکەم بەرەی کۆریایین کە پێی ناوەتە شانۆی جیهانەوە و سەردەمی نوێی جیهان بە ئێوەوە دەکرێتەوە.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

[١٢] نهێنیی تەندروستی

خەڵکانێـک لەسـەر ئەو بـاوەڕەن کە مـن نهێنییەکـی تـایبەتم هەیە بـۆ تەندروسـتیی خـۆم. چـونکە بە وەهـا وزە و خێـراییەکەوە کارەکـانم ئەنجـام دەدەم کە بۆ زۆرێک لەوان ئەم خێراییە مەحـاڵ یـان زۆر دژوار دیـارە. بەڵام من هیچ نهێنییەکم بۆ تەندروستیی خۆم نییە و هەرگیزیش کاتێکی وام بـۆی تەرخان نەکردووە. ڕەنگە بڕێک زیادەڕۆییە، ئەگەر بڵێم من هەمیشە خـۆم بە گەنج دەبینم و هەرگیزیش نیگەرانی تەندروستیی خۆم نەبوومە.

لەمـاوەی جەنگـی کۆریـادا، کاتێـک کە لەگەڵ خـانەوادەکەم لە «تـائەگو» ڕامانکرد، بۆ فرۆشتنی ڕۆژنامە ١٠ ک.م بەپێی پیـادە دەڕۆشـتم. ڕەنـگە ئەم ڕێڕۆشتنە دووردرێژە بناغەی مەحکەمی تەندروستیی منـی دانابێـت. لە کـاتی خوێندکاریشدا لە بۆکس و دیتر وەرزشەکاندا چالاکیم هەبوو.

ڕەنگە هەنـدێک لە کەسـەکان وا بـزانن چـونکە بازرگـانم، حەتـمەن لە یـاریی گوڵـف دەزانـم، بەڵام مـن تـا ئێسـتە تەنـانەت دەسـتم بـۆ چۆگـانی گوڵـف نەبردووە. هەرگیز نە دەرفەتی گوڵفم هەبووە و نە وەکوو وەرزشـێک قبـووڵم کـردووە. کەواتە زۆر بـۆم سـەرنجڕاکێش بـوو، کاتێـک لە کتێـبەکەی دامەزرێـنەری ناوەنـدی پیشەسـازیی بەناوبـانگی یابانیـدا «توکوتوشـیو» خوێندمەوە کە هەستی ئەو بەنیسبەت گوڵف ڕێک هاوشێوەی منە. جارێکیان کە بڕێک لە کارمەندەکانی داوایان لێکرد کە گوڵف بکات لە وەڵامدا گوتی من

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

هەر نازانم ئێوە بۆچی شەیدای ئەوەن کە تۆپێکی بچووک بخەنە کونێکی بچووکەوە. ئەو گوتی کە بەڕێوەبردنی ناوەندێکی پیشەسازی زۆر خۆشتر و پڕهەیەجانترە لە یاریی گوڵف.

ئەمە ڕێک هەستەکەی من دەردەبڕێت. کاتێک باسی سەرگەرمی و مەشغووڵیات دەکرێت، یاریی گوڵف لە کۆتایی لیستەکەی منداید. چێژێک کە من لە کاکردن دەیبەم زۆر زیاتر لەمانەیە. و لەباری تەندروستیشەوە هیچ بایەخێک بۆ یاریی گوڵف قایل نیم. چونکە بەباوڕی من کار و چالاکیی چڕوپڕ وەرزشێکی زۆر کاریگەرترە. بە باوەڕی من تاکی تێکۆشەر پیویستی بە وەرزش نییە.

هەمیشە، کاتێک کەسانێکی زۆر لە هۆڵی لەشجوانیدا دەبینم، لام وایە ئەم کەسانە کاتی خۆیان لێرەدا بەم هۆیەوە بەفیڕۆ دەدەن چونکە شوێنێکی تریان نییە کە تێیدا عارەقە بڕێژن. ژمارەی هۆڵە وەرزشییەکان و مەلوانکە و سۆنا لە کۆریادا بەخێرایی لەحاڵی زیادبووندایە. ئەم بابەتە دەرخەری ئەوەیە کە ژمارەیەکی زیاتر لە خەڵکی ئێمە بۆ پاراستنی تەندروستیی خۆیان ڕوویان لە وەرزش کردووە. بەڵام هێشتا تێناگەم بۆچی کەسەکان بۆ تەندروستی و لەشجوانیی خۆیان ئەم هەموو پارە و کاتە تەرخان دەکەن. ئەگەر کەسێک پرسیارم لێبکات کە نهێنیی تەندروستیی ئێوە چییە، وەڵام دەدەمەوە - تێکۆشان و سەخت تێکۆشان. من لەڕاستیدا وزە و هێزی پێویست بە ئەنجامدانی چالاکیی زۆر بەدەست دەهێنم. لە هەمان کاتدا بە باشی دەزانم کە کارگەلی وەرزکەر و ماندووکەر تا چ ڕادەیەک دەتوانێ بۆ

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

تەندروستیی مرۆڤ زیانبەخش بێت و لەبەرامبەردا کارێکی دڵخواز دەتوانێ چەندە بۆ مرۆڤ بەسوود و دڵخۆشکەر و وزەبەخش بێت. کەواتە کارەکەتان بە چێژ و شادییەوە ئەنجام بدەن، لەم حاڵەدا بەڕاستی هەست بە شادابی و دڵخۆشی دەکەن. عارەقەدەردان لە کاتی کارکردندا زۆر بەنرختره لە عارەقەدەردان لە هۆڵەکانی وەرزشدا. کار و چالاکیی چڕوپڕ نهێنیی تەندروستیی منە. من پێشتریش گوتم کار بۆ من لە حوکمی سەرگەرمیدایە. ئێستە ڕاشکاوانە دەڵێم کار و هەوڵدان و تێکۆشان نهێنیی سڵامەتی و تەندروستیی منە.

لام وایە هۆکاری کاریگەری دیکەی تەندروستییەکەم، خواردنی گونجاو و هەمەجۆرە. من بەردەوام ڕژیمی خواردنی هاوسەنگ ڕەچاو دەکەم. بەگشتی ڕادەیەکی زۆری خواردن بە خێرایی دەخۆم، ئەگەر پڕجووڵە و تێکۆشەر بن، ناچارن خواردنی زۆر بخۆن. من لەوڕووەوە کە بۆ زۆربەی شوێنەکانی دنیا سەفەرم کردووە بە هەموو جۆرەکانی خواردن ڕاهاتووم.

مەسەلێکی دێرین هەیە کە دەڵێ، خواردنی گونجاو باشترین دەرمانی پێشگیرییە و هەر لەم بارەوە لام وایە ئەگەر زۆر ئیرادگر نەبن و خواردنی گونجاوتان هەبێت، چیتر بۆ دەرمانی نەخۆشی پێویستتان بە گژوگیا و شتی نەریتی نابێت. کەواتە هەموو جۆرە خواردنێک بەوپەڕی چێژەوە بخۆن. بەڵام ئەگەر تایبەت بە خواردن ئیرادگر بن، بە ئاسانی ناتوانن بۆ شوێنەکانی دیکەی دنیا سەفەر بکەن، چونکە لە سەفەری دەرەکیدا لەگەڵ کەسانی جۆربەجۆر لە پێوەندیدا دەبن و هەر بەم ڕادەش دەکەونە بەردەم خواردنی

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

گەلێک فرەچەشن و جیاواز. و بۆ هاوڕێیەتی و ئامۆشۆ لەگەل کەسانی جیاواز دەبێ ئامادەی خواردنە جۆربەجۆرەکان بن. ئەگەر بچنە ئەفریقا، دەبێ خواردنە ئەفریقاییەکان بخۆن و ئەگەر سەفەر بکەن بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین دەبێ گۆشتی مەڕ بخۆن. تەنانەت ئەگەر خواردنەکە بە دڵتان نییە دیسان دەبێ بیخۆن و چێژی لێ ببەن. بە باوەڕی من ئەمە باشترین ڕێگە و شێوازی پەیداکردنی هاوڕێیە.

ئەم بابەتە کاتێک بەنیازن بەرهەمەکانی خۆتان بفرۆشن زیاتر گرنگی پەیدا دەکات. هەندێک جار پێدەچێ لە شەوێکدا بۆ دوو شوێن بۆ خواردن بانگێشت بکرێم، لە وەها دۆخێکدا هەوڵ دەدەم لە هەردوولا بخۆم و چێژی تەواو وەرگرم. هەرگیزیش لەبارەی خواردنەوە ئیرادگیر نەبوومە و لام وایە چێژبردنی ڕادەبەدەری من لە خواردنی هەموو جۆرێک و هەبوونی من لەگەڵ خەڵکانی جۆربەجۆر لە سەرکەوتنی نێودەوڵەتیی مندا زۆر کاریگەر بووە.

ئەڵبەت من بە باشی دەزانم کە نابێ خەڵک هان بدەم بە خێرایی خواردن بخۆن. بەڵام چونکە من هەمیشە پەلە دەکەم، خێران نانخواردن بووەتە قاڵبی زەینم. بەگشتی کاتێک لەگەڵ کارمەندانی دایوۆ نان دەخۆم، پێش ئەوەی کە ئەوان نیوەی خواردنەکەیان بخۆن، من خواردنەکەم تەواو کردووە. ئەڵبەت بڕێک لەو کەسانەی کە لە سەفەرە نێودەوڵەتییەکاندا هاوڕێیم دەکەن، ئەوانیش هەر بەم شێوە ڕاهاتوون و بەو شێوەی کە دەربارەی ناپلیۆن باس کراوە. ئەو ٨ دەقەی بۆ نانی نیوەڕۆ و ١٢ دەقەی بۆ خواردنی

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

شەو تەرخان دەکرد. ئەمە نیشانی دەدات، کە لە درێژایی مێژووشدا کەسانی سەرقاڵ کاتێکی زۆریان بۆ نانخواردن تەرخان نەکردووە.

خاڵی گرنگی ئەم باسە، خواردن نییە بەڵکوو زیاتر دەربارەی پاراستنی تەندروستییە بەبێ بەکاربردنی گژوگیا و وەرزش و شتی لەم جۆرە. فەلسەفەی تایبەتی من ئەوەیە کە دەکرێ لەڕێگای عادەتەکان و کاروباری ڕۆژانەوە تەندروستی بپارێزرێت.

ڕەوەندی ئەمڕۆیی کۆمەلگا جۆربەجۆرەکان، ئاراستەی ڕادەبەدەرە بەلای سلامەتی و تەندروستیی جەستەوە. بەڵام من پێم باشە گرنگیی تەندروستیی دەروونیش بکەوێتە بەر سەرنج. دەروونی تەندروست ئێجگار گرنگە. ئەم بیرکردنەوی کە جەستەی پڕماسولکە ڕەمزی تەندروستیی موتڵەقە، پێدەچێ بەرەبەرە ببێتە نەخۆشییەکی دەروونی. ئەم بۆچوونانە پێدەچێ ئێوە بباتە قۆناغێک کە وا بزانن خۆڕاگری و وەستانەوە بە مانای کەڵکوەرگرتن لە هێزی جەستەیە، بەڵام بە باوەڕی من ئەم جۆرە بیرکردنەوە خۆی دەتوانێ ژیانتان لەناو ببات. چونکە جەستەی تەندروست کاتێک بایەخی هەیە کە زەینێکی تەندروست تەواوکەری بێت.

بەوەیشەوە کە من دامەزرێنەری ناوەندێکی پیشەسازیم، بەلام لام وایە دەروونی مرۆڤ زۆر گرنگترە لە جەستەی ئەو. مەبەستی دامەزرێنەرێکی پیشەسازی لەڕاستیدا ئەوە نییە کە قەڵەو و گۆشتن بێت. مەبەستی سوکراتی برسیش ئەوە نەبوو کە ببێتە سوکراتێکی تێر یاخود سوکراتێکی گۆشتن. ئێمە دەبێ بەوپەڕی توانای خۆمانەوە ئەو جۆرە پێشکەوتنە

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ئابووری و مادییانەی کە دواجار دەبنە هۆ شۆڕبوونەوە سکەکان و تێربوونی نەفس بە موتڵەقی ڕەد بکەینەوە. گرنگیدان بە ماڵ و سامان تا ئەو شوێنە بایەخی هەیە کە ئاوێتە بە گەشەکردنی ڕۆح و دەروون تاکەکانی کۆمەڵگا بێت. ئەمەی لێبەدەر پەروەردەکردنی جەستە بە تەنیا ئێجگار زۆر زیانی هەیە بۆ سروشت و زەینی مرۆڤ. ئەم جۆرە گەشەکردنی ئابوورییە بۆ کۆمەڵگا لە حوکمی نەگبەتی و داماویدا نەک نیعمەت و بەرەکەت.

دیارە جەستەی تەندروست زۆر کاریگەرە لە تەندروستیی دەروونیشدا چونکە زەین و عەقڵی تەندروست بەهاکانی مرۆڤ کۆنترۆڵ دەکات. کەواتە پێم باشە جەخت لەوە بکەمەوە کە تەندروستیی زەین و دەروون لەپێش تەندروستیی جەستەدایە.

ئەمڕۆکە، ڕادەبەدەر لە گیری تەندروستی خۆیاندان. ئەڵبەت من بە هیچ شێوە نامەوێ تەندروستیی جەستە پشت گوێ بخەم. چونکە بۆ ئەوەی کە مرۆڤ بتوانێ لە خواردن و ئەنجامدانی کارە دڵخوازەکانی ئەوپەڕی چێژ وەرگرێت، دەبێ جەستەیەکی تەواو تەندروستی هەبێت. ئەڵبەت نەک بەو مانا بەردەوام هەموو فکر و داڵغەتان لای تەندروستی جەستەتان بت. بە باوەڕی من باشتر وایە مرۆڤ بە زەین و عەقڵی تەندروستەوە بژی، تا ئەوەی کە بۆ تەندروستیی جەستەی بەردەوام دەوا و دەرمان و گژوگیا بخوات یاخود هەمیشە لە هۆڵە وەرزشییەکاندا کات بەسەر ببات.

کاتێک کۆمەڵگا ئاسوودەی و پێشکەوتنی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت گرنگیدان بە مادییات و ماڵ و سامان زیاد دەکات و کەسەکان بە ئاسانی گرنگی و

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

بایەخی تەندروستیی دەروون فەرامۆش دەکەن. ئەمڕۆکە زۆرێک لە خەڵک لەباری جەستەییەوە زۆر تەندروست دیارن، بەڵام لەباری دەروونییەوە لە دۆخێکی نالەباردان. ئێوە ئەگەر دەروونتان ناتەندروست بێت، تەندروستیی جەستە چ بایەخێکی هەیە بۆتان. سکی تێر یان زەینێکی کورت و لادەر دەتوانێ چ قازانجێکی بۆ مرۆڤ هەبێت.

جارێکیان لە شوێنێکدا خوێندمەوە کە گەنجانن نازانن چۆن لە کاتی خۆیان کەڵک وەرگرن و بەساڵاچووەکان نیگەرانی ئەوەن کە چەندە لە تەمەنیان ماوەتەوە. هەر بەم پێیە پێم خۆشە بەو گەنجانەی کە لایان وایە کاتێکی زۆریان لەبەردەستدایە و هەربەم هۆیەوە هیچ بایەخێک بە کاتەکانی خۆیان نادەن، بڵێم کە ئەوان ماوەیەکی زۆرە دەورانی گەنجێتیی خۆیان لەدەست داوە. بەباوەڕی من ناحەق نییە ئەگەر بڵێین گەنجان زیاتر لە گرنگی بە تەندروستیی زەین و دەروونی خۆیان دەدەن و بەساڵاچووەکان زیاتر نیگەرانی دۆخی جەستەیی خۆیانن، بەم شێوە گەنجانێک کە تەنیا گرنگی بە تەندروستیی جەستەیی خۆیان دەدەن، گەنجێتیی خۆیان بەفیڕۆ داوە.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

[١٣] کار وەکوو سەرگەرمی

من زیاتر لە ٢٠٠ ڕۆژ لە ساڵێکدا وام لە سەفەری دەرەوەی وڵات و ڕێژەیەکی تری ڕۆژەکانی ساڵیش بە سەفەری ناوخۆوە دەبەمە سەر. هەربەم هۆیەوە کاتی بەتاڵبوون کە لەگەڵ خانەوادە بیگوزەرێنم زۆر کەمە. هەندیک کات نەک هەر ڕۆژی لەدایکبوونی هاوسەر و منداڵەکانم بەڵکوو هی خۆشم لەیاد دەکەم.

من کار و سەرقاڵیی زۆرم هەیە. دەبێ دان بەوەدا بنێم کە لەم هەموو کار و چالاکییە زۆر ڕازی و دڵخۆشم و وەها چێژیان لێ وەردەگرم کە هەندێک دەڵێن شێت و شەیدای کارکردنم. لە سەرەتای کاکردن تاکوو ئێستە تەنانەت یەک ڕۆژ چییە نەچوومەتە پشووی خۆویستانە و هەرگیز لەبیرم نایەت کە بۆ پشوو لەگەڵ خانەوادەکەم چووبێتمە کەنار دەریا. ئەڵبەت لەم بارەوە هیچ داخ و حەسرەتێکم نییە.

من لام وایە ئەگەر ئێوە بە هەموو بوونتانەوە لەپێناو کار و چالاکیی خۆتاندا هەوڵ بدەن، سەرکەوتنتان گەرەنتی دەبێت. کەسێک کە بە هەموو بوونیەوە هەوڵ بدات، هەرگیز شکست ناخوات.

لام وایە کەسانێک بیر بکەنەوە کە بڵێی کەسێکی پڕکار و چالاکی وەکوو من لە چ جۆر سەرگەرمییەک چێژ دەبات. ڕەنگە زۆر نەتوانن تێبگەن کە بۆچی

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

من لەبری ئەوەی کە هەندێک جار کار تێکەڵ بە خوشگوزەرانی بکەم تا ئەم ڕادەیە شەیدای کار و چالاکیم.

بە باوەڕی من ئەم تێڕوانین و بۆچوونانە تایبەت بە کەسانێکن کە هەرگیز تام و چێژی ڕاستەقینەی کارکردنیان نەچەشتووە و لە خەسڵەتە جوانەکانی گەنجێک تێنەگەیشتوون کە بە هەموو بوونیەوە خۆی تەرخان کردووە بۆ کارەکەی و دواجار نازانن سەرکەوتن و سەربەرزی چ چێژێکی هەیە.

ئاساییە کار و چالاکی بۆ هەندێک لە کەسەکان ماندوویی و وەڕەزکەرە. بەپێی ئاماری ئەم دواییانە ڕای ٢٣%ی خوێندکارانی کۆلێژ لە کۆریا بەنیسبەت کارەوە، نەرێنی بووە و وشەگەلێکیان بۆ بەکار بردووە لە وێنەی «نەفرەتاوی»، «پڕ دڵەڕاوکێ»، «بێزارکەر». ئەم ئامارە نزیکەی دوو ئەوندەی ئەو کەسانەیە کە تێڕوانینیان بۆ کار و پیشە ئەرێنییە. من هەست دەکەم گەنجانی ئەمڕۆ لەبری ئەوەی کە کار و پیشە وەکوو ئامجێکی سەرەکی بناسن تەنها وەکوو ئامرازێک بۆ گەیشتن بە خواستەکانیان سەیری دەکەن.

بەباوەڕی من زۆر غەماوەرە مرۆڤگەلێک کە لە هەموو بارێکەوە وابەستەی یەکترن، کار و پیشە تەنها بە ئامرازێک بۆ پڕکردنی سکیان بزانن و لەمە ناخۆشتر دۆخی کەسانێکە کە لە سەرەتای گەنجێتیدا لەجیات ئەوەی کە پڕ لە وزە و شادابی و ئاوات بن بەنیستبەت کارەکەیانەوە هەست بە ماندوویی و وەڕەزی دەکەن.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

کەسەکان ئەگەر لەجیات ئەوەی کە کار و پیشە بە هۆکاری سەرکەوتن، بەختەوەری، گەشەی کەسایەتی و باشتربوونی کۆمەڵگا بزانن، تەنها وەکوو ئامرازی بەدەستهێنانی سروەت و سامان سەیری بکەن، لە ڕاستیدا سووکایەتییەکی گەورەیان بە زاتی کار و پیشە کردووە.

کار و پیشە زۆر پڕبایەخ و گرانبایە و ناکرێ تەنها لەباری ماڵی و داراییەوە سەیر بکرێت. ئەگەر گرنگی بە کار و پیشەی خۆتان بدەن و لێی ڕازی بن، لەوحاڵەدا پیشەی ئێوە دەبێ بە سەرچاوەی شادی و چێژی ناکۆتای ئێوە و ئەم چێژە لەخۆیدا ڕەزایەت و سەربەرزیی ئێوە ئەوندەی تر زیاد دەکات.

ئەم بابەتانە بەنیسبەت خوێندنیشەوە ڕاستن. خوێندکاران دەبێ بە جدیەتەوە بخوێنن، ئێوە دەبێ بەڕادەیەک نوقمی خوێندنەوە و وانەکانتان بن کە ئەوانی تر بە کرمی کتێب ناوتان ببەن. ئایا تاکوو ئێستە سەیری شەوقی چاوانی خوێندکارێکتان کردووە کە نوقمی خوێندنە. وجوودی ئەم خوێندکارانە ڕووناکییەکی تایبەتی هەیە و بەباوەڕی من هەرکەس کە بەتەواوی نوقمی کارەکەی بێت هەر بەم شێوە دەدرەوشێتەوە. نابێ کار و پیشە تەنها بۆ دەستخستنی پارە و خوێندن بۆ دەستخستنی نمرە سەیر بکرێن. کەسەکان دەبێ لە کارەکەیان و خوێندکاران لە خوێندنەکەیان چێژی فراوان وەرگرن. زۆر جێی داخە کە خوێندکارانێک ببینین کە خۆیان ناچار بە خوێندنەوەی وانەکان دەکەن و لەوەش ناخۆشتر ئەوەی کە خوێندکارانێک هەن کە تەنانەت بە ناچاریش ناتوانن بخوێنن.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

کەواتە ئێوە نابێ خوێندن بە وەزیفەیەکی ناچارەکی بزانن، ئەگەر وایە دەبێ شێوازی تێڕوانینتان بگۆڕن. لە هەنگاوی یەکەمدا دەبێ خوێندن بە کارێکی خۆتان و شتێک کە حەزتان لە ئەنجامدانیەتی بزانن. لەم حاڵەدا خوێندن بۆتان خۆش و ڕاکێشەر و سەرچاوەی چێژ دەبێت. بەپێی ئەم بابەتانەی باسمان کرد ئێوە دەبێ پیشە و خوێندنی خۆتان وەکوو جۆرێک سەرمایەگوزاری لەپێناو ئاسوودەیی کۆمەڵگادا سەیر بکەن.

کاتێک کەسێک لە سەرگەرمییەکانم پرسیار دەکات زۆر دڵەڕاوکێم دەبێت، چونکە لەو کاتەدا تەنانەت یەک نموونەش نایەتە زەینم. بەوەیشەوە کە هەندێک جار یاریی «گۆ[1]» ئەنجام دەدەم بەڵام ناتوانم وەکوو سەرگەرمی ناوی ببەم چونکە ئەمە سووکایەتییە بە یاریزانانی لێهاتوو کە ئەم یارییە بە سەرگەرمیی ڕاستەقینەی خۆیان دەزانن. من هەرگیز گۆلفم نەکردووە و تاکوو ئێستە پێم نەناوەتەوە هۆڵی کۆنسێرت یاخود شانۆ.

تەنها شتێک کە بۆم چێژبەخشە کارە و تاکوو ئێستە هیچ کەس منی ناچار بە کارکردن نەکردووە. کەواتە ئەگەر سەرگەرمی شتێکە کە مرۆڤ بە ئەنجامدانی تەژی دەبێت لە چێژ و شادومانی، لەم حاڵەتەدا سەرگەرمیی من کارکردنە.

ئەگەر کار و خوێندن بە وەزیفەیەکی زیادە بزانن، بەرەبەرە هەردووکیان وەک قورساییەکی کوشندەیان لێدێت بەسەر شانتانەوە. بەڵام ئەگەر کار و خوێندن بە سەرگەرمی بزانن ئەنجامدانیان زۆر دڵخواز و ئاسانتر دەبێت و

---

[1] یارییەکی ڕۆژهەڵاتی دووکەسی کە بە مۆرەی ڕەش و سپی لەسەر سەفحەیەک یاری دەکرێت.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ئێوە بە هەموو بوون و ناختانەوە ئەنجامیان دەدەن و سەرەنجام هێز و تواناییەکانتان زیاد دەبن. لەلایەکی ترەوە هەرچەندە هێز و تواناییەکانی ئێوە زیاد بکات، ئەنجامی باشتر و دڵخوازتر بە نەسیبتان دەبێت، سەرەنجام بەختەوەری و ڕەزایەتی تەواو بۆتان دەستەبەر دەبێت.

ئەگەر بازرگانێک لەگەڵ ئەنجامدانی کار و بەرپرسیارێتییەکەی وەکوو سەرگەرمییەک چێژی لێببات، بەرەبەرە بازرگانییەکەی ئەو برەو پەیدا دەکات و ئیمکانات و تواناییەکانی بەربڵاو دەبنەوە. هەر بەم ڕادە ئەگەر خوێندکارێک وەکوو سەرگەرمییەک لە خوێندنەکەی چێژ وەرگرێت بە دڵنیاییەوە پلە و نمرەکانی زۆر باڵا دەبن و دواجار دەتوانێ خەڵات وەرگرێت و خوێندکاری نموونەیی بێت. ئەگەر باوەڕ بە قسەکانی من ناکەن، تەنها یەک جار تاقیی بکەنەوە. بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن ئەگەر جگە لەمە ڕەفتار بکەن وەکوو ئەوە وایە کە لە هەوڵی دەست ڕابکێشن بۆ ئەستێرەیەک لە ئاسماندا، بەڵام ئەگەر بە هەموو بوونتانەوە نوقمی کارێک ببن و چێژی لێ وەرگرن، هەرگیز شکست ناخۆن.

حەوت ساڵ پێش دامەزراندنی کۆمپانیای دایۆڤ لە کۆمپانیای یەکێک لە خزمەکانم دەستم بە کارکردن کرد. بەوەیشەوە کە یەکێک لە ئەندامانی خانەوادەی خاوەنکار بووم، بەڵام وەکوو کارمەندێکی ئاسایی کارم دەکرد و جۆرێک کارەکەم ڕادەپەڕاند دەتگوت خۆم خاوەنکارم. من ماتڵی فەرمان و پێگوتن نەدەبووم. هەمیشە خۆم لە هەوڵی ئەنجامدانی کارەکاندا بووم. هەرگیزیش درەنگ نەدەچوومە شوێنکار و تەنانەت یەک ڕۆژ داوای پشووم

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

نەکرد. لەباری چێژێکی بێوێنەوە کە لە کار وەریدەگرم هەتا بە ئەمڕۆ هەر بەو تامەزرۆیی و دڵگەرمییەوە چالاکی دەکەم. کەواتە چێژی تماشاکردنی فیلمێکی دڵخواز یاخود یاریی گوڵف لەگەڵ چێژ و هەیەجانێک کە لە سەرکەوتن لە گرێبەستێکدا کە پاش هەوڵ و تێکۆشانی زۆر لەگەل خاوەنە بەرجەستەکانی بازرگانیی نێودەوڵەتی بە من دەگات، بەهیچ شێوە بەراورد ناکرێت.

ئەڵبەت هێشتا ئێستەش هەندێک کات لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ کەسانی نوێ لەپێوەندی بە پرۆژەگەلی نوێوە تووشی دڵەڕاوکێ دەبم، ڕەنگە هەمان هەیەجان و دڵەڕاوکێ کە وەرزشکارێک لەکاتی تاقیکردنەوەی تواناکانیدا تووشی دەبێت. بەڵام هەرچی پرۆژەکە گەورەتر و گرنگتر بێت، من زیاتر گرنگی و سەرنجی خۆم لەسەر کار و پرۆژە و بابەتەکان چڕ دەکەمەوە. لەدوای ئەوەی کە کارتە بەهێزەکانی خۆم بەکار دەبەم و گرێبەستەکە بە سەرکەوتوویی ئەنجام دەدەم و لەوپەڕی ڕەزایەتدا لەگەڵ لایەنی بەرامبەر تەوقە دەکەم، شادی و دڵخۆشییەکی بێوێنە من دەگرێتەوە.

ئەمساڵیش ناتوانم بەڵێن بدەم بە خانەوادەکەم کە حەتمەن بۆ ڕۆژی لەدایکبوونیان لای ئەوان دەبم. ئەڵبەت لەم بارەوە زۆر بەداخەوەم بەڵام لەوەش کە خانەوادەیەکی ئاوا تێگەیشتووم هەیە زۆر شوکرانەبژێرم.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

بەشی دووەم: وانەیەک لە دنیای داوداوەکان

[١] وانەیەک لە دنیای داوداوەکان

لە سرووشـــتدا جۆرێـــک داوداوە هەیە کە لەدوای هێلکەکـــردن لە تـــوێخڵی درەختدا، بە ڕستنی داو بەسـەر هـێلکە پڕشـومارەکانیدا لە دیـدی هەمـووان دەیانشارێتەوە. لەدوای مـاوەیەک بێچـووە داوداوەکـان لە هـێلکە دێـنە دەر و داوداوە بەبـێ ئەوەی کە هـیچ هەوڵ بـۆ ئاسـوودەیی خـۆی بـدات دەکەوێـتە هەوڵ بۆ دۆزینەوەی خـواردن بـۆ بێچووەکـانی، کارێـک کە هەمـوو ئـاژەڵان و خشۆکەکان ئەنجامی دەدەن.

کاتێک کە بێچووە داوداوەکان گەشەیان کرد و ئەوندە بەهێز ببن کە خۆیـان بچـن بـۆ ڕاو، دایـک بەهـۆی مانـدووبوونی زۆرەوە بڕسـتی بـڕاوە و دەمرێـت. سەرســـــووڕێنتر ئەوەی کە، جـــــۆرێکی تـــــری داوداوە لەدوای ئەوەی کە بێچووەکـانی لە هـێلکە هـاتنە دەر جەسـتەی خـۆی وەکـوو خـواردن دەخـاتە بەردەسـتیان. ئەم بـابەتە تـا ڕادەیەک بـاوەڕنەکراوە، بەڵام جەسـتەی دایـک لەباری خواردنییەوە زۆر پڕ و گونجاوە بۆ بێچووە داوداوەکان.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

خاڵی شڵەژێنەری ئەم دیمەنە ئەوەیە کە درێژەی ژیانی بێچووە داوداوەکان گرێدراوی گیانبازی و مەرگی دایکە، واتە دایک دەبێ لەناو بچێت تاکوو بێچووەکان درێژە بە ژیان بدەن.

بەڵێ، ئاسوودەیی بەرەی داهاتوو گرێدراوی فیداکارییەکانی بەرەی ئێستەیە. لەڕاستیدا دابینکردنی ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی بەبێ فیداکاری مەیسەر نابێت. ئەگەر بمانەوێ لەباری تاکەکەسییەوە ئەم بابەتە هەڵسەنگێنین دەبێ بڵێم بەختەوەریی منداڵەکان گرێدراوی فیداکاری و لەخۆبوردوویی دایک و باوکەکانە. فرمێسک و ئازارەکانی بەرەیەک دەبێتە هۆی گەشەکردن و ئاسوودەیی بەرەیەکی تر.

هاوتەریبی ئەمە، دایک و باوکە نابەرپرسیار و لەشگرانەکان، ڕێگایەکی پڕ چەرمەسری و نەگبەتی دەخەنە بەردەمی منداڵەکانیان.

دەیان جار دیومە، خانەوادە سەرکەوتووەکان کەسانێکن کە دایک و باوکیان لەبری ئەوەی کە بیر لە ئاسوودەیی خۆیان بکەنەوە، بۆ ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانیی منداڵەکانی خۆیان فیداکاری و لەخۆبوردوویان کردووە، ئەمانە دەڵێی یاسای سروشتیی داوداوەکان پەیڕەو دەکەن، ئاسوودەیی ئەمڕۆیی وڵاتی ئێمە ئەنجامی ڕاستەوخۆی ئەو فیداکاریی و لەخۆبوردوویانەیە کە بەرەی پێشوو لە خۆیان نیشانیان داوە.

ئەم بابەتە سەبارەت بە هەموو نەتەوە پێشکەوتووەکانی دنیا وەڕاست دەگەڕێت. سەرکەوتنی کۆمەڵگایەک لەسەر بناغەی فیداکارییەکانی هەموو بەرەیەک دادەمەزرێت. خەڵک زۆربەی کات باسی «موعجیزەی راین»

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

دەکەن. ئایا بەڕاستی ئەم ڕووداوە موعجیزە بوو. «موعجیزەی راین» هیچ نەبوو جگە لە کاری پڕووکێنەر و شەووڕۆژیی سەرانسەر خەڵکی ئەڵمانیا بۆ بونیادنانی ئەڵمانیای نوێ. هەڵمەتی بیناسازی هەمان ناوبانگی پڕخرۆشی فیداکاری و لەخۆبوردوویی ئەم نەتەوەیە و ئەم لەخۆبوردوویە خاڵی بەهێزی ئاسوودەیی ئەڵمانیای ئەمڕۆییە.

لەم نموونانە زۆرن و کۆتاییان نییە. ڕۆحی فیداکاری و لەخۆبوردوویی کۆچبەرانی کشوەری ئەمریکا، بناغەدانەری پێشکەوت و سەرکەوتنەکانی کۆمەڵگای ئەمریکای ئەمڕۆیە. سەرکەوتنی یابانیش تا ڕادەیەکی زۆر قەرزداری فیداکاریی خەڵکی ئەم وڵاتەیە لە ماوەی حکوومەتی «سی ئەی جی»دا.

هیچ شتێک لە ژیاندا بەلاش بەدەست نایەت و هیچ ڕووداوێک ڕێکەوت نییە هەرچی زیاتر هەڵبکەنن، چاڵێکی قووڵتر بەدی دێت و هەرچی چاڵەکە قووڵتر بێت، ئاوی زیاتری تێدا دەبێت. ئەسڵی گرنگ و بنەڕەتی هەر ئەمەیە و هیچی تر.

سەبارەت بە کۆریا، بەرەی دەیەی شەستەکان فیداکاری و لەخۆبوردوویی زۆریان بۆ بەرەی داهاتوو لەخۆیان نواند. ئەم فیداکارییە لە ئاستێکدا بوو کە من ڕاهاتووم لە نەوەی خۆم وەکوو نەوەی فیداکار ناو ببەم. لە ماوەی شەستەکاندابوو کە ئێمە پەیمان بەرد بە ئەگەری دامەزراندنی بینای ئابوورییەکی مەحکەم و پایەدار و نەتەوەیەکی زۆر بەهێز. پاشان بە ئیرادەیەکی بەهێز و پشتئەستوورییەوە ئەم ئامانجانەمان بەدی هێنا،

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ئاسوودەییەک کە بەرەی ئەمڕۆ هەیەتی، بەرهەمی هەوڵ و فیداکارییەکانی ئەو دەورانەیە.

من لام وایە کە بەرە فیداکارەکان چرای درەوشاوەی ڕێگای مێژوون، ڕووناکییەک کە لە ئیرادەی قاییمی ئەوانەوە بۆ دروستکردنی نەتەوەیەکی خۆشگوزەران و بەختەوەر و ژیانی نوێ گوزارشت دەکات. بۆ کۆریاییەکان ئەم ڕووناکیە بە مانای ئیرادە و بڕیاری ئەوانە تاکوو نەتەوەیەکی پێشکەوتوو دروست بکەن و مایەی شانازی و ڕەزایەتی بەرەی داهاتوو بن. بەرەی فیداکار بەرەیەکە کە هیچ شتێکی بۆ خۆی ناوێت و تەنها لە بیری بەرەی داهاتوودایە. ژیانی وەها بەرەیەک لە تێکۆشان و لەخۆبوردوویدا کورت دەبێتەوە.

من بەردەوام لەلایەن نەتەوە پێشکەوتووەکانەوە پرسیارم لێدەکرێت: کە بۆچی ئێوەی کۆریایی هەمیشە بە ئاوا زۆر کار دەکەن و تەنانەت ڕۆژێک چییە پشووتان نییە. ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە لە دۆخی خۆتان ڕازی بن و ژیان بڕێک ئاسانتر بگرن و بڕیکیش بیر لە ئیسراحەت و پشوودان بکەنەوە.

منیش هەمیشە بۆ ئەم پرسیارە یەک وەڵامم هەیە و ئەویش ئەوەی کە ئێوە زۆر دەوڵەمەندتر و باشتر لە ئێمە ژیان دەکەن، کەواتە ئایا لاتان وانییە بەرەی داهاتووی ئەم وڵاتە دەبێ لە هەوڵی ئەوەدا بێت کە ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانیی کۆریا تا ڕادەیەک نزیک بکاتەوە لە ئاستی وڵاتە پێشکەوتووەکان؟ هەستی بەرەی ئێستە ئەوەیە کە ئێمە لەسەرمانە،

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ئامادەکاری بکەین بۆ ئەوەی کە جیاوازییەکانی ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی نێوان کۆریا و وڵاتە پێشکەوتووەکان لە بەرەکانی داهاتوودا کەمتر بکەینەوە و دواجار لەناوی بچێت.

من خۆم لام وایە کە ئەم وڵاتە هیشتا پێویستی بە لەخۆبوردوویی فراوان هەیە. من لەو کەسانە دەترسم کە بە زیادەڕۆیی تازەپێگەیشتووەکانەوە، جۆرێک هەڵسوکەوت دەکەن کە گوایە ئەندامی کۆمەڵگا پیشەسازییە گورەکانن.

بەوەدا کە ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە کۆمەڵگای ئێمە پێویستی بە تێکۆشانی بەردەوامە، بۆیە دەبێ جارێکی تر ڕۆحی فیداکاری و بەرخۆدانی ڕابردوو لە خۆماندا زیندوو بکەینەوە. ئەگەر فیداکاری بە مانای لەخۆبردوویی بەرەیەک بۆ ئاسوودەیی بەرەی داهاتوو بزانین، کەواتە پێویستە هەر بەرەیەک بۆ دروستکردنی داهاتوویەکی دڵخوازتر فیداکاری بکات. چونکە ڕەزایەتی بەرەیەک هەمیشە بە نارەزایەتی بەرەی دواتر کۆتایی دێت.

منداڵێک میوەی درەختێک کە باپیری ناشتوویەتی دەچنێتەوە، ئەگەر درەختێک نەبێت، هیچ شتێک نییە بۆ ئەوەی منداڵ بچنێتەوە. ئەگەر بەرەیەک بەتەواوەتی بیر لە پێداویستی و خواستەکانی خۆی بکاتەوە، سەرەنجام چی بۆ بەرەی داهاتوو دەمێنێتەوە. تەنانەت ئەگەر کاتێک درەختەکان بەر دەگرن زیندوو نەبین، دیسان هەر بەرپرسیارێتی و وەزیفەی چاندنی درەخت لەسەر شانی ئێمەیە.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

چەنـدە چێژبەخشـــە کە منـــداڵێک میـــوەی ئەو درەختـــانەی کە بـــاپیری چانـدوویەتی هەڵبگـرێتەوە و دیسـان بیـر لە چانـدنی درەخـت و هۆکـاری درەختچاندن لەلایەن باپیریەوە بکاتەوە.

فیـداکاری کاتێـک مـومکین دەبێـت کە ئێـوە خۆویسـتی وەلا بنـێن و تەنهـا دەربارەی ئەوانی تر بیر بکەنەوە و ئاسوودەیی ئەوانی تر بە گرنگتر لە مەیل و بەرژەوەنـــدییەکانی خۆتـــان بـــزانن. لەخۆبـــوردوویی بـــاڵاترین ئاســـتی مرۆڤدۆستییە.

ئەمڕۆکە لە کۆریادا زۆرێک لە خەڵـک دەربارەی ئەوەی کە چـۆن تـۆوی گیـا دەبێ بکەوێتە زەوی و لە خاکدا بشاردرێتەوە تاکوو دیسان سەرهەڵبێنێت و بەر بگرێـت، قســە دەکەن. ئەم گۆڕانکارییـانەی تـۆو لەڕاسـتیدا جۆرێـک فیداکارییە. تۆوی گیا دەکەوێتە زەوی و دفن دەبێت پاشـان ڕەگ و شـکۆفە دەدات و دواجار بەر دەگرێت. ئەگەر تۆوی گیا تەنها لە بیـری خۆیـدا بـووایە چـۆن دەیتـوانی بەر بگرێـت! ئەسـڵی بـابەتەکە زۆر ڕوونە، ئەگەر بەرەیەک خۆی فیدا بکات، بەرەی دواتر دەتوانێ بەرهەمێکی بەنرخ درەو بکـات. بەڵام کاتیک کە بەرەیەک لەبەر ئاسوودەیی و بەرژەوەندیی خۆی هیچ فیداکارییەک ناکات، لەڕاستیدا دەرفەتی خولقانی هەمـوو ئاسـوودەیی و سـەرکەوتنێک بـۆ بەرەی داهـــاتوو لەدەســـت دەدات کە ئەم کـــارە، کـــارێکی خۆویســـتانە و گەمژانەیە.

وا دیارە، گەنجانی ئەمڕۆی کۆریا لە بیستنی وشـەی فیـداکاری، بێـزارن. ئەم شـێوە بیرکـردنەوە کـاریگەرە بە کۆمەڵگـای ڕۆژاوایـی، کە جەختیـان لەسـەر

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

تـاکگەراییە و خوازیـاری ژیـانی بـێ زەحـمەت و ژانەسـەرن. دەی باشـە، دەربارەی وشەی «لەخۆبوردوویی» چ هەستێکتان هەیە؟

فیداکاری و لەخۆبوردوویی وشەگەلێکن کە بەرفـراوان لەلایەن بەرەکـانی نەک زۆر دوورەوە بەکـار بـراون، بەڵام وا دیـارە گەنجـانی ئەمڕۆیـی هەرگیـز وەها شتێک فێر نەبوونە. هـیچ کەس وەبیـری گەنجـانی ئەمـڕۆ نـاهێنێتەوە کە بـۆ ئامانجە باڵاکان دەبێ فیداکاری بکەن.

بەوەدا کە هیچ کەس ئەم شتانە وەبیری گەنجان نـاهێنێتەوە، کەواتە بـا مـن ئەم کارە بـکەم. بـۆ داهـاتوو فیـداکاری بـکەن و بـۆ باشـتربوونی کۆمەڵگـای تاکەکەسی لەخۆبـوردوو بـن. دەسـتەبەرکردنی خواسـتە تاکەکەسـییەکان زۆر دڵخوازە، بەڵام خواسـتەکانتان بـکەنە فیـدای ئامـانجگەلی بـاڵاتر چونـک ئەم کارە شێوازی بەنرخکردنی ژیانە.

بەرەی مــن بەرەیەکە کە لەپێنــاو بەرەی دواتــردا وەکــوو تــۆوی گیــا بە لەخۆبوردوویی لە زەویدا چێندرا، و ئێوە گەنجان کەسانێکن کە بەرهەمی ئەم فیـداکارییانە هەڵـدەگرنەوە. فەرامۆشـی نەکەن کە ئێـوەش دەبـێ بچێنـرێن تاکوو بەرەی دوای ئێوە لانیکەم بەرهەمێکیان هەبێت کە هەڵیبگرنەوە.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

[٢] دەرهاویشتەکانی زەین

مـن بەردەوام لەپێوەنـدی بە کـارەکەمەوە هاوڕێیـانی زۆر بـاش و بەنـرخم هەبـووە، یەکێـک لەوان قەشـە «ڕابێـرت شـولەر»، بـانگخوازی نـاوداری نێودەوڵەتیی فیرقەی ئاوانجەلی. ماوەیەک پێشتر بانگێشتم کرد لە یەکێک لە خولە فێرکارییەکان کە بۆ سەرۆکی بەشەکانی کۆمپانیای دایۆڤ ڕێک خرابوو، وتار بڵێتەوە.

قەشە «شـولەر» لە وتارەکەیـدا ئامـاژە بە سـەرۆکی بەشـەکان گـوتی ئەگەر دەتانەوێ بە خواستە ڕاستەقینەکانی خۆتان بگەن، دەبـێ باوەڕبەخۆبوونتـان لەڕێگـای وزەی ئەندێشـەوە، بەهێـز بـکەن. بە واتـایەکی تـر ئێـوە بە هێـزی فیکرییەوە دەتوانن ئایندەی خۆتان دروست بکەن. ئەگەر لەبەرامبەر ئەوانـی تـــردا هەســـت بە بچـــووکی و دامـــاوی دەکەن هۆکـــارەکەی ئەوەیە کە بیرکردنەوەکانتـان نەرێنییـە و خۆتـان زۆر بە ئاسـایی دەزانـن، بەرەبەرە ئەم سفەتانە لەناخی ئێوەدا جێگیر دەبێت و خۆی دەکات بە ناوەندی هەموو ئەم خەسڵەتانە.

وەک نمـوونە ئەگەر بەڕاسـتی دەتـانەوێ ببـنە ژەنیـاری ڤیەڵـۆن یـاخود پـارێزەرێکی بەرجەسـتە، دەبـێ هەمیشـە وا بـزانن کە کەسـێکی بەرجەسـتە دەبن، بەم شێوە ئێوە دەتوانن هەموو پـرس و کێشـەکانی خۆتـان چارەسـەر بکەن و بە ئاواتەکانتان بگەن.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

کاتێک گەنج بووم هەمیشە دەمویست بازرگانێکی سەرکەوتوو بم، ئەگەرچی لەو کاتەدا بیرۆکەکانم زۆر مژاوی و ناڕوون بوون، بەلام ئەو ئاوات و ئامانجانە هەرگیز لێم دانەدەبڕان. دەمویست بازرگانێکی سەرکەوتوو بم کە لەپێناو ئاسوودەیی و پیشکەوتنی نەتەوەکەیدا زۆر کاریگەر بووە و هەمیشە باوەڕم هەبوو کە دەتوانم ئەم کارە ئەنجام بدەم. باوکی کۆچکردووم بەو باوەڕەوە کە من سەرەنجام دەبمە بازرگانێکی سەرکەوتوو هاندەری سەرەکیم بوو. لەوەدوا، من هەمیشە ئەم بیرۆکەیە لە مێشک و زەینمدا دەسووڕایەوە کە سەرەنجام دەبمە بازرگان.

بە خۆمم دەگوت من دەمەوێ ببمە بازرگان و دەبمە بازرگان. من ئەسڵەن بازرگانم و ئەم تەڵقینانە، باوەڕێکی پۆڵایینی لەمندا دروست کرد. بەوەیشەوە کە سەر بە هیچ فیرقەیەکی تایبەتی ئاینی نیم، بەڵام کاتێک کە گەنج بووم هەمیشە هەستم دەکرد خودای مەزن لە شوێنێکدا چاوی لە ژیانمەوەیە.

هەستم دەکرد هەر کارێک دەست پێبکەم سەرکەوتوو دەبم. تەنها پێویست بوو کە بۆ ئەنجامدانەکەی ئیرادە بکەم، لەم حاڵەدا دڵنیا بووم کە دەتوانم ئەنجامی بدەم. لەو کاتەدا کە جگە لە گەنجێتی هیچ سەرمایەیەکم نەبوو، باوەڕبەخۆبوون تەنها چەکی من بوو، ئەڵبەت دەبێ ئەوەش بڵێم کە ئەمە یەکێک لە باڵاترین و کاریگەرترین چەکێک بوو کە دەمتوانی هەمبێت.

دامەزرێنەری ناوەندە پیشەسازییە بەناوبانگە یابانییەکە «توکوتوشیو» جارێکیان دەربارەی باوەڕبەخۆبوون و چاوقاییمی قسەگەلێکی زۆر بەنرخی

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

کرد. ئەو گوتی کە بۆ سەرکەوتن لە هەر شتێکدا دەبێ توانای ئەنجامدانی ئەو کارەمان هەبێت. بەڵام توانایی بە تەنها بەس نییە. هاوتەریبی توانایی دەبێ پێداگری و پایەداری و تەرکیزیشتان هەبێت.

ئەو تێکەڵەی ئەم سێ توخمەی ناو نابوو سەرسەختی و دەیگوت کار و چالاکی بەهەرحاڵ کێشە و شکستیشی لەگەڵە. سەرسەختی واتە توانای بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ کێشەکان و کۆڵنەدان لەکاتی شکستەکاندا. تەنانەت کارە زۆر داهێنەرانەکانی ئێوەش پێذەچێ نەبەکامی و شکستی بەدواوە بێت. بەڵام بابەتی گرنگ ئەوەیە کە ئێوە دەبێ پێداگر بن، بتوانن کارەکەتان هەرچێک هەیە تەواو بکەن. هیچ شتێک مەحاڵ نییە تەنها کۆڵدان و دڵساردبوونەوەی ئێوەیە کە کارەکە مەحاڵ دەکات.

هیوادارم ئێوە بتوانن، هیوا و بڕوای تەواوتان بەو کارە هەبێت کە دەتانەوێ ئەنجامی بدەن، چونکە هەموو کارێک مومکینە. ئەگەر باوەڕبەخۆبوون و بیرکردنەوەی ئەرێنیتان هەبێت هیچ شتێک بۆ ئێوە مەحاڵ و ناومکین نابێت. ئەگەرەکان چواردەوری ئێوەیان گرتووە و ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئێوە کە بیاندۆزنەوە و بیانکەن بە سەرکەوتن. دنیا دەروازەکانی خۆی بە تەواوی ئاوەڵا کردووە بە ڕووی ئەو کەسانەدا کە ئەرێنی هەڵسوکەوت دەکەن، متمانە و بڕوایان هەیە و بە هێز و ورەوە بەرەوڕووی ژیان دەوەستن. جەنابی قەشە «شولەر» دەڵێ: هەموو ئەو شتانەی کە ئەمڕۆ لەبەردەستماندایە، سەردەمانێک بە مەحاڵمان دەزانی. ئەگەر ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە درێژەی

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

پەیدا بکردایە، ئەمڕۆکە ئێمە لە هەموونی پێنێسیلین، فڕۆکە و گەلێک شتی زۆر گرنگی دیکە کە ئێستە بە ئاساییان دەزانین، بێبەش دەبووین.

ناومکینەکان، مومکین دەبن، چونکە کەسانێک هەن کە بڕوا و ئیمانی تەواویان هەیە بە ئایدیا و بیرۆکەکانی خۆیان. ئەمانە هەر ئەو کەسانەن کە مێژووی جیهانیان شکڵ پێدا و پێکیان هێناوە.

بەڵام کەسانێ نەرێنی و کورتبین و کەسانێک کە بە ئاسانی کۆڵ دەدەن، هەرگیز سەرکەوتن بەدەست ناهێنن و دەرگاکانی ژیان بەڕوویاندا داخراوە. ئەم کەسانە بەوەیشەوە کە خاوەنی توانای پێویستن بۆ گەشەپێدانی چالاکییەکانیان، چونکە لەمە ئاگادار نین، شێوازی سەرەتایی و سادەی ژیان دەگرنە بەر. هیچ ئازارێک لەوە ناخۆشتر نییە کە کەسێکی بەهرەمەند کە دەکێ ببێتە ژەنیارێکی تەڕدەست غافڵ لەم توانا شاراوەیە، لە سووچی تەنیایی خۆیدا دانیشێت و قۆڕ بپێوێت کە بۆچی ناتوانێ ببێتە شێوەکار.

ئێوە دەبێ ئەوە بزانن کە لە سووچێکدا دانیشتن و هەستکردن بە داماوی و بێتوانایی لەڕاستیدا خەیانەتە بە خالقی مرۆڤ. من لام وایە کە خەڵک هەرکامیان بە کۆمەڵێ توانای دەگەمەنەوە هاتوونەتە دنیا و بۆ ئەوە خولقێندراون کە لەم تواناییانە ئەوپەڕی کەڵک وەرگرن. کەڵکوەرنەگرتن لەم تواناییانە نەک هەر بۆ خودی کەسەکە بەڵکوو بۆ کۆمەڵگاش خەسارێکی گەورەیە. خۆتان بە کەم دامەنێن. ئەڵبەت زیادەڕۆییش دەربارەی تواناکان، خۆی کیشەیەکی گەورەیە، بەڵام هیچ شتێک ناحەزتر لەوە نییە کە خۆتان بە کەم دابنێن.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ڕەنگە کەسانێک هەبن کە بۆ نموونە لە بەشی بیرکاریدا بڕوابەخۆبوونیان نییە. کەسانێکی تر حەزیان لە وەرزش نییە و ئەوانی تر لە وتاربێژی دەترسن. بەڵام وێڕای ئەمە هەنێدک لە ئێوە پێتان باشە سیاسەتوان، شێوەکار، زانا، و یاخود دامەزرێنەری پیشەسازییەک بن. بابەتێک کە دەمەوێ وەکوو کەسێکی بەئەزموون بیڵێم، ئەوەیە کە گرنگ نییە چ پیشەیەک بۆ داهاتوو هەڵدەبژێرن و دەبنە چکارە، گرنگ ئەوەیە باوەڕ و ئیمانتان بە خۆتان هەبێت ئەوەی خواستی ئێوەیە لە ویژدانی ناوشیاری خۆتاندا جێگیر بکەن. ئاوکات ئیتر ئەگەر خۆتان بتانەوێ بە موتڵەقی سەرکەوتوو دەبن.

فەرامۆشی نەکەن ئەمڕۆکە هەرچێکمان هەیە، ڕۆژگارێک مەحاڵ و وێنەنەکراو بوو.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

[٣] هەوڵ بدەن با باشترین بن

لە ماوەی جەنگی کۆریادا من و خانەوادەکەم لە شاری سیول ڕامانکردبوو و وەکوو ئاوارەی جەنگی لە «تائەگۆ» نیشتەجێ بووین. باوکمیان پێشتر ڕفاندبوو بۆ کرۆیای باکوور و برا گەورەکانیشم لە سوپادا خەریکی جەنگ بوون. کەواتە لە تەمەنی چواردەساڵاندا ناچار بووم بژێویی ژیانی خانەوادە بەدەست بهێنم. لەو بشێوییەی دەورانی جەنگدا کارێکی ئەوتۆ بۆ هاوتەمەنەکانی من نەبوو. بەڵام خۆشبەختانە یەکێک لە شاگردەکانی پێشووی باوکم لە ڕۆژنامەیەکدا کاری دەکرد کە یارمەتیمی دا بتوانم ڕۆژنامەفرۆشی بکەم.

من بەگشتی ڕۆژنامەکانم دەفرۆشت بەو دووکانانەی کە لە بازاڕی قەڕەباڵغی «بانچۆن» لە «تائەگۆ» بوون. هەرکە ڕۆژنامەکانم وەردەگرت بەپەلە بەرەو بازاڕ ڕامدەکرد، چونکە ئەگەر لە ڕێگادا کاتی خۆم بۆ فرۆشتنی چەند ڕۆژنامە دەکرد، لەوحاڵەدا بەختی فرۆشتنی ڕۆژنامە لە بازاڕی «پانچۆن»م دەدۆڕاند بە ڕۆژنامەفرۆشەکانی تر. کەواتە من هەموو ڕۆژێک یەکەم ڕۆژنامەفرۆشی تیژ و خێرای بازاڕ بوو، بەڵام دیسان نەمدەتوانی هەموو بازاڕ بکەم بە هی خۆم، چونکە هەر ئەوەی کە لە سەرەتای بازاڕدا دەستم دەکرد بە فرۆشتن ڕۆژنامە، کاتێکی زۆرم بۆ دانەوەی باقیی پارە بە دووکانداره‌کان

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

بەفیڕۆ دەچوو و لەم ساتە گرانباییانەدا، ڕۆژنامەفرۆشەکانی تر دەگەیشتنەوە بە من، لێم پێش دەکەوتن و بەخێرایی باقیی بازەڕەکەیان قۆرخ دەکرد.

من بۆ ئەویە کە خانەوادەکەم تێر بکەم، دەبوا ڕۆژانە لانیکەم سەد ڕۆژنامەم بفرۆشتایە. دایکم و دوو برا بچووکەکەم هەمیشە بە دڵەڕاوکێوە لە ماڵەوە چاوەڕێیان دەکرد. کەواتە بۆ ئەوەی کە بتوانم هەموو ڕۆژنامەکان بفرۆشم ناچار بووم کە ڕێگا و شێوازگەلی نوێ دابهێنم و بۆ ئەمە، هەموو ڕۆژێک بڕێکی زۆر پارەی وردم لەگەڵ خۆم دەبردە بازاڕ و باقیی پارەی مشتەرییەکانم دەخستە دووتوێی ڕۆژنامەکان و فڕێم دەدایە نێو دووکانەکان و بە خێرایی پارەکەم لە دەست دووکاندار دەڕفاند، بەپەلە دەچوومە دووکانێکی تر. بەم شێوازە بەرەبەرە توانیم کۆنترۆڵی سێ دووی بازاڕەکە بگرمە دەست. بەڵام بە هەموو ئەمانەشەوە هێشتا ڕۆژنامەفرۆشەکانی تر پێم دەگەیشتنەوە.

من دەبووا تاکتیکی خۆم بگۆڕیبا. ئەم جارەیان کاتێک دەگەیشتمە بازاڕ هەر دووکانێک و ڕۆژنامەیەکم تێدەخست و پاشان لە گەڕانەوەدا پارەی ڕۆژنامەکانم لە دووکانەکان وەردەگرت بەم شێوە هیچ کام لە ڕۆژنامەفرۆشەکان نەیاندەتوانی پێم بگەنەوە. ئەڵبەت هەموویان بە دروستی و هەر لەو ڕۆژەدا پارەی ڕۆژنامەکانیان نەدەدا بەڵام بەم شێوە دەمتوانی هەموو ڕۆژنامەکانم بفرۆشم و لە ماوەی چەند ڕۆژدا قەرزەکانم کۆ بکەمەوە. لەدوای تێپەڕینی دوو مانگ، ڕۆژنامەفرۆشەکانی تر بەتەواوی دەستیان لە بازاڕ شۆردەوە و ئیتر لەوەدوا هەموو بازاڕ لە کۆنترۆڵی مندا بوو.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

لەدوای ئەم ئەزموونە، من فێر بووم کە بەردەوام بە هەوڵی زۆری خۆم دەتوانم لە هەلومەرجەکاندا هەرچەند دژواریش بن، بەڵام سەرکەوتوو بم. لە سەرەتای کاری بازرگانیمەوە بە سەختی هەوڵم داوە تاکوو باشترین بم. ئەڵبەت بەتەواوی ڕازی نیم بەڵام لام وایە بەهەرحاڵ دەتوانم بە زۆرێک لە سەرکەوتنەکانمەوە شانازی بکەم.

کەسانێک کە دەیانەوێ لە ڕیزی باشترینەکاندا بن دەبێ بەردەوام ئەوپەڕی هەوڵی خۆتان بدەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانتان. ئەگەر ئێوە ئەوپەڕی هەوڵی خۆتان بدەن، گەرچی پێدەچێ هەمیشە لە ڕیزی باشترینەکاندا نەبن بەڵام بە یەقین، هەنگاوێکتان دەمێنێ بۆ باشترینەکان. لە لایەکی دیکەشەوە ئەگەر لاتان وایە توانای ئەنجامدانی کارێکتان نییە و توانای باشتربوون لە خۆتاندا نابینن، لەم حاڵەدا هەرگیز لە کاردا سەرکەوتوو نابن. من قبووڵی دەکەم کە کارەکانتان گرنگن بەڵام لەوە گرنگتر شێوازی مامەڵەکردنی ئێوەیە لەگەڵ خودی کار. مامەڵەکردنتان دەبێ جۆرێک بێت کە دەست بۆ هەرکارێک ببەن بگەنە باڵاترین ئاست. ئەگەر بتانەوێ ببنە سیاسەتوان، بازرگان، شێوەکار، توێژەر یاخود هەر پیشەیەکی تر هەوڵ بدەن لە بواری کاری خۆتاندا باشترین بن. کەسێک مەبن کە تەنها بۆ ڕاپەڕاندنی وەزیفە هەوڵ دەدات. لە ڕیزی باشترینەکاندا بن و بە هەموو بوونتانەوە لەپێناو ئامانجەکانتاندا هەوڵ بدەن. چونکە هەرچێ زیاتر تێبکۆشن، بەختی سەرکەوتنتان زیاتر دەبێت. من لام وایە کەسانێک کە لەبواری کاری خۆیاندا

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

دەگەنە باڵاترین ئاست بەم هۆیەوەیە کە ئامانجی باڵایان هەیە و باڵاترین هەوڵی خۆشیان لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکانیاندا دەخەنە گەڕ.

چەند ساڵ پێش ئێستە، لەگەڵ یەکێک لە ئەندامانی گرووپی هەنگاریا کە کێبڕکێکانی ئەورووپایان بردبۆوە، دیمانەیەک ئەنجام درا. یەکێک لە ڕۆژنامەوانان دەربارەی نهێنیی سەرکەوتنەکەی پرسیاری کرد لەم یاریزانە ئەو وەڵامی دایەوە هەرکات دەرفەتی هەبێت بە تۆپ یاری دەکات و کاتێک تۆپی لا نەبێت دەربارەی فوتباڵ قسە دەکات و کاتێکیش دەربارەی فوتباڵ قسە ناکات دەربارەی فوتباڵ بیر دەکاتەوە.

کەواتە هەروا کە دەبینن. یاریزانێکی بەرجەستەی فوتباڵ، لەکاتی لەدایکبوونیدا یاریزان نەبووە، بەڵکوو لەم ڕێگادا بە سەختی هەوڵی داوە. هەموو کەس دەتوانێ باشترین بێت. تەنها ئەو کەسانەی کە بە تەواوی خۆیان تەرخان دەکەن بۆ ئامانجەکانیان دەگەنە ئاستی باڵا و هیچ موعجیزەیەکیش بوونی نییە. خەڵکانێک باسی پێشکەوتنی سەرسووڕهێنەری دایۆڤ دەکەن، بەڵام سەرکەوتنی دایۆڤ بۆ خودی ئێمە هیچ سەرسووڕێنەر نەبوو. ئێمە بەس هەوڵی بێوێنە و ڕادەبەدەرمان دا کە لە بواری کاری خۆماندا باشترین بین.

هەوڵی من بەردەوام ئەوە بووە کە دایۆڤ ئاراستە بکەم بەرەو باڵاترین ئاست و هەمیشە پێداگریمان کردووە و دەیکەین کە پێرسێنێلەکانمان لەڕێگای باشترین سەرکەوتنەکانەوە بگەیەنینە باڵاترین ئاستی مومکینی کارکردن. من هەرگیز لە سەرکەوتنەکانی ئێستەم ڕەزایەتی تەواوم نەبووە و هیچ کات بۆ

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

گەیشـتن بە ئامـانجگەلی بـاڵاتر وازم لە هەوڵـدان نەهێنـاوە چـونکە بـۆم دەرکەوتـووە کە هەوڵـی پێـداگرانە لە هەر کارێکـدا، تەنهـا ڕێگـای ڕاکـردن و دووریکردنە لە حەسرەت و داخی داهاتوو.

کەواتە هیوادارم ئێوە گەنجان هەوڵ بدەن لە هەرکارێکدا کە پێیەوە خەریکن بگەنە باڵاترین ئاست. تەنانەت بە مێشکیشتاندا نەیەت کە کەسێک جگە لە ئێوە لە پلەی یەکەمدا بوەستێت.

بەڵێقوربان گوتن بە ئەوانی تر هیچ دڵخواز نییە بەڵکوو کردەیەکە پەسـت و نـاچیز. هـیچ کـات بە هەبـوونی پـلەی دووەم ڕازی مەبـن و وا مەزانـن لە لـووتکەدا بـوون بـۆ ئێـوە زۆرە. بڕیـار بـدەن کە کورسـیی سـەرەوە پـێگەی شایسـتەی ئێـوەیە و ئەوێ هـی خۆتـانە. ئەگەر ئێـوە باشـترین و بـاڵاترین هەوڵـی خۆتـان بـۆ گەیشـتن بە ئامانجەکانتـان بـخەنە گەڕ، سـەرەنجام پاداشتێکی دڵخواز بە نەسیبتان دەبێت.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

[٤] جیهان هی ئێوەیە

ساڵی ١٩٧٦، یەکەم جار پاش گرتنەدەستی کۆمپانیای مەکینەسازیی کۆریا لە گرنگیی ڕادەبەدەری گەشە و پەرەسەندنی تەکنەلۆجیا تێگەیشتم و بەوەدا کە پێشکەوتنی تەکنەلۆجیام بە هۆکاری سەرەکیی سەرکەوتنی کۆمپانیای دایوۆ دەزانی، بڕیارم دا ژمارەیەک لە کارمەندانی ئەم کۆمپانیایە بۆ فێربوونی تەکنیکی بنێرمە کۆمپانیای «مان»ی ئەڵمانیا. لەو کاتەدا دایوۆ لەگەڵ کۆمپانیای مان ڕێکەوتننامەی هاوکارییە تەکنیکییەکانی واژۆ کردبوو. من لە نێوان سەرۆک و جێگرەکانی بەشەکانی کۆمپانیا کە هەموویان دەرچووی بەشی ئەندازیاری بوون دوازدە کەسم هەڵبژارد کە بیاننێرمە دەرەوەی وڵات.

هەندێک کەس لەگەڵ ئەم کارەدا نەبوون بەتایبەت بەرپرسانی بەشی بەرهەمهێنان، ئەوان هەستیان دەکرد لەدەستدانی ١٢ ئەندازیاری سەرقاڵ لە پۆستە هەرەگرنگەکاندا کاریگەریی خراپ دادەنێت لەسەر بەرهەمهێنان. ئەڵبەت ئەوان نیگەرانی کۆمپانیا بوون بەڵام من لام وابوو کە ئەم کارە دەبێ لەپێناو بەرژەوەندیی درێژخایەندا کە بۆ دایوۆ دەیبێت هەڵبسەنگێندرێت، نەک لە دیدی ئەولەویەت و پێداویستییە هەنووکەییەکانی کۆمپانیاوە. من هەستم دەکرد، بەبێ تەکنەلۆژیای باڵاتر نەماندەتوانی کۆمپانیا بە ئاراستەی پێشکەوتندا ببەین. سەرەنجام بەرپرسانی بەشی بەرهەمهێنانم بەقەناعەت

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

گەیانـد کە پـرس و کێشـە کورتماوەکـان لەڕاسـتیدا سـەرمایەگوزاری بـۆ پیشکەوتنە درێژخایەنەکانی کۆمپانیایە.

سـاڵێک دواتـر، پـاش گەڕانەوەی ئەنـدازیارەکان لە ئەڵمانیـا، پێرسـێنێلی بەرهەمهێنـان بۆیـان دەرکەوت کە بڕیـارەکەی مـن بە تەواوی دروسـت بـووە. چـونکە زانسـت و ئەزمـوونە تەکنیکییەکـانی ئەم ئەنـدازیارانە کە لەو یەک ساڵەدا دەستیان کەوتبوو، ستانداردی تەکنیکیـی کۆمپانیـای نـزیکەی پێنج ساڵ خستە پێشەوە.

هەروا کە پێشتر ئاماژەم پێدا ئێوەی گەنجان یەکەم بەرەی کۆریان کە وەکوو نەتەوەیەکـی پێشـکەوتوو دەبـن. پێشـکەوتنێک کە بە فیـداکاریی بەرەی کەسانی وەکوو من بەدەست هاتووە، ئێمە دەمانویست نەتەوەی کۆریا وەکوو نەتەوەیەکی پێشکەوتوو و نەک نەتەوەیەکی لەحاڵی گەشەسەندندا ڕادەسـتی بەرەی داهاتوو بکەین. کەواتە ئێوە پێویستتان بە تێڕوانینێکی بەربـڵاو هەیە و هاوکات دەبێ خاوەنی ئەو بەهـا و بایەخـانەش بـن کە شایسـتەی پـێگە و بەرپرسیارێتییە نوێیەکانی ئێوەیە لە جیهاندا.

لە هەنگاوی یەکەمدا دەبێ ئایندە ببینن. کەسانێک هەن کە هەمیشـە بیـر لە ڕابردوو دەکەنەوە و هەموو کەلام و قسـەیان بە وەهـا وشـەگەلێکەوە دەسـت پێدەکەن. «مـن لە ڕابـردوودا ئـاوا و وەهـا ....» ئەم گـرووپە لە کەسـەکان لەلایەن بەرەکانی ڕابردووەوە کوێر بوونە و هیچ وێنایەکیان لە داهاتوو نیـیە. ئەڵـبەت چڕیـوونەوە و تەرکیزکردنـی ڕادەبەدەر لەسـەر بیـر و ئایـدیاکانی سەردەمی ئێستەش هەر کێشەسازە.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ئێوە دەبێ چاو ببڕنە ئاسۆی دوورەدەست، چونکە ژیان سەفەرێکە دوورودرێژ. بۆ خولقاندنی داهاتوویەکی باشتر هونەری کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتەکانتان لە خۆتاندا پەروەردە بکەن.

کێبڕکێی ڕاکردنی ماڕاسۆن ٤٢/١٩٥ ک.م ـە، ڕاکەری ماڕاسۆن بە لەپێش چاوگرتنی هێڵی کۆتایی دەبێ خێرایی ڕاکردنی خۆی لە سەرانسەر ئەم ڕێگادا ڕێک بخات. هەربەم شێوە ئێوەش دەبێ لەپێناو دواڕۆژی باشتردا، ئەمڕۆ فیداکاری بکەن. کورتبینی وەلا بنێن و لەڕووی نەزانی و غەفڵەتەوە بەرژەوەندیی درێژخایەن لەبەر قازانجی کاتی لەدەست مەدەن. ژیان لە ڕۆژێکدا کورت نابێتەوە. هەمیشە لە خەیاڵات و خەونەکانی خۆتاندا بیر بکەنەوە کە ڕێبەران و قارەمانانی سبەی ئێوەن، چونکە ئەگەر وانەکەن لە شانۆی ژیاندا لەبری گێڕانی ڕۆڵی یەکەم، تەنها ئەندامێکی بچووکی ڕەشەخەڵکێک دەبن.

وە ئامۆژگارییەکم هەیە بۆ ئێوە کە وەکوو یەکەم بەرەی کۆریای پێشکەوتوو هاتوونەتە دنیا. بەوەیشەوە کە دنیا زۆر گەورەیە بەڵام لە ماوەی ساڵانی دواییدا، دنیا بووەتە کۆمەڵەیەک لە دراوسێکان. ئێمە ئێستە دەتوانین لە ماوەی یەک ڕۆژدا بچێنە یابان و هەر ئەو ڕۆژەش بگەڕێنەوە بۆ کۆریا. شتێک کە ٥٠ ساڵ پێش ئێستە تەنانەت وێناش نەدەکرا.

بۆقێک لەناو چاڵێکدا هیچ تێگەیشتنێکی لە بەرفراوانیی دنیای دەرەوەی چاڵەکە نییە. هەرچەندە کە بە چیادا هەڵگەڕن بەرژەوەن و دیدێکی

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

بەربڵاوترتان دەبێت. دیتنی دنیای بەربڵاو، تێڕوانینی ئێوە بەربڵاو دەکاتەوە، و یارمەتیتان دەدات کە بەسەر خودپەسندی و کورتبینییەکەتاندا زاڵ ببن.

لە دەستپێکی چالاکییەکانمەوە، بازاڕەکانی جیهان هەمیشە جێی تەماحم بوونە، بەڵام هیچ کام لە کۆمپانیا کۆرییاییەکان ئەوکات سەرنجیان لای بازاڕە جیهانییەکان نەبوو. ئەم بێسەرنجییە لەڕاستیدا لە بەرژەوەندیی ئێمەدا بوو چونکە بازاڕە جیهانییەکان بەپێچەوانەی بازاڕەکانی ناوخۆ، هیچ سنوورێک ناناسن. هەر بەم هۆیەوە، من بە لەناوبردنی ڕێگر و لەمپەرەکان و واوەچوون لە سنوورەکان دەستم گەیشت بە بازاڕە بێسنوورەکان و بەم شێوە بوومە هۆی گەشە و پێشکەوتنی دایۆ.

لە سەرەتاوە ئێمە وامان بە باشزانیوە کەسانێک دامەزرێنین کە بە ڕۆحی بەرەنگارییەوە خوازیاری بونیادنانی دنیایەکی نوێ بوون، و هەرگیز غافڵ نەدەبوون لە دزەکردنە ناو بازاڕە نێودەوڵەتییەکان. ئەمە ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی کۆمپانیای دایۆیە.

ئێوە گەنجان، قارەمانەکانی ئێستەی کۆریان و هیوادارم کە دواجار ببنە قارەمانی جیهان. کەواتە لە سەردەمێکدا کە وەکوو یەکەم بەرەی کۆریای پێشکەوتوو بە هەنگاوی پایەدارەوە پێ دەنێنە پانتای جیهانی دواتان لێدەکەم کە تێڕوانینێکی بەربڵاوتان لە دنیا هەبێت، بەم تێڕوانینە بەرەو داهاتوو تاوی بدەن. نوقمی ڕابردوو و ئێستە مەبن و خۆتان لە سنوورە جوگرافیاییەکانی وڵاتەکەتاندا بەند مەکەن.

داهاتوو و جیهانی داهاتوو هەردووکی بۆ ئێوەیە.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

[٥] ئاوڕدانەوەیەک لە زانستە بنەڕەتییەکان

کۆریا هیچ سامانێکی سروشتیی نییە و نەتەوەیەکی بچووکە کە لە جوگرافیایەکی بچووکدا چڕ بۆتەوە. لەبەرامبەردا ئێمە خاوەنی سەرمایەیەکی ئێجگار مەزنین کە هێزی ئەوەی پێداوین کە خۆمان بگەیەنینەوە بە وڵاتە پێشکەوتووە پێشەسازییەکان. ئەم سەرمایەیە هێزی مرۆیی بێوێنە و خوێندەواری ئەم وڵاتەیە کە ئامادەی هەموو جۆرە هەوڵێکی فیداکارانەشە. بەهۆی ئەم هێزی کارەوە، ئێمە توانیومانە توانا تەکنەلۆجیکییەکانی خۆمان تا باڵاترین ئاستی جیگانی پێش بخەین. ئێمە تەنیا نەتەوەیەکین کە لە کێبڕکێکانی کار و پیشەسازی و خولە فێرکارییە نێودەوڵەتییەکاندا دەیان جار مەدالیای شانازیمان بۆ وڵاتەکەمان هێناوەتەوە. لە ئەنجامدا تەکنەلۆژیای پیشەسازیی بەرهەمهێنان و مۆنتاژ، بەرهەمە هەناردەییەکانی ئێمە شایانی بەراوردکردنن لەگەڵ کاڵاکانی وڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیادا. بەڵام هەبوونی پیشەسازیی بەرهەمهێنان بەتەنیا بەس نییە. بنەڕەتی تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنانی ئەمڕۆ گرێ دراوە بە داهێنان و نوێگەرییەوە. کاتێک باس لە داهێنان و نوێگەری لەم بەشەدا دەکرێت، وڵاتی ئێمە قسەیەکی ئەوتۆی پێ نییە. چونکە ئێمە تا ئێستە بە ئاشکرا سەرنجی خۆمان تایبەت داوە بە تەکنەلۆجیای زانستە کاربردییەکان و بەردەوام کاڵای هاوشێوەی بەرهەمە دەرەکییەکانمان بەرهەم هێناوە و ناردوومانەتە بازاڕە

CS Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

جۆربەجۆرەکان و لە ئەنجامدا لە سەرمایەگوزاری لە زانستە بنەڕەتییەکان غافڵ ماوینەتەوە. ئێمە لەڕاستیدا زانستی بنەڕەتیمان نییە. ئەگەر توێژینەوە لە زانستە بنەڕەتییەکان چالاک نەکەینەوە ئێمە تەنها توانای درێژەدان بە چاولێکەری و هاوشێوەسازیمان دەبێت. کەواتە ئێمە دەبێ پتر لە ڕابردوو سەرنج بدەینە زانستە بنەڕەتییەکان و تێیدا سەرمایەگوزاری بکەین تاکوو لە جیهانی پیشەسازیی ئەمڕۆدا لەبری چاولێکەربوون ئافرێنەری تەکنەلۆجیا بین. پرۆسەکە بەم شێوەیە کە لەگەڵ تێپەڕینی کات ئەو وڵاتانەی کە هێشتا نەیانتوانیوە لەبواری تەکنەلۆجیدا گەشەی پێویست بکەن، زیاتر و زیاتر لە وڵاتە پیشەسازییەکان دوا دەکەون.

ئەگەر ئێوە لە ماڵێکدا بن کە بنڕەتی مەحکەمی نەبێت، هەمیشە لە ترس و دڵەڕاوکێدا دەبن. هەرواکە خانوویێک بەبێ بنەڕەتی مەحکەم زۆر جێی متمانە نییە هەر بەو شێوەش ئێوە بەبێ زانستە بنەڕەتییەکان ناتوانن چاوەڕێی پێشکەوتن لە پیشەسازی و تەکنەلۆجیدا بن. ئەگەر بڕیار وایە درەختێک بەر بگرێت، دەبی خاوەنی ڕەگێکی بەهێز بێت و هەرچی بیناکە بەرزتر بێت، بنەڕەتەکەشی دەبێ قووڵتر و مەحکەمتر بێت.

کەواتە کاتی ئەوە هاتووە کە ئەم وڵاتە لە قۆناغی چاولێکەری و هاوشێوەسازیی تەکنەلۆجیای دەرەکی بێتە دەرەوە و پیشەسازی و تەکنەلۆجیای خۆی بگەشێنێتەوە. کۆمپانیای دایۆڤ تاکوو ئێستە ژمارەیەکی زۆر دەرچووانی بەشی زانستەکانی بۆ درێژەدان بە خوێندن ناردۆتە دەرەوەی

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

وڵات. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠دا ئێمە لەناو کارمەندانی ئەم کۆمپانیادا نزیکەی ١٠٠٠ دۆکتۆرای زانستە جۆربەجۆرەکانمان دەبێت.

کۆمپانیای دایۆۆ بۆ توێژینەوەی زانستە بنەڕەتییەکان یارمەتیی تایبەت دەبەخشێت. کە ئەنجامی ئەم توێژینەوانە لە کۆمەڵە زانستییەکانی دایۆۆدا بڵاو دەبنەوە. ئێمە ئەم سیاسەتە بەوهۆیەوە پەیشوێن دەگرین چونکە لامان وایە زانستە بنەڕەتییەکان بە مانای بناغە و ڕەگی درەختی شارستانیەتە.

لە کۆریا، ئێمە جگە لە هێزی کاری بێوێنە و خوێندەوار هیچ سەرمایەیەکمان نییە. کەواتە ئەگەر بمانەوێ لەگەڵ نەتەوە پێشکەوتووەکاندا کێبڕکێ بکەین، گەنجانی کۆریا دەبێ زیاتر لەوانی زانست فێر بن و هەوڵ بدەن. من ڕاستگۆیانە ئومێدەوارم کە زۆرێک لە ئێوە گەنجان، لە بەشەکانی زانستە بنەڕەتییەکاندا کە حەزتان لێیەتی و لەگەڵ تواناکانتاندا دەگونجن درێژە بە خوێندن بدەن.

ئەڵبەت زانستی نوێ و پێشکەوتووش گرنگن. بەڵام بناغەی هەموو زانستەکان لە زانستە بنەڕەتییەکاندا شاردراوەتەوە. بەبی زانستە بنەڕەتییەکان، دیتر زانستەکان هیچ گەشەیەکی بەرچاویان نییە.

ڕیگە بدەن زانستە بنەڕەتییەکان لە ڕوانگەی پرس و بابەتەکانی ڕۆژانەوە لێک بدەینەوە، کۆریا یەکێک لەو وڵاتانەیە کە باڵاترین ڕێژەی بەکاربردنی ساردییە جۆربەجۆرەکانی هەیە. ئێستە پرسیار دەکەین چەند کەس لە ئێمە زانیارییەکی تایبەت بە سەرچاوە و مێژووی جۆرەکانی خواردنەوە هەیە.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

سەرەڕای خواردنی ڕادەبەدەری ساردی لەم وڵاتەدا، ئێمە هێشتا ناتوانین ساردییەکی بەکوالێتیی بەرز لە ئاستی نێودەوڵەتدا بەرهەم بهێنین، چونکە بنەما سەرەتاییەکانی نازانین.

ئەمە نەک هەر سەبارەت بە ساردی بەڵکوو دەربارەی کاڵا هاوردەییەکانی دیکەی وەکوو قوماشڕستن، مەکینەکان، ئامێرە ئەلکترۆنی و ئامێرەکانی دیکەش هەر دۆخەکە بەم شێوەیە. لە ئەنجامدا ئێمە چارەیەکمان نییە جگە لە چاولێکەری لە تەکنەلۆژیای وڵاتە پێشکەوتووەکان. بەم حاڵەوە ژمارەیەک لە کۆمپانیا و شەریکە ناوخۆییەکان لەبارەی توانا پیشەسازییەکانی خۆیانەوە ڕێکلام دەکەن و ئەوانی دیکە لەڕێگای خشتەی کۆمپیۆتەرییەوە، توانا تەکنەلۆجیکەکانی خۆیان بەشێوەیەکی ناڕاست و پڕ لە زیادەڕۆیی نیشانی خەڵک دەدەن. بەڵام لە ڕاستیدا شتێکی زۆر گرنگ لەودیوی ئەم ڕیکلامانەوە بوونی نییە.

مۆدێلە زووتێپەڕەکان بەخێرایی بزر دەبن. گەرچی هەموو شتێک لە حاڵی گۆڕان و وەرچەرخاندایە بەڵام شتێک کە هەرگیز ناگۆڕدرێت ئەسڵی نەگۆڕی ژیانە. هەرچەند زانستە بنەڕەتییەکانیش بناغەی زانست و مەعریفەن و هەرگیز ناگۆڕدرێن. پێش ئەوەی کە ئێوەی گەنجان بڕیار بدەن بۆ پەیڕەوکردنی مۆدێلە زووتێپەڕەکان و تەنها بۆ ساتەکان بژین، هیوادارم سەرنجی خۆتان بخەنە سەر بنەماکانی ژیان.

کە سەردەمێکدا کە پتر لە هەموو کات بنەماکانی ژیان پشت گوێ خراون، گەڕانەوە بۆ ئەم بنەمایانە زیاتر لە هەموو کات بۆ کۆمەڵگا زەروور و

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

پێویستە. کۆمەڵگای ئەمڕۆی کۆریا شڵەژاو، بێسەقام، نادڵنیا و بێ ستاندارده و نزیکەی هەموو شتێک سەهل و ئاسوودە کراوەتەوە. هەندێک کات هەست دەکەم ڕەنگە بنەما سەرەکییەکانی ژیان لەلایەن بەرەی ئێستەوە بەتەواوی پشتگوێ خراوە و فەرامۆش کراوە.

ئەگەر بەرەیەک چەمک و ڕێنمایی دروستی بۆ پەیڕەوکردن نەبێت، کۆمەڵگا دوچاری بێسەقامی و بشێوی دەبێت. بەبێ پاراستنی بنەماکان، پایە و بناغەی کۆمەڵگا تووشی لەرە و کەوتن دەبێت. ئەگەر ئەندامان کۆمەلگا بنەمای ژیان و مانای ڕاستەقینەی ژیان نەناسن، پڕۆسەی ژیانیان ئێجگار ناڕوون و شڵەژاو و بێ دیسیپلین دەبێت. کەواتە ئێمە دەبێ بنەما و بەها ڕاستەقینەکانی ژیان بناسینەوە. ئێمە دەبێ جارێکی دی ئەو چەمکانە دەست بخەینەوە کە ڕیگای دروست و هەڵەی ژیانمان فێر دەکەن. ئێمە دەبێ بەرامبەر بە بەهاکانی ژیان وشیار بین و وەکوو مرۆڤێکی ڕاستەقینە بژین.

بۆچی کتێبی «ئەوەی کە بۆ ژیان پێویستم بوو لە باغچەی ساوایان فێر بووم» بەرهەمی «ڕابێرت فول هام» بوو بە پڕفرۆشترین کتێب. بەم هۆیەوە کە نووسەر لە کتێبەکەیدا ئاماژە بە بنەماکانی ژیان دەدات. ئەو بنەمایانەی کە مرۆڤ لە باغچەی ساوایان فێریان دەبێت نەک پاش خوێندنی باڵا. ئەم کتێبە ڕێ و ڕەوشتی سروشتی و سادەی ژیان بەشێوەیەکی کاریگەر دەڵێتەوە و ئێمە لەم ڕێگەوە ئاگادار دەبینەوە کە چ بنەماگەلێکمان لەدەست داوە و دەبێ چ بنەماگەلێک بناسینەوە. دەورانی گەنجێتی ئەو کاتەیە کە

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ئێوە بنەماکانی ژیان فێر دەبن و ئەگەر بەشێوەی دروست فێریان بن، ژیانێکی پڕبەر و داهاتوویەکی ڕووناکتان بە نەسیب دەبێت. بەڵام ئەگەر لەم بنەمایانە غافڵ بن و ژیان لەسەر چێژە کورتماوەکان دامەزرێنن وەکو ئەوە وایە ماڵی خۆتان لەسەر لم بونیاد بنێن.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

[٦] پارە هیچکارەیە

کەسێکی تێگەیشتوو بەباشی دەزانێ کە چۆن دەبێ ژیرانە لە پارە و کاتەکەی کەڵک وەرگرێت. کەواتە ڕێگە بدەن وەبیرتان بهێنمەوە کە ئێوە نابێ تەنانەت بەشێکی زۆر کەم لە کات یان پارەکەتان بەفیڕۆ بدەن. هەر لە سەرەتای گەنجێتییەوە بەشێوەیەکی دروست لەگەڵ پارە مامەڵە بکەن. ئەڵبەت پارە بەتەنیا لەخۆیدا نە باشە و نە خراپ. شێوازی کەلکوەرگرتن لە پارەیە کە ڕۆڵەکەی دەستنیشان دەکات.

پارە دەبێ لە شوێنێکدا کە پێویستە، بەکار ببرێت تاکوو سوودی هەبێت. واتە هەم بۆ خۆتان و هەم بۆ ئەوانی تر قازانجی هەبێت. بەکاربردنی پارە لەپێناو بەدەستهێنانی زانست و مەعریفە، بۆ تەندروستی و پزیشکی و یاخود بۆ کەسێک کە پێویستی بە پارەیە، ژیرانەیە و هیچ پێویست نییە کە ئێوە لەم جۆرە کارانەدا دەستقونجاو بن. تەنها شتێک کە پیویستە ئەوەیە کە ئێوە دەبێ لە خۆتان پرسیار بکەن کە ئایا پارەیەک کە بۆ ئێوە یان ئەوانی تر خەرج دەبێت، سوودی هەیە یان نا؟

بەم پێیە ئێوە نابێ تەنانەت یەک دینار لە پارەکەتان بە فیڕۆ بدەن. گەمژانە پارە خەرج مەکەن، بۆ نموونە ئەگەر شتێک زەروور و پێویست نییە، مەیکڕن.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

هەندێک لە کەسەکان شتێک دەکرن تەنها لەو ڕووەوە کە هەرزانە و نەک ئەوەی کە پێویستیان پێیەتی. یاخود بەبێ گوێدان بە نرخەکەی تەنها بەهۆی چاولێکەرییەوە دەیکرن کە بەلای منەوە کارێکی زۆر گەمژانەیە.

کاتێک کۆمپانیای مەکینەسازیی کۆریامان گرتە دەست من بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ورەی پێرسێنێل و ستاف و زیادکردنی خۆشەویستی لەگەڵ ئەوان هەوڵمان دا لەپێناو ئاسوودەییاندا هەندێک کار بکەین.

ساڵی ١٩٧٦، بەرنامەی ئاسوودەیی کارمەندان لە کۆریا بەتەواوی نەناسراو بوو. بەڵام من ئەوکات هەستم کرد کاتی ئەوە هاتووە کە ئێمە دەبێ سەرنج بخەینە سەر ئەم بابەتە. کەواتە فەرمانی پێویستم دا بۆ چێکردنی حەمام، سەرتاشخانە، خەوتنگە بۆ کارمەندانی سەڵت و ڕێستورانتێکی باش.

سەرۆکی بەشەکان لەگەڵ ئەم بەرنامانەدا نەبوون. چونکە تێچووی ئەم پرۆژەیە زیاد لە چەندین ملیۆن دۆلار دەبوو کە لەوکاتەدا پارەیەکی ئێجگار زۆر بوو.

بۆچوونی سەرۆکی بەشەکان بۆ من قابیلی تێگەیشتن بوو. چونکە سەرمایەی گشتیی کۆمپانیا تەنیا دوو ئەوندەی تێچووی چێکردنی ئەم پرۆژەیە بوو. ئەوان لایان وابوو ئەگەر ئەم پارەیە بۆ کارگەلێک کە پێوەندیی ڕاستەوخۆیان بە بەرهەمهێنانی کۆمپانیاکەوە هەیە تەرخان بکرێت، زۆر گونجاوترە. جگە لەوەش ئەوکات کۆمپانیا بەرەوڕووی کەمبوونی بودجە بوبۆوە. سەرۆکی بەشەکان هەستیان دەکرد لەوکاتەدا ڕاگەیشتن بە قەرزەکان زۆر گرنگترە.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ئەڵبەت من نەمدەتوانی بڵێم ئەوان لە هەڵەدان. بەڵام هیچ کات بەنیسبەت پرۆژەکەمەوە دوودڵ نەبووم. بڕیاری من ئەوە بوو کە ئەم پارەیە لە پلەی یەکەمدا بۆ چێکردنی ئیمکاناتی ئاسوودەیی پێرسێنێلەکەمان تەرخان بکرێت. چونکە لام وابوو ئەگەر ورەی ئەوان بەرز بێتەوە ئاستی بەرهەمهێنانیش بەرز دەبێتەوە و کۆمپانیاش هەر بەو ڕادەیە پێش دەکەوێت. جگە لەوەش هیچ پاشەکەوتێکم بۆ ئەم کارە نەبوو. چونکە پارەکە بۆ سەرمایەگوزاریی درێژخایەن بوو. ئەڵبەت واش نەبوو کە من ئاگاداری بڕە پارەیەک کە بۆ ئەم پرۆژەیە دەبووا خەرجی بکەم نەبم. باوەڕی تەواوم هەبوو کە ئەم پارەیە دەبێ بەم شێوەیە بەکار ببرێت و بڕەکەشی گرنگ نەبوو. من بەگشتی بەم شێوە بیر دەکەمەوە و کار دەکەم. ئەگەر شتێک بۆم بەنرخ بێت هەرگیز نیگەرانی ژمارە و ڕەقەمەکان نابم. ئەڵبەت ئەگەر بزانم پارە بەشێوەیەکی گەمژانە خەرج دەبێت ئیتر دەبم بە کەسێکی دەستقونجاو.

هەر لەوکاتەدا ئێمە ژمارەیەک پاسمان تەرخان کردبوو بۆ هاتووچۆی پێرسێنێلەکەمان کە ڕۆژانە ئەوانیان لە سیول ـەوە دەگوازتەوە بۆ کارگەکەمان لە «ئینچون». ئەم ڕیگەیە نزیکەی ٢٠ مایل بوو. هەر پاسێک دەبووا ڕۆژانە بڕیکی ٥٠٠ وان کە ئەوکات دەیکردە یەک دۆلار وەکوو خەراجی جادە بدات. بەڵام دواتر کە لێکم دایەوە بۆم دەرکەوت ئەگەر پاس پێش گەیشتن بە کارگە لە جادەی سەرەکی لا بدات و لە ڕیگایەکی لاوەکییەوە بچێتە کارگە، بەم شێوە هەر جارێک ٢٥ سێنت بۆ ئێمە دەگەڕێتەوە.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

بەوەیشـەوە کە ئەم بـڕە زۆر کەم و نـاچیز بـوو بەڵام بەبـاوەڕی مـن هـیچ پاساوێک بۆ بەفیڕۆدانی ئەو پارەیە نەبوو.

بـابەتی گرنـگ لێـرەدا، خەرجکردنـی چەنـدین ملیـۆن دۆلار و یـاخود پاشـەکەوتکردنی ٢٥ سـێنت نیـیە، بەڵکـوو بـابەتی گرنـگ ئەوەیە کە بەلای منەوە خەرجکردنی چەندین ملیۆن دۆلار یان پاشەکەوتخستنی ٢٥ سـێنت بە یەک ڕادە عاقڵانە و لۆژیکین.

من بەگشتی بۆ هاوکارە ئیدارییەکانم دیاری دەکرم کە زۆربەی کـات لە کـارە دەستییەکان هەڵیانـدەبژێرم. زۆربەی کـات فرۆشـیارەکان بەوهـۆیەوە کە مـن سـەرۆکی لێـژنەی بەڕێـوەبەرایەتی کۆمپانیـایەکی زۆر گەورەی نێـودەوڵەتیم، هەوڵ دەدەن نرخەکـان بەرز بـکەنەوە بەڵام مـن بە سـەبر و بە تـاقەتەوە چەلەحانەیـان لەگەڵ دەکەم و نرخەکـان دەکێشـمە خـوارەوە چـونکە بەلای مـنەوە پـارە بەفیـڕۆدان هـیچ پاسـاوێک نـاخوات. ڕەنـگە فرۆشـیاران مـن بە هەرزانکڕ بزانن بەڵام من بەم شێوە بیر ناکەمەوە.

ئێمە دەبێ ئەم بیرکردنەوەی کە کەسانی ئەبلەخەرج بەڕاستی دەسـتودڵبازن و کەسـانێک کە لەڕووی عەقـڵەوە پـارە خەرج دەکەن دەسـتقونجاو یـان هەرزانکڕن، بگۆڕین. ڕەنگە مـن کەسێکی هەرزانکڕ بـم کە هەوڵ دەدات ٢٥ سـێنت پاشـەکەوت بخـات و یـاخود لەگەڵ فرۆشـیارانی کـارە دەسـتییەکان لەسەر نرخەکان چەلەحانێ دەکات. بەڵام بۆ کاروباری فێرکاری و ئاسوودەیی کارمەندان، کەمترین گومانی نییە بـۆ ئەوەی کە چەنـدین ملیـۆن دۆلار خەرج بکات.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

کارگەکانی بەرهەمهێنانی دایۆڕ زۆر بە کەمی دەبنە هۆی پیسبوونی ژینگە بەڵام ئەگەر پێویست بێت ئێمە کەمترین دوودڵیمان نییە لە بەکاربردنی دروستی پارە، لەپێناو چاکسازیی ئەو کارگانەدا کە دەبنە هۆی پیسبوونی ژینگە. کاتێک باسی پێدانی غەرامە بە کەسوکاری ئەو کارمەندانەی کە لە کاتی کارکردندا دەبنە قوربانی دێتە پێشەوە ئێمە هەرگیز دەستقونجاو نابین چونکە ئێمە دەزانین چۆن و لە کوێدا بەشێوەی کاریگەر و پۆزەتیڤ کەڵک لە پارە وەرگرین.

ئەگەر هەر لە سەرەتای گەنجێتییەوە بیر لە پاشەکەوتخستنی پارە بکەنەوە، دەستپێکێکی زۆر باشتان دەبێت بۆ ژیان. ئەڵبەت ئیتر زۆریش گەمژانەیە کە هەموو ئەو شتەی هەتانە خەرجی بکەن. شێوازی دروست ئەوەیە کە لەوەی کە ئەمڕۆ هەتانە بڕیکی پاشەکەوت بخەن بۆ سبەی. «جان وۆرلی» کە ڕیفۆرمخوازێکی ئاینییە، جارێکیان گوتی تا ئەو شوێنەی کە دەتوانن پارە بەدەست بهێنن و پاشەکەوتی بخەن و پاشان تا ئەو شوێنەی دەتوانن هەمووی لەپێناو ئەوانی تردا خەرج بکەن. ئەمە تا ڕادەیەکی زۆر فەلسەفەی منە دەربارەی پارە، بەڵام پێم باشە خاڵێکی تر بەم گوتەیە زیاد بکەم و ئەویش ئەوەی کە هاوکات تەنانەت یەک فلس چییە بەفیڕۆی مەدەن.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

[٧] کێبڕکێ

ئێمە لە سەردەمی کێبڕکێ توندەکاندا دەژین و کار گەیشتۆتە شوێنێک کە ژیانیش خۆی جۆرێک کێبڕکێ بە حسێب دێت. ئەگەر لە هێڵی پێشەوەی کێبڕکێدا نەبن دەیدۆڕێنن. و لەم کێبڕکێشدا تەنها یەک مەدالیای زێڕین بوونی هەیە.

هەر وەرزشێک بۆ خۆی خاوەنی کۆمەڵێ ڕێسا و یاسای تایبەتە. ئەگەر وەرزشکارێک یاسای وەرزشەکە بشکێنێت غەرامە دەکرێت و تەنانەت لە وەرزشەکە بێبەش دەکرێت.

کۆمپانیای دایۆڤ یانەیەکی فوتباڵی پیشەیی هەیە بە ناوی «دایۆڤ ڕۆیاڵز». چەند ساڵ پێش ئێستە من وەکوو سەرۆکی لیژنەی بەڕێوەبەرایەتیی فێدێراسیۆنی فوتباڵی کۆریا هەڵبژێردرام. لە فوتباڵدا، جگە لە گۆڵێر، هیچ کەس بۆی نییە دەست بدات لە تۆپەکە پاڵپێوەنان و پێخستنە بەر پێیش وەکوو فۆڵ دێتە ئەژمار، فوتباڵ یارییەکی دروست و یاسامەندە.

ژیانیش وەکوو فوتباڵ کۆمەڵێ یاسا و ڕێسای هەیە و ئەمەش یاریزانانی ژیانین. ئێمە دەبێ کێبڕکێ بکەین و لە هەمان کاتدا بە ویژدان و یاسامەندییەوە یاری بکەین. ئەمەی لێبەدەر ژیان پووچ و بێمانا دەبێت. لە یاریی ژیاندا گرنگترین بابەت ئەوەیە کە ڕکابەرێکی بەویژدان بین. ئەمە تەنانەت لە بردنەوەی یارییەکەش گرنگترە. چونکە دۆڕاندن لە ڕێگای

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

دروستدا باشترە لە بردنەوەی نادروست. ئێمە هەموومان یاریزانێکی بەویژدان و دروستکار بە باشتر دەزانین لە یاریزانێک ک بۆ بردنەوە هەموو کارێک دەکات.

بەوەیشەوە کە ئێمە لە سەردەمی کێبڕکێ سەخت و چڕوپڕەکاندا دەژین بەڵام نابێ دوچاری پێکناکۆکی و پەڕاوێزکەوتوویی بین. مانای کێبڕکێ ئەوە نییە کە ڕکابەر لەناو ببەین و لە گۆڕەپان وەدەری بنێین. بەڵکوو کێبڕکێ دەبێ بەشێوەیەک بێت کە ژیانی هەموو بەشداربووانی باشتر بکات. ئەگەر وا بێت، ڕکابەری ڕاستەقینە دەتوانێ تەنانەت لە هاوڕێ یان مامۆستایەک بەسوودتر بێت.

بۆ نموونە: سەیرێکی ڕاکردنی ماڕاسۆن بکەن. ڕیکۆردی کێبڕکێکە تەنها بۆ ڕاکەری یەکەم نییە. ڕیکۆردی نموونەیی نوێ کاتێک بەدەست دێت کە ڕاکەر لەبەرامبەر ڕکابەرێکدا بێت و لەگەڵی کێبڕکێ بکات. کاتێک یەکێک لە ڕاکەرەکان لەوەی تر پێش دەکەوێت، ڕاکەری دووەم دێتە خرۆش، هان دەدرێت کە بە هەوڵدانی زیاتر بکەوێتەوە پێش ڕاکەری یەکەم. ئەم پرۆسەیە لە درێژەی کێبڕکێکەدا بەردەوامە و هەر دوو یاریزانەکە بەیارمەتیی هاندەری ڕکابەرێتی بە ڕێکۆردی نموونەییەوە کێبڕکێکەیان تەواو دەکەن.

ئێوە دەبێ بەم دیدەوە سەیری کێبڕکێ بکەن. کێبڕکێ تەنیا تایبەت بە ئێوە نییە و بەو مانا نییە کە پڕەنسیپی کێبڕکێ پشت گوێ بخرێت. کێبڕکێ دەبێ سوودی بۆ هەموان هەبێت و بەشداربووان هان بدات بۆ هەوڵ و

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

تێکۆشانی زیاتر. ئەمە بنەمای ڕاستەقینەی کێبڕکێیە کە ئەگەر بەشێوەی دروست بەکار ببرێت دەبێتە هێزێکی پۆزەتیڤ و ئافرێنەر.

کێبڕکێ نابێ ببێتە هۆی پێکناکۆکی و پەڕاوێزکەوتووی کەسەکان. چونکە ئامانجی ڕاستەقینەی بەهێزکردنی تواناییەکان و داهێنانە دەنا ئەمەی لێبەدەر کێبڕکێ نەک هەر دەبێتە هۆی لەناوچوونی کەسەکان بەڵکوو ئەخلاقیش لەناو دەبات. ئێوە دەبێ بزانن کە ئەگەر کێبڕکێ تەنها بە بەشی خۆتان بزانن، لەڕاستیدا ئامادەکاریتان بۆ لەناوچوونی خۆتان کردووە.

ئێوە ناتوانن بۆ خۆتان و لەگەڵ خۆتان بژین، کەواتە خۆتان لە هەموو جۆرە هەستی بەغێڵی و خۆخوازی کە پێدەچێ ڕۆحتان پیس و تاریک بکات، ئازاد بکەن. ئێوە دەبێ لەگەڵ ئەوانی تر هاوکاری بکەن و یارمەتییان بدەن.

با وەکوو نموونە سەیری پیشەسازیی گوازتنەوە بکەین. ئەم پیشەسازییە ئێجگار زۆر وابەستەیە بە ئۆتۆمبێل و مەکینەی جۆربەجۆر. کۆمپانیایەکی ئۆتۆمبێل مەحاڵە کە هەموو بەشە جۆربەجۆرەکانی پێویستی ئۆتۆمبێلێک خۆی بەتەنیا دروست بکات و پاش مۆنتاژکردن بینێرێتە بازاڕ. ئۆتۆمبێل ئەنجام و تێکەڵەی هەزاران پارچەی بەرهەمهاتوو لە پیشەسازییە جۆربەجۆرەکانی ئۆتۆمبێلسازیدایە. هەر بەم شێوە ئێمە بۆ هەموو شتە تایبەتەکانی ژیان بە توندی وابەستەی یەکترین.

کۆمپانیاکان بۆ بەرهەمی باشتر بە توندی پێکەوە کێبڕکێ دەکەن، لە ئەنجامدا، بۆ بەکاربەر کوالێتیی بەرهەم بەرز دەبێتەوە. ئەگەر تەنها یەک بەرهەمهێنەر بوونی هەبووایە، کوالێتی و تەکنەلۆجیا ئێستە ڕەنگە

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

پێشکەوتنێکی وای بەخۆیەوە نەدیبا. بۆ نموونە پێدەچوو ئێمە هێشتا لە مەکینەی جلشۆری دەستی کەڵک وەرگرین. ئەڵبەت هێز و تێچوویێک کە بۆ باشتربوونی کوالێتی و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا تەرخان دەکرێت، هەندێک کات ئێجگار زۆر و سەرسووڕهێنەرە، بەڵام کۆمپانیاکان ئامادەن ئەم تێچووانە بدەن تاکوو بتوانن بەرهەمی باشتر پێشکەش بکەن و لە ڕکابەرەکەیان پێش بکەون. ئەمە ڕێک وەکوو کێبڕکێیەک وایە کە ئاماژەمان پێدا. ئەگەر یەکیان پێش بکەوێت ئەوی تر هان دەدرێت کە بۆ قەرەبووکردنەوەی دواکەوتنەکەی هەوڵێکی زیاتر بدات.

بۆ نموونە کۆمپانیای ئۆتۆمبێلی کرێی «ئاویس»ی ئەمریکا لەپێش چاو بگرن. دروشمەکەیان ئەمە بوو: «ئێمە زیاتر هەوڵ دەدەین» لەم جۆرە کێبڕکێیانە کۆمپانیاکان نابنە دوژمنی یەکتر بەڵکوو دەبنە پاڵپشتی یەکتر. ئەڵبەت لەم کێبڕکێیانەدا براوەی یەکەم بەکاربەرە. بەڵام کۆمپانیاگەلێکیش هەن کە لە کێبڕکێدا زیادەڕۆیی دەکەن و لە شێوازگەلی پەست و ڕەزیلانە کەڵک وەردەگرن. بۆ نموونە لەسەر ڕکابەرەکانیان دەنگۆی خراپ بڵاو دەکەنەوە. یاخود بە شێوازگەلی جۆربەجۆر ڕیگە لە سەرمایەگوزاریی هاوبەشی نێودەوڵەتی و وەرگرتنی مۆڵەت بۆ بەرهەمهێنان دەگرن. لەم جۆرە حاڵەتانەدایە کە مانای ڕاستەقینەی یاریی ویژدانداریانە و دروست لەناو دەچێت.

ئێوەش بەدڵنیاییەوە بیستووتانە دەڵێن، بۆ دەستخستنی سەرکەوتنی دواجارەکی ئەنجامدانی هەموو کارێک ڕەوایە. بەڵام لە کێبڕکێ

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ڕاستەقینەکاندا، شێوازگەلی نادروست هیچ ئامانجێک پاساو نادەنەوە. یاریی بێویژدانانە لەڕاستیدا پێشێلکردنی ڕێسای کێبڕکێ ڕاستەقینەکانە و ئێوە لەیادتان بێت کەسانێک کە بەویژدان و دروستکارن، براوە ڕاستەقینەکانی دواجارن.

زۆر باشترە کە ئێوە نمرەیەکی ڕاستەقینەی ٩٠ لە تاقیکردنەوەدا بگرن تاکوو ئەوەی کە بە فرتوفێڵ ١٠٠ بگرن. چونکە نمرەی ڕاستگۆیانەی ٩٠ نمرەیەکە کە بە هەوڵی خۆتان بەدەست هاتووە. ژیان ئەوندەش کورت نییە و نمرەی ڕەشۆکیی ١٠٠یش دواییین نمرەی ئێوە لە ژیاندا نابێت. نمرەی ٩٠ کە بەبێ فرتوفێڵ بەدەستتان هێناوە، ننەڕەتێکی مەحکەم دەبێت بۆ نمرەکانی داهاتووی ئێوە و کەسی درۆزن و تەڵەکەباز لەدواجاردا پێوە دەبێت.

لە یاریی «گۆ»دا دەستەواژەیەک هەیە بە ناوی «دەست ڕاست» واتە یاریکردن بەپێی ڕێسا، هەر بەم ڕادەش لە ژیاندا ڕێسای دڵخواز بوونی هەیە. ئێوە پێدەچێ لە کێبڕکێیەکدا لەڕێگای فێڵ و تەڵەکەوە بیبەنەوە بەڵام لە کێبڕکێی ژیاندا سەرەنجام دەیدۆڕێنن بەو کەسە کە بەپێی ڕێسا و دروست ژیاوە. کەواتە هیوادارم هەمووتان لە کاتی خوێندندا خاوەنی ڕکابەری باش بن، کەسێک کە ئێوە ناچار بکات بە هەوڵ و تێکۆشانی زیاتر، وەها ڕکابەرێک لە هاوڕێیەک زۆر بەنرختر کە تەنها بۆ خۆشی و کات گوزەراندن دێتە لاتان. بەردەوام هەوڵ بدەن لەگەڵ ڕکابەرەکانتان ڕابکەن و خۆشتان ڕکابەری باش بن. لەم حاڵەدا هەردووکتان دواڕۆژێکی درەوشاوەتر و پڕبەرهەمترتان دەبێت.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

[٨] پێگەی ڕێبەڕایەتی

کانیی ڕوون، ئاوی زوڵاڵی لێوە دێت. ئەمە مەسەلێکی دێرینی کۆریاییە و بە تەواویش دروستە. سەرچاوە دەبێ شەفاف و خاوێن بێت تاکوو ئاوی خاوێن و زوڵاڵی لێوە بێت.

کۆمەڵگاش هەر بەم شێوەیە. ڕێبەرانی کۆمەڵگا دەبێ دروستکار و تەندروست بن تاکوو کۆمەڵگا تەندروست بمێنێتەوە. هەرگیز زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین ئێوە دەتوانن لە کردار و ڕەفتاری ڕێبەرانی کۆمەڵگایەکەوە، ئەو کۆمەڵگایە هەڵسەنگێنن. کەواتە ئەو مەسەلەی باسمان کرد لە ڕاستیدا پشتڕاستکردنەوەی ڕۆڵی ڕێبەرانی کۆمەڵگایە. ئێمە پێویستمان بە ڕێبەرانێکە کە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا سەرچەشنی باوەڕبەخۆبوون و بوێری بن.

هەموو کەس ناتوانێ ڕبەرایەتی بکات، بەڵام ئەوەی گرنگە دەبێ کۆمەڵگا بەپێی پێویست ڕێبەری هەبێت. لە کۆریادا مەسەلێکی تر هەیە دەڵێ هەموو بەلەمێک ئەگەر سەوڵلێدەری بێشوماری هەبێت دەتوانێ بچێتە لووتکەی چیا بەڵام بە سەوڵلێدەری کەمەوە ناتوانێ تەنانەت لە شوێنی خۆی بجووڵێت. کەواتە گرنگ ئەوەیە کە کەسەکان بە توانایی و لێهاتوویی پێویستەوە ببنە ڕێبەر. کۆمەڵگایەک کە ئەم جۆرە کەسانەی نییە لە بەردەڵانی کێشە و نەهامەتییەکاندا دەجووڵێت.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ڕێبەر دەبێ خاوەنی چ تایبەتمەندیگەلێک بێت؟ ئەو دەبێ توانای جۆربەجۆری هەبێت، بەقەناعەتگەیێنەری کۆمەڵگا و توانای ڕێکخستنی گروپە جۆبەجۆرەکانی هەبێت. ئاستە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگا، چاوەڕێی لێهاتوویەکی بێوێنەی دیکەش لە ڕێبەرەکەیان دەکەن. و ئەویش ئەوەی کە بتوانێ لەڕێگای ڕێبەرایەتیکردنێکی بەهێزەوە، پێکناکۆکی و ناکارامەییەکانی ناو کۆمەڵگا چاکسازی بکات و هێزی مرۆیی لە ئاراستەی ئاسوودەیی و پێشکەوتنی کۆمەڵگادا بەکار ببات.

خاڵێکی زۆر گرنگ کە دەبێ سەرنجی بدەن ئەوەیە کە ڕێبەرایەتی لەگەل دیکتاتۆری بە هەڵە نەگرن. ڕێبەرایەتییک کە من باسی دەکەم بەتەواوی جیاوازە لەو جۆرە ڕێبەرانەی کە خەڵک دەکەن بە کۆیلە. لە ڕابردوودا لەم وڵاتەدا دۆخێکی تایبەت بوونی هەبوو کە بە هەڵە دیکتاتۆریمان بە ڕێبەرایەتیی بەهێز دەزانی بەڵام ئەمڕۆ ئێمە زیاتر نیگەرانی ئەو کەسانەین کە بەرپرسیارێتی و بەڵێنەکان پێویست بۆ ڕێبەرایەتیی ڕاستەقینە قبووڵ ناکەن. سەردەمی دیموکراسی بە مانای سەردەمی پێویستنەبوونی ڕێبەرایەتی نییە. بەلکوو بەپێچەوانەوە لەم کاتەدا ئێمە پێویستیی زیاترمان بە ڕێبەرانی ڕاستەقینەیە کە ڕای زۆرینەی خەڵک هەڵبژێردرێن و بەپێی خواستەکانی خەڵک هەلسوکەوت بکەن و بچنە پێشەوە. کەواتە بە مەبەستی سەقامگیرکردن و پتەوکردنی ڕاستەقینەی پێگەی ڕێبەرایەتی، زەروور و پێویستە کە گروپە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگا بە دیدێکی عەقڵانی و بە وشیارییەوە لەگەڵ کۆمەڵگاکەیان مامەڵە بکەن. ئێمە پێویستمان بە

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

سیستمێکی ڕێبەرایەتیی خەڵکییە کە بەپێی ڕێککەوتن و خواستی خەڵک پێک هاتبێت.

کەسێکی ڕێبەر پێویستی بە تایبەتمەندییەکی گرنگی دیکەشە و ئەویش هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی موتڵەقە بە وەزیفە و بەڵێن و بەرپرسیارێتییەکانی. ڕێبەران دەبێ بەرپرسیارێتی و وەزیفەکانی خۆیان لە کۆمەڵگادا بە ڕاسپاردەییەکی ئیلاهی بزانن و بەردەوام وابزانن بۆ ئەوە هاتوونەتە دنیا کە ئەم ڕۆڵە بگێڕن. ئەوان دەبێ ژیان و تەمەنیان بۆ بەرپرسیارێتییەکەیان تەرخان بکەن و ئەمە بە ڕەسااڵەت و ڕاسپاردەیی سەرانسەر ژیانیان بزانن. ئەگەر ڕێبەران ئەم جۆرە هەست و بیرکردنەوەیان نەبێت، کۆمەڵگای خۆیان بەجۆرێک تووشی بشێوی و نەهامەتی دەکەن کە تاکەکان توانای چالاکی و هەڵسوورانی دروست و گونجاویان نابێت. کەسێک کە پێگەی ڕێبەرایەتی تەنها بۆ پێشکەوتن و بەرژەوەندیی خۆی دەزانێ، لەڕاستیدا بەهیچ شێوە شایستەی ڕێبەرایەتیی نییە. ڕێبەر دەبێ هاوکات هەستی توندی فیداکاریشی هەبێت. ئەم هەستە لە هەستی بەرپرسیارێتی و ڕەسالەتێک کە لە ئەستۆیەتی سەرچاوە دەگرێت. ئەم هەستانە تەواوکەری یەکترن. ڕێبەرایەتی ئەوە نییە کەسێک لەسەر کورسیی و پێگەی باڵا دانیشێت. بەڵکوو ڕێبەرایەتی شایستەی کەسانێکە کە لەبەرامبەر پێشکەوت و گەشەکردنی کۆمەڵگاکەیاندا هەستی فیداکاری و بەرپرسیارێتییان هەیە. بوون بە ڕێبەر وەک ئەوەیە لە جادەیەکی پڕ لە دڕکوداڵ هەنگاو هەلگرن. تەنها کەسانێک کە ئامادەن خواستەکانی خۆیان و ژیانی تایبەت و تەنانەت

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

بنەماڵەکەیان پشتگوێ بخەن، دەتوانن بگەنە پێگەی ڕێبەرایەتی. ئەمە ڕێبەرانی هەموو ئاستە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگاش دەگرێتەوە. کەواتە ئێوە دەبینن هەر کەسێک ناتوانێ بگاتە پێگەی ڕێبەرایەتی، چونکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئایا ئەم کەسە ئامادەیە لەڕێگای ڕێبەرایەتیدا فیداکاری و لەخۆبوردوویی بکات یان نا؟

لە ڕێگای سەرکەوتنی کۆمپانیای «دایوۆ»دا ساڵانێک ناچار بووم ژیانی خێزانیم فیدا بکەم، لە خەو و خواردنی خۆم گوزەرام، بچووکترین دەرفەتم بۆ خۆشگوزەرانی و سەرگەرمی نەبوو. من چێژی ژیانی خێزانیم کردە فیدای سەرکەوتنەکانی کۆمپانیای دایوۆ.

لە سەرەتاکاندا خیزانەکەم لەم بارەوە زۆر گلەیی دەکرد، بەڵام ئەو ئێستە هەلومەرجی کارەکەی منی قبووڵ کردووە، ڕەنگە لای وابێت ڕێگایەکی تری نییە. من هەمیشە دەبێ لەگەڵ ئەم داڵغانەدا بژیم کە منداڵەکانم نەبردووە بۆ سەیران. بەڵام لام وایە لەدوای تێپەڕینی ساڵانێک، ئەندامانی خانەوادەکەم هەلومەرجی کاریی منیان دەرک کردووە و تەنانەت بڕێکیش شانازیم پێوە دەکەن. کەواتە من هەست دەکەم کەسێکی بەختەوەرم و سپاسی دەرک و تێگەیشتنی خانەوادەکەم دەکەم. ئەڵبەت ئێمە هەموومان لە گرنگیی ژیانی خێزانیی باش و گونجاو، ئاگادارین و ڕیک دەزانین بەختەوەری لە ژیانێکی باشی خێزانیدا کورت دەبێتەوە. بەڵام ئەرک و بەرپرسیارێتیی ڕێبەرێک، دەبێ بەسەر خواست و ئایدیاڵە تاکەکەسی و تایبەتەکانیدا زاڵ بێت. ئەگەر

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

هەموو کەس بەدوای خواستەکانی خۆیەوە بێت، لەوحاڵەدا کێ ڕێنما و ڕێنوێنیکەری کۆمەڵگا دەبێت.

کۆمەڵگا دەبێ کەسانێکی هەبێت کە لەبیری ئەوانی تردان و ئامادەن هێمنایەتی و ئاسوودەیی خۆی لە پێناو ئاراستەکردنی دروستی کۆمەڵگادا فیدا بکات. ئەگەر دەتانەوێ ببنە ڕێبەر دەبێ ئامادەی لەخۆبوردوویی بن.

سیاسەتی پێرسێنێلیی دایۆ هەر بەم پێیە دامەزراوە. ئێمە ئەو کارمەندانەمان خۆش دەوێ کە داهێنەرن، ڕۆحی بەرەنگارییان هەیە، فیداکار و تێکۆشەرن. ئەم جۆرە کەسانە خاوەنی تایبەتمەندیی ڕێبەرایەتین. کەسانێکن کە دەتوانن لەدواجاردا تا ئاستی ڕێبەرایەتیی کۆمپانیای دایۆ هەڵکشێن. تەنانەت ئەگەر هەندێک لەوان داهێنانێکی کەمتریان هەبێت، دیسان ئێمە خۆشمان دەوێن چونکە دەزانین ئەوان حەزیان زۆر لە ئەنجامدانی کار و سەرکەوتن هەبووە و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان باشتری هەوڵ و تێکۆشانیان پێشکەش کردووە.

ئەڵبەت کەسانێکیش هەن هە تەنها بۆ بەرژەوەندی و ڕەزایەتی خۆیان هەوڵ دەدەن. ئەوان زیاتر لە بەندی تایبەتی و خێزانی خۆیاندان. ئەمانە کەسانێکن کە بە موتڵەقی بەکاری دایۆ نایەن چونکە توانای جیاوازیدانان لەنێوان بەرژەوەندیی تایبەتی و گشتیدا نین. کۆمپانیای دایۆ هیچ پێویستی بەو کەسانە نییە کە ئەم دوو بابەتە لێک جیا نەکەنەوە و تێکەڵیان بکەن.

ڕێبەرێک جێگای ڕێزی ئەوانی تر دەبێت کە بە هەموو بوونیەوە ڕۆڵی ڕێبەرایەتی بگێڕێت. کۆمەلگا بە هەستی بەرپرسیارێتی و فیداکاری و بەها

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ڕاستەقینەکانەوە ڕێنوێنی بکات. ڕێبەران دەبێ جێگای ڕێز بن. لەم ڕێگاوە ئێمە دەتوانین جیاوازی دانێین لەنێوان دیکتاتۆری و ڕێبەرانی ڕاستەقینەدا. خەڵک بەهۆی ترس و تۆقانەوە، نەک لەڕووی ڕێز و حورمەتەوە بەگوێی دیکتاتۆرەکان دەکەن، بەلام خەڵک لە ڕێبەرە ڕاستەقینەکان ناترسن و لە دڵەوە ڕێزیان دەگرن. هەروا کە نابێ هەموو هێزێک لەگەڵ هێزی ڕاستەقینە بە هەڵە بگرین نابێ هێزی سەرکوتکارانەش لەگەڵ ڕێبەرایەتیی ڕاستەقینە بەهەڵە بگرین. هێز و پێگەی ڕاستەقینە لە ڕێزەوە سەرچاوە دەگرێت. ڕێبەر دەبێ بە هەوڵی خۆی ئەم هێز و پێگەیە بەدەست بهێنێت. ئەگەر ئەمە بەدەست نەهێنێت کەواتە ناتوانێ ڕێبەرایەتیی کۆمەڵگاش بکات. ئێمە دەبێ ڕاستگۆیانە ڕێز بگرین ە هێزی ڕیبەرایەتی کە لە هەستی بەرپرسیارێتی و لەخۆبوردوویییەوە سەرچاوە دەگرێت.

من پێم باشە پێداگری لە ئێوەی گەنجان بکەمەوە کە هەستی بەرپرسیارێتی لە خۆتاندا پەرە پێبدەن. ڕێبەرانێک بن کە لە چێژە کاتییەکان خۆتان بەدوور بگرن و لە حەسار و سنوورەکانی ژیانی ئێستەتان هەنگاوێک واوەتر بنێن و لەهەمان کاتدا یارمەتیی پێشکەوتن و باشتربوونی کۆمەڵگا و نەتەوەکەتان بدەن. هەموو کەسێک ناتوانێ ببێتە ڕێبەر و هەر کەسێکیش نابێ ببێتە ڕێبەر.

بەڵام بە مانایەکی تر، هەرکام لە ئێوە ڕێبەری ژیانی خۆتانن. چونکە کەسی تر ناتوانێ لەبری ئێوە بژی. ئێوە ڕێبەری خۆتانن، کەواتە هەموو ئەو

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

بابەتانەی تا ئێستە لەبارەی پێگەی ڕێبەرایەتییەوە گوتمان سەبارەت بە ئێوەش وەڕاست دەگەڕێت.

هیوادارم، کەسانێک کە دەیانەوێ ببنە ڕێبەری کۆمەڵگا، ئەو خاڵانەی کە ئاماژەم پێدان، ڕەچاو بکەن. واتە توانای بوون بە ڕێبەر، هەستی بەرپرسیارێتی و فیداری و ئیرادەی پۆڵایین بۆ دروستکردنی ژیانێکی دڵخواز و سەرکەوتوو لە خۆیاندا پەروەردە بکەن.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

[٩] ئێمە هەموو کۆریایین

من نازانم بۆچی لە کۆریا چەقبەستوویی لۆکاڵ و ناوچەگەرایی تا ئەم ڕادەیە کێشەسازە. من کەسێکی کۆریاییم. ڕەگی بنەماڵەیی من دەگاتەوە بە دوڕگەی «چەنجو» لە باشووری ناوچەی «چولا». باوکم لەوێ لەدایک بووە و دووەم شارەوانی ئەم دوڕگەیە بووە. بەم بۆنەوە من کەسێکی «هونامی»م. وە هەروەها من لە «پونگ سان» لە ناوچەی «تائەگو» لەدایک بوومە، خولی کولێژم لەوێ گوزەراندووە و لە جەنگی کۆریادا لە «سیول»ەوە ڕامکرد بۆ «تائەگو». کەواتە بەم شێوە من کەسێکی «پونگ نامی»م. جگە لەمەش من لە «سیول» گەورە بوومە، و هەتا زانکۆ لەوێ خوێندوومە، لەم ڕووەشەوە دەتوانم بڵێم من «سیول»یم. بابەتی گرنگ ئەوەیە کە من هیچ هۆگرایەتییەکی ڕادەبەدەر و تایبەتم بۆ هیچکام لەم ناوچانە نییە. ممن تەنها دەزانم کە کەسێکی کۆریاییم بەڵام نەتەوەی کۆریا نەتەوەیەکی بچووکە و هەموو ئێمە کۆریایین و بە زمانی کۆریایی قسە دەکەین.

لە هەر ناوچەیەکدا کەسانێک هەن کە حەزێکی زۆریان لە یاریی بەیس باڵ هەیە و ئەوانی تر کەمترین حەزیان لەم یارییە نییە، گروپێکی کۆمەڵایەتی گۆشەگیرن و گروپێکی تر حەزیان لە مۆسیقای کلاسیک و کەسانێکی تر هۆگری مۆسیقای ئەمڕۆیین. هەندێک گرنگی بە ژیانی خێزانی دەدەن و

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

خەڵکانێکی تر هیچ حەزیان لە ژیانی خێزانی نییە. ئەم جیاوازییانە لە هەموو ناوچەیەکدا بەدی دەکرێت بەڵام هیچ کام لەم جیاوازییانە تایبەت بە ناوچەیەک نین. هیچ دوو کەسێک بوونیان نییە کە بە تەواوی هاوشێوەی یەک بن. ئەگەر باش سەرنج بدەن بۆتان دەردەکەوێ کە ناوچە جۆربەجۆرەکان لە زۆر بارەوە هاوشێوەی یەکترن. کەواتە ئەگەر سەرەتا هاوشێوەییەکان لەبری جیاوازییەکان بخەنە ژێر سەرنج، لەم حاڵەدا دەتوانن جیاوازییە تاکەکەسییەکان قبووڵ بکەن، ڕێزیان لێبگرن. بەڵام کاتێک جیاوازییە کەسییەکان ببنە ئامرازێک بۆ هەڵاواردن و چەقبەستوویی ئێوە، لەو حاڵەدا دوچاری کێشە دەبن. ئەم جیاوازییانە پێمان دەڵێن کە مرۆڤگەلی جۆربەجۆر لە دنیادا دەژین. کەواتە بەبیانووکردنی جیاوازییەکان بۆ هەڵاواردن کارێکی هۆڤانە و نامرۆڤانەیە و لەگەڵ هەڵاواردنەکانی هیتر بەرامبەر بە جووەکان هیچ جیاوازیی نییە. لە کۆمەڵگایەکی تەندروستدا کەسەکان ڕێز لە جیاوازییەکانی یەکتر دەگرن.

لە کۆمەڵگای ئێمەدا هیچ شوێنێک بۆ هەڵاواردن بوونی نییە. من وەکوو یەکێک لە ئەندامانی بەرەیەک کە لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە پەرەیان بەم جیاوازی و هەلاواردنانە داوە، هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەم. کاتێک لە گەنجان تایبەت بە هۆکار و سەرچاوەی چەقبەستوویییەکانی ناوچەی ئەوان پرسیار دەکەم، لە وەڵامدا دەڵێن، چەقبەستوویییەکانیان لە دایک و باوکی خۆیانەوە گرتووە. ئەم قسانە وام لێ دەکەن کە بیر بکەمەوە داخۆ ئەم دایکوباوکانەی ئەمڕۆکە جگە لە چەقبەستوویی و هەلاواردنی قیزەون و

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

شارشێتی و ناوچەگەری هیچ بابەتێکی گرنگی تریان نییە کە بیگوازنەوە بۆ منداڵەکانیان کە بەرەی نوێی ئەم وڵاتە پێک دەهێنن؟ و گەنجەکانیش دەبێ لانیکەم تەنها لەم یەک بابەتەدا لەدایک و باوکیان خۆش بن کە ویستوویانە ئەم چەقبەستوویانە بگوازنەوە زەین و مێشکی ئەوان بەڵام ئیتر پێویستیش نییە درێژەی پێبدەن. بەتایبەت لەو ڕووەوە کە وڵاتەکەمان لە ئێستەدا زیاتر لە هەموو کاتێک پێویستی بە وەحدەت، هەماهەنگی و یەکڕیزی و تەبایی هەمووان هەیە.

بۆ بەدەستهێنانی وەحدەت، دەبێ چەمکی «من» بگۆڕین بە چەمکێکی باڵاتری «ئێمە». هەڵاواردن لە تێڕوانینی خۆویستانەی تاکەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەگەر لە دیدی کۆمەڵگاوە سەیری بکەین ئەم هەڵاواردنانە دەبنە جۆرێک ڕێزگرتن لە جیاوازییە تاکەکەسییەکان.

ئەوەی کە تەنها لە بیری خۆتدا بیت دەبێتە هۆی خودپەسندی و ناکۆکی و جیاوازی لەگەڵ ئەوانی تردا. بەڵام کاتێک لەجیات «من» بیر لە «ئێمە» دەکەنەوە، ئێوە دەرگای مرۆڤدۆستی دەکەنەوە و ڕێگە بۆ گەلێک پێوەندیی باش و زۆر بەسوود خۆش دەکەن. سەفەر بۆ دەرەوەی چاوتان دەکاتەوە و ئێوە زیاتر بەرامبەر بە چەمکی «ئێمە» وشیار دەبنەوە و بۆتان دەردەکەوێ کە چ گەمژەییەک لە خودپەسندیدا شاراوەیە. چەقبەستوویی و هەڵاواردنی ناوچەیی وەکوو بۆقێک وایە کە لە چاڵێکدا دەژی و تەنها ناو ئەو چاڵە دەبینێت.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ئێمە لە دایۆڕ، چەقبەستوویی ناوچەگەریمان نییە ڕەنگە لەو ڕووەوە کە ئێمە لەم کۆمپانیادا تا ڕادەیەک زەینیەتی نێودەوڵەتیمان پەیدا کردووە. ئێوە کاتێک دەچنە دەرەوەی وڵات بەجوانی بۆتان دەردەکەوێ ئەم ناوچەگەری و شارچێتییە چەندە گەمژانە دیارە، چونکە بەهەرحاڵ هەموو ئێمە کۆریایین.

کاتێک لە دەرەوەی وڵات کۆریاییەکی دیکە دەبینن، پێکەوە تەوقە دەکەن و بە دیتنی یەکتر شاد دەبن، بەبێ ئەوەی گوێ بدەن بەوەی کە هەرکام لە ئێوە خەڵکی کام شار و ناوچەی کۆریان. ئیتر تەنانەت ویلایەت و پارێزگاکانیش گرنگییان نامێنێت.

بێننە پێش چاوتان کە من کێکێکی بچووکم پێیە کە تەنها بەشی یەک نەفەر دەکات. بەڵام چوار پێنج کەس خۆیان لێ مت کردووە و ئەگەر کێکەکە بخەمە بەردەستیان پێدەچێ لەسەر ئەو کێکە پێکەوە بیکەنە شەڕ و ناکۆکی. یەکیان نیوەی کێکەکە دەڕفێنێت، ئەوەی تر بە نیوەکەی تری کێکەوە ڕایکردووە، دوو کەسیان تۆزقاڵێک لە کێکەشیان بەرناکەوێ، یان ڕەنگە ئەسڵەن لە کاتی شەڕکردندا هەلخوازێک بێت و پەلامار کێکەکە بدات و هەر هەمووی هەڵگرێت و ڕابکات و ئەوانی تر هەموویان بێبەش بمێننەوە. لەلایەکی ترەوە ئەگەر چوار یان پێنج کەس بە کۆکردنەوەی تواناکانیان کێکێکی گەورەتر دروست بکەن، هەموویان دڵخۆش و ڕازی دەبن. بەڵام ئەگەر کەسێک کێکێکی بچووک تەنها بە بەشی خۆی بزانێ کەسایەتی ئەو تەنانەت لە کێکەکەش بچووکترە. بەڵام ئەگەر ئەو شێوازێک دابهێنێت کە کێکێکی گەورەتر بۆ هەموویان درست بکات، لەم حاڵەدا کەسایەتی ئەو زۆر

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

گەورەتر لە خودی کێکەکە دەبێت، تەنانەت ئەگەر لە کێکەکە پشکێکی زۆر کەمیشی بەر بکەوێت.

لێرەدا ئێمە بابەتێکی گرنگمان بۆ دەردەکەوێ و ئەویش پرەنسیپی هاوکاری و تەبایی لەگەڵ یەکترە. کاتێک لەگەڵ یەک هاوکاری دەکەین و ئەنجامی کارەکەمان پێکەوە دابەش دەکەین، لەم کاتەدا هەبوونی ئێمە بە ڕێژەی کار و هەوڵە هاوبەشەکەمان گەشە دەکات. کاتێک کەسەکان پێکەوە هاوکاری دەکەن هیچکام لەوان پشکی خۆی لەدەست نادات بەڵکوو داهێنان و بەرژەوەندییەکانی چەند قات زیاتر دەبن.

ئێمە نەتەوەیەکی بچووکین، تەنانەت بچووکترین ویلایەتەکانی ئەمریکا، نزیکەی ٧٠%ی خاکەمان چیا و کوێستانە کە کێشە و گرفی زیاتری هەیە. لە هەمووی خراپتر ئەوەی کە کۆریا لە ئەساسدا بووەتە دوو بەشەوە، کەواتە ئەبێ بۆتان دەرکەوێ کە ناکۆکییە ناوچەییەکان تا چ ڕادەیەک گەمژانە و بێکەڵکن. ناوچەگەرایی وەک ئەوەیە کەسێک هەموو کێکە بچووکەکە بە هی خۆی بزانێ. با لەبری بەفیڕۆدانی هێزی خۆمان لەپێناو شەڕ و ناکۆکیی بێسوودا، زیاتر خەریکی چێکردنی کێکێکی گەورەی گشتی بین.کەواتە دەمەوێ ڕێگای چێکردنی کێکێکی گەورەترتان فێر بکەم، یەکێک لەم ڕێگایانە، سەفەرکردن بۆ دەرەوەی وڵاتە. بەهەرحاڵ کاتی ئەوە هاتووە کە لەجیات شەڕکردن لەسەر لەتە بجووکەکانی کێک، هێزە هاوبەشەکانی خۆمان تەرخان بکەین بۆ دروستکردنی کێکێکی گەورەتر، تاکوو هەموومان پشکێکی زیاترمان بەربکەوێ و هەمووان دڵخۆش و ڕازی بین.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

[١٠] گەورەترین مامۆستای ئێوە

ئەزموونەکانی ژیان گەورەترین مامۆستای مرۆڤە. لەڕێگای ئەزموونەکانەوە، ئێوە لە حەقیقەت و نهێنییەکانی ژیان تێدەگەن و لەم ڕێگەوە کەسایەتیی ئێوە بەربەرە گەشە دەکات.

ماوەیەک لەمە پێش یەکێک لە کتێبەکانی سەدەی هەژدەیەمم خوێندەوە کە لەلایەن سیاسەتوانی بەریتانییوە «فیلیپ چیسەر فیلد» نووسراوە. کتێبەکە کۆمەڵە نامەیەکە کە ئەم کەسە لە ماوەیەکدا کە سەرکونسولی بەریتانیا بووە لە هۆڵەندا، بۆ کوڕەکەی نووسیوە. لە یەکێک لە نامەکاندا، ئاماژە دراوە کە کۆمەڵگا گەورەترین کتێبی دنیایە و کوڕەکەی دەتوانێ لە ڕێگای خوێندنەوەیەوە زۆر زیاتر لە ناوەڕۆکی هەموو کتێبە چاپکراوەکانی دنیا شت فێر بێت. منیش جەختێکی ئێجگار زۆرم لەسەر گرنگیی ئەزموونە، چونکە ئەزموون کاریگەرترین و خێراترین شێوازی فێربوونی مرۆڤە لە کۆمەڵگاوە. زۆربەی توێژەرانی بەریتانی لە «فرانسیس بیکێن»ەوە بیگرە تاکوو «جۆن لاک» و «هیۆم» بەردەوام جەختیان لەسەر ئەوە بووە کە هەموو مەعریفەی ئەوان لە ئەزموونەکانیانەوە بووە. بە مانایەکی تر، ئێمەی مرۆڤ بە ئەندێشەگەلێکی دەگمەنەوە لەدایک دەبین، و بە هەر ڕادەیەک و شێوازێک لەوەدوا گەشە بکەین و پێش بکەوین بەهۆی ئەزموونەکانی ژیانەوەیە.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

کەواتە لە سەردەمی گەنجێتیدا تا ئەو شوێنەی دەکرێ هەوڵ بدەن بۆ بەدەستهێنانی ئەزموونی باش و بەربڵاو. تاکوو هەبوونتان قووڵایی و پانتایەکی گەورەتر پەیدا بکات. لەم ڕێگەوە ئێوە لە نهێنییەکانی ژیان تێدەگەن. «کونفوسیوس» لای وابوو ئەگەر لەگەڵ دوو کەس پیاسە بکەن لانیکەم یەک لەو دووانە مامۆستایەک دەبێت بۆ ئێوە.

فێربوونی من لە کۆمەڵگاوە زۆر زوو دەستی پێکرد. چونکە لەو کاتەدا کە وەکوو ئاوارەی جەنگی لەگەڵ خانەوادەکەم لە «تائەگو» بووین، ناچار بووم بژێویی ژیانی خانەوادەکەم دەست بخەم و لەم ماوەدا لە ژێر و ژووری پێوەندییە مرۆییەکان، شێوازی پارە پەیداکردن، توجارەت، کێبڕکێ، سەرکەوتن و دیتر حەقیقەتەکانی ژیان بە وردی تێگەیشتم. هەموو ئەم ئەزموونە سەرەتاییانە دەورێکی زۆر گرنگیان لە ژیانی مندا گێڕاوە. لە ژیاندا بێجگە لەو شتانەی کە لە باری ئەخلاقییەوە کێشەمەندن، هەموو شتێک ئەزموون بکەن. جگە لەو شتانە، هیچ شتێکی تر لە ژیاندا نییە کە ئێوە نابێ ئەزموونی بکەن. بە توندی وەرزش بکەن، بە سەختی زانست فێر بن و تا ئەو شوێنەی دەتوانن لەگەڵ ئەوانی تر هاوڕێیەتی بکەن و تەنانەت عاشق بن. زەوی شێف بکەن، فێری شۆفیری بن، شاخەوانی بکەن، جارێک لانیکەم هەموو شتێک ئەزموون بکەن. چونکە پێش ئەوەی کە بتوانن بە قووڵی لەسەر شتێک قسە بکەن، دەبێ بەوردی بابەتەکەتان ئەزموون کردبێت. ئەزموون ئەو مەزنترین مامۆستایەیە کە هەموومان دەتوانن بمانبێت.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

کەواتە دەمەوێ چەند خاڵێک بەپێی ئەو ئەزموونانەی کە خۆم بەدەستم هێناون، بە ئێوە بڵێم. هەرکات دەرفەتتان هەبوو سەفەر بکەن، و ئەگەر بە دروستی لەگەڵ ئەم بابەتە مامەڵە بکەن، ئاسۆی نوێ و جۆربەجۆر لەبەرامبەر خۆتاندا دەبینن. تەنها بۆ خۆشی و سەرگەرمی سەفەر مەکەن، ئەگەر لە هەر سەفەرێکدا شتێکی نوێ فێر نەبن سەفەرەکەتان بەتەواوی بێهوودە دەبێت. لە سەفەرەکانتاندا وردبین بن و سەرنجی هەموو وردیلەشتەکانیش بدەن. جیاوازیی شوێنە جۆربەجۆرەکان پێکەوە بەراورد بکەن و لە تایبەتمەندییەکانی هەر شوێنێک ئاگادار ببنەوە. تێڕوانینێکی هاکەزایی بەس نییە. سەرنجی شتگەلێک بدەن زیاتر لە ڕووالەتەکان. کونجکۆڵی دەبێ ئامیانی سەرەکیی سەفەرەکەتان بێت. هیچ شوێنێک لە جیهاندا نییە کە بایی سەردانکردن نەبێت. ئەڵبەت سەفەرکردنی بۆ هەندێک شوێنی دنیا باشتر و بەسوودترە. بۆ نموونە سەفەرکردن بۆ وڵات و ناوەندی کولتوورە دەوڵەمەندەکان و شوێنە مێژووییەکانی دنیا.

من زۆر قەرزداری خانەوادەمم، چونکە لە پێوەندی بە کارەکەمەوە، دوو سێی ڕۆژەکانی ساڵ لە دەرەوەی وڵات بەسەر دەبەم، لەم بارەوە هەستێکی ناخۆشم هەیە، چونکە هیچ کات دەرفەتی ئەوەم نەبووە باوکێکی ئاسایی بم. کەواتە بۆ قەرەبووکردنەوەیەکی زۆر کەمی ئەم دۆخە، هەندێک کات منداڵەکانم دەنێرمە سەفەری دەرەوەی وڵات. ئەڵبەت ئەم سەفەرانە هەموویان هۆکاری فێرکارییان هەیە، چونکە حەز دەکەم منداڵەکانم ڕۆح و دەروون و بیرکردنەوەی جیهانییان هەبێت. هەرچەند هەرگیز ئەوان نانێرم بۆ

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

سەفەری خۆشگوزەرانی کە تەنها بەفیڕۆدانی کات و پارەیە و بۆ ناوەندەکانی شارستانییەتی ڕۆژاواش سەفەر ناکەم، ئاگاداری ئەوەم کە ئەوان بچنە وڵاتگەلێکی وەکوو میسر و هندستان و یاخود شوێنگەلێک کە شوێنەوارە مێژووییەکانی لێیە. چونکە لەم شوێنانەدا ئەوان زیاتر لە مێژووی شارستانییەت و هزری مرۆڤ تێدەگەن.

دووەم، پێشنیار دەکەم، هاوڕێی هەمەجۆر و فرەچەشنتان هەبێت. هاوڕێی باش بە ڕادەی سەفەر گرنگە. هاوڕێی زۆر لە کاتی خوێندندا زۆر بەسوود و باشن. هەبوونی پێوەندی جۆربەجۆر لە ئاستی کۆمەڵگادا دەتوانێ زۆر یارمەتیدەری ئێوە بێت. چونکە هیچ کات نازانن هاوڕێیانی داهاتووی ئێوە کێ دەبن. کەواتە هەوڵ بدەن هاوڕێی زۆر و دوژمنی کەمتان هەبێت.

لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا خاڵێک فەرامۆش مەکەن. قووڵایی هاوڕێیەتییە ڕاستەقینەکان مەکەنە قوربانیی ژمارەی هاوڕێیەتییەکان. سەدان هاوڕێیەتی بەبێ هاوڕێیەکی ڕاستەقینە بێسوودە. ناسراوەکان پێدەچێ لەکاتی تەنگانەدا پشت بکەن لە مرۆڤ بەڵام هاوڕێیەکی ڕاستەقینە هەرگیز کاتێک کە پێویستتان پێیەتی پشتتان لێ ناکات. کەواتە وێڕای ئەوەی کە هاوڕێی زۆرتان هەیە، دڵنیا ببنەوە کە هاوڕێیەتییەکەتان ڕاستەقینە و قووڵە.

سێهەم ئەوەی کە لە ئەنجامدانی هەموو کارێکدا پێداگر بن. ئەگەر سەیری دەوروبەرتان بکەن، بۆتان دەردەکەوێ هەموو شتێک لە دەوروبەرتاندا لە حوکمی مامۆستایەکدایە و شوێنکان وەکوو قوتابخانەیەکن کە ئێوە دەتوانن تێیاندا فێر بن. بۆ نموونە کاتێک لە شەقامێکدا پیاسە دەکەن، دەتوانن بە

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

هێماکانی سەر شەقامدا ئەلفبێی چینی فێر بن. لە پاس یان قیتاردا ئەگەر لەحاڵەتی خەڵسەدا دانیشن گوزارشت لە بێبڕیاری و بێئیرادەبوونی ئێوە دەکات. ئەگەر ئیرادەی قاییمتان هەیە، دەتوانن لە هەر کوێ هەن، داهێنەر بن. کاتێک لە ئاستی شاردا دەجووڵن، کتێب بخوێننەوە و یاخود بە «واکمەن» گوێ لە زمانە دەرەکییەکان بگرن.

چوارەم، هەمیشە کتێبێکتان پێبێت. چونکە کتێب بە مانای ئەزموونە ناڕاستەوخۆکانی ژیانە. لەڕاستیشدا تەمەنی مرۆڤ بڕی ئەوە ناکات کە هەموو ئەزموونەکانی ژیان بەشێوەی ڕاستەوخۆ بەدەست بهێنێت. کەواتە ئێمە دەتوانین بەشیوەی بەربڵاو لە ئەزموونەکانی ئەوانی تر واتە کتێب سوودمەند بین. ئەزموونگەلێک کە پێدەچێ جگە لەناو کتێدا هیچ کات بەرەوڕوویان نەبینەوە. ئەڵبەت ئەزموونە ڕاستەوخۆکان زۆر ڕاستەقینەتر دەبن بەڵام بەهۆی کەمبوونی تەمەن و سنووردارێتییەکانی تر کە ئاماژەی پێدرا، دەبێ بایەخ بدەین بە ئەزموونی ئەوانی تر. یەکێک لە باشترین ڕێگاکانی فێربوون و بەدەستهێنانی ئەزموونە ناڕاستەوخۆکان لەڕێگای خوێندنەوەی کتێبەوەیە.

خوێندنەوەی کتێب دەبێ هەر بەو شێوازە بێت کە هاوڕێ پەیدا دەکەن، فرەچەشن و بەربڵاو. هاوڕێی جۆربەجۆرتان هەبێت و هەر بەو ڕادەش کتێبی جۆربەجۆر بخوێننەوە. هەروا کە هاوڕێیانی باشتان هەیە، کتێبی باش و بەسوود بخوێننەوە. خوێندنەوەی ڕووکەشیانەی کتێب وەک ئەوەیە هاوڕێیانی زۆرتان هەبێت بەڵام یەک هاوڕێی ڕاستەقینەتان نەبێت.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

کەواتە دڵنیا بن کە خوێندنەوەی ئێوە ورد و قووڵ بێت. هەر کتێبێک هەر بەو شێوەی کە بۆ هاوڕێیەکی باش ڕێز قایلن، بخوێننەوە. خوێندەوەی ڕووکەشیانەی ١٠٠ کتێب بێسوودە، بەردەوام کتێبێکی گونجاو و باش بۆ خوێندنەوە لە کاتی بەتاڵدا لەگەڵ خۆتان هەڵگرن.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

[١١] هاریکاری یەکتر بین

لە ڕۆژێکی بارانیدا، ئاوی ڕووبار مێروولەیەکی لەگەڵ خۆی برد، بەڵام بەخت لەگەڵی بوو، کۆترێک کە بەوێدا دەڕۆشت و ئاگای لە دۆخەکە بوو، سکی بە مێرووەکە سووتا و گەڵا دارێکی خستە ناو ئاوەکە و بەم شێوە مێروو ڕزگاری بوو.

ماوەیەک دواتر، هەمان کۆتر لەسەر چڵی دارێک دانیشتبوو، و خەو دەیبردەوە کە ڕاوچییەک بینی و ڕووی چەکەی تێکرد. مێروو کە بە ڕێکەوت بەوێدا تێدەپەڕی، ئاگادار بۆوە و وەها گازی گرت لە پێی ڕاوچییەکە کە ڕاوچی کە لە ئازاری پێی چەکەکەی دانا و دەستی کرد بە هاوار و داو. هەر ئەم دەنگی هاوارکردنە بووە هۆی ئەوە کۆتر بێتەوە بەخۆیدا و بفڕێت و دوور بکەوێتەوە. مێڕوو بەم شێوە چاکەکەی کۆتری قەرەبوو کردەوە.

هیچ کەس نییە کە بەشێوەیەک لە شێوەکان پێویستی بە یارمەتی و هاریکاریی ئەوانی تر نەبێت، هەچ کەسیش نییە کە ئەوندە ناچیز بێت کە لە یارمەتیدانی ئەوانی تر قسووری بکات. ئێمە هەموو وابەستەی یەکترین و پێویستمان بە یارمەتیی یەکترە. ئەمانە هەموو دیو و دیاردە جۆربەجۆرەکانی گرنگیی پێوەندییە مرۆییەکانن.

لە ماوەی دەورانی کارکردنمدا دەیان جار ئاگاداری بایەخ و گرنگیی ئەم پێوەندییانە بوومە. بۆ نموونە لە سەرەتای چالاکیی دایۆدا، ئێمە هەندێک

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

مامەڵەمـان لەگەڵ شـەریکەی بازرگـانیی «دی»ی ئەنـدونزیا هەبـوو، ئەو شوێنەی لەیادمە، لەو کاتەدا ئێمە کۆمەڵێ قوماشمان بە نرخی هەر یاردێک بە ٢٠ سێنت دەفرۆشـت بەم شـەریکەیە. بەڵام لەناکـاو دەوڵەتـی ئەنـدۆنزیا ڕێوشوێنێکی تازەی بۆ هاوردەکردن ڕاگەیانـد کە نرخـی قوماشـی دابەزان بۆ هەر یاردێک ١٠ سێنت. بەپێی گرێبەستی درێژماوەی ئـێمە لەگەڵ شـەریکەی «دی»، ئەوان هـیچ ڕێـگە دەرچوونێکیـان نەبـوو جـگە لە پابەنـدبوون بە درێـژەدان بە هـاوردەکردنی قومـاش هەر بەو نـرخە. بەڵام لەم حـاڵەدا من هەوڵم دا بە کەمکردنەوەی ڕێژەی هەناردەکردن، زەرەو زیانی ئەو شەریکەیە کەم بـکەمەوە، بەڵام دیسـان شـەریکەی «دی» بەرەوڕووی کێشـە و گرفتـی جدیی ماڵی بوبۆوە. بەجۆرێک کە ئەگەر بە زووترین کات بـڕی ٣٠٠٠٠ دۆلاری ڕادەستی بانک نەکردایە، بانـک ئەم شـەریکەیەی داگیـر دەکـرد. کەواتە من خـۆم چـوومە لای ئەو شـەریکە و ئەو بـڕە پـارەیەم پێـدان، لەو کـاتەدا بەنیسبەت سەرمایەی گشـتیی کۆمپانیاکەمـان ئەو بـڕە پـارەیە بەڕاسـتی زۆر بوو و بڕیاردانیش لەو بارەوە ئێجگار دژوار بوو.

لە ماوەی ساڵێکدا بەشێوەیەکی بـاوەڕنەکراو هەمـوو شـتێک گۆڕدرا. بـازاڕی هاوردەکردنی ئەنـدۆنزیا دیسـان چـالاک بـۆوە و نرخەکـان بە جارێک تـا ٣٧ سێنت بۆ هەر یاردێک زیادی کرد. گرێبەستی ئێمە هێشتا بەپێی ١٧ سێنت بوو کە شەریکەی «دی» بەشێوەی یاسایی دەیتوانی درێژەی پێبـدات، بەڵام ئەم شەریکەیە پێشنیاری کرد قوماشەکان بە نرخی ٣٥ سێنت واتە ٢ سێنت کەمتر لە نرخی بازاڕ لە ئێمە بکڕێت، کەواتە ئـێمە بـۆ قوماشـی ١٧ سێنتی

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

٣٥ سـێنتمان وەردەگـرت و دواجـار بەم شـێوە ئـێمە یەک ملیـۆن دۆلار قازانجمان کرد.

کەواتە دەبینن پاداشتی ئەو ٣٠٠٠٠ دۆلارەی کە من لە ڕۆژی تەنگانەدا دابووم بەم شەریکەیە بە چ شێوەیەک گەڕایەوە بۆمان. ئێوە دڵنیا بن لە بەرامبەر هەر یارمەتیدانێکی ئەوانی تردا پاداشتێک بوونی دەبێت. ڕەنگە پاداشت هەمیشە ڕاستەوخۆ نەگاتە دەست کەسی هاریکار، بەڵام بەهەرحاڵ، ئەو کەسە لە شوێنێکدا لەم کارە چاکەی، قازانج دەکات. ئەمە بنەمای ژیان و یارمەتیدانی خۆ و ئەوانی ترە.

ئەگەر هەمیشە بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆتان لە پێش چاو بێت و لە یارمەتیدانی ئەوانی تر خۆتان بەدوور بگرن پێدەچێ لە کورتماوەدا سەر بکەون بەڵام لە درێژخایەندا ئەنجامی ڕەفتارەکانی خۆتان دەبینەوە. ئەگەر لە پێوەندییە مرۆییەکاندا تەنها گرنگی بە بەرژەوەندییەکانی خۆتان بدەن پێگەیەکی مەترسیدار بۆ خۆتان دەخولقێنن. ئێوە دەبێ بەپێی پرەنسیپەکانی بەرژەوەندیی هاوبەش هەڵسوکەوت بکەن. ئەگەر کەسێک لە کاسپیدا لەبەرامبەر زیانی ئەوی تردا هەموو قازانجەکان بە هی خۆی بزانێ لەم حاڵەدا ئەم جۆرە پێوەندییانە زۆر درێژە پەیدا ناکەن.

لە کۆمپانیای دایۆۆ ئێمە بەردەوام جەختمان لەسەر جێبەجێکردنی سیاسەتگەلێکە کە ببنە هۆی بەرژەوەندی و ئاسوودەیی هاوبەش و هەمیشە هەوڵ دەدەین لە بازرگانیکردندا، لایەنی بەرامبەریش وەک ئێمە قازانج بکات. هەوڵی ئێمە بەردەوام بۆ ئەوەیە هەموان تێبگەیەنین کە بازرگانیکردن لە

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

دایـۆ بە قازانجیـانە. ئەم بنەمـایە بەنیسـبەت پێوەنـدییە کەسییەکانیشـەوە وەڕاست دەگەڕێـت. ئەگەر کەسێک هەوڵ بـدات لە کەسێکی تـر گەنەکەڵـک وەرگرێـت، پێوەنـدییەکەیان بە خێرایـی لەنـاو دەچێـت. بـۆ دروسـتکردنی پێوەندیی دوولایەنە پێویستە هەردوو کەسەکە پێکەوە یەکدڵ و یەکڕەنگ بن و پێگی یەکتر بە تەواوی دەرک بکەن. تەنها لەم حـاڵەدایە کە پێوەنـدی بۆ هەردوو لایەنەکان قازانجی دەبێت.

کاتێک کە کۆمپانیای «دایۆ»م دامەزراند، بەنیاز بووم لە بانـک قەرز بکەم بەڵام هیچ گەرەنتییەکم نەبوو و هیچ کەس لە بانکدا ئامادە نەبـوو پـارەیەکی گەورە بە قەرز بدات بە گەنجێکی تازەکـار بە چـاوانی پڕشـەوقەوە کە تەنها پشتی بە خۆی بەستووە. متمانەی دوولایەنە هێشـتا بەدی نەهـاتبوو. کەواتە هەفـتەی دوو جـار سـەردانی بەڕێـوەبەری بـانکم دەکـرد و وردەکارییەکـانی پلانەکانم بۆ شرۆڤە دەکرد تاکوو بە قەناعەتی بگەیەنم قەرزم پێبدات. ئەمە تەنیا ڕێگە چارە بوو بەڵام زۆریش سەرکەوتوو دیار نەبوو.

هەندێک کات دەبووا سەرلەبەیانیی زوو دەچوومە بەر دەرگای ماڵەکەی و لەو سەرمای بەیانییەدا کە دەمدا لە دەرگای ماڵەکەی، لە وەلامدا بە منی دەگوت هێشتا لە خەو هەڵنەستاوە.

بە ناچار لەو سەرمادا، هەڵدەلەرزام و چاوەڕێم دەکرد تـاکوو دەهـاتە دەرەوە و بچێـت بـۆ شـوێن کـارەکەی. لەدوای تێپەڕینـی سـاڵێک بەڕێـوەبەری بانـک گەیشتە ئەو قەناعەتە کە من جێی متمانەم. ئەڵبەت ئەم متمانەیە بە تـاقەت

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

و حەوسەڵەی زۆرەوە بەدەست هات. من هێشتا لەگەڵ ئەو بەڕێوەبەری بانکە پێوەندییەکی قووڵی هاوڕێیانەم هەیە.

لە کاری ناوەندە بازرگانییەکاندا، هەبوونی کەسانێک زۆر پڕبایەخە و گرنگبوونی ئەو کەسە قورسایی بازرگانییە. بەوپێیەی کە کارەکان لەلایەن کەسەکانەوە ئەنجام دەدرێت، کەواتە بابەتی پێرسێنێل نابێ هەرگیز بە کەم دانرێت. پێرسێنێل دەتوانێ ببێتە هۆی سەرکەوتن یان شکستی کۆمپانیایەک. کەواتە زۆر گرنگە کە لەگەڵ کەسانی باش و باڵا هاوڕێیەتی دروست بکەن. یارمەتیی ئەوای تر بدەن و دڵنیا بن کە ڕۆژێک پاداشتی ئەو کارە چاکانەتان وەردەگرنەوە.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

[١٢] پارە پەیداکردن و خەرجکردن

کاتێک باسی پارەسازی بێت، من مامۆستایەکی لێهاتووم، و دەتوانم ببمە ڕکابەری باشترین پارەسازەکانی دنیا.

بەوەدا کە لە دەستپێکی کارکردنمەوە بەردەوام ناوی من لە سەرووی ڕیزی پارەسازەکاندا بووە و هەروەها ناوی من هەمیشە لە نێوان ناوی دامەزرێنەرانی ناوەندە پیشەسازییە بەناوبانگەکانی دنیادا بووە، ئەمانە هەمووی بە هێماکانی هێزی پارەسازیی خۆم دەزانم. بە زمانی سادە بڵێم، من دەزانم چۆن پارە پەیدا بکەم.

بچمە هەر کوێ خێرا پەی دەبەم بە خاڵە ئەرێنی و دەرفەتەکانی ئەو شوێنە. جارێک بە سوعبەتەوە گوتم کە هەموو شەقامەکان لە زێڕن و من تەنها کۆیان دەکەمەوە. ئەڵبەت گەلێک شوێنیش هەن کە شەقامەکانی لە پارە چێ نەکراون. و پارە پەیداکردنیش شێوازێکی زۆر ئاسان نییە. بەڵام بەهەرحاڵ، پارە پەیداکردن پێویستی بە کاری سەخت و زەحمەتی زۆر هەیە. من بۆ ئەوەی کە نیشانی بدەم بەهرەی ڕاستەقینەم لە چیدایە، ئەم سوعبەتەم کرد.

شێوەکارێک کە دەچێتە دەوروبەری شار تاکوو شێوەی دیمەنەکان بکێشێتەوە، لەوێدا بەدوای دیمەن و بابەتی باش و گونجاودا دەگەڕێ. کەسێک کە حەزی لە ڕاوەماییە، هەمیشە باشترین چۆم و ڕووبارەکانی لەبەر

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

دەمێنێت. هەر بەم ڕادەیەش دامەزرێنەرێکی ناوەندە پیشەسازییەکان بچێتە هەر کوێ بۆ باشترین شێوازی پارەسازی لەو شوێنەدا دەگەڕێت. بەوەدا کە من بەهرەی پارەپەیداکردنم هەیە، هەرکات بچمە شوێنی نوێ خێرا ئایدیا و بیرۆکەی زۆر جۆربەجۆر دێتە مێشکم تایبەت بەوەی کە باشترین کاڵاکان کە لەوێدا بازاڕی دەبێت چین. من بە کەڵکوەرگرتن لەم بەهرەیەم بڕێکی زۆر پارەم بەدەست هێناوە. بەڵام هێشتا دەبێ ئەم بەهرەیە لە خۆمدا پەروەردە بکەم. بە باوەڕی خۆم، ئەمە یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی منە. کاتێک باسی پارەپەیداکردن دێت من پسپۆڕم، بەڵام کاتێک دەگاتە خەرجکردن، هەر باسیشی مەکەن تێیدا سووپێڕپسپۆڕم.

من لام وایە گرنگ نییە چ کارێک ئەنجام بدرێت، گرنگ ئەوەیە کارەکە لەلایەن کەسێکەوە کە بەهرەی هەیە ئەنجام بدرێت. کەسێک کە بەهرەی وەرزشی هەیە دەبێ ببێتە وەرزشکار، ئەو منداڵانەی بەهرەی مۆسیقایان هەیە، دەبێ فێری مۆسیقا بکرێن. منداڵێک بە بەهرەی مۆسیقاوە ناچار بکرێت ببێتە ئەندازیارێکی بێبەهرە، کارێکی زۆر بێسوودە.

هەروا کە خەڵکانێک بەهرەی پارەسازییان تێدا هەیە، کەسانێکیش بەهرەی خەرجکردنی گونجاویان تێدایە. کەواتە ئێوە دەبێ ڕێگە بەم پسپۆڕانە بدەن کە بەشێوەی گونجاو پارەکەتان بخەنە گەڕ. لەم حاڵەتەدا کارەکان بەشێوەی دڵخواز دەچنە پێشەوە. ئەگەر پارە بخەنە بەردەست کەسێک کە بەهرەی بەکاربردنی دروستی ئەو پارەیەی نییە، پێدەچێ پارەکەتان بەفیڕۆ بچێت. ئەڵبەت من لە هەموو شوێنەکانی جیهان پارەم پەیدا نەکردووە کە بۆ خۆم و

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

خانەوادەکەمی تەرخان بکەم چونکە من هیچ کات دایوۆم بە هی خۆم نەزانیوە و تەنیا وەکوو پسپۆرێک بەڕێوەی دەبەم. بە زمانێکی سادەتر، هەموو ئەو پارەی کە بەدەستم هێناوە هی من نییە. من هەست دەکەم ئەو پارەی بە دەستم هێناوە بۆ ئەو پسپۆڕانەیە کە توانایی پێویستیان هەیە کە بەشێوەی گونجاو لە پێناو باشتربوونی کۆمەڵگادا بەکاری ببەن. بەم هەستەوە بوو کە «دایوۆ»م دامەزراند. هاندەری سەرەکیی من بۆ بونیادنانی دایوۆ بە پاڵپشتیی هەموو سامانەکەمەوە (کە لەو کاتەدا ٣٧ ملیون دۆلار) بیر و باوەڕەکانم بوو. لەسەر ئەو باوەڕەم کە سەرمایەگوزاری و قازانی بەدەستهاتوو لێی دەبێ لەڕێگای باشترکردنی کۆمەڵگادا بەکار ببرێت. ڕەنگە من هەمیشە لەژێر کاریگەریی بۆچوونەکانی دایکمدا بووم کە مەسیحییەکی ئیماندارە بە تێگەیشتنێکی قووڵ لە فەلسەفەی خزمەتکردن و فیداکارییەوە. من بیر دەکەمەوە ئەو شتانەی دایکم لە منداڵیدا فێری کردم لە تانۆپۆی هەبوونمدا ڕەگیان خستووە.

بەهەرحاڵ ئەم «شێوازی گەڕاندنەوەی بەرژەوەندیی ناوەندەکان بۆ کۆمەڵگا» شێوازی دایوۆیە و بە باوەڕی من مانای کەڵکوەرگرتنی دروست لە پارەش هەر ئەمەیە. گرنگترین چالاکییەکانی بونیادی دایوۆ: بڕێتییە لە توێژینەوەی زانستی لە زانستە بنەڕەتییەکاندا و بڵاوکردنەوەی ئەنجامی توێژینەوەکان و یارمەتیدان لەپێناو پێشکەوتنی زانستە بنەڕەتییەکاندا. کە بنەڕەتی هەموو زانست و تەکنەلۆژیا پێک دەهێنێت و بەداخەوە لە کۆریادا ئەم بابەتە بەتەواوی پشت گوێ خراوە. من خۆم بچووکترین دەخاڵەتم لە

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

بونیـادی دایـوۆدا نیـیه، بونیـاد خـۆی بەرپرسـیارێتیی هەمـوو کارەکـانی لە ئەستۆیە و کەسانێک لەوێن کە لە بەکاربردنی عاقڵانە و گونجاوی پارەدا زۆر لە من بەهرەمەندترن.

جـگەلەوە، دە سـاڵە کە بونیـاد پلانگەلـی هاریکـاریی پزشـکی لە دوڕگە دوورەکان و شوێنە کەنارەییەکانی کۆریای خستۆتە بـواری جێبەجێکـردنەوە. شوێنگەلێک وەکوو «موژو»، «شیننان» و «چیندو». پزیشکە نێردراوەکان بۆ گەشەپێدانی تەندروستی لەنێوان خەڵکی ئەم ناوچانەدا فیداکاریی زۆریـان کردووە. لەم ناوچە بێبەشانەدا کە لە قافڵەی ژیانی کۆمەلگای کۆریا زۆر دوا کەوتـوون، پەروەردەی گەنجـان بەرەوڕووی کێشـە و گرفتـی ئێجگـار زۆرە. جێبەجێکردنی ئەرک و وەزیفە لەم ناوچانەدا بە جۆرێە کە هیچ کەس بەبـێ هەستی بەرپرسیارێتی و بەڵێنداری ڕاستەقینە پێـی ناکرێـت. فیـداکاریی ئەم کەسانە کاتێک زۆر زیاتر جێی ستایشکردنە کە بۆمان دەردەکەوێ ئەگەر ئەم کەسانە لەناو شار و لە کلینیکە تایبەتەکاندا ئەم کارانە بـکەن، چ داهـاتێکی خەیاڵییان بۆ دەستەبەر دەبێت. زۆر حەز دەکەم پزیشکانی ئەم ناوچانە زیاد بـکەم، بەڵام ئەو پزیشـکانەی کە ئامـادەی فیـداکاری و کـارکردن لەم ناوچانەدان زۆر کەمن. کەواتە ئێمە پرۆژەیەکمان هەیە تاکوو هەر لە خەڵکـی ئەم ناوچانە گەنجانی بەهرەمەند کە خاوەن هەستی بەپرسیارێتین هەڵبژێرین و لەسەر تێچووی دایوۆ پێیان بخوێنین تاکوو دوای دەرچوون بگەڕێنەوە بـۆ شار و گونـدەکەی خۆیـان، جـگەلەمە بونیـادی دایـوۆ لە قوتابخانەکـانی ئەم ناوچانە پاڵپشتی مـادی دەکـات و هەروەهـا بـۆ ئەنستیتۆ پەروەردەییەکـانی

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

«ئاکیۆ»، زانکۆی «ئارۆ» لە ناوچەی «سۆدان». جگە لەمانە لە ساڵی ١٩٨٧ەوە بونیادی دایوۆ ڕۆژنامەوانانێک کە هەلومەرجی گونجاویان هەبێت دەنێرێتە دەرەوەی وڵات و پشتگیریی چاپەمەنییەکان دەکات. هەموو ئەم هەوڵانە بۆ کەسانێکە کە لە داهاتوودا لە زەین و بیرکردنەوەی گشتیی خەڵکدا دەوریان دەبێت. ئەم دەرفەتانە بۆ ئەوەیە کە کەسەکان بتوانن خوندن و توێژینەوەکانی خۆیان درێژە پێبدەن و داهاتوویکی باشتریان هەبێت.

ڕەنگە ئێوە هەموو ئەم قسانە بە لەخۆتاریفدان لە قەڵەم بدەن. کاری چاکە کاتێک جوانە کە بە نهێنی ئەنجام بدرێت. لەوانەشە زۆر دروست و گونجاو نەبێت کە من ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێوە باسی چاکەکاریی دایوۆ بکەم، هیوادارم کە ئێوە بە خراپ قسەکانی من وەرنەگرن. چونکە من لەڕووی فەخرفرۆشی یاخود بۆ ئەوەی کە ستایش بکرێم ئەم شتانەم باس نەکرد و تەنیا مەبەستم ئەوە بوو کە بڵێم هەمیشە لە بیری پارەپەیداکردن بۆ خۆتان مەبن. ئەگەر بتوانم بابەتەکە بگەیەنم، زۆر دڵخۆش و ڕازی دەبم. من هەمیشە لام وابووە کە خەرجکردنی ژیرانەی پارە لە پەیداکردنەکەی گرنگترە.

بێگومان هەندێک لە ئێوە پێتان خۆشە وەکوو من ببنە دامەزرێنەری ناوەندێکی پیشەسازی. من پێشوازی دەکەم لەم جۆرە بڕیارانە. ئێوە دەبێ لە پارەپەیداکردندا بەتەواوی لێهاتوو ببنەوە. گرنگ نییە بچنە کوێ و کێ ببینن، هەمیشە بەدوای پارەوە بن، مەبەستی من ئەوەیە ئەگەر بە وردی سەیری دەوروبەری خۆتان بکەن پارە لەبەرامبەر چاوتاندا دیار دەکەوێت.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

بەڵام تەواو دڵنیا بن کە دامەزرێنەری ناوەندێکی پیشەسازی کەسێک نییە کە تەنیا بیر لە پارەپەیداکردن بۆ خۆی دەکاتەوە، بەڵکوو دەبێ بە جۆرێک پارە بەدەست بهێنن کە بتوانن بەشێوەی دڵخواز و گونجاو کەڵکی لێ وەرگیردرێت. ئەگەر بیر لە کڕینی شتە ناپێویستەکان و بەفیڕۆدانی پارە دەکەنەوە، لەم حاڵەدا شایستەیی بوون بە دامەزرێنەری ناوەندی پیشەسازی نین.

ئەگەر تەنها بۆ تێرکردنی تەماح و چاوچنۆکیی خۆتان بازرگانی دەکەن، تووشی هەڵەیەکی گەورە بوونە.

هۆکاری ئەوەی کە دامەزرێنەرانی ناوەندە پیشەسازییەکان دەکەونە بەر ڕەخنەی هەنێدک لە کەسەکان، ئەوە نییە کە بە ڕادەی پێویست پارە پەیدا ناکەن یاخود ڕادەبەدەر پارە پەیدا دەکەن، بەلکوو لەو ڕووەوەیە کە ڕێگا و شێوازی دروستی کەڵکوەرگرتن لە پارە بەکار نابەن. ئەنجام ئەوەی کە بەکاربردنی پارە لە پەیداکردنەکەی گرنگترە.

ئەگەر بەهرەی بەکاربردنی دروستی پارەتان نییە، کەواتە بیدەنە دەست کەسانێک کە خاوەنی ئەو بەهرەیەن. ئەمەش زۆر دژوار نییە، مەگەر ئەوەی کە ئێوە ناوەندی پیشەسازی و داهاتەکەی تەنها بۆ خۆتان و بە هی خۆتان بزانن. بەڵام ئەگەر واز لە سروەت و سامان کەڵەکەکردن بهێنن و بەوردی سەرنج بدەن دەبینن کە هەندێک بەهرەی پارە پەیداکردنیان هەیە و ئەوانی تر بەهرەی بەکاربردنی. لەم حاڵەدا جێبەجێکردنی ئەم بیرۆکە ئاسانتر دەبێت. ئەگەر بەهرەی پارە پەیداکردنتان هەیە، بەدوای پارەپەیداکردنەوە

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

بن و ڕێگە بدەن، کەسانی پڕبەهرەتر لە ئێوە بەشێوەی دروست و گونجاو لە ئاراستەی باشتربوونی کۆمەڵگادا کەڵکی لێ وەرگرن. لەم حاڵەدایە کە دنیا شوێنێکی باش و ئاشتیخوازانەتر دەبێت.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

[١٣] بەرامبەرکێ

مرۆڤ ناتوانێ گۆشەگیر و بەتەنیا بژی.

هەر کەس و بەشێک لە کۆمەڵگا پێک دەهێنێت. کەسەکان پێویستیان بە یەکترە. مرۆڤ کۆمەلگا دروست دەکات و کۆمەڵگا مرۆڤ، کۆمەڵناسانی ئەمریکی، «پیتەر» و «بریجەت بێرگێر» لە کتێبی کۆمەڵناسیی خۆیاندا بەناوی «مێژووی هەڵسوکەوتکردن» دەربارەی قوناغە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵایەتیبوونەوەی (سۆسیالیزەبوونەوە)ی قسە دەکەن. ئەم دووانە لایان وایە بیوگرافیی هەر کەسێک گوزارشتە لە پێوەندییەکانی ئەو لەگەڵ ئەوانی تر. کۆمەڵایەتیبوونەوەی کات ڕێگەی پێدەدات تاکوو لەگەڵ کەسێکی تر لە پێوەندیدا بێت و بەرەبەرە ئەم پێوەندییانە بۆ هەموو کۆمەڵگا بەربڵاو بکاتەوە.

بەهۆی وابەستەبوونی مرۆڤەکان بەیەکتر، ئێمە دەبێ لەگەڵ ئەوانی تر بژین. کەواتە ئێمە هەموومان بەدوای چەمکی وابەستەییەکاندا دەگەڕین تاکوو بەپێی ئەم چەمکە بتوانن شێوازی ژیان بدۆزینەوە. دەکرێ لە مرۆڤدۆستیدا بۆ چەمکی ڕاستەقینەی ژیان بگەڕین، نەک لە خودپەسندی و خۆویستیدا. بەڵام بەوەدا هەندێک لە خەڵک لایان وایە تەنها ئەوان مافی ئەوەیان هەیە باش بژین، زۆرێک لە کۆمەڵگاکان تووشی کێشە و گرفتی تایبەت بەم جۆرە بیرکردنەوە خۆویستانە بوونەتەوە. ئێوە ئەگەر کەمترین بایەخ بە

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

چارەنووسی ئەوانی تر بدەن هەرگیز ڕوو ناکەنە فرۆشتنی مادەی هۆشبەر یاخود خواردەمەنیی پڕ زیاتر و پڕمەترسی بەرهەم ناهێنن. ئێوە ئەگەر بەرامبەر بەو حەقیقەتەی کە لە گەلێک خانووی بچووکدا سێ بەرە پێکەوە دەژین کەمترین هەستیاریتان هەبووایە، هیچ کات کۆتی پێستتان نەدەکرێ و یاخود نەدەبوونە دەلاڵی موڵک و ماڵ. ئەم جۆرە ڕەفتارانە بەهۆی بێسەرنجیی مرۆڤە بە دراوسێکەی خۆی. زۆر ناخۆش و دڵتەزێنە کە هەندێک لە خەڵک لە ڕێگای ئەم کارانەوە دەژین.

گرنگ نییە چ جۆر کارێک دەکەن، ئێوە نابێ بکەونە داوی خۆویستییەوە. دەبێ لە تەماح و چاوچنکیی تاکەکەسی هەنگاوێک واوەتر بنێن و بیر لە بەرژەوەندی و قازانجی کۆمەڵایەتی بکەنەوە. بەردەوام لەیادتان بێت، کە تەنیا نین و لە سێبەری ئەوانی تردا دەژین. ئێوە وەکوو تاکێکی کۆمەڵگا تاکەکانی تری کۆمەڵگا وابەستەن، ڕەنگە هەر نەشتوانن زۆرێک لەم وابەستەییانە ببینن. ژیانی پێکەوە واوەترە لە ژیان لەتەنیشت یەکتردا. پێکەوە ژیان بریتییە گەشە و پێشکەوتنی لایەنەکانە کە من ناوی دەنم «پێکەوە گەشەکردن». ئەمە بنەمای فەلسەفەی من لە کۆمپانی «دایۆ»یە.

ناوەندە بازرگانی و پیشەسازییەکانیش وەکو تاکەکەسەکان نابێ بە نرخی زیاندان بەوی تر تەنها بیر لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بکەنەوە. ئەڵبەت ئەسڵ و ئەساسی چالاکیی ناوەند و سیستەمە سەرمایەدارییەکان تەنها لە پێناو دەستخستنی قازانجدایە و هیچ کەس ناتوانێ ئەم ئەسڵە ڕەت بکاتەوە.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

بەڵام لە هەمـان کاتـدا ناوەنـدەکان نـابێ بەس لە بیـری بەدەسـتهێنانی قازانجەکانی خۆیان بن یاخود لەناوبردنی ڕکابەرەکانیان. بە مانایەکی تر، ناوەنـدەکان دەبـی لە ئاراستەی باشـتربوونی کۆمەڵگا و گشـتیەتی خەڵـک چـالاکی بـکەن. هەروا کە تـاک بەرامـبەر بە کۆمەڵگـای خـۆی کـۆمەڵێ بەرپرسیارێتیی هەیە، هەر بەم شێوەش ناوەندەکان کۆمەڵێ بەرپرسیارێتییان بەرامبەر خەڵـک و کۆمەڵگا هەیە. چـونکە ناوەنـدەکان لە کۆمەڵگـاوە بەدی هـاتوو و بەشـێک لە کۆمەڵگا پێـک دەهێـنن. کاتێـک کە ناوەنـدەکان لەگەڵ کۆمەڵگاکـــان و دەوڵەتە بیانییەکـــان بازرگـــانی دەکەن، ئەم بنەمایـــانە هاوپێوەنـدییە بازرگانییەکـانیش دەگـرێتەوە. لە بازرگـانی و بەشـداریەکاندا ناوەندەکانیش دەبێ بەپێی ئاسـوودەیی هەمەلایەنە و بە تێڕوانینـی قـووڵەوە هەڵسـوکەوت بـکەن. ئەگەر بەس هەوڵ بـۆ دەستخسـتنی قـازانج بـدەن، بە بەرژەوەنـدی و قـازانجی کورتمـاوە کۆتـایی دێـت، بەڵام لە درێژخایەنـدا بە قازانجی ئێوە نابێـت. چـونکە دیتـر کۆمپانیاکـان بەرەبەرە ئیتـر لە کـارکردن لەگەڵ ئێوە خۆیان بە دوور دەگرن. پێوەندییەکان بە خێرایی کۆتاییان دێـت و دواجار ئێوە زیانتان لێدەکەوێ.

من لە بازرگانیدا پابەندی ئەم پرەسیپەم کە لایەنی بەرامبەری ئێمە دەبێ بە ڕادەی ئێمە لەم پرۆژە هاوبەشانە قازانج بکات. چونکە بەم شێوەیە کە ئێمە پێوەنـدیی سوودبەخشـی هـاوبەش و درێژخـایەن دەخـولقێنین، کەواتە زۆر گرنگە کە ئەوانی تر و دیتر کۆمپانیاکان تێبگەیەنین کە بازرگـانیکردن لەگەڵ ئـێمە بە قـازانجی ئەوانە. ئـێمە هەمیشـە بەم پرەنسـیپە وەفـادار بـووینە و

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

دەبین. من لام وایە کۆمپانیای دایۆز بەپێی هەر ئەم پرەنسیپە توانیویەتی، سەرمایەگوزاریی هاوبەشی زۆر و بەرچاو لەگەڵ ناوەنە بیانییەکاندا ئەنجام بدات. لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەم پرەنسیپانە ئێوە دەبێ دڵنیا بن لە بازرگانیکردندا زیانتان بەر نەکەوێ. هەروا کە دەبێ قازانجی لایەنی بەرامبەرتان لەپێش چاو بێت، لایەنی بەرامبەریش دەبێ بایەخ بە بەرژەوەندییەکانی ئێوە بدات. لە کاتی جێبەجێکردنی پلانی ئامێرەکانی شیرینکەرەوەی ئاو لە کەنداوی «پرود هو» لە ئالاسکا، کۆمپانیای دایۆز بەرەوڕووی ئەم پرسە بۆوە.

سفارشتی کار لەلایەن کۆمپانیای «بەک تێل»ی ئەمریکییەوە بۆ تەکنەلۆجیا پێشکەوتووەکەی درا بە ئێمە. بەڵام لەدوای بڕیاردان بۆ ڕادەستکردنی پرۆژەکە ئەم کۆمپانیا دەستی کرد بە گۆڕینی هەلومەرجی گرێبەستەکە کە هەمووی لە زیانی کۆمپانیاکەی ئێمەدا بوو. جگە لەوە ئەم کۆمپانیا مافێک بۆ خۆی قایل بوو تاکوو بتوانێ لە هەر قۆناغێک لە کارەکەدا، گرێبەستەکە هەڵوەشێنێتەوە و یاخود جێبەجێکردنەکەی وەدوا بخات. مەرجێکی نوێی بە گرێبەستەکە زیاد کرد کە پارەدان لەدوای کۆتایی پرۆژەکە و هەڵسەنگاندنی پلانەکە دەبێت.

هەموو ئەمانە لە دیدی منەوە قبوولنەکراو بوون، چونکە من باوەڕم بە پرەنسیپی یەکسانی، ویژدان و بەرژەوەندیی دوولایەنە هەبوو. ئێوە دەبێ هەموو ڕێکەوتننانەیەک بەپێی هاوبەشی و یەکسانی ببەستن. لە لایەکیشەوە بەهۆی زەحمەتێکی زۆرەوە کە بۆ واژۆکردنی ئەم گرێبەستە کێشابووم،

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

نەمدەویست هەروا بە ئاسانی لەدەستی بدەم. هەربۆیە چوومە دیداری سەرۆکی کۆمپانیای «بەک تێل» و پرس و بابەتەکانم لەگەڵ باس کرد. پێم گوت گرێبەستەکان دەبێ بەپێی ویژدان و ئینساف بێت و کۆمپانیای دایۆڤ بەم شێوە کار دەکات. پرسیارم لێکرد کە ئایا شێوازی باو لە ئەمریکا هەر بەم جۆرەیە؟ ئاسایی بوو کە بەو جۆرە کە دەموویست کاریگەریی لە قسەکانی من وەرنەگرت. بەڵام بەهەرحاڵ پێم گوت بەهۆی ئەوەی کە هەلومەرجی گرێبەستەکە زۆر خراپ و قبووڵنەکراوە، من ئەم پلانە جێبەجێ ناکەم. ئەڵبەت من دواجار توانیم گرێبەستێکی باش و بەئینساف لەگەڵ ئەم کۆمپانیایە واژۆ بکەم و پێش دەستپێکی کارەکە، بڕێکی زۆریش پارە درا بە کۆمپانیای دایۆڤ.

بنەمای ڕێزی هاوبەش و کردەی بەرامبەر نە تەنیا لە پێوەندییە بازرگانییەکاندا بەڵکوو لە هەموو هاوپێوەندییە مرۆییەکانیشدا زۆر بنەڕەتی و گرنگە. ئێوە دەبێ بۆ بەرژەوەندیی هاوبەش هەوڵ بدەن. کاتێک کۆمپانیایەک بە نرخی زیانی کۆمپانیایەکی تر قازانج دەکات، کۆمەڵگا تووشی کێشە و گرفت دەبێت. بنەمای ڕێزی هاوبەش، بەویژدانبوون و ... پێوەندییەکانی نێوان خاوەنکار و کرێکار، فرۆشیار و کڕیار، مامۆستایان و خوێندکاران، دایک و باوک و منداڵانیش دەگرێتەوە. ئەمە پێکهاتەی دروستی کۆمەڵگایەکی تەندروستە. کەسەکان دەبێ بڕوایان بە یەکتر هەبێت. یەکێک لە نەخۆشییەکانی کۆمەڵگای ئەمڕۆی کۆری، ڕەشبینی و هەڵەتێگەیشتنە دوولایەنەکانی دەوڵەت و خەڵک، خاوەنکاران و کڕیکاران، مامۆستایان و

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

خوێندکاران، دایکوباوک و منداڵانە. کاتێک کە کەسەکان گومانیان هەبێت لە یەکتر، پێکەوە ساز نایەن و کاتێکیش پێکەوە ساز نەیەن لە یەکتر بە گومان و ڕەشبین دەبن، ئەم جۆرە دیاردانە لە کۆمەڵگادا وەکوو گێشاوی کوشندە وان کە ڕیگە دەرچوون لێی بوونی نییە.

چەند ساڵ پێش ئێستە، لە کاتی خوێندنەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەیەکی گشتیدا بۆم دەرکەوت، تەنانەت نیوەی ئەو کارمەندانەی پرسیاریان لێبکرابوو، هیچ ئیمان و باوەڕیان بە کۆمپانیاکەیان نەبوو. ئەگەر ئەم توێژینەوە جارێکی تر ئەمڕۆ جێبەجێ بکرێت، دڵنیام کە وەڵامەکان تەنانەت لە ڕابردووش نەرێنین. یەکێک لە پرسە گشتییەکانی دیکەی کۆمەڵگای ئێمە ناکۆکیی نێوان خودی کارمەندانە. ئەم ناکۆکییانە دەگەڕێنەوە بە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی بێویژدانانە لە شوێنکاردا. بەڵام بە باوەڕی من، بێمتمانەیی هۆکاری سەرەکیی ئەم کێشەیە. ئەگەر تاکەکان متمانەیان بە یەکتر نەبێت، چۆن چاوەڕێ دەکرێ پێکەوە کۆک بن. کاتێک بێمتمانەیی درێژە بکاتە ناو پێوەندیی ژنومێردایەتییەوە، چ ئەنجامێکی دەبێت.

لەنێوان بێمتمانەیی و خۆویستیدا پێوەندییەکی زۆر نزیک هەیە. چونکە ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە پڕ پڕە لە بشێوی و کێشمەکێش، کەواتە بە ئاسانی و بەبی ئەوەی خۆمان بزانین پێدەچێ تووشی نەخۆشیی شەرماوەری خۆویستی و بێمتمانەیی ببین. بەوەدا کە کەس ئاگاداری داهاتوو نییە، کەسەکان زیاتر پەیڕەوی ئەم جۆرە ژیانەن کە بەردەوام بەدوای ئاسوودەیی و خۆشیی خۆیان و خانەوادەکەیاندا بن و ئەمە ئەنجامی سروشتیی کەشی

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

خۆویستانەی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادایە. ئەگەر متمانەتان هەبێت بە یەکتر هیچ شـــتێک نـــاتوانێ ڕێـــگە لە تێگەیشـــتن و تەباییەکانمـــان بگرێـــت. بەڵام بەپێچەوانەوە لە کەشێکی پڕ لە ڕەشبینی و گومانـدا، ڕێککەوتـن و تەبـایی ناومکین و مەحاڵ دەبێت. گومان و ڕەشبینی لە ژنومێردایەتیـدا بە ئاسـانی دەتوانێ هەموو خانەوادەکە بەدبەخت و چارەڕەش بکات. گومان درز دەخاتە ناو هاوڕێیەتی. ڕەشبینی لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی و کارمەنداندا دەبێتە هۆی لێکهەڵوەشـانەوەی کۆمپانیـا. لەکاتێکـدا کە خەڵـک و دەوڵەت متمانەیـان بە یەک نامێنێت، خەڵک دوچاری شـڵەژاوی و سەرلێشـێواوی دەبـن. کەواتە بـۆ خاتری بەرژەوەندی خۆتان و کۆمەڵگا دەبـێ متمـانە بە یەکتـر بـکەن. ئێـوە ناتوانن لە یەکتر چاوەڕێ بکەن کە یەکلایەنە متمانەتان پێبکەن. ئێوە دەبـێ خۆتان دەستپێشخەر بن. کاتێک ئێوەی گەنجان دەربـارەی داهاتووتـان پـلان دادەنن، هیوادارم ئەم بابەتە لە پێش چاو بگرن. ئەوە بزانن کە ئێوە ناتوانن لە تەنیایی و گۆشـەگیریدا بـژین. مـرۆڤ بـۆ ژیـان پێویسـتی بەوانـی تـرە و هەبوونی ئەو بەتەنیا لە پێوەندی لەگەڵ ئەوانـی تـردایە پاسـاو هەڵـدەگرێت. هیوادارم لە گێژاوی خۆویستی و خودپەسندیدا نوقم نەبن، کەسـانێک بـن کە متمانەتـان بە یەکتـر هەیە و بەردەوام لە یـادی یەکتـردا بـن. لەم حـاڵەتەدا بناغەدانەری دونیایەکی شکۆمەند و جوان دەبن.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

بەشی سێهەم: جیهانێکی بەریلاو لە بەرامبەرماندایە

[١] جیهانێکی بەریلاو لە بەرامبەرماندایە

من زۆر حەز دەکەم کارێک دەست پێبکەم. لەو جۆرە کەسانەم کە ناتوانم ماوەیەکی زۆر بێ جوولە بوەستم. بەمانای کەلام ئالوودەی کارم. گەورەترین کێشە و گرفتی من بەتاڵبوونە. پشوودان بۆ من جۆرێک ئازار و ئەشکەنجەیە کەواتە بەردەوام خەیکی چالاکی و ئەنجامدانی کارێکم.

بەپێی ئەم خاڵەی باسم کرد، زۆر هۆگری ئەو گەنجانەم کە هەمیشە خەریکی کار و هەوڵدانن. ڕەنگە ئەم هۆگرییە تا ڕادەیەک بەو هۆیەوە بێت کە ئەوان بە هاوشێوەی خۆم دەزانم. بەڵام لە هەمووی گرنگتر لام وایە کە بەرەی گەنج توانای ئەوەی کە کە ئاسۆی نوێ لە مێژوو و جیهاندا بکاتەوە.

دەستپێکردنی کارێک و دواتر فەرامۆشکردنی بەلای منەوە هیچ بایەخێکی نییە. بۆیە هۆگری ئەو گنجانەم کە نەک هەر کارێک دەست پێدەکەن بەڵکوو بە هەموو وجوودیانەوە لەو کارەدا نوقم دەبن. هەر بۆیە ئەم کەسانە ئەگەر شکستهێنان و نەبەکامییان لەو کەسانەی کە ئەسڵەن هیچ کارێک ناکەن زیاتر دەبێتەوە. بەڵام ئەم کەسانە بەرەوڕووی شکستگەلی شیمانەیی زۆر

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ئاسـایی دەبـنەوە و ئەوانە دەکەن بە بەشـێک لە ئەزموونەکـانی خۆیـان و گرنگتر ئەوەی کە هیچ کات نائومێد و هیوابڕاو نابن. ئەگەر ئێـوەش هەر بەم شـێوە دەوێـرن بەرەوڕووی شکسـت ببـنەوە، لە ئاراسـتەی سـەرکەوتنی دواجارەکیـدا هەنگـاو هەڵگـارن. کەسـێک کە لە ڕووبەڕووبـوونەوە و شکسـت دەترسێ هیچ کات تامی سەرکەوتن ناچێشێت.

لە دەرەوەی ئێـرە دنیـایەکی گەورەتـر چاوەڕێتـان دەکـات و کـارگەلێکی زۆر هەیە کە دەبـێ ئەنجـام بـدرێت، ئێـوە دەبـێ بـۆ شـوێنگەی نـوێ بـگەڕێن کە پێشتر هیچ کەس پێی تێ نەناوە و کارێـک بـکەن کە هـیچ کەس تـا ئێسـتە ئەنجامی نەداوە. مێژوو هەنگاو بە هەنگاو لەلایەن کەسانێکەوە کە خوازیـاری ئەم جـۆرە بیرکـردنەوە و هەڵسـوکەوتە بـوونە، پێـک هـاتووە. ئەمـانە پێشڕەوانی ڕاستەقینەن. ئەڵبەت لە پێشڕەوبووندا گەلێـک مەترسـی هەیە کە بەهەرحاڵ بێدەربازە.

پێشڕەوان هەمیشە هەنگـاو دەنێـنە ڕێگـا ناهەمواردکـان و تەنـانەت پێـدەچێ بکەونە بەڕ ڕەخنەی توند. بەڵام پێشـڕەوانی ڕاسـتەقینە هـیچ ترسـێکیان لە ڕەخنە و مەترسیکردن نییە. ئەوان بەرەو پێشەوە دەچن و دەستیان دەگـات بە ڕێگـای نـوێ و سـەرکەوتنی نـوێ و سـەرەنجام بەهـۆی سـەرکەوتنیانەوە ڕێزیان لێدەگیردرێت.

مێـژوو سـەرماندوویەتی کە بنـاغەی هێـز و پێشـکەوتنی نەتەوەکـان لەسـەر بـوێریی و ڕۆحـی پێشـەنگایەتیی ئەوان وەسـتاوە و لەشـگرانی و ڕاکـردن لە کێشە و بەرپرسیارێتییەکان دەبێتە هۆی کەوتنی ئەوان. ئایـا ئەمریکـا بەبـێ

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ڕۆحی پێشەنگایەتی دەیتوانی هێز و پێشکەوتنی ئەمڕۆی هەبێت؟ لە ڕابردووەدا حکومەتی ئەرکات ئەمریکا بۆ بەرفراوانکردن و گەشەپێدانی ناوچەی ڕۆژاوای ئەمریکا بڕێک لە خاکی ئەم ناوچەیەی بەخشی بە کەسانێک کە ئامادە بوون کۆچ بکەن بۆ ئەو شوێنانە. ئەم کارە دەورێکی ئێجگێری گێڕا لە ماندان و پاڵپشتیکردنی ڕۆحی پێشەنگایەتیی پێشەنگەکان.

هیچ کەس ناتوانێ دەوری ئێجگاریگەری ئەم بوێرییە لەسەر پێشکەوتن و ئاوەدانیی ئەمریکای ئەمڕۆ ڕەت بکاتەوە. و بەڵام سپانیا؟

سپانیاییەکان لە کەسێکی خەیاڵاویی وەکوو «کولومبوس» پاڵپشتییان کرد و ئەو لە ئەنجامدا توانیی دنیایەکی تازە کەشف بکات. بێگومان هەموو شێواز و سیاسەتە بەکاربراوەکان بێکەموکوڕی نەبوونە و پێدەچێ پەیشوێنکرتنی ئەم سیاسەتانە گەلێک نایەکسانیی لێکەوتبێتەوە بەڵام ئێمە بێگومان دەتوانین بنەماکانی پێشکەوتن و گەشەکردن هەر لەم ئەزموونانەوە وەرگرین.

بەوەیشەوە کە کۆریا خاوەنی مێژوویەکی دێرینە بەڵام لە دەورانی ڕابردووەدا ڕۆحی پێشەنگایەتیی نەبووە و ئەمە حەقیقەتێکە کە بە درێژایی مێژووی کۆریاییەکان ئاسوودەییان پێ لە خۆڕاگری و بەربەرەکانێ باشتر بووە. ئێمە بەردەوام حەزێکی ئەزەلیمان هەبووە بۆ شکست و ملکەچبوون لەبەرامبەر جەبری ڕووداوەکاندا. لەوانەیە ئەم جۆرە بیرکردنەوە لەژێر کاریگەریی فەلسەفەی «کونفوسیوس»دا بووبێت کە بڕێتییە لە خاکەڕایی و بەئەخلاقبوون. کە بە شێوازگەلی جۆراوجۆر وەکوو «نوازشی هاوڕێیانەی

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ڕۆژهەڵات» - «خەڵوەتگای سەفای دەمەوبەیان» نەتەوەی ئێمەی وەسف کردووە. بەڵام ئاشکرایە کە هەر بەهۆی ئەم ناوبانگە بێزارکەرانەوە ... لە باری هێز و توانای نەتەوەییەوە لە وڵاتە گەورەکانی دنیا زۆر وەدوا کەوتووین.

کاتێک کە کۆمپانیای دایۆڤ دامەزرا، سەرنجی ئێمە لای دەرەوەی سنوورەکانی خۆمان واتە بازاڕە نێودەوڵەتییەکان بوو - ئەم ئایدیا زەینییە لەو کاتەدا بوو کە هەناردەکردن لە کۆریادا وەکوو سەرمایەگوزارییەکی کەمنرخ دەهاتە ئەژمار. کۆمپانیا بەناوبانگەکانی ئەوکات هەموو هاوردەکەر بوون و هیکامیان کەمترین سەرنجیان لای ئەوە نەبوو کە کاڵا هەنارده بکەن. کەواتە ئێمە لەم بابەتەدا واتە هەناردەکردن لە کۆریادا، بووینە پێشەنگ. و هەمووان لایان وابوو کە لەم بوارەدا هیچ سەرکەوتنێک بەدەست ناهێنین. کواتە، بوێرانە بەرەوڕووی کێشەکان بووینەوە و دواجار کۆمەڵێ سەرکەوتنیشمان بەدەست هێنا. ئەوەی تاکوو ئێستە بەدەستمان نەهێناوە بەو هۆیەوەیە کە ئەنجاممان نەداوە و نەک بەوهۆیەوە کە هەوڵمان بۆ دابێت و سەرنەکەوتبێتین. ئەوپەڕی گەمژەییە کە پێش ئەوەی کەمترین هەوڵێک بۆ کارێک بدرێت، بە مەحاڵ و ناومکین بزانرێت.

ڕۆحی پێشەنگایەتیی دایۆڤ، نەک هەر ئێمەی گەیاندە بازاڕە ئەورووپی و ئەمریکییەکان، بەڵکوو گەیشتینە بازاڕگەلێک کە تەنانەت لەگەڵ دەوڵەتەکانیان پێوەندیی سیاسیمان نەبوو، بۆ نموونە سودان، نیجریە، لیبیا، ئانگۆلا، ئەلجەزایر، سینی کۆمۆنیست و وڵاتەکانی دیکەی بلۆکی ڕۆژهەڵات - هەنگاریا، جێکسلواکیا و یەکێتیی سۆڤیەت. سەرمایەگوزارییە لێهاتووانەکانی

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

دایۆ بۆ گەیشتن بەو بازاڕانە سەرەنجام بووە هۆی دروستبوونی پێوەندیی سیاسیی کۆریا لەگەڵ وڵاتانی سودان، لیبیا، ئەلجەزایر، نیجریە و هەنگاریا. بەڵێ جیهانێکی بەربڵاو لە ڕووبەڕووتاندایە، ئەگەرچی بۆ کەسێک کە دەیەوێ تەنیا لە ڕێگە ناسراوەکاندا هەنگاو بنێت و تەنیا کارە تاقیکراوەکان دووپات بکاتەوە، دنیا بۆ ئەو کەسانە هەر بەقەد ئەو ڕێگا ناسراوەکان تەنگ و بەرتەسکە و کارەکەیان بەقەد ئەو کارە تاقیکراوانە پەست و ناچیزە کە خوویان پێگرتووە.

بەڵام ئەو پێشەنگانەی کە دەیانەوێ هەنگاو بنێنە ڕەوگە نوێیەکان بە ڕۆحی پێشەنگ و خۆڕاگرییەوە کە هەیانە کارگەلی نوێ تاقی دەکەنەوە. جیهان شوێنێکە زۆر بەربڵاو و کارگلێکی زۆر کە دەبێ ئەنجام بدرێن. من هەمیشە بەم شێوە ژیاوم و بەم شێوەش درێژەی پێدەدەم، واتە دەستپێکردنی کارگەلی دەگمەن و تازە و درێژەدان پێیان بە هەموو وجوودمەوە.

ئێوە هەتا گەنجن، کەسێکی پێشەنگ بن. پێشەنگایەتی تەنیا بە مانای ژیانی ڕاستەقینەیە. دنیا بەڕادەیەک بچووک بۆتەوە کە ناویان ناوە «گوندی جیهانی». بەڵام هێشتا لەم دنیادا شوێنگەلێکی زۆر بۆ گەڕان و کەشف و داهێنان بوونی هەیە. گۆی زەوی هەرچەند پڕە لە مرۆڤگەلی سەرقاڵ بە کارکردنەوە بەڵام هێشتا کارگەلێکی زۆر هەیە کە تاکوو ئێستە هیچ کەس ئەنجامی نەداوە. بیر لە کەون و کاینات بکەنەوە و پلانی پڕشکۆ لە زەینتاندا هەبێت لە شکستهێنانیش مەترسن. بەردەوام پێشەنگەکان تەنیان. خۆتان پێشەنگی ئایندەی خۆتان بن، واقعیەتی ژیان هەر ئەمەیە.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

[٢] بەختەوەری

بەدەستهێنانی زانست هەمیشە زۆر بەنرخ بووە و مێرمنداڵیی من هاوکات بوو لەگەڵ ئەوەی کە ڕستەگەلی وەکوو «دەرفەتی بەدەستهێنانی زانست لەدەست مەدەن» و «تا فێری زانست نەبن بە هیچ کوێ ناگەن»، زۆر جیی سەرنجی خەڵک بوون. ئەم ڕستەگەلە بەشێکن لە وانەکانی ژیان کە باپیرم و باوکم فێریان کردم. ئەڵبەت بەپێی حەز و ئارەزووی ڕوولەزیادبوونی کۆرپاییەکان بۆ خوێندن، ئێوەش دەتوانن هەست بە گرنگیی ئەم وانەگەلەی ژیان بکەن.

لەڕاستیدا پێکهاتەی دنیا جۆرێکە کە تەنیا ئەو کەسانەی کە لە دەستخستنی زانست و مەعریفەدا تێکۆشەر و هەوڵدەرن تێیا پێگەیەکیان هەیە. ئەم کەلامە دێرینانە ئێستەش پاس تێپەڕینی دەیان ساڵ، هێشتا بایەخی خۆیان ڕاگرتووە. لە سەردەمی گەنجێتیدا ئێوە دەبێ بە حەز و تامەزرۆیی و ئیرداوە داهاتوویکی ڕوون بۆ خۆتان دەستەبەر بکەن. چونکە شێوازی ژیانی ئێوە لە دەورانی گەنجێتیدا دەبێتە هۆ سەرکەوتن یاخود داکەوتنی ئێوە لە داهاتوودا. کەواتە جەخت لە ئێوەی گەنج دەکەمەوە کە لە بەدەستهێنانی زانست و مەعریفەدا تێبکۆشن و لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا فێری زانست بن، چونکە بە ئەزموون بۆم دەرکەوتووە کە مەسەلی «زانا توانایە» بەتەواوی دروستە. ئەڵبەت بۆچوونم تایبەت بە مەسەلی «زانستی خۆتان لەدەست مەدەن»

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

بڕێک پارێزکارانەیە. چونکە ماناکەی بڕێک خۆویستانە دیارە. لام وایە ئەم مەسەلە بگۆڕین بۆ ئەمە «زانستی خۆتان لەگەڵ ئەوانی تر دابەش بکەن»، چونکە فێربووانی زانست لەسەریانە کە دەرفەتی فێربوون بخەنە بەردەست ئەوانی تر. ئەم دڵفراوانی و بەخشینە نابێ تەنها سنووردار بە زانست و مەعریفە بێت. بەڵکوو دەبێ ئێمە هەموو شتێکمان لەگەڵ هاوجۆرەکانمان دابەش بکەین. ئێمە دەبێ ئەوانی تر لە سامان و زانستی خۆماندا بەشدار بکەین. چونکە خۆپەرستی چ لەباری دەروونی و چ لەباری مادییەوە بەشێوەی یەکسان بۆ مرۆڤ زیانبەخشە. ژیان لەپێناو ئەوانی تردا زۆر گرنگە. چونکە هەر کە واتان لێهات لەپێناو ئەوانی تردا بژین، دنیا دەبێتە شوێنێکی گەرمتر، ڕووناکتر و شادومانتر و ژیان لەم حاڵەدا ئێجگار بەنرخە. من دەڕەنجێم لەوەی کە گەنجێک لەوپەڕی خەمساردیدا، تەنیا بیر لە ئاسوودەیی و خۆشیی خۆی دەکاتەوە، ئەم کەسە بەڕاستی لە مانای ڕاستەقینەی بەختەوەری تێنەگەیشتووە.

یەکەم ئەزموونم لە بەختەوەریی ڕاستەقینە، دەگەڕێتەوە بۆ کاتێک کە وەکوو ئاوارەی جەنگی لەگەڵ خانەوادەکەم لە «تائەگو» بژێویی ژیان لە ڕێگای ڕۆژنامەفرۆشییەوە بوو. لەو کاتەدا بەهۆی جەنگەوە، خەڵکی وڵاتەکەمان بەڕادەیەک هەژار و دەستەنگ بوون کە مەرگیان پێ لە ژیان ئاسانتر بوو. هەمیشە برسی بووین و ڕەنگە گاڵتەی تاڵی ئەم جۆرە ژیانە و ئەم برسیەتییە، بوێریی درێژەدان بە ژیانی بە ئێمە دەبەخشی.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

کەواتە ئـێمە دەبـێ مانـا و چەمکـی هەنـووکەیی «سـروەت» بگـۆڕین و سەرلەنوێ مانا ڕاستەقینەکەی زیندوو بکەینەوە. واتە کەسانێک کە دەتـوانن بەخشندە و لێبوردە بـن سـروەتمەندان و دەوڵەمەنـدانی ڕاسـتەقینەی دنیـای ئەمڕۆن.

بەختەوەریی ڕاستەقینە چییە؟ من ناتوانم بانگەشەی ئەوە بـکەم کە وەڵامـی ئەم پرسـیارە دەزانـم. بەڵام دڵنیـام بەختەوەریـی ڕاسـتەقینە پێوەنـدییەکی زۆری بە سامان و دارایـی، هێـز و دەسـەڵات و ناوبـانگەوە نیـیە. ئەوەش بە ڕوونـی دەزانـم کە باشـترین دەورانـی ژیـانی ئـێمە کاتێـک بـوو کە لەبـاری مادییەوە لە خوارترین ئاستی مومکیندا بووین.

لەو کاتەوە هەوڵم داوە، فەلسەفەی «ژیان لەپێناو ئەوانـی تـردا» بکەیـن بە ڕێنمای ژیانی خۆم. بەڵام لە کـردەدا دەبینـین پەیڕەوکردنـی ئەم فەلسـەفەیە ئێجگار دژوارە. بەڵام دیسان هەر لام وایە کە ئەم فەلسەفەیە بکەم بە ڕێنمـا و سەرچەشنی ژیانی داهاتووی خۆم.

ئێوە دەبێ فەلسەفەی «ژیان لەپێناو ئەوانـی تـردا» بەپێـی «خۆشویسـتنی ئەوانـی تـر» بونیـاد بنـێن و وەکـوو ئەنـدامێکی ئەم کۆمەڵگـایە بەسـەر خودپەسەندیی خۆتاندا زاڵ بێن.

بەختەوەری دەکرێ لە خۆشویسـتن و موحیبەتـدا پەیشـوێن بگیرێـت چـونکە بەختەوەریی لە موحیبەتەوە سەرچاوە دەگرێت. بە باوەڕی من ئێمە خەڵکـی دنیـا هەمووماـن خواسـتێکی هاوبەشـمان هەیە. واتە هەمووماـن خوازیـاری بەختەوەرین. بەڵام نازانین چۆن بەختەوەری بەدەسـت بهێنـین. ئەمە منـیش

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

دەگرێتەوە. بەڵام بە یەقین شتێک دەزانم کە هەر بگەنە ئەو حاڵەتەی کە لەپێناو ئەوانی تردا بژین و موحیبەت و خۆشەویستی بکەن بەوانی تر، بەختەوەری ڕووتان تێدەکات.

کەواتە، ئەی گەنجان، ڕێگە بدەن داواتان لێبکەم تا ئەو شوێنەی بۆتان دەکرێ، زانست بەدەست بهێنن و تێکۆشەر و کۆڵنەدەر بن و ئەوانی تریش لە زانست و ئەزموونەکانی خۆتاندا بەشدار بکەن. تاکوو دواڕۆژ بتوانن بەرهەمەکانی زانست و مەعریفەی خۆتان لەگەڵ ئەوانی تر دابەش بکەن.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

[٣] ناوبانگ و ئابڕوو

لە ژیانی مرۆڤدا بەهاگەلێک بوونیان هەیە کە هەرگیز نابێ لەدەست بچن. بەنرخترینی ئەم بەهاگەلە ئابڕوو و ئیعتباری مرۆڤە. لەناوچوونی ژیان ئەگەر بە مانای مەرگە، لەدەستتانی ئابڕوو و ئیعتباریش بەمانای کۆتایی ژیانی ئێوەیە لە کۆمەڵگادا.

لەدەستدانی پارە زۆر خراپە، بەڵام نابێتە هۆی شەرمەزاری. چونکە بەهەرحاڵ ئێوە سەرەنجام دەتوانن قەرەبووی بکەنەوە. بەڵام هیچ کات نابێ ئابڕووی خۆتان لە کۆمەڵگادا لەدەست بدەن و دەبێ بەڕاستی بەقەد خودی ژیانتان ڕێزی بگرن و ئاگاداری بن.

هەر مرۆڤێک لە کۆمەڵگادا ناو و ناوبانگێکی بۆ خۆی هەیە. ئیعتبار و ئابڕووی تاک جیا و دابڕاو لە خۆی نییە، بەڵکوو بەشێک لە هەبوون و وجوودی ئەو پێک دەهێنێت. هەرکە ناوی کەسێک ببرێتم، ئێوە خێرا دەربارەی ئەو بیر دەکەنەوە و ڕوخسار دەنگ، کەسێتی، پێگەی کۆمەڵایەتی، مێژینە و ڕەنگە خاڵی لاوازی و بەهێزی ئەو وەبیر دەهێننەوە. کەواتە ناوی مرۆڤ لەڕاستیدا واتە خودی ئەو. ئەگەر ناوی «نێرۆن» بهێنرێت ئێوە خێرا تایبەت بە کارە نەشیاوەکانی ئەو بیر دەکەنەوە بەڵام بە بیستنی ناوی دکتۆر «شوایتزێر» زەینتان دەچێت بەلای کارە مرۆڤدۆستانەکانی ئەودا. کەواتە بۆتان دەردەکەوێ کە ناو و ناوبانگی مرۆڤ چەندە گرنگە، کەواتە

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ئێوە دەبێ ئەوپەڕی هەوڵی خۆتان بۆ پاراستنی ناوی خۆتان بدەن و ڕێگە نەدەن ناوەکەتان ببێتە هۆی شەرمەزاری.

بە باوەڕی من گەمژانەترین کار، ئەوەیە کە بە دەستی خۆتان ناوی خۆتان ڕەش بکەن و بیڕووشێنن. ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ناوی چاکەی خۆتان لەدەست بدەن، چاککردنەوەکەی ئێجگار دژوارە.

کەواتە بۆ پاراستنی ئابڕوو و حەیسییەتی خۆتان چی دەکەن؟ ئایا هەڵسوکەوتتان لەگەڵ ناوەکەتان تەبایە؟ ئەگەر مامۆستان و ڕەفتارەکەتان لەگەڵ ڕەفتاری مامۆستایەک ناخوێنێتەوە، ئابڕووی خۆتان لەدەست دەدەن. ئەگەر خوێندکارن چاوەڕێتان لێدەکرێت وەکوو خوێندکارێک هەڵسوکەوت بکەن. پزیشکان، دایکوباوکان، مەلاکان، و دامەزرێنەرانی ناوەندە پیشەسازییەکان، ئەگەر ڕەفتاریان لەگەڵ ئەوەی کە چاوەڕێیان لێدەکرێت نەخوێنێتەوە، هەموویان ئابڕوو و حەیسییەتیان لە کۆمەڵگادا لەدەست دەدەن. هەموو ناو و ناوبانگێک لە کۆمەڵگادا هەڵگری کۆمەڵێ خەسڵەت و تایبەتمەندییە. کەواتە ئێوە دەبێ خاوەنی خەسڵەت و تایبەتمەندیی ئەرێنی بن، تاکوو بتوانن وەکوو وەزیر یاخود پزیشک یان مەلا بناسرێن. ڕۆژێک کە ئەم تایبەتمەندییانە لەدەست بدەن، خۆتان دەخەنە بەر شاڵاوی سەرکۆنەکان. ئەم بابەتە مامۆستایان و خوێندکار و تاجر و بازرگانەکانیش دەگرێتەوە.

لەبەر خەڵکانێک هەن کە ئەسڵەن گوێ بە ناو و ناوبانگیان لە کۆمەڵگادا نادەن. دایکوباوکانێک کە شایستەیی ئەم ناوەیان نییە و بەداخەوە کەسانێک

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

کە بەهۆی ڕەفتاری نەشیاو لە کۆمەڵگادا ئابڕووی مامۆستایان و بازرگانانیان بـردووە ڕوو لە زیـادبوونە. لام وایە ئەم جـۆرە کەسـانە تێگەیشـتنێکی دروستیان لە پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆیان نییە.

ئەگەر هەروا کە دەگوترێت، کۆمەڵگای ئەمڕۆ گەلێک مامۆستای زۆری تێدایە بەڵام ژمارەیەکی کەمیـان مامۆسـتای ڕاستەقینەن، ئەم قسـەیە هۆکارەکەی ئەوەیە کە مامۆسـتایان لە پـێگەی ڕاسـتەقینەی خۆیـان لە کۆمەلگـادا تێنەگەیشـتوون، ئەم بـابەتە ئەو پزیشـکانەش دەگـرێتەوە کە پـێش چاککردنەوەی نەخۆش باسی حەقدەستی خۆیان دەکەن.

بەڕێوەبردنی دامەزراوەیەکیش پێویستی بەوەیە کە کەسانێک کە ڕۆڵ دەگێڕن لە پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆیان بەجوانی ئاگادار بن. بە باوەڕی من وەزیـفەی دامەزرێنەرێکـی ناوەنـدی پیشەسـازی ئەوەیە کە لە ڕێگـای چـالاکییە ئابووریەکانەوە یارمەتیی گەشە و پیشکەوتنی کۆمەڵگاکەی بدات. ئەگەر من هەسـت و بیـرم نەکـردایەتەوە کە وەزیـفەی ڕاسـتەقینەی دامەزرێنەرێکـی پیشەسـازی باشـترکردن و پێشخسـتنی ژیـانی خـۆی و خـانەوادە و کۆمەڵگاکەیەتی، سـاڵانێک پـێش ئێسـتە دەسـتم لە چـالاکی دەکێشـایەوە. ئەگەر گەنجانێک هەن کە ئاواتەخوازن بۆ دەستخستنی قازانج و بەرژەوەنـدی تاکەکەسی ببنە دامەزرێنەری پیشەسازی، هیوادارم ئەم شـێوە بیرکـردنەوەی خۆیان بگۆڕن و ئەگەر وا ناکەن هیوادارم تـایبەت بەوەی ببـنە دامەزرێـنەری پیشەسازی ڕای خۆیان بگۆڕن.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

تەنانەت ئەگەر خودی منیش بمەوێ بۆ ماوەیەک واز لە کارکردن بهێنم و ئیسراحەت بکەم، دیسان بەهۆی ناوبانگ و پێشینەکەم لە کۆمەڵگادا ناتوانم ئەم کارە بکەم. ناوی «کیم - وو - چونگ» ئاوێتەی چالاکی و کارکردنەوە و دەترسم دەستکێشانەوە لە کار و چالاکییەکانم هاوتا و بەرامبەر بێت لەگەڵ وەرچەرخان و گۆڕینی چەمکگەلێکی حەیسیەتیی من لە کۆمەڵگادا.

بەوەیشەوە کە چالاکیی ئێستەی کۆمپانیای دایوۆ ئێجگار بەرفراوانە و بریتییە لە چالاکیگەلێکی فرەچەشن لە بوارە جۆربەجۆرە پیشەسازی و بازرگانییەکاندا، بەڵام ڕێگە نادەم، دایوۆ لە هەندێک لە چالاکییەکاندا بەشدار بێت. وەکوو چالاکیگەلێک کە تەنها پێداویستیی خۆشگوزەرانی و عەیشوتۆش دابین دەکات.

بەرهەمهێنانی خواردن و خواردنەوەی ئەلکولی ئاسنترین و خێراترین ڕێگای پارەسازییە بەڵام بەهۆی مێژینە و ئابڕووی دایوۆوە سوورم لەسەر ئەوەی کە لەم جۆرە چالاکییانە دووری بکەین.

دووەم بابەت، هاوردەکردنی کاڵا مەسرەفییە ناپێویستەکانە. لە وەها نموونەگەلێکدا بڕیارەکە بەندە بەوەی کە ئایا کاڵای مەسرەفیی هاوشێوەی ئەوە لە ناوخۆدا بەرهەم دێت یان نا؟ ئەگەر کاڵای هاوشێوە بوونی هەبێت بێگومان هاوردەی ناکەین.

سێهەم بابەت، ئەو جۆرە چالاکییە بازرگانییانەن کە ڕێگە لە گەشە و پێشکەوتنی سەرمایەگوزارییە بچووک و مامناوەندییەکان دەگرن. ڕێگەی

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

چالاکیدان بەم جۆرە شەریکانە زەروور و پێویستە. کۆمپانیا گەورەکان دەبێ کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن و نابێ کاری ئەم ناوەندە بچووکانە بڕفێنن.

هەموو ئەم بابەتانەی سەرەوە کۆمەڵێ سنوورن کە لەپێناو خۆشناوێتی «کیم - وو - چونگ» و کۆمپانیای «دایوۆ»دا سەپاندوومانە بەسەر خۆماندا، چونکە پاراستنی ئابڕوو و ئیعتبار بەلامەوە زۆر بەنرخە.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

[٤] کاریگەرییەکانی بەخشینی خەڵات

لە ماوەی ساڵە سەرەتاییەکانی چالاکیی دایۆدا من خەڵاتی ئێجگار زۆرم وەردەگرت. بەباوەڕی من ئەم خەڵاتانە بەمانای ڕێزگرتنی کۆمەڵگایە لە تاک. بەوەیشەوە کە خەڵاتەکان لە خۆیاندا لایەنی هاندەرانەیان هەیە بەڵام لە کردەدا هەندێک بەرپرسیارێتیشی بۆ وەرگری خەڵاتەکە لەگەڵە. لەدوای وەرگرتنی خەڵات بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە شایستەی وەرگرتنی ئەو خەڵاتە بووە سەرەڕای خودی خەڵاتەکە. و ئابڕوو و ئیعتبارێکی کە لەگەڵی هاتووە، چارەیەکی نییە جگە لەوەی کە بە جدیەتێکی زیاترەوە کار بکات.

ئەمە ڕێک ئەو کارەیە کە من کردم. چونکە حەزم نەدەکرد بەرامبەر بە متمانە و باوەڕێک کە کۆمەڵگا پێمی هەیە، خەیانەت بکەم. کەواتە دووقات زیاتر لە ڕابردووە کار و چالاکیم کرد و «دایۆ»ی ئەمڕۆ ئەنجامی هەوڵ و کۆششی ئەوکاتی منە. بەپێی ئەزموونی کەسیی، لام وایە بەخشینی خەڵات ئەنجامی باشتری هەیە، چونکە کەسەکان بەرەو ئامانجی باڵاتر هان دەدات. کۆریاییەکان لە بەخشینی خەڵات و ڕێزلێنان و هاندانـدا زۆر سەخی و دڵفراوان نین. بۆ نموونە کاتێک من بۆ وتاربێژی سەفەر دەکەم بۆ ئورووپا و ئەمریکا، بەرەوڕووی گەلێک دەستخۆشی و چەپڵە و هاندان و تەوقەکردنی بەشداربووەکان دەبمەوە. هەندێک جار تەوقەکردن لەگەڵ خەلک لە خودی وتارەکە زیاتر کات دەبات و هەندێک کات نامەم بۆ دێت لەلایەن ئەوانەوە.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

بەڵام ئەگەر هەر ئەو وتـارە لە کۆریـا پێشـکەش بـکەم، بەشـتی کەمتـرین کاردانەوەی دەبێت.

کاتێک کە لە وتارەکانی دەرەوەی وڵات دەستخۆشیم لێدەکرێت، بەو هـۆیەوە نییە کە قسەکانم زۆر زۆر دەگمەن و بێ بەدیل بن، بەڵکوو بەو هۆیەوەیە کە کەشی کۆمەڵگای ئەورووپا/ئەمریکا زیاتر لەبارە بۆ هانـدان و دەستخۆشـی و ڕێزلێنان. من بەداخەوە لە کۆمەلگای کۆریادا هەست بەم کەشە ناکەم.

کەسەکان بەگشتی تەنانەت لە وەرگرتنی خەڵاتێکی بچووکیش دڵخۆش دەبـن و ئاسـاییە کە بە بیسـتنی سـتایش و ڕێزلێنـانیش چێـژ وەردەگـرن. بەهـۆی شانازییەک کە وەرگرتنی خەڵات لەگەل خۆی دەیهێنێت، تاک پاش وەرگرتنی خەڵات هانـدەرێکی نـوێ بـۆ هەوڵ و تێکۆشـانی زیـاتر بەدەسـت دەهێنێـت. هەروا کە پێشتر ئاماژەم پێـدا، تـاک نـاتوانێ خەیـانەت بکـات بەو متمـانە و بڕوایەی کە خەڵک پێیان بەخشیوە.

ئێوە دەتوانن بە بەخشینی خەڵات، ڕەوگەی گشتیی ژیـانی کەسـێک بگـۆڕن. کەواتە لام وایە ئەگەر لە کۆریـا خەڵات بە هـیچ بوارێـک نـادەین، لانـیکەم بەمەبەستی پێشکەوتنی پەروەردە، بۆ ئەم توێژەی کۆمەڵگا کـۆمەڵێ خەڵات لە پـێش چـاو بگـرین. هەسـت دەکەم دەبـێ خەڵاتگەلێکـی زۆر بە کەسـانی شایسـتە بـدرێت چـونکە پێویسـتە خەڵـک لە گرنگـی و بـایەخی بەخشـینی خەڵات تێبگەن. شانازی و ناوبانگێک کە کۆمەڵگـا دەیبەخشـێ بە تـاک، ئەو تاکە ناچار دەکات بۆ ژیانێکی باڵاتر هەوڵ بدات. ئەگەر لەم بارەوە گومانتان هەیە بەتامەزرۆییەوە ئامادەم ئەم بابەتەتاب پێ بسەلمێنم.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

[٥] هەر شتێک لە جێی خۆیدا باشە

لە دنیادا هەر کەس و هەر شتێک جێگای تایبەتی خۆیان هەیە.

ڕێکوپێکی و دیسیپلین و هێمنایەتی کاتێک ل کۆمەڵگادا بەرقەرار دەبێت کە هەموو شتێک و هەموو کەس لە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیدا بێت. ئەگەر شتێک لە شوێنی خۆیدا نەبێت، ناڕێکی و بشێوی بەدی دێت. تەنها وای دانن ئەگەر چاوەکانتان لە شوێنی لووتتاندا و گوێچکەکانتان لە جێی دەمتان و دەمتان لە جێی چاوەکانتاندا بووایە، چی دەبوو. چاوەکان، لووت و دەمتان لە شوێنی خۆیاندان، چونکە ئەمە فۆرمی سروشتیی ئەندامانی جەستەی ئێوەیە و ئەندامەکان پێکەوە لە هەماهەنگیدان. کەواتە ئەگەر هەر شتێک لە شوێنی خۆیدا بێت، هەماهەنگی و ڕێکوپێکی و دیسیپلین بەرقەرار دەبێت.

بەوەدا کە ئێمەی مرۆڤ پێویستمان بە خواردنە، هەر بۆیە ئەم بابەتە تەنها گرنگە. بۆ نموونە دەبێ برنج لە دەوریدا تێبکرێت و بخورێت، هیچ کەس برنج لەسەر ئەرزەوە ناخوات، هەرکە برنج بڕژێتە سەر ئەرز، ئیتر بۆ خواردن نابێت. برنجێک کە لە دەوریدا دەخورێت، لە جەستەی مرۆڤدا دەبێت بە وزە. بەڵام ئەگەر بڕژێتە سەر ئەرز، ئیتر خۆڵاوی و پیس دەبێت.

لە کۆمەڵگادا ئیشکالییەت لە کاتێکەوە دەست پێدەکات کە ئێوە کاری سەرەکی و ڕاستەقینەی خۆتان ئەنجام نەدەن. خوێندکار دەبێ خوێندکار

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

بێت دایکوباوک، دایکوباوک و هاوسەر، هاوسەر و کرێکار، کرێکار. کۆمەڵگا کاتێک تووشی ئیشکال و کێشە دەبێت کە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە لە شوێنی سەرەکیی خۆیاندا نەبن.

پەیامی ساڵی نوێی ١٩٨٨ی «دایۆژ»، جەختی زۆر هەبوو لەسەر بایەخی گەڕاندنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ شوێنی سەرەکیی خۆیان و ناوەڕۆکی پەیامەکە بەم شێوە بوو:

«لە ساڵی تازەدا ڕێگە بدەن هەمووان لە پێگە و شوێنی ڕاستەقینەماندا جێگیر بین.»

هەموو دەتوانین کۆرییاییگەلی هاوسەنگتر بین و دواجار هەمووان دەتوانین لە ئابڕوومەندانی ئەم جیهانە بین.

ئەگەر چاوەڕێ دەکەین کۆمەڵگای ئێمە بە خێرایی پێش بکەوێت و سەقام بگرێت، هەمووان دەبێ کارە ڕاستەقینەکانی خۆیان ئەنجام بدەن. پرۆفشیۆناڵەکان نابێ دەستبەرداری کارەکانیان بن و ناپرۆفشیۆناڵەکان جێگاکانیان بگرن. ئەم بنەمایە دۆخی خوێندکاران، دایکوباوکان و هاوسەرانیش دەگرێتەوە.

بۆ هەر کارێک لە کۆمەڵگادا وەستایەک هەیە. هەر وەستایەکیش دەبێ لە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیدا جێگیر بێت. ئەمڕۆ ئێمە کەسانێک دەبینین کە بە کارەکەیان نامۆن و لە شوێنی سەرەکییاندا نین.

کاتێک کە کەسێکی نەشیاو و ناشایستە لە پلە و پۆستێکدا جێ دەگرێت چی ڕوو دەدات؟ ئەگەر مامۆستایەک بەبێ ئەوەی تایبەتمەندییەکانی

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

مامۆستایەتی هەبێت، وانە بڵێتەوە و لە کۆمپانیاکاندا کەسانی ناشارەزا کاروبار بگرنە ئەستۆ چی ڕوو دەدات؟ کاتێک کوێر ببێتە چاوساغی کوێر، دواجار هەردووکیان دەکەونە ناو چاڵاوەکە.

ماوەیەک پێش ئێستە لە یەکێک لە ئاوازەکانی ڕۆژدا بیستم کە دەیگوت: «دەسووڕێتەوە، دەسووڕێتەوە، کورسی دەسووڕێتەوە و دەبێتە کە هی کەسێک کە لەسەری دانیشێت.» بەڵام ئەمە پێچەوانەی حەقیقەتە، چونکە هەر کورسییەک بۆ مامۆستایەکی لێهاتوو و بەئەزموونە کە تەنها ئەو دەبێ لەسەری دانیشێت و بەرپرسیارێییەکانی بگرێتە ئەستۆ. ئەمە تەنها شێوازی داگیرکردنی کورسییەکانەوە و هیچی دی. بەڵام کاتێک کە کەسێکی نەشیاو و ناشایستە کورسییەک داگیر دەکات کێشە و گرفتەکان دەست پێدەکەن، چونکە ئەو یان کاروبارەکەی ڕاناپەڕێنێت و یاخود بە شێوازی دروست ئەنجامیان نادات.

لە کۆمەڵگادا هەر کەسێک کورسیی تایەت خۆی هەیە و کاتێک هەمووان لەسەر کورسییە ڕاستەقینەکانی خۆیان دانیشین، کۆمەڵگا بەبێ هیچ کێشەیەک چالاکی دەکات و کارەکان لەوپەڕی هێمنی و خێراییدا جێبەجێ دەکرێن. چونکە هەر کەسێک و بەرپرسیارێتیی ڕاستەقینەی خۆی لە ئەستۆ گرتووە. ڕۆڵی کەسەکانیش لە کۆمەڵگادا وەکوو پێگەی ڕاستەقینەیان لێک جیاوازن، کەواتە زۆر گرنگە کە تاک لە پێگەی سەرەکیی خۆیدا بێت و ئەو کارەی کە دەبێ و پێویستە، ئەنجام بدات. کار و پیشە خۆی لە خۆیدا، خراپ یان چاک نابێت، بەڵکوو کاتێک چاکە کە کەسانی لێزان ئەو کارە

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

وەرگرن و کاتێک خراپە کە کەسانی ناشایستە و نەزانکار کارەکە داگیر بکەن، جیاوازییەکە تەنها لەم خاڵەدایە.

ئەگەر ئێوە بیر لە یاریی بەیسباڵ بکەنەوە، ڕێک لە قسەکانم تێدەگەن. هەر تیمێک تۆپهاوێژێکی هەیە، کەسێکی هەیە تۆپ بگرێتەوە، یارزانێک لە ناوەڕاستی گۆڕەپان و یاریزانێک لە دەرەوەی گۆڕەپان. هەر یاریزانێک شوێنی تایبەت بەخۆی و بەرپرسیارێتییەکانی تایبەت بەو شوێنەی لە ئەستۆیە. ئایا تیمێکی بەیسباڵ بەڕاستی توانای پێشکەشکردنی یارییەکی باشێ دەبێت ئەگەر یاریزانانی تیمەکە لە کاتی یاریکردندا، بەجارێک شوێنی خۆیان بگۆڕن و هەوڵ بدەن لە جیات ئەوانی تر یاری بکەن.

بابەتەکە ئەمەیە کە هەر یاریزانێک چ لە تیمی بەیسباڵ و چ لە کۆمەڵگادا دەبێ بایەخی پێگەی خۆی بزانێ، هەروا کە هەر یاریزانێک بۆ پێشکەوتنی تیمەکەی خۆی ناچارە باشترین یاریی خۆی پێشکەش بکات. هەر کام لە ئێمە دەبێ وەزیفە و بەرپرسیارێتیەکانی خۆمان بە جۆرێک ئەنجام بدەین کە ئەو کارە تەنیا و تەنیا بە ئێمە بکرێت. هەڵبژاردنی کارەکەتان نابێ لەڕووی مەیل و ئارەزووەوە بێت و یا ئەوەی کە ئەسڵەن بۆ کۆمپانیاکەتان پێویست نەبن و لەوە خراپتر کەسێک نەبن کە شایستەی مانەوە نەبن لە پۆستەکەتاندا.

خوێندکاران دەبێ هێزی خۆیان لەسەر خوێندنەوە و وانەکانیان چڕ بکەنەوە، تاکوو ببنە کەسانێکی کاریگەر لە کۆمەڵگادا. مامۆستایەک کە بە تامەزرۆیی

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

و فیداکارییەوە وەزیفەی خۆی ڕادەپەڕێنێت کەسێکە کە کۆمەڵگا بە یەقین پێویستی پێیەتی.

کەواتە دەبێ بزانن کە ئایا کاری ڕاستەقینە و سەرەکیی خۆیان ئەنجام دەدەن یان نا. ئەگەر کاری سەرەکیی خۆتان ئەنجام نادەن زیانێکن بۆ کۆمەڵگاکەتان، چونکە هیچ کەس ناتوانێ لە کۆمەڵگادا کاری ڕاستەقینەی ئێوە لەجیات ئێوە ئەنجام بدات و ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ پێگەی ڕاستەقینەی خۆتان لە کۆمەڵگادا، هیچ کەس ناتوانێ جێگرەوەیەکتان بۆ هەڵبژێرێت چونکە هەموو کۆمەڵگا لە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیاندان.

پێگەی سەرەکی و ڕاستەقینەتان چاوەڕێتان دەکات.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

[٦] بەرژەوەندییە ماددییەکان لەبەرامبەر چێژی ئەنجامدانی کاردا

ئێستە دەمەوێ دەربارەی مانای ڕاستەقینەی ژیانێکی باش قسە بکەم.

ئەمڕۆ لە کۆریادا زۆر ئاسایی کە تایبەت بەم و بەو پرسیار بکەن کە ئایا ژیانێکی باشی هەیە یان نا؟ بەباوەڕی من لە کۆمەڵگای ئەمڕۆکەی کۆریادا، پێوەری دۆخی ژیانی کەسەکان تەنها بڕی سامانەکەیانە. ئەمە شتێکە کە لە وەڵامی هەمیشەیی خەڵک بەدەستم هێناوە. بەڵێ فڵانەکەس ژیانێکی زۆر باشی هەیە چونکە زۆر دەوڵەمەندە یان بەپێچەوانەوە فڵانەکەس ژیانێکی دڵچڕی هەیە چونکە زۆر هەژارە. بەڕاستی جێی داخ و نائومێدبوونە کە پێوەری ژیانی باشی کۆمەڵگا بەپێی ژیانی ماددییە.

ئەڵبەت هەموو خەڵکی کۆمەلگا دەبێ ژیانی باش و گونجاویان هەبێت، بەڵام تا ئەو شوێنەی کە پێوەندی بە منەوە هەیە، کەڵەکەکردنی پارە و سروەت بە تەنیا بنەڕەتی ژیانێکی باش پێک ناهێنێت. ڕەنگە کەڵەکەکردنی پارە، ڕێگای دەوڵەمەندبوون بێت بەڵام ئەم کارە لەخۆیدا بەمانای هەبوونی ژیانێکی باش و دڵخواز نییە. بۆ ئەم پرسیارە وەڵامێکی زۆر سادەم هەیە. بە باوەڕی من کوالێتیی سروەت لە خودی سروەتەکە زیاتر گرنگە و چێژی ئەنجامدانی کار لە بەرژەوەندییە ماددییەکانی کارەکە گرنگترە.

هەندێک لە دامەزرێنەرانی ناوەندە پیشەسازییەکان، ئامانجی چالاکییەکانیان تەنها دەستخستنی پارە و دەوڵەمەندبوونە و ئەمە تەنانەت هاندەری

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ژیانیشیانە. لەئەنجامدا هەمیشە گرۆز و تووڕە و شڵەژاو و نیگەرانی سامان و سروەتەکەیانن. لە لایەکی دیکەوە سەرمایەگوزارانێکیش هەن کە تەنها بۆ دەستخستنی سەرکەوتن و چێژبردن لەم سەرکەوتنانەی ژیان هەوڵ دەدەن. ئەڵبەت هیچ کەس ناتوانێ ئینکاری بکات کە مەبەستی هەمووان لە چالاکییە بازرگانییەکان پارە پەیداکردنە. بەڵام من لام وایە کە هۆکاری بوونێتیی ناوەندێکی بازرگانی نابێ تەنیا بۆ دەستخستنی بەرژەوەندی بەبێ گوێدان بە شتە مەعنەوییەکان بێت.

لە بەرامبەر ئەو کۆمپانیانەدا کە تەنیا بۆ بەرژەوەندی و قازانجی مادی چالاکی دەکەن، کۆمپانیاگەلێکیش هەن کە لە پێناو ئاوەندانکردنەوە و سەرکەوتندا چالاکی دەکەن. بەباوەڕی ئێوە کامیەک لەم کەسانە ژیانێکی دڵخوازتریان هەیە. شتێک بۆ من زۆر ڕوونە، کەسانێک کە بە توندی شەیدا و وابەستەی سروەت و سامانن، هیچ کات لە ژیاندا قانع و دڵخۆش نابن. چونکە تەماحی ئەوان بێسنوورە. تەماح دەتوانێ کەسێکی دەوڵەمەند بە ٩٩ موڵک و سامانی جیاوازەوە وەها هان بدات کە کەسێک بە تەنها یەک موڵکەوە یەکسەر لەناو ببات و ئەم بکوژییە تەنیا بۆ ئەوەیە کە بۆ ژمارەی دارایی و سامانەکانی دەژی، هیچ کات لە مانای ڕاستەقینەی ژیان تێنەگەیشتووە. چونکە تەماح هیچ سنوورێک ناناسێت. بۆ نموونە کەسێک لە پێش چاو بگرن کە هەموو تەمەنی زەحمەتی کێشاوە و لەدوای هەوڵ و زەحمەتی زۆر، بۆتە خاوەنی خانوێک. بەڵام پاشان دەبینێ چواردەوری ئەو پڕە لە خانووی باشتر و گەورەتر. تەماح دەبێتە هۆی ئەوە کە دەبێ

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

خانوویکی گەورەتر و باشری هەبێت. من لام وایە مەبەستی سەرەکیی ژیان نابێ کەڵەکە کردنی سروەت و سامان بێت.

گرنگیدانی ڕادەبەدەر بە بڕی سروەت و دارایی بەباوەڕی من زۆر گەمژانەیە. چونکە گوزارشت لەوە دەکات کە دەربارەی کەسێکی وەهاوە شتێکی ئەوتۆ ناتوانین بڵێین کە پێوەندی بە مرۆڤبوونەوە هەبێت. ئەگەر بەهۆی سروەت و سامانەکەتانەوە فەخر دەفرۆشن لانیکەم بە کوالێتی و شێوەی بەکاربردنی دروستییەوە شانازی بکەن نەک بە بڕی سروەتەکەتانەوە. چونکە ئەگەر کەسێک سروەتێکی زۆر کۆ بکاتەوە بەڵام نەزانێ لەم هەموو سروەتە بە قازانجی ئەوانی تر کەڵک وەرگرێت، لەڕاستیدا مرۆڤێکی زۆر هەژارە.

دەوڵەمەندی ڕاستەقینە کەسێکە کە دەزانێ چۆن لە سروەتێکی کەم بۆ بەرژەوەندی و قازانجی خۆی و ئەوانی تر کەڵک وەرگرێت. بە واتایەکی تر، هەژاری و دەوڵەمەندیی کەسێک لەوەدایە کە چۆن لە داراییەکانی کەڵک وەردەگرێت.

ئەگەر بمانەوێ بڕێک قووڵتر ئەم بابەتە لێک بدەینەوە دەبێ بڵێم ئێوە نابێ دارایی و سروەتەکەتان تەنها بە هی خۆتان بزانن. چونکە ئەم شێوە بیرکردنەوە، تەماحی ئێوە بۆ دەستخستنی سروەت و سامانی زیاتر هان دەدات. ئەم تەماحە نەک هەر هیچ کات تێر نابێت بەڵکوو بەرەبەرە تاک ناچار دەکات بە ڕەفتاری بێپڕەنسیپانە. مەسیحیەت باسی چاودێریکردن بەسەر داراییدا دەکات. واتە گشت دارایی و سروەتەکەتان لەم دنیادا بۆ ئێوە نییە، بەڵکوو بەلاتانەوە ئەمانەتە و ئێوە تەنها چاوەدێریی ئەم داراییانە

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

دەکەن. ئەم تەفسیرە، بەرپرسیارێتیی پاراستنی و کەڵکوەرگرتنی دروست لە داراییەکانیشی لەگەڵە. من وەکوو خۆم ئەم ڕێنماییە ئاینییانە زۆر بە گونجاو و پەسند دەزانم. مرۆڤ فانییە و ئەگەر هەموو مرۆڤایەتی لەناو بچێت دیسان جیهانی هەبوون تاهەتایە دەمێنێتەوە. شتێک کە ئێوە بۆ هەمیشە بە هی خۆتانی دەزانن، لەدوای مەرگی ئێوە دەبێتە هی کەسێکی تر. کەواتە ئێمە دەبێ لەبەرامبەر یاسای سروشتدا خاکەڕا و دڵفراوان بین. بە واتایەکی تر، سروەت و دارایی دەستپێکی ڕەنج و ئازارەکانە. قوتابخانەی بودا، وابەستەنەبوون بە سروەت دارایی بە ڕێگای سەرەکیی گەیشتنی مرۆڤ بە بەختەوەریی موتڵەق دەزانێ. من بەوەیشەوە کە بەڕێوەبەری ناوەندێکی گەورەی پیشەسازی بازرگانیم، حەزێکی زۆرم لە کەڵەکەکردنی سروەت و سامان نییە. کەسانێک کە لایان وایە دامەزرێنەرانی ناوەندە پیشەسازییەکان تەنیا بۆ دەوڵەمەندبوون کار دەکەن، هیچ کات لەو چێژە بێوێنەیە تێناگەن کە لە وەگەڕخستنی کار و پرۆژەیەکی بەرهەمهێنان یاخود خزمەتگوزارانەی مەزن بە نەسیبی مرۆڤ دەبێت. من کە تەنانەت ٢٤ کاتژمێری شەوورۆژ بۆ کارەکانم بە کەم دەزانم، ئەگر بەم ڕادە لە کارکردنەوە بەدوای پارەسازی و بەرژەوەندییەکانمەوە نەبم بەباوەڕی هەندێک کەس ڕەنگە گەمژەیەک بم و هیچی دی.

بەڵام من سەرانسەر ژیانم شێتانە کارم نەکردووە کە تەنها چەند سکەیەک دەست بخەم. من کەسێکی ئالوودە بە کارکردنم و تەنیا بۆ چێژبردن لە سەرکەوتنە کە ساڵانێکە ئاوا بە جدیەتەوە چالاکیم کردووە.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ئەگەر دەوڵەمەندترین کەسیش بن دیسان هەر ناتوانن خاوەنی هەموو شتێک بن. چونکە خاوەندارێتی بەهەرحاڵ سنوورێکی بۆ هەیە. هەربۆیە نامەوێ وەکوو کەسێکی پارەساز لە بیرەوەرییەکاندا بمینمەوە. لەڕاستیدا ئەمە بە جۆرێک سووکایەتی دەزانم بە خۆم و نە ستایشکردن. ئەم وەسفە بەو مانایە کە جگە لەوە هیچ بابەتێکی دیکەی دەربارەی من بوونی نییە کە بگوترێت. لە حاڵێکدا من پێم خۆشە وەکوو کەسێکی تێکۆشەر و سەرکەوتوو لە بیرەوەرییەکاندا زیندوو بمێنمەوە. تەنیا سەرکەوتنی مرۆڤەکانە کە جاویدان و تاهەتایی دەمێنێتەوە.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

[٧] کەمینەی داهێنەر

ئەمڕۆکە هەندێک جار وەکوو دێوی سەرەونخوونبوو باسی ئەمریکا دەکەن. لەوێدا بنەما و پڕەنسیپە ئەخلاقییەکان بەرەو توانەوە دەچن و ماوەیەکی زۆرە کە نەریتەکانی فیرقەی «پیوریتان»ەکان بڕێتی لە تێکۆشان و هەوڵی زۆر لە پەڕاوێز و فەرامۆشیدایە. توندوتیژی، کوشتوبڕ، مادەی هۆشبەر مرۆڤەکانی وێران کردووە و زۆریک لە گەنجانی ئەمریکی پێیان باشە بەشی زیاتری ژیانیان بەدوای هەیەجان و جۆشوخرۆشە ساتی و ئانییەکاندا تێپەڕ ببێت. لە دڵی ئەم هەموو ئاشووب و شڵەژاوییەدا، کەسانێکیش هەن کە بە سەختی دەخوێنن و بۆ خولقاندنی دواڕۆژێکی باشتر بە هەموو بوونیانەوە دەکەونە دوای توێژینەوەکان، و کەمینەیەکیش هەن کە بە هەوڵ و زەحمەتی زۆرەوە تێدەکۆشن ڕێگە بگرن لە لەناوچوونی پێشکەوتنە مەزنەکانی ئەمریکا. بەباوەڕی من ئەم گرووپەن کە ڕێبەرایەتیی کۆمەڵگا مەزنەکەی ئەمریکایان لە ئەستۆیە.

ئێمە نابێ فریوی ڕەقەم و ژمارەکان بخۆین، چونکە ڕەقەم و ژمارەکان تەنیا باسی چەندایەتیەکان دەکەن. بۆ نمکوونە ئەگەر ١٠٠ بەراز و ١ مرۆڤمان هەبێت، ڕەقەمەکان نیشاندەری ژمارەی ١٠٠ن لەبەرامبەر ژمارەی ١دا. کەواتە ڕەقەمەکان دەتوانن فریودەر بن. بەهیچ شێوە دەربڕی واقعیەتی هێزی کەمینە نین.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

«تـوین بـی»، بەو کەسـانە کە لە پێشـکەوتنی شارسـتانیەت و کولـووری کۆمەڵگاکەیاندا دەوریان هەیە دەڵێ «کەمینەی داهێنەر» کە ژمارەشیان زۆر کەمە. بەڵام کـاریگەریی ئەم کەمینەیە بەڕێژەی ژمارەکەیـان نیـیە، بەڵکـوو هێـزی داهێنـان و نـوێگەریی ئەوانە کە دەستنیشـانکەری ئاسـتی بڕشـت و کاریگەریی ئەوانە لە کۆمەڵگادا. سروش و بیـرۆ و ئایـدیاکانی ئەم کەمینەیە کە ڕێگە بە زۆرینەی ناداهێنەر دەدات لە پێشکەوتنی کۆمەڵگاکەیاندا بەشدار بن. ئەمە وەزیفە و بەرپرسیارێتیی کەمینەکانە بەرامبەر بە کۆمەلگاکەیـان و بەبـێ هاوکـاری و هاریکـاریی ئەوان کولتوورەکـان و کۆمەڵگاکـان هـیچ پێشکەوتنێک بە خۆیانەوە نابینن. کەمینەکان لەسەریان زۆرینەی نـاداهێنەر پەروەردە بـکەن و لەپێنـاو پێشـکەوتنی مێـژوو و کولتـووری کۆمەڵگاکەیانـدا تێبکۆشن. ئەگەر کەمینەکـان بەم شـێوە نەکەن، لەنـاوچوونی کۆمەڵگاکەیـان خێرا دەکەنەوە. پەڕاوێزخستنی ئەم کەمینە داهێنەرە، کەوتن و لەنـاوچوونی کۆمەڵگـا و کولتـووری بەدواوەیە. کاتێـک کە توانـا داهێنەرەکـان بـۆ بەرفراوانکـردنەوە و پێشـکەوتنی کۆمەڵگا بەکـار نەگیرێت و کاتێک کە ئەم کەمینەیە ببێتە کەمینەیەکی کۆنترۆڵکراو، کۆمەڵگا بەرەو لەناوچوون و فەنـا هەنگاو دەنێت.

بەرپرسـیارێتیی پێکەوتنـی کولتـوور و شارسـتانیەتی کۆمەڵگـا و یـاخود ئاراسـتەکردنی کۆمەڵگـا بەرەو کەوتـن و لەنـاوچوون لە ئەسـتۆی کەمینـەی داهێنەرە. ئەگەر لە هەر کۆمەڵگایەکدا، ڕێبەڕان وەزیفەکانیان لەئەستۆ بگـرن و خۆیانی بۆ تەرخان ببکەن، کۆمەڵگای ئەوان هیچ کات بەرەو دواکەوتـوویی

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

و لەناوچوون ناچێت. ئەم بنەمایە سەبارەت بە نەتەوەکان و کۆمپانیاکانیش وەڕاست دەگەڕێت.

لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگادا، تاکەکان بۆ گەشە و پێشکەوتنی خۆیان، خوازیاری ڕێبەرانی داهێنەر و بەرپرسیارن. ئێوە دەبێ ببنە کەسانی داهێنەر. کەسانێک کە بۆ لەپێناو پێشکەوتن، گەشەکردن، و بەختەوەریی کۆمەڵگا و مرۆڤایەتیدا تێبکۆشن. ئێوە حەتمەن پرسیار دەکەن چن دەکرێ ببینە ئەندامێک لە کەمینە. دەی با لە پێشدا بڵێین نابێ چ شتگەلێک بن. شتێک کە پێویستتان پێیەتی، تێڕوانینێکی بەربڵاوە بۆ کارگەلی ئاوەدانکەر بۆ نەتەوە و خەڵکەکەتان و یارمەتیی بەنرخ بۆ پێشکەوتنی کولتوور و شارستانییەتی مرۆڤایەتی.

لە ڕابردوویێکی زۆر دووردا قەومی جوو لە میسرەوە کۆچیان کرد و بۆ ماوەی چل ساڵ بەدوای سەرزەمی بەڵێندراودا گەڕان. ئەم قەومە بەرەو سەرزەمینی کەنعان ڕۆشتن. سەرزەمینێک کە خودا بەرەکەتی پێداوە واتە هەمان سەرزەمینی بەڵێندراو. بەڵام ئەم سەرزەمینە لەلایەن قەومی کەنعانەوە داگیر کرابوو. هەربۆیە قەومی جوو لێژنەیەکی ١٢ کەسییان نارد ئەو سەرزەمینە، تاکوو دۆخی گشتیی کەنعانییەکان هەڵسەنگێنن. لە گەڕانەوەدا دە کەس لە دوانزە کەسەکە بە نائومێدییەوە سەریان ڕاوەشاند و گوتیان گرتنی ئەم سەرزەمینە مەحاڵە. خەڵکی کەنعان جەستە و قەد و باڵایان لە قەومی یەهوود گەورەترە و جگە لەوەش چەک و شتی باشیان هەیە بۆ شەڕکردن. ئەم دە کەسە کەمترین هیوایان بە سەرکەوتنی جووەکان لەو شەڕەدا نەبوو.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

بەڵام دوو کەس لە لێژنەکە لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نەبوون، ئەوان دەیانگوت جووەکان نابێ لە هیچ بترسن، چونکە کەنعان سەرزەمینێکە کە خودا بەڵێنی داوە. ئەم دوو کەسە کەمینە بوون. دوو کەس لە بەرامبەر دە کەسدا. ئەگەر بڕیار بەپێی بۆچوونی زۆرینە گیرابایە، جووەکان هیچ کات نەدەچوونە جەنگی کەنعانییەکان. بەڵام بەپێی قسە و بەڵگاندنەکانی ئەو دوو کەسە کەمینەیە، جووەکان بڕیاریان دا و پلانی هێرشیان داڕشت و دواجار توانییان ئەو سەرزەمینە داگیر بکەن. ئەم بابەتە نیشانی دەدات کە زۆرینە بە تەنیا دەورگێڕ و دەستنیشانکەری مێژوو نییە.

کەمینەی داهێنەر «پۆزەتیڤ»ن. ئەوان کەسانێکن کە لە نێوان دوودڵی و نائۆمێدییەکاندا تشکی هیوا و خۆشبینی داگیرساو دەهێڵنەوە. کەمینەی داهێنەر باوەڕی بە پێشکەوتنی کولتوور هەیە و جووڵەیەکی زیاتر دەبەخشێ بە تایەکانی مێژوو و گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. من هیوادارم لەپێناو مێژوو و شارستانییەتی مرۆڤدا ئێوەش ببنە ئەندامی کۆمەڵگای کەمینە بەرپرسیارەکان.

دەستپێکی مێژووی نوێی مرۆڤایەتی بەتەواوی لەدەست ئێوەدایە.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

[٨] خەساری لەشگرانی

بەرەی گەنج تەژییە لە ڕۆحی بەرەنگاری بۆ خولقاندنی گۆڕان و وەرچەرخانی دۆخی باوی خۆی و تاقیکردنەوەی ناومکینەکان. ئەم خەسڵەتانە، دەورانی گەنجێتی بەنرخ دەکەن و هۆی شادومانی و پاراویی ڕۆحە. بەرەی گەنج لە شکست ناترسێ. کەسانێک کە لە شکست دەترسن و لە دۆخی ئێستەی خۆیان ڕازین لە هەر تەمەنێکدا بن، گەنجێتییان لەدەست داوە. بەڵام کەسانێک کە خاوەنی ڕۆحی بەرەنگاری و مەترسیخواز و کونجکۆڵن و بەدوای دواڕۆژی باشتروەن سەرەڕای تەمەنیان، گەنجانی ڕاستەقینەن.

بەرەی گەنج خالقی دنیای نوێیە. ئەو بە ڕۆحی بەرەنگارییەوە داهاتوو دەخولقێنێت. گەنجان چونکە ڕابردووێکیان نییە، بەردەوام بیر لە داهاتوو دەکەنەوە و چاویان دەبڕنە ئاسۆ دوورەدەست و ڕووناکەکان. چونکە هیچیان نییە لە دەستی بدەن، هیچ دڵەڕاوکێ و نیگەرانییەکیان نییە، مەترسییەک ناناسن و تەژین لە ژیان و دڵزیندوویی.

بەوەدا کە بەرەی گەنج هێشتا لە قۆناغێک لە ژیاندا نین کە لە بەندی پاراستنی دۆخی باوی خۆیاندا بن، کەواتە، ئەگەر گەنجێک ڕۆحی مەترسیخوازیی خۆی تەنیا لەپێناو سەقامبەخشین بە ژیانیدا لەدەست بدات و یاخود واز بهێنێت لە بەرەنگاریکردن بۆ خولقاندنی گۆڕان و وەرچەرخاندنی دۆخی باوی خۆی، لەڕاستیدا گەنجێتیی لەدەست داوە. گەنجان، داهاتوو

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

تەژی لە سەرکەوتن و دەستخستنی بەرژەوەندییەکان دەبینن و هیچ دەرفەتێکیان نیی بۆ بیرکردنەوەو شڵەژان بە شکست و زیانە شیمانەییەکان. ئێوە دەبێ بزانن کە گرنگیدانی ڕادەبەدەری هەر کەسێک بە ئاسوودەیی و پاراستنی دۆخی هەنووکەیی خۆی لەڕاستیدا هێمای گەنجێتیی ڕوولە کۆتایی ئەوە.

گەنجان هەموو کارێک چ بە شێوەی تاکەکەس و چ بەشێوەی گروپی، بە ڕۆحی بەرەنگارییەوە دەست پێدەکەن. ئەم ڕەفتارانە لە پڕوزەیی و شادابی گەنجانەوە سەرچاوە دەگرێت. ئێوە بیر بکەنەوە لە کۆچبەرە سەرەتاییەکانی ئەمریکا. ئەوانەی کە بەبێ گوێدان بە بارودۆخی باو ملی ڕێگایان بەرەو ڕۆژاوای ئەمریکا گرتە بەر. بیهێنە پێش چاوتان کاتێک ئەم کۆچبەرانە بەرەو ئەم وڵاتە نەناسراو و دوورەدەست و پڕمەترسییە دەڕۆشتن بیریان لە چی دەکردەوە! ئەوان گەنج بوون و هەناویان پڕ بوو لە ڕۆحی بەرەنگاری و مەترسیخوازی و هیچ کەسیش پێشی ئەوانی پێ نەدەگیرا. ئەو ئەمریکای گەنجانی دوێنێ لەگەڵ ئەم ئەمریکای تەیژی لە چێژخوازی و بەساڵاچوونییەدا گەلێک جیاوازە.

ئەوە شتێکی ئاساییە کە کارمەندانی تازەدامەزراو لێوڕێژ بن لە هەیەجان و جۆشوخرۆش و ئیرادە بۆ کارەکەیان. ئەوان دەبێ گەنجێتیی ئەمڕۆیان لەپێناو خولقاندنی دواڕۆژێکی درەوشاوەدا تەرخان بکەن. ئەوان دەبێ بە سەختی تێبکۆشن و بخوێنن. ئەنجامی ئەم هەوڵانە پێشکەوتن و سەرکەوتنی گەورەی مەعنەوی و مادییە. ئەمە پاداشتی ئاسایی و سروشتیی گەنجانی

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ئەمڕۆیە کە لە عومر و گەنجێتییان بۆ پێشکەوتنی ژیان سەرمایەگوزاری دەکەن. بەڵام نموونەگەلێک بینراوە کە هەر ئەم گەنجە پڕوزە و بەئیرادانە لەدوای بەرزبوونەوەیان بۆ پلەی بەڕێوەبەری جێبەجێکار، ڕوویان کردۆتە لەشگرانی، دەستبەرداری خوێندنەوە و بەرەنگاری بوونە و چیتر تامەزرۆیی و حەزیان بۆ گەشەکردن نیشان نەداوە. ئەوان بەرەبەرە دووچاری نەخۆشیی ئەنجامدانی کار لە ئاستی ڕاپەڕاندنی وەزیفەدا بوونە و هەموو داڵغەیان بووە پاراستنی سروەت و سامانیان. بە باوەڕی خۆیان هەموو ئەو سەرکەوتنانەی کە بەدوایدا دەگەڕان، بەدەستیان هێناوە. کەواتە بەشێوەی مامناوەند کار دەکەن و ڕەفتارێکی مامناوەند دەگرنە بەر و بە ڕادەتی پێویست زیاتر ئیسراحەت دەکەن. ئەمە زۆر جێی داخە کە ئەمانە تێناگەن کە بە لەشگرانی لەئاراستەی کەوتن و لەناوچووندا هەنگاو هەڵدەگرن.

ئێوە نابێ مەجالی ئەوەتان هەبێت کە بە خۆتان بڵێن، بەڵێ ئەوە دواجار بە ئامانجەکانی خۆم گەیشتووم و سەرکەوتووم. ڕەزامەندی لەوەی کە بە هەموو ئامانجەکان گەیشتوون یەکێک لە مەترسیدارترین ساتەکانی ژیانتانە. ئەگەر بە ئامانجێکی خۆتان گەیشتن دەبێ ئامانجی باڵاتر و مەزنتر بۆ خۆتان دەستنیشان بکەن. بەردەوام دەبێ وا بزانن کە بە ئامانجی ڕاستەقینە و سەرەکیی خۆتان نەگەیشتوون. بۆ نموونە ڕەنگە ئامانجی هەندێک ئەوە بێت کە ببنە یەکێک لە باشترین خوێندکارانی پۆلەکەتان. کەواتە بەوپەڕی جدیەتەوە دەخوێنن تاکوو بەم ئامانجە بگەن. لەدوای سەرکەوتن نابێ بە ڕەزامەندی لە سووچێکدا دانیشن، بەڵکوو دەبێ ئامانجی تر بگرنە بەر. بۆ

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

نمـوونه ئەم جـارە ئامانجتـان ئەوە بێـت کە ببـنە خوینـدکاری نمـوونەی پۆلەکەتان. و پاش بەدەستهێنانی ناونیشانی باشترین خوێندکار نابێ دیسان هەست بە ڕەزایەت و غورور بکەن ئێوە جارێکی تـر دەبـێ ئامـانجێکی بـاڵاتر دەستنیشان بکەن، بۆ نموونە باڵاترین نمرە لە هەموو وانەکاندا.

بـوون بە باشـترین خوێنـدکار کـارێکی ئاسـان نیـیە، کەواتە دەبـێ بەوپەڕی هەوڵ و تێکۆشـانی خۆتـان بەم ئامـانجە بـگەن. بەڵام مـانەوە لەم پـێگەی باشترین خوێندکاردا تەنـانەت لە بـوون بە باشـترین خوێنـدکاریش دژوارتـرە. کەواتە لەم حـاڵەتەدا بە ئاسـانی پێـدەچێ بـکەونە داوی ڕەزامەنـدی و لەشگرانییەوە و پێش ئەوەی کە خۆشتان بزانن، نەک هەر ئیتر باشترین نین بەڵکوو ئەوانی تر داویانەتە پێشتانەوە.

هەندێک هێما و نیشانە باس لەوە دەکەن ئێـوە بەرەبەرە دەبـن بە گەنجێکـی تەمەڵ و لەشگران. دڵمردوویی و خەمساردی خەساری لەشگرانین. وەڕەزی و بێتاقەتی دەبنە هۆ کەمبـوونەوەی چـالاکی. ئێـوە هەرگیـز نـابێ لە چـالاکیی خۆتـان کەم بـکەنەوە. چـونکە چـالاکی دەبێتە هـۆی گەشـەکردن و بنـاغەی ژیانە. کاتێک کە گەنجان ڕۆحی بەرەنگـاریی خۆیـان لەدەسـت دەدەن، چیتـر هیـوا و ئومێـد بە ئاینـدە لەوانـدا بـوونی نیـیە. ئەمە سـەبارەت بە هەمـوو گەنجان چ بەشێوەی تـاک و چ بە شـێوەی هـاوجەمعی ڕاسـتە. بێـورەیی لە گەنجاندا، لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگـادا بە مانـای مەرگ و نەمـانی بەرەی گەنـجە. و کاتێـک کە مەرگ لە پێشـدایە، ئومێـدێک بـوونی نیـیە. کاتێـک شادابی و گەنجێتی و ئومێدەکان لەناو بچن چ لە تـاک و چ لە گروپـدا، چ لە

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

کۆمپانیایەکدا یاخود لە کۆمەڵگادا، لەوکاتەدا ئیتر باشتر وایە پرسە و سەرەخۆشیی بەڕێوە ببەین.هەروا کە پێدەچێ ئێوەش دیتبێتتان، هەندێک لە کەسەکان لە کۆمپانیاکاندا بە خێرایی پیر دەبن. ڕۆژێک بڕیار بوو بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنەر بەبۆنەی کارێکەوە ببینم. لەدوای دیدارەکەمان زۆر سەرم سووڕ ما کە ئەم کەسە هیچ زانیارییەکی لەسەر بەرهەمی کۆمپانیاکەیان نەبوو لە ئەنجامدا بەڕێوەبەری کارگەکەیان زانیارییەکانی خستە بەردەستم. لەو کاتەدا هیچ کاردانەوەم بەم بابەتە نیشان نەدا. بەڵام کاتێک بینیم ئۆتۆمبێلی ئەم بەڕێوەبەرە گشتییە لە ئۆتۆمبێلەکەی من گەورەتر و شازترە زۆر غەمبار بووم و زانیم کە ناکرێ زۆر بە ئایندەی ئەو کۆمپانیایە دڵخۆش و ئومێدەوار بین. چونکە زانیم بەڕێوەبەری ئەو کۆمپانیایە وەها نوقمی ئاسوودەیی و خۆشییەکانی خۆی بووە کە هیچ ئایدیا و بیرۆکەیەکی بۆ پێشکەوتنی کۆمپانیاکەی نییە. ئەو کەسێکی زۆر لەشگران بوو. من دەیان جار بۆم دەرکەوتووە کە قەناعەتکردن و لەشگرانی هێمای کۆتاییەکانە.

لەیادتان بێت لەشگرانی لە گەنجێتیدا شکست گەرەنتی دەکات، پاراستنی ئاستی مامناوەند و بەپێی پێویست وەسوەسەیەکە کە دەبێ خۆتانی لێ بەدوور بگرن و دەبێ بیرکردنەوەتان جۆرێک ڕیک بخەن کە گوایە هێشتا بە ئامانجی سەرەکیتان نەگەیشتوون و وەکوو گەنجێک ئامادەن حەز و خولیا و تامەزرۆیی خۆتان بۆ ئامانجەکانتان تەرخان بکەن. ئایندە هی ئێوەی گەنجە، ئایندەی ئێمەش لە دەست ئێوەدایە.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

[٩] جووتیاران و کرێکارانی کێڵگە

ئێوە کە لە شاردا گەورە بوونە، ڕەنگە لەم بارەوە شتێکی زۆر نەزانن، بەڵام کێڵگەکانی برنجدا گژوگیای بێکەڵک (کاڕووش، بژار) لەنێوان برنجەکاندا سەوز دەبن. کەواتە بۆ ئەوەی کە برنجەکان بەباشی گەشە بکەن دەبێ کێڵگەکان بژار بکرێن.

بەگشتی جووتیار بە کرێکاری کێڵگە دەڵێ کێڵگەکە بژار بکات و کرێکار دەچێ هەموو ڕۆژەکە خەریکی بژار دەبێت. بەڵام ئەگەر جووتیار ڕۆژی دواتر سەرێکی کێڵگە بدات دیسان بژارەکان لە کێڵگەدا دەبینێتەوە. جووتیار دەتوانێ دەیان جار کرێکار بۆ بژار بنێرێتەوە کێڵگە، بەڵام تا کاتێک جووتیار خۆی بۆ بژارکردن نەچێتە کێڵگە، هەمیشە بڕێک لە بژارەکان لەناو کێڵگەکەدا دەمێننەوە. بۆچی؟ هۆکارەکەی ئەوەیە کە جووتیار وەکوو خاوەن، دڵسۆزییەکی زیاتری بۆ زەوییەکەی هەیە، بەلام کرێکاری کێڵگە وەها هەستێکی نییە چونکە زەوی هی ئەو نییە. چونکە جووتیار خاوەنی کێڵگەیە، چالاکانە بەدوای ئەنجامدانی ئەو کارانەوەیە کە دەبنە هۆی باشتربوونی بەرهەم و کێڵگەکەی.

کرێکاری کێڵگە بەدوای کاردا ناڕوات و هەمیشە ناڕازییە کە بۆچی کارێک کە ئەوانی تر ئەنجامی نادەن ئەو دەبێ ئەنجامی بدات؟ و ئەگەر کارەکەی وەبیر نەخەنەوە هیچ کارێک ئەنجام نادات و بەس ئیسراحەت دەکات.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

کەواتە شێوازی بیرکردنەوەی جووتیار و کرێکار پێکەوە بەراورد بکەن. ئەگەر سەیری دەوروبەری خۆتان بکەن، کەسانێک دەبینن کە نەک هەر وەزیفەکانی خۆیان بە تەواوی ئەنجام دەدەن، بەڵکوو بەبێ ئەوەی دوایان لێکرابێت وەزیفەی ئەوانی تریش ئەنجام دەدەن. لە لایەکی دیکەوە کەسانێک هەیە کە هەتا کارێکیان وەبیر نەخەیتەوە ئەنجامی نادەن، چ بگات بەوەی کە بیانەوێ کارێک بۆ ئەوانی تر بکەن. ئەم جیاوازیی ڕەفتارییە لەو ڕووەوەیە کە هەندێکیان خۆیان بە خاوەندار دەزانن و ئەوانی تر لایان وایە بەس کرێکاری کێڵگەن.

ئێوە دەبێ بەردەوام بەو خەیاڵەوە کە خاوەنکارن، کار بکەن و درێژە بە ژیان بدەن. کەسێک بەم شێوە بیرکردنەوە هیچ ستریس و دڵەڕاوکێیەکی لە بارودۆخ و شوێنکاردا نییە. ئەو داهێنەر و زۆر پڕئیرادەیە، ئەو کارمەندانەی کە بەم شێوەبیرکردنەوەوە کار دەکەن، کەسانێکن کە لە پێشکەوتنی کۆمپانیاکانیاندا ڕۆڵێکی زۆر کاریگەریان هەیە. بەڵام خەڵکانێک بە شێوەبیرکردنەوەی کرێکاری کێڵگەوە، لە بەرامبەر مووچەی مانگێکدا، تەنها لە ئاستی مامناوەند و ئەو کارانەی کە باندەستەکەیان پێیان دەسپێرێت ئەنجام دەدەن و پێدەچێ لە ئەنجامدانی ئەو بڕە کارەشدا بەجوانی هەڵسوکەوت نەکەن. کۆمپانیاگەلێک کە لەم جۆرە کەسانەی تێدایە، سەرکەوتنێکی ئەوتۆ بەدەست ناهێنن. ئەم ڕەفتارانە لە خانەوادە و تەنانەت لەسەر پێشکەوتنی کۆمەڵگا کاریگەریی زۆر نەرێنی دادەنن.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

نزیکەی دە ساڵ پێش ئێستە لە ڕۆژێکی گەرمی هاویندا، ماوەیەک پاش چالاکیی بیناسازیی «دایوۆ» لە دەرەوەی وڵات، لە کاتی هاتنەدەرەوە لە کۆمپانیا، ڕیزێکی زۆر دوورودرێژم لە دەرەوەی باڵاخانەکە بینی. ڕوخساری چاوەڕوانان زۆر خۆشحاڵ و هاوڕێیانە دیار نەبوو. کە گەڕامەوە بۆ کۆمپانیا، بۆم دەرکەوت زۆربەی ئەم کەسانە، خانمن کە هەندێکیان منداڵەکانیان بەستووە بە پشتیانەوە و لە گەرمای هاویندا عارەقەیان لێ دەتکا. کاتێک لە قەزیەکەم پرسی گوتیان ئەمانە خانەوادەی ئەو کەسانەن کە بۆ کارکردن نێردراون بۆ دەرەوەی وڵات. بەرپرسانی پێوەندیدار کە دەبووا بەدواداچوونیان بۆ گیر و گرفتەکانیان بکردایە لەوپەڕی خەمساردی و ئاسوودەییدا لە ژوورە فێنکەکان دانیشتبوون. من زۆر زگم سووتا بەو ژن و منداڵانەی لەژێر تیشکی ڕۆژدا وەستابوون. چونکە ئەوان لە ڕاستیدا لە ئەندامانی خانەوادەی دایوۆ بوون، خێرا بە کارمەندانم ڕاگەیاند کە بە زووترین کات کارەکانیان جێبەجێ بکەن. بەڕێوەبەری ئەو بەشەشەم زۆر سەرکۆنە و سەرزەنشت کرد و پرسیارم لێکرد ئایا دەتوانێ تەنیا بۆ پێنج خولەک لەژێر ئەو هەتاوە گەرمەدا بوەستێت.

ئەڵبەت بیانووی هێنایەوە کە ئۆفۆیسەکەی بچووکترە لەوەی کە ئەو هەموو خەڵکەی تێدا جێ بکاتەوە، بەڵام بە باوەڕی من ئەمانە هەموو عوزر و بیانووی قبووڵنەکراو بوون. ئەگەر بەڕێوەبەری ئەو بەشە، کۆمپانیای بە هی خۆی بزانیبا و ئەو خەڵکەشی کە لەبەر ئەو هەتاوەدا وەستابوون بە ئەندامانی خانەوادەی دایوۆ بزانیبا، بە دڵنیاییەوە ڕێگایەکی هەر دەدۆزییەوە

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

بۆ چارەسەرکردنی ژیرانەی کێشەی ئەو خەڵکە. بەباوەڕی من هیچ عوزر و بیانوویێک بۆ پاساودانەوەی ئەوەی کە ئەو خەڵکە لەبەر گەرمای وەڕەزکەری هەتاودا بۆ ماوەیەکی زۆر بوەستن بوونی نەبوو.

یەکێک لە خراپترین کارەکان ئەوەیە کە بەردەوام خۆمان بخەینە تەنیشت پرس و کێشەکانەوە. ئەگەر عوزر و بیانووی بێشومار بۆ خۆتان دەهێننەوە و هەست بە خاوەندارێتیی کارەکەتان ناکەن، لەم حاڵەدا بە ئاسانی دەبنە بینەرێکی خەمسارد یاخود تماشاوانێک. بەوپەڕی داخەوە خەڵکانێک دەورانی ئەمڕۆ بە «سەردەمی تاماشا» ناو دەبەن.

خاوەندار وەکوو جووتیار تماشاوان یاخود بینەر نییە بەڵکوو پیاوی مەیدانە. کەواتە هەمووان دەبێ بیرکردنەوەی خاوەندارێتی لە خۆیاندا بەهێز بکەنەوە. ئێوە دەبێ جووتیارێک بن نەک کرێکاری کێڵگە. لەم حاڵەدا هەم سەرچەشنێکی باش دەبن بۆ ئەوانی تر و هەم دەتوانن بە جدیەتەوە کاروباری خۆتان ڕاپەڕێنن. ئێوە دەبێ وا بیر بکەنەوە کە تەنیا کەسێکن کە دەتوانن کارەکەی خۆتان ئەنجام بدەن و ئێوە بناغە و هەموو شتێکی ئەو کارە پێک دەهێنن. ئەگەر بەم شێوە بیر بکەنەوە هەم لە کارەکەتاندا خۆشحاڵتر دەبن و هەم ئەوەی لێهاتوویی و کارایی خۆتان بەرز دەکەنەوە.

بۆ نموونە، ڕەنگە ئێوەش دیبێتتان کە خوێندکارانی بەرجەستە نەک هەر وانەکانیان بەردەوام دەور دەکەنەوە بەڵکوو کاتی بێکاری و بەتاڵی خۆشیان هەر بۆ فێربوون تەرخان دەکەن. چونکە سەربەخۆییەکی فکری زیاتریان هەیە، بۆیە لە فێربووندا ڕەزامەندترن و لە هەمان کاتدا لێهاتوویی و

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

تواناکانیان گەشەیەکی خێراتر بە خۆیەوە دەبینێت. بەڵام ئەمە دەبارەی خوێندکارانی کەمکار و لاواز وەڕاست ناگەڕێت. چونکە ئەوان بەشێوەی خۆکار ناخوێنن و لەڕووی ناچارییەوە سەعییەکانیشیان دەکەن. بڕێک لەوان تەنانەت سەعیش ناکەن. وەها خوێندکارانێک نەک هەر هیچ چێژێک لە خوێندن نابەن و نابنە کەسێکی خوێندەوار بەڵکوو تەنانەت ناتوانن پەرە بە لێهاتوویی و تواناکانی خۆیشیان بدەن.

هیچ کەس ناتوانێ لەجیات ئێوە بژی. ژیانی ئێوە هی خۆتانە و شێوازی ژیانیشتان دەگەڕێتەوە بۆ متمانەیەک کە لە هەناوتاندا بە خۆتان هەتانە. ئێوە ناتوانن ژیان و بەرپرسیارێتییەکانتان بخەنە ئەستۆی خۆتان. هیوادارم لە ڕووی نەزانییەوە هەستی خاوەندارێتی لە ناختاندا لەناو نەچێت و دواجار نەبنە کرێکارێکی کێڵگە. خاوەن و خاوەنکاری خۆتان بن و هەر بەم شێوەش درێژە بە ژیانتان بدەن. بە باوەڕ بە خۆبوونەوە زانست فێر بن و بژین. هیوا و ئامانجەکان بۆ ئەو کەسانەن کە بەنیسبەت کاری خۆیانەوە هەست بە خاوەندارێتی دەکەن.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

[١٠] کێ داهێنەرێتیی خەوتوو، وەخەبەر دێنێت

ڕەنگە ئێوەش بەسەرهاتی دایکی لەڕ و لاوازتان بیستبیت کە لە چرکەساتی ڕزگارکردنی کوڕەکەیدا لەناکاو ئۆتۆمبێلێکی لە عەرز بەرز کردبۆوە. ئەمە نموونەیەکی ڕاستەقینەیە لە هێزە مەزن و شاراوەکانی مرۆڤ. ئێمەی مرۆڤ خاوەنی تواناگەلی زۆر دەگمەن و بێوێنەین. بەڵام بەوەدا کە وەها هێز و تواناگەلێک لە ناخی ئێمەدا شاراوەن ئێمە هیچ کات لە قووڵایی و هێزی تواناکانمان ئاگادار نین. کەسانێک کە بە هێز و توانا شاراوەکانی خۆیان زانیوە، لە ژیاندا ئێگجار سەرکەوتوون. بەڵام ئەوانەی کە لە هێز و تواناکانی خۆیان بێئاگان، ژیانی ئاسایی خۆیان دەکەن. بەپێی توێژینەوەکان، هەر مرۆڤێک تەنها ١٥%ی توانا و بەهرە شاراوەکانی خۆی بەکار دەبات. کەواتە ئەگەر ئێمە ٢٠% تواناکانمان بەکار ببەین، هەموومان نوخبە دەبین و ئەگەر بێتوو لە ٣٠%ی هێز و توانا شاراوەکانمان کەڵک وەرگرین، دەبینە قارەمانێکی مەزن.

کەواتە زۆر گونجاو دەبێت ئەگەر بڵێین نوخبە و قارەمانەکان هێز و توانا شاراوەکانی خۆیان زۆر زیاتر لە کەسانی ئاسایی پەروەردە کردووە.

ئیدیسۆن بۆ هەر داهێنانێکی خۆی، ئامێری داهێنراوی هەندێک جار تا ٢٠٠ جار یان تەنانەت زیاتر تاقی دەکردەوە. ئیدیسۆن بەهۆی بەردەوامبوونی زۆرەوە بەهرە و تواناکانی خۆی گەشە پێدا و داهێنەرێتیی خەوتووی ناخی

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

خۆی وەخەبەر هێنا. دواجار بوو بە کەسێکی دانسقە. بڕوابەخۆبوون، زۆر گرنگە. هەموو کەسێک پێدەچێ بڕێکی بەرچاو پارە بەدەست بهێنێت و زۆریش بەدەسەڵات بێت. بەڵام پارە و دەسەڵات ئەبێ لە خزمەت مرۆڤدا بن و نابێ لەدوای بەدەستهێنانی پارە و دەسەڵات دەست بکات بە تەمەڵی و لەشگرانی. چونکە مرۆڤ دەبێ هەمیشە لە جووڵەدا بێت، ئەگەر وانەبێت دەسوێت و گەندەڵ دەبێت. تاک ئەگەر بەردەوام بۆ بەهێزکردنی بڕوابەخۆبوون و پێشکەوتنی خۆی هەوڵ نەدات و تێنەکۆشێت، ئامادەکاریی کردووە بۆ پاشەکشێ لە ژیانی خۆیدا چونکە پاراستنی دۆخ و سەقامی هەنووکەیی ئێجگار دژوارە و ئێوە ناچارن لە ژیاندا یان بەرەو پێشەوە بڕۆن یاخود بۆ پاشەوە. ئەگەر کاتێک کە ئەوانی تر بۆ پێشەوە دەچن، ئێوە تەنیا هەوڵتان بۆ پاراستنی دۆخ و پێگەی هەنووکەییتان بێت، لەڕاستیدا بەرەو دواوە هەنگاو دەنێن و خەریکی پاشەکشێ کردنن.

ئێوە دەبێ بە داهێنانەوە لەپێناو گەشەکردن و پێشکەوتنی خۆتاندا هەوڵ بدەن. ئێوە دەبێ بەردەوام ئاگاداری گەشە و پێشکەوتنی خۆتان بن و بە هەموو هێزتانەوە هەوڵ بدەن کەسێکی هۆشیارتر، زیرەکتر و وریاتر بن. دەبێ بەرامبەر بەوانی تر بەخشندە و بەرامبەر بە خۆتان قورسگر بن. هۆشیار بن کە نەکەونە داوی بیانوو و پاساودانەوەوە. ئێوە بەبێ زاڵبوون بەسەر خۆتاندا ناتوانن بەسەر ئەوانی تردا زاڵ بن. ئەگەر خۆتان بە کەسێکی بێکار و بەتاڵ بزانن، ئەوانی تریش هەر بەم شێوە دەربارەی ئێوە داوەری دەکەن.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

من هەمیشە لەوەی کە درێژەم بە خوێندن نەداوە حەسرەت دەخۆم. بڕیار وابوو کە بۆ درێژەدان بە خوێندن بچمە دەرەوەی وڵات، بەڵام کۆمەڵێ گیروگرفت ڕێگەی بەو کارە نەدا. ڕەنگە هەر بەو هۆیەوە بێت کە هێشتا وا دەزانم شتێکی گرنگم لەدەست داوە و کاتێک دەچمە دەرەوەی وڵات و کەسانی جۆربەجۆر دەبینم، ئەم حەسرەتە زیاتر دەبێت. بۆ نموونە کاتێک کەسێکی بیانی لە پێوەندی بە کارەکەمەوە دەبینم بێئاگایی لەبارەی دابونەریت و مێژوو و کولتووری وڵاتەکەیانەوە کێشەم بۆ ساز دەکات.

کاتێک کە بەردەوام لە سەفەردان، نازانن کەسی دواتر کە سەردانی دەکەن چ بیر و باوەڕێکی ئایینی و شەخسیی هەیە. کەواتە ئێوە دەبێ بۆ هەر هەلومەرجێک بە تەواوی ئامادە بن، ئەگەر وا نەبن سەرکەوتن بەدەست ناهێنن.

بۆ نموونە دەبێ کۆمەڵێ زانیاریتان لەسەر ئاینی ئیسلام و هیندو و جوولەکە و هەروەها مێژووی وڵاتانی سودان و ئەلجەزایر هەبێت. سەرۆکی لێژنەی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیایەک بوون، زۆر زیاتر لەوەی کە بیری لێدەکەنەوە پێویستی بە زانیاریی هەیە. بەپێی ئەم پێداویستییە هەندێک جار مامۆستایانی زانکۆ لە سەفەرەکانمدا هاوڕێییم دەکەن و لە فڕۆکەدا زانیاریی پیویست لەمەر ئەو وڵات و نەتەوەی کە بڕیارە بچم، دەخەنە بەردەستم. بەداخەوە ئەمە تەنیا ئەو کاتانەیە کە دەرفەتی فێربوونی ئەم جۆرە بابەتەنام هەیە. ئەم زانیارییانە تێگەیشتنی منیان دەربارەی مێژوو، دۆخی کۆمەڵایەتی و ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی ئەم نەتەوانە بەرفراوان دەکاتەوە.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ئەڵبەت ئەم جۆرە فێربوونە وەکوو تماشاکردنی سروشت وایە لەناو شەمەندەفەرەوە کاتێک دەڕوات. بەڵام هەر ئەم شێوازی فێربوونە هەم هێز و ورەیەکی تازەی پێم داوە و هەم بووەتە هۆی گەشەکردنی زانیارییە گشتییەکانی من.

دەگوترێت گەنجانی ئەمڕۆیی تەنها بۆ ئەمڕۆ دەژین. من یەکێک لەو کەسانەم کە زۆر نیگەرانی ئەم ڕەوەند و شوە بیرکردنەوەی گەنجانم. چونکە ئەگەر زۆر گیرۆدەی ژیانی ئەمڕۆتان بن، هیچ دەرفەت و هێزێکتان بۆ گەشەپێدانی بەهرە و لێهاتوویییەکانتان و خولقاندنی داهاتووی خۆتان نابێت. شێوە بیرکردنەوەی «جارێ با دەست پێبکەین دواتر هەرچێ هات با بێت.» دەبێتە هۆی لەناوچوونی گەنجان. تێستە چوار وەڵامییەکان هیچ دەورێکیان نییە لە گەشە و پێشکەوتنی ئێوەدا. تەنانەت ئەگەر نمرەی سەد بەدەست بهێنن. چونکە ئەم نمرەیە هیچ بارێکی نوێگەرانە و داهێنەرانەی تێدانییە و ئەم جۆرە تاقیکردنەوانە بەهرە و هێزی داهێنانی ئێوە دەخنکێنن.

گەنجانێکیش کە چەندین کاتژمیر خەریکی تماشاکردنی تەلەڤزیۆن و خوێندنەوەی گۆڤارە کارتۆنییەکان دەبن، سەرەنجام دەگەنە قۆناغێک کە لە بیرکردنەوەش بێزار دەبن. ئەوان بەدوای هەیەجان و ڕەزایەتە ئانی و ڕووکەشیەکانەوەن و بەرەبەرە دەچنە حاڵەتی پاسیڤبوون و دواجار کەمترین جووڵەیەک لە ئاراستەی گەشەپێدانی بەهرەکانیاندا ئەنجام نادەن.

هەروا کە پێشتریش ئاماژەم پێدا، پاراستنی دۆخی باو لەڕاستیدا وەکوو پاشەکشێ لە ژیاندا وایە. چونکە کاتێک کە ئێوە بۆ پاراستنی دۆخی باوی

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

خۆتان هەوڵ دەدەن، ئەوانی تر لێتان پێش دەکەون. زۆر زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین کەسانێک کە بەم جۆرە دەژین، وەزعیان شڕە، چونکە هیچ هیوایەکیان بە داهاتوو نەماوە. تەنیا ئەو گەنجانەی کە بەردەوام بۆ بەدەستهێنانی زانست و گەشەپێدانی بەهرەکانیان هەوڵ دەدەن لە ژیاندا پێش دەکەون. ئەم گەنجانە بە هیوا و ئاواتەوە سەیری داهاتوو دەکەن و ئێمەش پێویستمان بەم جۆرە گەنجانەیە.

بەنیسبەت خۆتانەوە قورسگر بن، هیچ کات هەست مەکەن بە دوا ئامانجی خۆتان گەیشتوون و لە کارەکانتان ڕەزایەتی تەواوتان نەبێت. بەوپەڕی هێزەوە ژیان ببەنە پێشەوە. ئەگەر چالاکی و جووڵەتان نەبێت لە کار دەکەون و خانەنشین دەبن. پێشنەکەوتن یەکسانە لەگەڵ دواکەوتوویی.

حەقیقەت ئەوەیە کە کەسانێک دەبنە قارەمان یاخود نوخبە و دانسقە کە بەهرەکانی هەناوی خۆیان کە لە هەمووتاندا بوونی هەیە، بە باشترین شێوە پەروەردە کردبێت. کەواتە بەهرەکانی خۆتان تا دەتوانن زیاتر و باشتر پەروەردە بکەن چونکە ئێوەش دەتوانن ببنە قارەمان یاخود نوخبەیەک. لەیادتان بێت، هەرکات ئیرداده بکەن دەتوانن داهێنەرێتیی شاراوەی ناختان بەخەبەر بهێنن. کەواتە بۆ پێشەوە بچن و داهێنەرێتیی خەوتووی ناختان وەخەبەر بهێنن.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

[١١] تازەپێگەیشتووان ژانەسەرن

لە چەند ساڵی ڕابردوودا وڵاتی کۆریا بەشێوەی ڕێژەیی دەوڵەمەندتر بووە و داهاتی سەرانە گەیشتۆتە سنووری ٥٠٠٠ دۆلار. شەقامەکان پڕ بوونە لە ئۆتۆمبێلی جۆربەجۆر. فرۆشگە و مۆڵی زەبەلاحمان هەیە کە تەژین لە کاڵای لوکس و گرانبایی. سەفەرکردن بۆ دەرەوەی وڵات بۆ هەمووان شتێکی ئاساییە.

بەداخەوە یەکێک لە پاشهاتەکانی ئەم خۆشگوزەرانییە نوێدەرکەوتەیە، هەڵەخەرجی و زیادەڕۆییکردنی خەڵکە. شتێک کە لە سەرجەم کۆمەڵگادا وەکوو نەخۆشییەکی گوازراوە بڵاو بۆتەوە و بووە بە ئیپیدیمی. ڕاستە کە ئێمە لە باری ستانداردی ژیانەوە خۆشگوزەرانتر بووینە، بەڵام بە یەقین کاتی ئەوە نییە کە بە هەڵەخەرجی و زیادەڕۆییەوە بژین.

بەوەیشەوە کە داهاتی سەرانەی وڵاتەکەمان گەیشتۆتە سنووری ٥٠٠٠ دۆلار بەڵام بە یەقین ئابووریی ئەمڕۆی کۆریا وەکو ئابووریی چەند ساڵ پێشتری یابان و تایوان بە هەمان داهاتی سەرانەوە نییە. من هەست دەکەم کە داهاتی سەرانەی ڕاستەقینەی کۆریا شتێکە لە نزیکی ٢٠٠٠ دۆلاردا. چونکە بەپێی ئاوسان و بایەخی باڵای پارەی کۆریا لەبەرامبەر دۆلاردا و هەروەها ستانداردی هەنووکەیی ئەم وڵاتە بەراورد بە ستانداردی یابان و تایوان لە کاتێکدا کە داهاتی سەرانەیان شتێک بوو لەم نزیکانەدا، لەڕاستیدا دەتوانین

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

بڵێین داهاتی سەرانەی ئێستەی کۆریا زیاتر لە سنووری ٢٠٠٠ دۆلار نزیکە. ئێمە ئەمڕۆ پشتبەستوو بە داهاتی سەرانە، بڕێکی سەرسووڕهێنەر پارە خەرج دەکەین.

کەسێک کە ٢٠٠٠ دۆلار داهاتی هەیە، ئەگەر سەد هەزار دۆلار خەرج بکات دواجار کێشەی بۆ ساز دەبێت. ئەگەر ئەم بەڵگاندنە قبووڵ بکەین بە یەقین دەبێتە هۆی برەوی ئابووری و ژیانی باشتری ژیانی خانەوادە و کۆمەڵگا. لەم وڵاتەدا زۆربەی خەڵک شێتانە پارە خەرج دەکەن و هیچ کەس بیر ناکاتەوە لە پاشەکەوتخستن. ئەم هەڵەخەرجییانە هۆکاری سەرەکیی پرس و کێشەگەلێکی نوێیە لە کۆمەڵگادا. هەربۆیە ئێمە دەبێ پێش بەم هەڵەخەرجییانە بگرین. وا دیارە کە مرۆڤ زۆر فەرامۆشکارە. هێشتا ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەو کاتانەدا تێنەپەڕیوە کە ئەم وڵاتە بە زەحمەت توانی لە دەست برسێتی و هەژاری خۆی دەرباز بکات. دیتنی ئەم هەڵەخەرجییە ناعەقڵانییانە وەکوو ئەوەیە منداڵێک پێش ئەوەی بکەوێتە سەر پێ بیهەوێ ڕابکات.

بەدەستهێنانی پارە گرنگە بەڵام بەکاربردنەکەشی هەر بەو ڕادەیە گرنگە. کەسێک کە بە سەختی و بە زەحمەتی زۆر پارە بەدەست دەهێنێت بە جوانی بایەخی ئەو پارەیە دەزانێ و هیچ کات گەمژانە کەڵک لەو پارەیە وەرناگرێت. کاتێک کەسێک بۆ بەدەستهێنانی پارە چەرمەسەری و زەحمەت دەکێشێت، هەروا بە ئاسانی پارەکەی بە فیڕۆ نادات. چونکە لەو حاڵەدا بەڕاستیدا سووکایەتیی بە هەموو هەوڵ و زەحمەتەکانی خۆی کردووە. لە

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

لایەکی ترەوە پارەیەک کە بە ئاسانی بەدەست هاتووە بە ئاسانیش لەدەست دەچێت. هیچ کەس لە خەرجکردنی پارەیەک کە بەبێ زەحمەت بەدەست هاتبێت پەشیمان نابێتەوە.

دەی هۆکاری ئەم هەڵەخەرجییە نابەرپرسیارانەی کە لە سەرانسەر کۆمەڵگای ئەمڕۆی کۆریادا بڵاو بۆتەوە دەبێ چی بێت؟ وا دیارە یان خەڵک بایەخی پارەپەیداکردنی بەزەحمەتیان فەرامۆش کردووە یان ئەوەی کە خەڵکانێکی زۆر پارەی دۆزراوەیان هەیە، هەردووی ئەم حاڵەتانە مایەی گرفت و ژانەسەرن بۆ کۆمەڵگا.

من لام وایە لەباری مێژووییەوە ئێمە لە دۆخێکی ئێجگار هەستیاردایین و کاتی ئەوە هاتووە کە هەموومان پێکەوە بۆ لەناوبردنی شێوازە نەخوازراوەکانی ئێستە، هەوڵ بدەین.

وڵاتەکەمان ئێستە لەسەر دووڕێیانێکدایە، لەلایەکەوە دەتوانین بە خێرایی هەرچی زیاترەوە بە گەشەی ئابووری بگەین و ببینە نەتەوەیەکی پێشکەوتوو و یان ئەوەی کە لە پێگەی ئێستەماندا مەنگ و وەستاو و بمێنینەوە. کەواتە ئێمە دەبێ هەستی نیشتمانپەروەریمان بەرامبەر بە خۆمان و بە کارەکەمان زیندوو بکەینەوە. ئێمە دەبێ هەمان هەستی لەخۆبردوویی و فیداکاری کە لە شەستەکان و حەفتاکاندا هەمانبوو بۆ پێشکەوتنی وڵاتەکەمان دیسان زندوو بکەینەوە و تێکۆشان و هەوڵدانی ڕادەبەدەر دەست پێبکەینەوە.

بەوەیشەوە کە ئاستی ژیانی یابانییەکان زۆر لە ئێمە بەرزترە بەڵام شێوازی ژیانیان تا ڕادەیەکی ئێجگار زۆر لە ئێمە هاوسەنگترە. تەنانەت بەڕێوەبەرە

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

باڵاکانی ناوەندە گەورەکانی یابانیش لە خانوویکی ١٠٠ تا ١٣٠ مەتریدا بە کەلوپەلی زۆر سادەوە دەژین. سەرۆکی لیژنەی بەڕێوەبەرایەتیی کۆمپانیای مەزنی تووشیبا ساڵانە نزیکەی ١٠٠ ملیۆن یێن داهاتی هەیە بەڵام لە خانوویکی ٨٣ مەتریدا دەژی و مانگانەش زیاتر لە ١٥٠٠٠٠ یێن خەرج ناکات. بەڵام لە کۆریادا هەندێک لە بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا بچووکەکان خاوەنی خانووی ٣٣٠ مەترین بە کەلوپەلی لووکسی هاوردەکراوەوە.

یابانییەکان لە پاشەکەوتخستن و دەستپێوەگرتندا بێ ڕکابەرن، هەر ئەم پاشەکەوت و دەستپێوەگرتنانەیە کە یابانی کردووە بە یەکێک لە دەوڵەمەندترین نەتەوەکانی دنیای ئەمڕۆ. هەندێک لە شتەکان دەبێ لەوانی ترەوە فێر بین و ئێمە و ئێمە لەبەرامبەر هاوسەنگیی ژیانی یابانییەکاندا جگە لە شەرمەزاری هیچ چارەیەکی دیکەمان نییە. کاتێک خەڵک دەست دەکەن بە هەڵەخەرجی، وەستاندنیان کارێکی زۆر دژوارە. کەواتە سەرەتا دەبێ لە بایەخی خەرجکردنی ژیرانە و پاشەکەوتخستن تێبگەن. کاتێک کەسەکان بە شتە باشتر و گەورەترەکان خوو دەگرن، وازهێنان لەم خووە بڕێک ئەستەمە. بۆ نموونە کەسێک کە لە خانوویکی گەورەدا دەژی، بەلایەوە زۆر دژوار و یان ڕەنگە مەحاڵ بێت بچێتە ماڵێکی بچووکتر بژی. هیچ شتێک لەوە ناخۆشتر نییە کەسێک کە بە سەیارەی شەخسی هاتووچۆی کردووە و ناچار بێت سەرلەنوێ بە پاس و سەیارە گشتییەکان هاتووچۆ بکات. مەسرەفکردنی ڕادەبەدەر نەک هەر مەترسیدارە، بەڵکوو بەرەبەرە دەبێتە خوویەکی نەخوازراوی کۆمەڵایەتی. نەتەوەیەکی مەسرەفکەر کە زیاتر لە

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

داهاتەکەی خەرج دەکات نەتەوەیەکە کە ئامێزی ئاوەڵا کردووە بۆ کێشە و گرفتە گەورەکان. مەترسیی ئەم ڕەوەندە تەنها بەفیڕۆدانی پارە نییە، بەڵکوو کار دەکاتە سەر ویژدانی گشتیی کۆمەڵگاش. چونکە بەگشتی خەڵک هەتا کەمتر تێبکۆشن و هەوڵدەر بن، زیاتر دەکەونە دوای کەلەجان و چێژە ئانییەکان. حەزێکی زیاتریان بۆ خۆشگوزەرانی دەبێت تاکوو کارکردن و بەرەبەرە دەبنە قوربانیی تەمەڵی و لەشگرانیی زیادەڕۆوانە. لەبری ڕێ و ڕەوشتی دروست و پاشەکەوتخستنی بەرەبەرەی پارە، هەوڵ دەدەن لە ڕیگای ئاسان و خێراوە دەوڵەمەند بن. ئەم ڕەفتارانە لەدواجاردا دەبێتە هۆی لادان و لەناوچوونی کۆمەڵگا و نەتەوەکان.

لەم وڵاتەدا هەمووان جۆرێک پارە خەرج دەکەن کە دەڵێی ئاوی ڕووبارە. هەموو کۆمەڵگا بەم مەیە کوشندە سەرخۆشن و لەتر دەدەن. ئێستە کاتی ئەوە هاتووە کە ئێمە هەموومان ئاوزی خۆمان بەدەست بهێنینەوە. ئەم زیادەڕۆییە بە گشتی نەتەوەی ئێمە بەرەو شێتی هان دەدات.

دەوڵەمەندەکان دەبێ لە زریقوبریقی ژیانیان کەم بکەنەوە و لەبری شانازیکردن بە سروەتەکەیان و ئەبلەخەرجییە زیادەڕۆیانەکانیان، دارایی و سامانەکەیان لەگەڵ هەژاران دابەش بکەن. ئێمە دەبێ ئاسوودەیی کۆمەڵایەتی بگەڕێنینەوە بۆ کۆمەڵگا. دەوڵەمەندان دەبێ بەرژەوەندییەکانیان کەم بکەنەوە و یارمەتی بدەن تاکوو دابڕان و درزی کۆمەڵایەتی نێوان دەوڵەمەندان و هەژاران کەمتر ببێتەوە. بەڵام ئەگەر دەوڵەمەندان لەسەر ئەو باوەڕە بن کە شێوازی بەکاربردنی سروەتەکەیان پێوەندی بە هیچ کەسەوە

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

نییە، لەم حاڵەتەدا کۆمەڵگا بەرەوڕووی کێشەی زۆر گەورە دەبێتەوە. ئەگەر خەرجکردنی زیادەڕۆوانەی دەوڵەمەندان درێژەی هەبێت، ئەوان بەهۆی بەکاربردن و مەسرەفی ڕادەبەدەری خۆیانەوە دەبنە هۆکاری جیاوازیی چینایەتیی زیاتر و بەرەبەرە نەتەوەکەمان بەرەو لەناوچوون پەلکێش دەکەن. کەواتە هەتا داراییەکانتان زیاتر بێت دەبێ ژیرانەتر و ئابووریتر بژین. چونکە ئێوە لەسەرتانە کە بە دەستپێوەگرتن و هەوڵدان ڕەوگەی کۆمەڵگاکەتان بەرەو ئاقارێکی باش و تەندروست هان بدەن. وڵاتی ئێمە پتر لە هەموو کاتێک لە ئاسوودەیی و خۆشبژێویدایە، بەڵام نەک بەو ئاستەی کە بۆ فەخرفرۆشی زیادەڕۆیی بکەین. ئێمە ئێستە واین لەسەر دووڕێیانەیەکدا کە دەتوانین لە لایەکەوە لە ئاراستەی گەشە و پێشکەوتندا هەنگاو بنێین و ببینە نەتەوەیەکی پێشکەوتوو، یاخود لەو شوێنەدا کە هەین وەک خۆمان بمێنینەوە. لەیادتان بێت یەکێک لە گەورەترین ڕێگرەکان لەبەردەم پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگایەکدا زیادەڕۆیی و مەسفرەفکردنی لەڕادەبەدەرە.

با پێکەوە پەرە بدەین بە نەریتی هەوڵدان و تێکۆشان. با ڕەفتارە شیاو و شایستەکان زیندوو بکەینەوە. با فراوانییەکانی ئەمڕۆ بۆ داهاتووی پڕنیعمەتتر پاشەکەوت بخەین و خواستە خۆویستانەکانمان جڵەو بکەین تاکوو بتوانین کۆمەڵگایەکی سەقامگیرتر و خۆشبژیوتر بۆ بەرەی داهاتوو بەجێ بهێڵین. با گشتمان پێکەوە هەوڵدەر و ئامانجدار بین.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner